# بەشی سێیەم

## شیعری ئایینی لە شیعرەکانی مەحوی دا

## شیعری ئایینی لەئیسلامدا

ئەوەی ئاشکرایە عەرەبەکان لەسەردەمی جاهیلیدا خاوەن بەهرەیەکی مەزن بوون لە هۆنینەوەی شیعردا و شاعیر زمان حاڵی خێڵەکەی بووەو بەرگری لێی کردووەو بە شانازییەوە ستایشی کردووە.

بابەتەکانی ئەو سەردەمەش بە زۆری بریتی بوون لەدڵداری و وەسف و ستایش و دلێری ولاواندنەوە و دا شۆرین، جا ئەمانە لەچوارچێوەی غەزەل و قەسیدە دا دەگوتران.

تاک وتەرا شاعیری وا هەبوو بەپێچەوانەی شاعیرانی سەردەمی خۆی لەشیعری ئایینی دا دەستی هەبووە و ئاگای لەکتێبە پیرۆزەکانی پێش قورئان بووە و زۆر وشەو زاراوەی وای بەکارهێناوە کە لەشیعری شاعیرانی تردا بەر چاوناکەون، لەوانەش شاعیر(مخضرم) کەناوی «أمية بن الصلت-ە کە لەسەردەمی پێغەمبەر دا ژیاوە و شیعرەکانی باسی داهێنان و دروست کردنی ئاسمان وزەوی تێدایە و داوای بت نەپەرستنی دەکردو پێشبینی ئەوەی دەکرد کەپێغەمبەرێ پەیدا دەبێ، بەڵام هەر کە (محمد) (د.خ) بووە پێغەمبەر باوەڕی پێ نەهێنا، چونکە ئومێدی ئەوە بوو خۆی ئەو پێغەمبەرە بێت، شیعرەکانی زۆر باسی بەسەر هاتی پێغەمبەرەکانی تێدایەو لەهەندێکیان دا کاریگەریی قورئانی بەسەرەوە دیارە، دوای جەنگی بەدری گەورە مردووە»[١]

هەرکە ئیسلام لەنیوە دوورگەی عەربی سەری هەڵدا، بارو زروفێکی نوێ هاتە ئاراوە و «زۆر نەریت و رەوشتی جاهیلی ڕەدکردەوە و هەندێکیشی وەکو خۆی هێشتەوە، هەندێکیشی دەسکاری کردو وای لێکرد کە لەگەڵ پرۆگرامی ئیسلامدا بگونجێت»[٢] لەو سەردەمە دا شیعر باوبوو لە گوڕی خۆی نەکەوتبوو، بەڵام هەرکە ئایەتی «والشعراء يتبعهم الغاوون الم ترانهم في كل واد يهيمون، وانهم يقولون مالا يفعلون الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيراً وانتصروا من بعد ما ظلموا، وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون»[٣] بۆ پێغەمبەر هات و بە خەڵکی ڕاگەیاند، شاعیران هەڵوەستەیەکیان کردو گوێیان هەڵخست، بەڵام نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کەلەپێش ئەم ئایەتە مەدەنییانە لەچەند شوێنێکی تری قورئان ئایەتی مەکی هاتووە و رایگەیاندووە کە نە پێغەمبەر شاعیرەو نەقورئان شیعرە،، لەمانەش «بل قالوا اضغاث احلام بل افتراه بل هو شاعر»[٤]، هەروەها دەفەرموێ «وما علمناه الشعر وماينبغي له ان هو الاذكر وقرآن مبين»[٥].

هۆی ئەم رەفزەش ئەوەبوو (لەجاهلیدا وا باو بوو کە هەر شاعیرێ شەیتانێکی هەیە وشیعری فێردەکا یاخود ئیلهامی شیعری بۆدێنێ، ئەمەش لەپێغەمبەر ناوەشێتەوە و قورئانیش دوورەلێیی)[٦].

بەم جۆرە ئیسلام شاعیرانی کردە دووچین و بەگشتی ڕەفزی شیعری نەکرد، بەڵکو سنوورێکی بۆ دیاری کرد، کە دەبێ لەسەر تەوەری بیرو باوەڕی ئیسلامەتی بخولێتەوەو نابێ دژایەتی لەگەڵیدا هەبێ. لەدوای ئەم سنوور دانانە شاعیران بوونە سێ چین: چینێکیان وازیان لەشیعر هێناو سروشتی قورئان مەستی کردن و لەبریتی شیعر قۆستیانەوە، چینی دووەم وازیان لەشیعر نەهێناو دژایەتی موسوڵمانەکانیان کرد، بەڵام چینی سێیەم لەسەر شیعری خۆیان بەردەوام بوون و ئیلتزامیان بەو سنوورە کرد کەقورئان بۆ شاعیرانی دیاریکردووە و بوونە قەڵغانی پاراستنی ئەم بیروباوەڕە نوێیە، لەو شاعیرانەش( حسان بن ثابت الانصاري)یە کەناوی لێنراوە شاعیری پێغەمبەر و «بەردەوام لەشیعرەکانی بەرگری لەئیسلام و پێغەمبەر کردووە ولەگەڵ بتپەرستەکان لەجەنگدا بووە»[٧].

ئالێرەدا دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کەشیعری بڕوا (العقيدة) لە ئیسلامدا لەم قۆناغ و بارو زرووفەدا سەری هەڵداوە و شاعیران لەسەنگەری بەرگریدا بوونەو بیروباوەڕی ئیسلامەتییان کردۆتە هەوێنی شیعرەکانیان ولەم بارەیەوە چەند شاعیرێ بەرچاودەکەوێ وەکو: «كعب بن زهير، عبدالله بن رواحة»[٨].

شیعری بڕوا لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا بوونی خۆی سەلماند و هەمیشە شاعیران لەمەیدانی بەرگری لەبیروباوەڕی ئیسلامەتی دا بوون و بیروباوەڕی جاهیلیان بەشیعرەکانیان پووچ دەکردەوەو «پێغەمبەریش هانی شاعیرانی دەداو لەم بارەیەوە فەرموویەتی : المؤمن یجاهد بسیفه ولسانه»(٩).

بێگومان ئەم جۆرەشیعرە گۆڕانکارییەکی خستە جیهانی شیعری عەرەبییەوە لەلایەنی ڕوخساورناوەڕۆکەوە، لەلایەنی ڕوخسارەوە شیعری بڕوا بەرەو سادەیی ڕۆیشت، چونکە بۆ زۆربەی خەڵکی دەگوترا و کۆمەڵەو شەو زاراوەیەکی نوێی ئیسلامی هێنا ناو فەرهەنگی شیعرەوە کە لە شیعری پێشوودا بەرچاو ناکەوێت، لەلایەنی ناوەڕۆکەوەش شیعری بڕوا جۆرە شیعرێکی داهێنا و خستییە ناو مەیدانی ئەدەبییەوە، ئەویش شیعری یەکتا پەرستییە (التوحید)، ئێستاش وا بەکورتی بابەتەکانی شیعری بڕواتان دەخەینە بەرچاو:

**١ - شیعری جەنگ:**

شاعیران لەگەڵ جەنگاوەران بەزوبانیان دەجەنگان لەپێناوی ئەم بیرو باوەڕە نوێیە، بەتایبەتی دوای هاتنی ئەم ئایەتە: «وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا ان الله لايحب المعتدين»(١٠).

**٢ - شیعری دژکاری(المناقضات):**

شاعیران بوونە دوو بەش، لەگەڵ پێغەمبەر و دژی پێغەمبەر، هەرکەسە بەرگریی لەگرووپی خۆی کرد.

**٣ -«شیعری یەکتا پەرستی (التوحید):**

هەرکە شاعیرەکان بە چاوی خۆیان بەزینی قورەیشییەکانیان بینی و زانییان نووری ئیسلام کوژارانەوەی بۆ نییە، بە شیعرەکانیان داوایان لە خەڵکی کرد کەواز لە بتپەرستی بێنن و هەر تەنیا خوای تاک بپەرستن چونکە هەر خوا شایانی پەرستن و حوکمە»(١١).

**٤ - جگە لەو بابەتانەی سەرەوە:**

لە دوای گرتنی شاری مەککە جۆرە شیعرێ سەری هەڵدا بەناوی (شیعری



تۆبە و عوزر هێنانەوە)، لە دوای ئەمیش شیعری نوێنەرەکان (وفود) سەری هەڵدا بەهۆی هاتنی هۆزەکانی عەبەرەب بۆ خزمەتی پێغەمبەر و ڕاگەیاندنی ئیسلامەتی خۆیان، دوای مردنی پێغەمبەریش شیعری هەڵگەڕانەوە(الردە) پەیدا بوو لەدەورو پشتی شاری مەککە، هەروەها شیعری (الحزن)یش هاتە کایەوە کەبریتی بوو لەلاواندنەوەی پێغەمبەر (د.خ) دوای مردنی(١٢).

دوای ئەوەی ئێسلامەتی پەرەی سەند و هەردوو دەوڵەتی ساسانی وبێزەنتی ڕووخاند، شیعری بڕوا خۆی لەبەرگێکی تازەبینییەوە و بەرەو شیعری ئایینی هەنگاوی نا.

بێگومان سەرهەڵدانی شیعری ئایینی بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو، لەوانەش «ئایەتەکانی قورئان لەبارەی وەسفکردنی خۆشیی بەهەشت و ناخۆشیی دۆزەخ و چۆنیەتی باسکردنی مردن و جیهانی دوای مردن و بەکەم زانینی ژیانی جیهان و خۆ ئامادە کردنی موسوڵمانان بۆ ڕۆژی دوامایی، سەرەڕای ڕامانی شاعیران لەژیانی پێغەمبەر و یارانی، ئەمانە و جگە لەو بارو زروفە تەنگەی کە بەسەر موسڵمانان داهات لەسەردەمی عوسمان و پەیدابوونی فیتنە وئاشووبی ناوەخۆیی کەبووە هۆی پەیدابوونی بارێکی تەنگی ئابووری و رامیاری»(١٣).

ئەم هۆیانە بەگشتی و شەهید کردنی عوسان و عەلی بەتایبەتی بوونە هۆی چەسپاندنی شیعری ئایینی وەکو مەبەستێکی شیعری سەربەخۆ توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و لەناو دڵ و دەروونی موسوڵماناندا وشوێن پێی خۆی بکاتەوە.

نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کەشیعر بەگشتی ئاوێنەی سەردەمی خۆبەتی چی لەناو کۆمەڵ رووبدا لەرووی ئەم ئاوێنە یە ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە شیعری ئایینی لەهەموو سەردەمەکانی ئیسلامدا (سەردەمی پێغەمبەر، ڕاشدین، ئەمەوییەکان عەباسییەکان) وێنەی گەلێ ڕووداوی گرنگی کێشاوە و بەش بەحاڵی خۆی تۆماریانی کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە کە لەئەدەبی عەرەبیدا خەرمانێکی گەورە لەو جۆرە شیعرە بەرچاو دەکەوێ و لێکۆڵەرەوان سوودی لێ دەبینن.

سەرەڕای ئەوەی کەشیعری ئایینی لەلایەنی ناوەڕۆکدا گۆڕانکاریی بەسەر

شیعری عەرەبیدا هیناوە و چەند بابەتێکی نوێ هاتنە مەیدانەوە، ئەم کاریگەرییە هەر بەمەنەوەستا بەڵکو کاریگەریی لەمەبەستە کۆنەکانی شیعری عەرەبی کردوگیانێکی ئیسلامی پێ بەخشین. لەبارەی «ستایشەوە کاریگەریی ئایینی بەسەریەوە کەمە چونکە ئەو بەها ئاکارییانەی کەلە سەردەمی جاهیلیدا هەبوون وەکو ئازایەتی بەخشەندەیی بەهەمان شێوە مانەوە و چەسپان»[١٤].

لەلایەنی داشۆرینەوە جگە لەواتا کۆنەکانی سەردەمی جاهیلی، هەندێ واتای نوێی ئیسلامیش پاڵپشتی کرد وەکو: تاوانبارا کردنی بتپەرستەکان بەکوفرو هاوبەشی پەیداکردن و ترساندنیان بەسزای خوا[١٥]. بەڵام لەلایەنی لاواندنەوە گۆڕانێکی زۆر بنەڕەتی بەسەرداهات و کەوتە چوار چێوەیەکی ئیسلامییەوە، لەوانەش: باوەڕ هێنان بەمردن و موژدەدان بەبەهەشت و پاداشتی رۆژی دوامایی و ئەو پلەو پایە مەزنەی کە خوا بۆ شەهیدانی داناوە.[١٦]

غەزەلیش کەبڵاوترین مەبەستی شیعری عەرەبییە لەو کاریگەرییە بێ بەش نەبوو، ئیسلام کاری تێکرد و غەزەلی عوزری بڵاو بووەوە[١٧].

هەر ئەم غەزەلە عوزریەش بوو ، بووە سەرەتایەک بۆ پەیدا بوونی شیعری سۆفیگەری لەئیسلامدا.

بەگشتی شیعری ئایینی چەند سیفەتێکی هەیە لەوانەش: زۆر بەکارهێنانی ناوی (الله) وبێژەی قورئان وکتێب و فورقان وناوی هەندێ سوورەتی قورئان، هەروەها بەکارهێنانی وشەی (رسول، نذیر، بشیر)، ئەمەو جگە لەو وشانەی کەتایبەتن بەفەرهەنگی ئیسلام، بۆ نموونە: مؤمن، هدی، هدایة، ضلالة، کفر، الحاد، شرك، صلاة، مسجد، صوم، زکاة، جهاد، مجاهد، شهید ...الخ[١٨].

لەدوای ئەم کورتە مێژووییەی سەرهەڵدانی شیعری ئایینی، دەتوانین بڵێین کە هەرئەم شیعرە بوو لەسەردەمی ئەمەوییەکان بەهۆی زۆری ئاشووب و جەنگی ناوە خۆوە لقێکی تازەی لێ بووەوە بەناوی شیعری (زهد)، ئەم جۆرە شیعرە بەگشتی داوای قەناعەتی دەکرد و جیهانی دوایی مەبەست بوو نرخی دنیای لاکەم بوو. هەر ئەم شیعرە زوهدەش وەک سەرەتایەک بوو بۆ چەکەرەکردنی



شیعری سۆفیکەری لەناو موسوڵمانەکاندا لەسەرەتاکانی سەدەی سێیەمی کۆچیدا.

ئەو بابەتە شیعرە ئایینیانەی کە لەسەرەتای ئیسلام و ئەمەوی و عەباسی لەمەیدانی ئەدەبدا هەبوون هەروەکو خۆیان نەمانەوەو لەسەدەی حەفتەمی کۆچیدا زۆربەی شیعرە ئایینەکان بوونە ستایشی پێغەمبەری (المدیح النبوي)، بۆیە دەبینین لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە ستایشە زۆر باو بووە.

مەحویش کە یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستی بۆ شیعری ئایینی بردووەو لەو مەیدانە دا ئەسپی خۆی لنگ داوە، ئێستا لەخوارەوە دەستنیشانی جۆرەکانی شیعری ئایینی لای مەحوی دەکەین و دوایی بەدرێژی لێیان دەکۆڵێینەوە. مەبەستە شیعرە ئایینیەکانی مەحوی بەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوەدا دابەش دەکرێت:

**أ) شیعرە بڕواییەکان (العقائد): ئەمەش دەبێتە چەند بەشێ:**

**یەکەم: شیعرە خواییەکان(الهیات) کە لەم شتانە دەدوێ:**

-خودی خوا.

- سیفەتەکانی خوا.

-کردەوەکانی خوا.

-ناوەکانی خوا.

- پارانەوە لەخوا.

**دووەم: ئەو شیعرانەی کە لەبارەی پیغەمبەرە وە گوتراون، واتا:**

-(نبویات)، لەم بابەتانە دەدوێ:

بوونی (محمد) بەدوامینی پێغەمبەرەکان.

- شەو ڕۆو چوونە ئاسمانی پێغەمبەر (الاسراء والمعراج).

- شەفاعەت کردنی پێغەمبەر (د.خ) بۆ موسوڵمانان.

**سێیەم: شیعری باوەڕەگشتیەکان(العقائد العامە):**

بریتییە لەو بەیتانەی کە پەیوەندییان بەبیروباوەڕی موسوڵمانی سوننییەوە هەیە.

**ب) ستایشە پێغەمبەرییەکان (المدائح النبوية):**

بریتییە لە ستایشکردنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەبارەی گەورەیی و پەرجووەکانی (معجزات).

جا بەگوێرەی ئەم پۆڵێنەی سەرەوە لەمەو دوا دێینە سەر شیعرە ئایینەکانی (مەحوی) و هەڵیان دەسەنگێنین و لێکیان دەدەینەوە، تا بزانین شاعیرمان تاچ رادەیەک لەم جۆرە شیعرە سەرکەوتوو بووە و چۆن سەودای لەگەڵدا کردووە؟

بەڵام پێش ئەوەی بەگوێرەی ئەم پۆلینە شیعرەکان شی بکەینەوە دەمانەوێ بەکورتی بزانین شیعرە ئایینیەکان چەندن و لەسەر چ بابەتێکن؟

شیعرە ئایینیە کوردییەکان هەموویان بریتین لەچوار قەسیدە، دوانیان (١٢٤، ١٣٦) بەیتن، دوانەکەی تریش (٢٣-٢٤)بەیتن، لەگەڵ شیعرێکی ناتەواو کە (١٠) بەیتەو حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی کە ناز ناوی (خادم)ە تەواوی کردووە و تێیدا سەرکەوتووە.

قەسیدەی یەکەم بەناوی (عقد العقائد)ەو لەشێوەو ناوەڕۆکدا دووبەشە، لەشێوەدا لەبەیتی ١-٤٠ لەسەر سەروای (ان) دەڕواو دوایی لەبەیتی ٤١-١٣٦ سەرواکەی دەگۆڕێ و دەبێتە(ین)، مرۆڤ وا تێدەگا دوو قەسیدە بێ، دوریش نییە وابێ، چونکە بابەتەکەشیان دەگۆڕێ. ناوەڕۆکی (١-٤٠) پەیوەندارە بە خودو سیفەت و ناو و کردەوەکانی خوا، کەچی لە ٤١-١٣٦دەبێتە (نبویات) وباسی پێغەمبەری ئیسلام دەکات، بەڵام ئێمە هەروەکو خۆی دەهێڵینەوەو سەودای لەگەڵدا دەکەین.

قەسیدەی دووەمیش (٢٣) بەیتەو باسی خودوبوون و سیفەت وخۆشەویستی خوادەکات، لەدوای ئەمە شیعرێکی ناتەواو دێت کەبریتییە لەپارانەوە لەخواو تەنیا (١٠) بەیتی نوسیووە وسوێند بەهەندێ ناوی سوورەتەکانی قورئان دەخوات.

قەسیدەی سێیەمیش (بەحری نوور )ە وبریتیە لە(١٢٤)بەیت وستایشی پێغەمبەر(د.خ) دەکات. بێگومان مەحوی ئەم قەسیدەیەی لەژێر کاریگەریی



قەسیدەی (همزية وبردة)ی شێخ محەمەدی بووسیری داناوەو لەکاتی خۆیدا لەسەری دەڕۆین.

قەسیدەی چوارەمیش بریتیەلە(٢٤)بەیت وستایشی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کردووەو وەکو رابەرێکی خۆی سەیری کردووەو لەجیهانی گیانیدا پەیوەندیی پێوەکردووەو بەهۆیەوە بەختیار بووە.

وانەبێ (مەحوی) هەرئەوەندە شیعرە ئایینیەی هەبێ،بەڵکو لەناو غەزەلەکانی تردا ناوەناوە لەچەند شوێنێکی جیاواز چەند بەیتێکی بەرچاو دەکەون بەتایبەتی لەرەخنە توندو تیژەکانی کە ئاراستەی شێخ و مەلا و زاهیدە ریا بازەکانی کردووە . بەگوێرەی سروشتی شیعرە ئایینیەکانی مەحوی، لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر دوو بنەما دەوەستێ:

١) ئەنجامدانی بەراوردێ لەنێوان قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی لەگەڵ (جوهرة التوحيد)ی شێخ ئیبراهیمی لەقانی، هەروەها بەراوردی قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی لەگەڵ ستایشەکانی پێغەمبەر(المدائح النبوية)ی شێخ محەمەدی بووسیری، بەتایبەتی قەسیدەی(همزية وبردية).

٢) لێکۆڵینەوەی شیعرە ئایینیەکانی مەحوی بەپێی ئەو بابەتە شیعریانەی کەلەپێشەوە دا بۆ شیعری ئایینی دەستنیشان کراوە. ئێستاش وا لەخوارەوە بەپێی توانا هەوڵ دەردەرێ بەراوردەکە بخرێتە بەردەست و بەیتە لێکچووەکان نیشان بکرێن، بەم پێیە سەرەتا قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی لەگەڵ (جوهرة التوحيد)ی شێخ ئیبراهیمی لەقانی بەراود دەکرێت.

## قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی و
## (جوهرة التوحید)ی شێخ ئیبراهیمی لەقانی[19]

قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی ناوەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دەگونجێ و باسی بڕوای موسوڵمانان دەکا لەبارەی خودی (ذات)خواوبوون وسیفەت و ناوو کردەوەکانی، ئەمەو جگە لەوبابەتانەی کە پێوەندییان بەپێغەمبەرو یاران و فریشتەکان وبەهەشت ودۆزەخ وپردی سیرات و شەفاعەتی پێغەمبەر و وەلییەکان و زۆرشتی تر کە لەکاتی لێکۆڵینەوەو بەراوردەکەدا ئاماژەیان بۆدەکرێت.

بێگومان مەحوی وەکو شاعیرێکی راستگۆ و بەئەمەک، سوودی لەهەر شاعیرێ وەرگرتبێ لەدوو توێی بەیتەکانی پەنجەی بۆ راکێشاوە و مافی نەخواردووە، لەم قەسیدەیەشدادەبینین زۆر بە راشکاوی ناوی کتێبی(جوهرة) دێنێ وپێمان رادەگەیەنێ کەچەند گەوهەرێکی لەو کتێبە وەرگرتووەو لەگەڵ مروارییە کوردییەکانی خۆی تێکی هەڵکێشاوە و ئەم قەسیدەیە نایابەی هێناوەتە ئاراوە، لەم بارەیەوە مەحوی دەڵێ:

چەند گەوهەرێ لە (جوهرة) ضەم بەو لەئالییە
نەظمی بکەم بەکوردییەکی صیرفی جوملەزان[20]

دوای ئەوەی بەویستی خوا کتێبی (الشرح الجدید، لجوهرة التوحید)مان کەوتە بەردەست و تێی رامایین گەیشتینە ئەو بڕوایە کەئەو (جوهرة)ی مەحوی باسی دەکاو ئەمەیە بۆیە بەدڵنیاییەوە قەسیدەکەی مەحوی (عقد العقائد) لەگەڵ (جوهرة التوحید) بەراورد دەکەین.

بەراوردەکە:

١) مەحوی و لەقانی بە(بسم الله) وبە (صلاة وسلام) لەسەر پێغەمبەر دەست بەقەسیدەکانیان دەکەن.

**مەحوی دەڵێت:**

لەو هەورە هەڵڕژێ بەئەبەد لێزمەی صەلات



سەر قەبرو جیسم و ڕۆحی نەبیی (آخر الزمان)[21]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

الحمد الله على صلاته　　　ثم سـلام الله مع صلاته
على النبي جاء بالتوحيد　　　وقد عرى الدين عن التوحيد[22]

لە قانی لەسەرەتای قەسیدە کە بەم دووبەیتە دەستی پێکردووە، بەڵام مەحوی دوای داوا کردنی یارمەتی لەخوا ئینجا بەسەڵات وسەلام دەستی پێکردووە.

٢) لەبارەی ئەوەی کە (محمد)د.خ دوامینی پێغەمبەرانە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئەم ئاڵ و گۆڕی دینە لە کارابووە هەتا
دەوری یەکێ بەدینی ئەو نەسەخی جوملەدین
یەعنی پەیەمبەری عەرەبی، هاشمی نەسەب
ئەحمەد لەئاسمان و محمد لەسەرزەمین[23]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

محمد العاقب لرسل ربه　　　وآله و صحبه وحزبه[24]

٣) لەبارەی ئەو دەقانەی کەواتای لێکچوون (تشبیە) دەبەخشن بەنیسبەت یەزدانی مەزنەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

هەر ئایەت و حەدیثێ شتێکی تیابێ
بتخاتە شوبهە، جوابتەبێ چوونی یو چونان[25]

ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:

وكل نص اوهم التشبيها　　　اوله او فوض ورم تنزيها[26]

مەحوی و لەقانی لەسەر ئەوەن کە لێکچوون بۆ خوا نابێ ودەبێ ئەوجۆرە دەقانە تەئویل بکرێنەوەو خوا دوور کرێ لەلێکچوون.

٤) لەبارەی ئەوەی کە خوا هەمیشەیی و هەتا هەتاییە و تووشی فەوتان و نەبوون نابێ:

**مەحوی دەڵێت:**

ڕێگەی نییە بەسەریەوە (قطعاً) فەنا، عەدەم
شەوقەت دەگاتە خدمەتی شەمسی ضیا فشان[٢٧]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وکل ماجاز علیه العدم    علیه قطعاً یستحیل القدم[٢٨]

مەحوی بەشێوازی نەفی نیشانی دەدا کەخوا هەرگیز کۆتایی نییەو لەناو ناچێ، بەڵام لەقانی بەشێوازی ئیسپات بۆمان دەردەخا ئەوەی تووشی لەناو چوون بێ نابێ هەمیشەیی بێت، واتا: خوا هەمیشەییە و لەناوچوونی بۆنییە..

٥) لەبارەی پەیوەندیی نێوان کردەوەی مرۆڤ و زۆر بوون و کەمبوونی باوەڕی:

**مەحوی دەڵێت:**

١- ئەعمالی چاکە دەخلی بەئیمانەوە نییە
ئەمما کەماڵی هەر بەوە ئیمانی موتتەقین[٢٩]
٢- ئیمان ئەگەر زیادەت و نوقصانی بۆ ببێ
وەک ئەکثەری ئەشاعیرە قائیل بوون بەبوون
نەقصی بەنەقصی طاعەتە، زیادیی بەدووشتە
یاطاعە، یا تە جەللیەکی بێ چلۆن و چوون
بعضێ دەڵێ زیادەت و بەس، نەقصی بۆ نییە
بەعضێکی کە موصیرڕە لەسەر هەردوو لانە چوون[٣٠]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ورجحت زیادة الایمان    بما تزید طاعة الانسان
ونقصه بنقصها وقیل لا    وقیل لا خلق کذا قد نقلا[٣١]

مەحوی لەبەیتی یەکەمدا رای وایە کە کردەوەی چاکە باوەڕزیاد ناکا، وادیارە لەسەر باوەڕی ئیمامی حەنەفییە کە دەڵێ: «باوەڕ زیاد و کەمی بۆ نییە»[٣٢]، لەبەیتەکانی تریشدا بیروباوەڕی هەندێ لەزاناکان تۆمار دەکات لەبارەی ئەم کێشەیەوە. بەڵام «لەقانی و هەموو ئەشعەرییەکان رایان وایەکە باوەڕ زیادو



کەمی بۆ هەیە»[٣٣] و بەڵگەشیان کۆمەڵە ئایەت و حەدیسێکە، لەوانەش ئەم ئایەتە «واذا تلیت علیهم آیاته زادتهم ایماناً»[٣٤].

٦) لەبارەی بوون و دێرینی خواو دووریی لەفەوتان، مەحوی و لەقانی بیرو باوەڕیان یەک دەگرێتەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

ذاتی خوا کە خالقی ئەکوانە، هەربووە
یەعنی قەدیمی موطلەقە(بالذات)و (بالزمان)[٣٥]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

فواجب له الوجوب والقدم    کذا بقاء لایشاب بالعدم[٣٦]

هەردووکیان لەو باوەڕەنە کەوا خوا بە خودو بەکات دێرینەو هیچ خودێ لە پێش ئەو بوونی نەبووە و کاتیشی بەپێش نەکەوتووە.

٧) لەبارەی ئەوەی کە خودا بوونی لەخودی خۆیەتی و کەس لەو ناچێ و هاو بەشی بۆ نییە وبێ باوک ومنداڵ و کەس و کارە:

**مەحوی دەڵێت:**

واجب بە ذاتە، بوون و وجوودی لەخۆوەیە
فەردێکی مونفەرید بە بەقاوو هەمیشەمان[٣٧]
ضید و منافی ئەم صیفەتانە مەحاڵە بۆ
ئەو خالیقە کە راگرە بو موڵکی (کن، فکان)[٣٨]
نەیگرتووە شەریک و موعین و ژن و وەلەد
بۆ ئێمەیە لەئایەتی(عزّ) ئەم قسەعەیان[٣٩]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

قیامه بالنفس وحدانیه    منزهاً اوصافه سنیه
عن ضد او شبه شریك مطلقاً    ووالد کذا الولد والاصدقا[٤٠]

٨) لەبارەی سیفەتە هەمیشەییەکانی خواوە، وەکو: ژیان وزانین وبیستن وبینین و ویست و توانا و گوتن، لەبەیتەکانی مەحوی و لەقانی لێکچوونێکی تەواو بەدی دەکرێت:

**مەحوی دەڵێت:**

١- خۆی و هەموو صیفاتی کەماڵی بووە و هەیە
دەشبێ، ئەزەلییەتی ئەبەدیەت دەدا نیشان[٤١]

٢- کەسێ پرسی ئەو صیفەتانە: حەیات و عیلم
سەمع و بەصەر، ئیرادەو قودرەت، کەلام دان[٤٢]

٣- ئەوحەی و عەلیم و سەمیع و بەصیرە، ئەو
قادر، مورید وهەم موتەکەلییم (بلالسان)

زیندوو بەدانیش و شنەواو وبەبینشە
صاحێب تەوان و خواهیشە، گۆیا بەهەرزوبان[٤٣]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ارادة وغايرت　　　امراً وعلماً والرضا كماثبت[٤٤]
وعلمه ولايقال مكتسب　　　فاتبع سبيل الحق واطرح الريب[٤٥]
حياته كذا الكلام السمع　　　ثم البصر بذي اتانا السمع[٤٦]

٩) لەبارەی ئیدراکەوە مەحوی هەمان بیروباوەڕی ئیبراهیمی لەقانی دوبارە دەکاتەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئیدراکی ذەوق و لەمس و شەمی بۆ قەرار ئەدەن
بەعضێک و، بەعضە مونکیبرو، بەعضێ لەوەقفەدان[٤٧]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

فهل له ادراك اولا خلف　　　وعند قوم صح فيه الوقف[٤٨]

زاناکان لەسەر ئەوە ناکۆکن ئایا خوا ئیدراکی هەیە یان نییە؟ قازی و ئیمامی حەرەمەین و گەلێ زانای تر لەو باوەڕەن کەخوا ئەم سیفەتەی هەیە چونکە نیشانەی تەواوییە و بەهۆیەوە هەست بەنەرمی ودڕی وبۆن وچێژ دەکات، بەپێچەوانەوە هەندێ دژی ئەم رایەن و هەندێکیش لێی بێ دەنگن[٤٩] لەرووی روخسارەوە چەند وشەیێ دووبارە دەبنەوە، وەکو (ئیدراک، هەندێ، وەقفە).

١٠) لەبارەی سیفەتەکانی خودەوە مەحوی هەر هەمان بەیتەکانی لەقانی دووبارە



دەکاتەوە وزۆر لێک نزیکن لەواتادا:

**مەحوی دەڵێت:**

١- ئەو حەی و ئەو عەلیم و سەمیع و بەصیرە، ئەو
قادر، موریدو هەم موتەکەلییم (بلا لسان)[٥٠]

٢- ذاتی خودا صیفاتی نەعەینە نەغەیری ذات
بێ ئەم صیفاتە قەت نەبووە و قەت نییە بەئان[٥١]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

حيي عليم قادر مريد　　　سميع بصير مايشا يريد
متكلم ثم صفات الذات　　　ليست بعين او بغير الذات[٥٢]

لەرووی روخسارەوە لەم وشانەدا لێت دەچن، وەکو «حەی، عەلیم، قادر، مورید، سەمیع، بەصیر، موتەکەلییم، صیفاتی ذات، عەین، غەیری عەین».

١١) لەبارەی هەمیشەیی ودێرینی قورئان مەحوی و لەقانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە قورئان دروست کراونییە ودێرینە:

**مەحوی دەڵێت:**

حادث نییە قەدیمە، کەلامی خودا بەحەق
دەم بۆ حەدەث بەناحەق ئەبەن (ضال) وگومڕەهان[٥٣]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ونزه القرآن أى كلامه　　　عن الحدوث واحذر انتقامه
وكل نص للحدوث دلا　　　احمل على اللفظ الذي قد دلا[٥٤]

لەهەردوو بەیتەکاندا جگە لەیەکێتی واتایان، ئەم ووشانە دووبارەنە« حادیث، کەلام، خوا، کۆن».

١٢) لەبارەی پێچەوانەی ئەو حەفت سیفەتەی خود کە لەپێشدا باسکران هەروەها لەبارەی جێگرتنی خوا لەلایێ لەشەش لایەکان،مەحوی ولەقانی بڕیاریان داوە کەنابێ ئەم سیفەتانە بدرێنە پاڵ خودا «مردن، نەزانین، نەبیستن، نەبینین، نەویستن، نەتوانین ناگۆیی» ،جگە لەمەش نابێ بگوترێ خوا لەفلانە لاو لەفلانە شوێنە.

**مەحوی دەڵێت:**

١- (ضد) ومونافی ئەم سیفەتانە مەحاڵە بۆ
ئەو خالیقە کە راگرە بۆ ملکی (کن، فکان)[٥٥]
٢-ناوی خودا بە(شیئ) و بەذات ئەردەبەی ببە
ئەو ذاتە نا کەدەوری گرێ شەش جیهەو زەمان[٥٦]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ویستحیل ضد ذي الصفات      في حقه کاالکون في الجهات[٥٧]

بەیتی یەکەمی مەحوی لەگەڵ نیوە بەیتی یەکەمی لەقانی پەیوەنددارە و بەیتی دووەمیشی لەگەڵ نیوەبەیتی دووەمی لەقانی.

١٣) لەبارەی کردەوەکانی بەندەوباوەڕهێنان و نەهێنانی، مەحوی هەمان بیروڕای ئیبراهیمی لەقانی دووبارە دەکاتەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

بۆ عەبدو بۆ عەملییەتی خولقندە ئەو، ئەوە
تەوفیقی دا بەئیمە و خەذلانی دا بەوان[٥٨]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

فخالق لعبده ما عمل      موفق لمن اراد ان يصل
وخاذل لمن اراد بعده      ومنجز لمن اراد وعده[٥٩]

لەرووی روخسارەوە لەنێوان چەند وشەیەکدا لێکچوون هەیە، وەکو«عەبد، خالیق، عەمەل، تەوفیق، خوذلان».

١٤) لەباری سەربەستی بەندە لەکردەوەکانی خۆی، مەحوی و لەقانی بروایان وایە کە خوا هەموو شتێکی لەدەستە و بەندە تەنیا (کاسیب)ی کارەکەیەتی، واتا: ئەنجامدانەکەی لەدەست بەندەیە، هەروەها دژی رای موعتەزیلەکانن کە دەڵێن: مرۆڤ لە کردەوەکانی سەربەستەو لەگەڵ جەبرییەکانیش نین کە دەڵێن مرۆڤ هیچی لەدەست نییەو هەموو کارێکی پێ دەکەن، بەڵکو جۆرە ئازادییەکی هەیە لەکردەوەکانی.



**مەحوی دەڵێت:**

خالیق یەکێکە، کاسیبە عەبد، ئەم پەڕ ئەو پەڕە
ئیفراطی ئیعتزالی بو تەفریطی جەبر ییان[٦٠]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وعندنا للعبد کسب کلفا      به ولکن لم يؤثر فاعرفا
فليس مجبوراً ولا اختياراً      وليس کلا يفعل اختياراً[٦١]

١٥) لەبارەی چاکی و چاکترەوە (صلاح، واصلح)، واتا: بۆ خوا چاکتر بوو وای بکردایە، مەحوی ولەقانی دژی رای موعتەزلەکانن کەدەڵێن: پێویستە لەسەر خوا سوودی بەندەکانی رەچاوبکا لە جیهان و ڕۆژی دوامایی، هەردووکیان لەگەڵ ئەهلی سوونەت یەکن ودەڵێن: خواکاری خۆی دەزانێ و کەس مافی رەخنەلێگرتنی نییە«لايسأل عما يفعل وهم يسألون»[٦٢]

**مەحوی دەڵێت:**

واجب نیە لەسەر مەلیکی (واجب الوجود)
ئەصلەح وە یا مەصلەحە دەرحەق بەبەندەگان[٦٣]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وقولهم ان الصلاح واجب      عليه، زور ماعليه واجب[٦٤]

سەرەڕای یەکگرتنی واتای هەردوو بەیتەکە، ئەم وشانەش لێک دەچن «واجب، صەلاح، خوا»

١٦) لەبارەی خێرو شەرەوە مەحوی و لەقانی باوەڕیان وایەکە خێروشەڕ لەلایەن خواوەیە، بەڵام بەخراپە قایل نییە و حەزی لەچاکەیە.

**مەحوی دەڵێت:**

بشزانە خیرو شەڕ بەئیرادەی ئەوە هەموو
راضی نییە فەقەط بە خراپەو شەڕ و زیان[٦٥]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وجائز عليه خلق الشر      والخير کالاسلام و جهل الکفر[٦٦]

جگە لەلێکچوونی واتای هەردوو بەیتەکە ، وشەکانی«خێر، شەڕ، ئەو» دووبارە بوونەتەوە.

١٧) لەبارەی قەزاو قەدەرەوە مەحوی و لەقانی یەک دەگرنەوە ، بێ دەمە تەقێ باوەڕیان هەیە کە هەموو شتێ لە ئەزەلدا لای خوا زانراوە پێش رووداان و پەیدابوونی:

**مەحوی دەڵێت:**

وارید بووە لە شەئنی قەضا و قەدەر حەدیث

باوەڕ دەبێ ببێ بەوجووبی بەهەر دووان(٦٧)

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وواجب ايماننا بالقدر      وبالقضا كما أتى في الخبر(٦٨)

١٨) لەبارەی بینینی خواوە، ئیبراهیمی لەقانی لەو باوەڕەیە کە دروستە خوا لەدنیادا ببینرێ بەڵام بینینێکی بێ چۆنیەتی، ئەوانەی کە دەڵێن پێغەمبەر دوو جار خوای دیوە لەژیانیدا بەگوێرەی ئەم دووئایەتە «ولقد رآه بالأفق المبين»(٦٩)

«ولقد رآه نزلة آخرى»(٧٠)، ئەم بینینە بینینی خوا نەبووە بەڵکو هی جوبرائیل بووە(٧١). بەڵام بەرای ئێمە بینینی جوبرائیل بۆ پێغەمبەر شتێکی هێندە گرنگ نەبووە چونکە هەموو جارێ قورئانی بۆ هێناوە، بەڵکو لەبەرئەوەی چوونە ئاسمانی شتێکی لەوزەبەدەر بووە بۆیە دەگونجێ بینینەکەش بینینی خوابێ، هەروەکو مەحویش هەر لەو باوەڕەدایە کەپێغەمبەر لەچوونە ئاسمانەکەی بە چاوی سەر خوای بینیوە.

**مەحوی دەڵێت:**

ئەوەندەی لێ دەزانم بەم نەزانی خۆمەوە(مەحوی)

بەچاوی سەر خودا بینە، بەچاوی دڵ خودا زانە(٧٢)

ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:

ومنه أن ينظر بالابصار      لكن بلا كيف ولا انحصار

للمؤمنين اذ بجائز علقت      هذا وللمختار دنيا ثبتت (٧٣)

١٩) لەبارەی ناردنی پێغەمبەرانەوە لەلایەن خواوە، مەحوی ولەقانی لەوە دا یەکن کە دەبێ باوەڕمان هەبێ خوا هەموو پێغەمبەرانی ناردووە، بەڵام لەقانی



زیاتر بەرەو لایەنەبرواییە کە دەڕوا ورای وایەکە ئەم ناردنە لەسەر خوا واجب نییە و لەچاکەی خۆیەتی، بەڵام چینێ لەموعتەزیلەکان دەڵێن«واجبە لەسەر خوا پێغەمبەران بنێرێ»(٧٤)

**مەحوی دەڵێت:**

وەک واجبە بەذات و صیفاتی خودا یەقین

باوەڕدەبێ ببێ بە مەلا ئیک، بەمورسەلین(٧٥)

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ومنه ارسال جميع الرسل      فلا وجوب بل بمحض الفضل(٧٦)

٢٠) لەبارەی گەورەیی پێغەمبەری ئیسلامەوە، مەحوی و لەقانی لاریان نییە لەسەرئەوەی کەمحەمەد(د.خ) گەورەی هەمووپێغەمبەرانە و لەدوای ئەو هیچ پێغەمبەری تر نابێت:

**مەحوی دەڵێت:**

سەرداری ئەنبیایە بەکول، خاتەمی رسول

صاحێب لیوایە، پێشڕەوە، ڕۆژی وا پەسین(٧٧)

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وافضل الخلق على الاطلاق      نبينا فمل عن الشقاق

والانبيا يلونه في الفضل      وبعد هم ملائكة ذو الفضل(٧٨)

٢١) لەبارەی ئەوەی کەئاینی ئیسلام هەموو ئایینەکانی تری رەشکردۆتەوە، مەحوی و لەقانی لەم بارەیەوە هاوباوەڕن، بێگومان ئەمە بڕوای هەموو موسوڵمانێکە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئەم ئاڵو گۆڕی دینە لەکارابووە، هەتا

دەوری یەکێ بەدینی ئەوە نەسخی جوملەدین

یەعنی پەیەمبەری عەرەبی، هاشمی نەسب

ئەحمەد لەئاسمان و، موحەمەد لەسەر زەمین(٧٩)

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ونسخه لشرع غيره وقع      حتماً اذل الله من له منع(٨٠)

٢٢) لەبارەی چوونە ئاسمانی پێغەمبەرەوە مەحوی ولەقانی لەومەسەلەیە یەک دەگرنەوە باوەڕیان پێی هەیە کەبە لەشەوە چوو نەک بەگیان:

**مەحوی دەڵێت:**

میعراجی ثابتە بەنصووص و، بەخەونەبوو

تەشریفی ئەو بەجیسمی شەریفە سواری زین [٨١]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

واجزم بمعراج النبي كما رووا     وبرئن لعائشة مما رموا[٨٢]

٢٣) لەبارەی خەلیفەکانی راشدین و شەش کەسەکەی تر لەوانەی مۆژدەی بەهەشتیان دراوەتێ، مەحوی ولەقانی لێک نزیکن لەواتادا:

**مەحوی دەڵێت:**

بەعدی نەبی چ شەکک و چ شوبهەت نەبێ لەسەر

تەرتیبی ئەفضەلیی خولەفای ئەربەعەی گوزین[٨٣]

ئەم شەش کەسە حەبیبی حەبیبی حەقن بەحەق

هەرکەس کە مونکیرە لەخیتامی مەبەئەمین[٨٤]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وخيرهم من وليي الخلافة     وأمرهم في الفضل كالخلافة

يليهم قوم كرام بررة     عدتهم ست تمام العشرة[٨٥]

٢٤) مەحوی و لەقانی هەردووکیان باوەڕیان بەدوعاکردن هەیە و بەڵگەشیان ئایەتە کانی قورئانە وەکو «ادعوني استجب لكم»[٨٦]، هەروەها «واذا سألك عبادي عني فأني قريب أجيب دعوة الداع اذا دعاني»[٨٧].

**مەحوی دەڵێت:**

تەئثیری قەطعیە بەدوعا باوەڕت ببێ

(ادعوني استجب) وەکو گەوهەر لەگوێ گرین[٨٨]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وعندنا أن الدعاء ينفع     كما من القرآن وعداً يسمع[٨٩]

٢٥) لەبارەی پرسیارلێکردنی مردوو لەدوای مردنی لەگۆڕدا : هەردووکیان لەسەر ئەوەڕێکن کەمردوو پرسیاری لێ دەکرێ:



**مەحوی دەڵێت:**

مردوو کە گەییە قەبرو مەقەڕی، سوئالی لێ

دەکرێ لەرەبب و، بەڵکی لەپێغەمبەرو لەدین[٩٠]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

سؤالنا ثم عذاب القبر     نعيمة واجب كبعث الحشر[٩١]

٢٦) لەبارەی تێپەڕین بەسەرپردی سیراتدا: مەحوی ولەقانی باوەڕیان بەمە هەیە.

**مەحوی دەڵێت:**

(حتماً) دەبێت گوزەربە صیراطا بکەن هەموو

چاک و خراپ و، موئمین، کافر، کیهو میهین

پردێکە راکشاوە بەسەربانی دۆزەخا

باریک وتیژە وەک دەمی تیغێکی ئاهینین[٩٢]

ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:

كذا الصراط فالعباد مختلف     مرورهم فسالم ومنتلف[٩٣]

٢٧) لەبارەی بوونی بەهەشت و دۆزەخەوە: هەردووکیان بڕوایان بەبوونی بەهەشت و دۆزەخ هەیە، لەئەزەلەوە هەنەو هەتا هەتاییینە، جیاوازیی مەحوی لە لە قانی ئەوەیە کەلای وایە هەمیشەیینە(أزلی)

**مەحوی دەڵێت:**

جەننەت، جەهەننەم ئێستەکەهەن، زۆریان بەسەر

دارۆییوە شوهوور و دهوور، ئەزمینە وسینین

ئەم دۆزەخ و بەهەشتە دەمێنن (الى الأبد)

هەم تێشیا دەمێنێتەوە ئەهلی ئان وئین[٩٤]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

والنار حق اوجدت كالجنة     فلا تمل لجاحد ذي جنة

دار خلود للسعيد والشقيي     معذب منعم مهما بقيى[٩٥]

٢٨) لەبارەی شەفاعەتەوە: مەحوی بەگشتی باسی دەکاکە «ئەنبیا،

عولەما ،ئەولیا ، شەهید»دەتوانن بەهانای گوناهکارانەوە بێن، بەڵام لای لەقانی تەنیا (محمد)(د.خ) ئەو گرنگییەی پێ سپێردراوە.

**مەحوی دەڵێت:**

بێشوبهە ، ئەنبیا ، عولەما ، ئەولیا ، شەهید
مەقبووڵە بۆ شەفاعە پەنایان ئەبەر بەرین[٩٦]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

وواجب شفاعة المشفع     (محمد) مقدماً لاتمنع[٩٧]

٢٩) لەبارەی تۆبەکردنەوە جۆرەلێکچوونێک، لەنیوانی مەحوی ولەقانی هەیە، بەڵام زۆرنا ، چونکە مەحوی باسی تۆبەی سەرەمەرگ دەکات کەبەلایەوە بێ سوودە،
کەچی لەقانی باسی ئەو کەسە دەکات کەتۆبەی نەکردووە.

**مەحوی دەڵێت:**

تەوبەی بەوەقتی غەرغەرە، ئیمانی حاڵی یەئس
مەردوودە، بەورەوییە خودا مویتە لا نەبین[٩٨]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

ومن يمت ولم يتب من ذنبه     فأمره مفوّض لربه[٩٩]

٣٠) لەبارەی ئەوشتەی کەبەرۆزی (رزق)دادەنرێ: مەحوی وشێخی لەقانی لەو بروایەن کەهەرچی سوودی لێ ببینرێ و بخورێ بەرۆزی دادەنێن.

**مەحوی دەڵێت:**

رزقە وەکو حەڵاڵەکە، شوبهە و حەرامی صیرف
بەحثێ کەیەکەزەهرە ئەم، ئاخر ئەو ئەنگەبین[١٠٠]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

والرزق عند القوم ما به انتفع     وقيل لابل ماملك وما اتبع
فيرزق الله الحلال فاعلما     ويرزق المكروه والمحرما[١٠١]

ئەهلی سوونەت لەوباوەڕەدانە کەهەرچی بخورێ یان لەبەر بکرێ و سوودی لێوەربگیرێ بەرۆزی دادەنین، جا حەڵاڵ بێ یا حەرام، بەڵام موعتەلەزیلەکان حەرام بە رۆزی دانانێن[١٠٢].



٣١) لەبارەی دڵسۆزیەوە: مەحوی و لەقانی هەردووکیان داوا لەخودا دەکەن کەکارەکەیان بەپاکی و دڵسۆزی لێ وەربگرێ و بەریا دانەنرێت:

**مەحوی دەڵێت:**

بشزانە هیچ و بێ عەمەلە وەک هەبا عەمەل
بێ نییەتێکی خالیص و ئیخلاصی ئەندەروون[١٠٣]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

هذا وارجو الله في الاخلاص     من الرياء ثم في الخلاص[١٠٤]

٣٢) لەبارەی کۆتایی پێهێنانی قەسیدەکانیانەوە: هەردووکیان بەنزاو سەڵات و سەلام لێدان لەسەر پێغەمبەر (د.خ) کۆتاییان پێهێناوە:

**مەحوی دەڵێت:**

یارەبی ئەوکەسانە کە ئەمرۆ لە عیشقی (میم)
لەم بەحری (نوون)ە دا وەکو من غەرقە دەبن و بوون[١٠٥]
غەرقی موحیطی رەحمەتی عوظماتیان بکەی
ئێمەش لەگەڵ ئەوانە، سبەی (یوم يحشرون)
«مەحوی» خیتامی بێنە بەیانا تەکەت بەمیسک
حەمدی (بلاختام) وصەڵاتی لەحەد فزوون[١٠٦]
باقی لەفەضلی خۆتەوە سەر رۆحی ئەحمەدی
نازڵ بکەی صەلات وسەلامی لەحەد فزوون[١٠٨]

**ئیبراهیمی لەقانی دەڵێت:**

هذا وارجو الله ان يمنحا     عند السؤال مطلقاً حجتنا
ثم الصلاة والسلام الدائم     على نبي دأبة المراحم
(محمد) وصحبه وعترته     وتابع لنهجه من امته[١٠٨]

دوای ئەوەی لەبەراورد کردنی هەردوو قەسیدەی مەحوی و شێخ ئیبراهیمی لەقانی بووینەوە بەگوێرەی توانا لایەنە لێکچووەکانیان تۆمار کرا، لەمەودوا بەراوردەکەی نێوان قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی وقەسیدەی(هەمزیە)ی شێخ محەمەدی بووسیری دەستنیشان دەکرێ.

## قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی و
## قەسیدەی (همزیە)ی شێخ محەمەدی بووسیری[١٠٩]

بێگومان کلیلی بەراوردەکەمان ئەم بەیتەی مەحوییە کەلەقەسیدەی بەحری نوورەکەیدا **دەڵێت:**

لە(همزیە) و لە(بردە)م چونکە کەم دی ئیستیفادەی کورد
منیش ئەم کوردییەم دانا لەریزی ئەو قەصیدانە[١١٠]

جا بەگوێرەی ئەم بەیتە بۆمان دەردەکەوێ کەمەحوی بەستایشە پێغەمبەرییەکانی شێخ موحەمەدی بووسیری کاریگەرە، بەتایبەتی هەردوو قەسیدەی هەمزییەو بوردییە.

لەقەسیدەکەی بەحری نووری مەحوی و هەمزییەکەی بووسیری چەند لێکچوونێ بەرچاو دەکەون، ئێستا لەرووی واتا و روخسارەوە ئەم لێکچوانانە تۆمار دەکرێن.

١- لەبارەی ستایشکردنی پێغەمبەرەوە: مەحوی و بووسیری سەریان لەوەسوڕ ماوە کەچۆن بتوانن چەند بەیتێکی بنووسن کەشایانی پلەو پایەی پێغەمبەرن.

**مەحوی دەڵێت:**

چ مەدحێکت بکەم لائیق بەتۆ (یاخیر خلق الله)
منی بێ خێری نا لائیق کە جبریلت ثەنا خوانە
بەیانی گەورەیی خولقی کەسێ ئایەت لەشەئنی بێ
نە مە قدووری من و تۆیە، نە ئیشی(قس) و(سحبان)ە[١١١]

**بووسیری دەڵێت:**

ان لي غيرة وقد زاحمتني     في معاني مديحك الشعراء
ولقلبي فيك الغلو وأني     للساني في مدحك الغلواء[١١٢]

٢- لەبارەی هەندێ رووداوی سەیر: لەشەوی لەدایکبوونی پێغەمبەر دا چەند رووداوێکی سەرسوڕهێنەر روویان داوە، وەکو کوژانەوەی ئاگری زەردەشتیان و شەقبوونی تاقی کیسراو وشک بوونی ئاوی ساوە:



**مەحوی دەڵێت:**

رشێنەی ئاگری بەردایە عومری ئاگری(زەردەشت)
بە بەرقی بوو کە شەق بوو تاقی (کیسرا) بوو بە وێرانە[١١٣]
دڵی سووتا بەزەردەشت و بەکەسری کیسرەوەی. گریا
ئەوەندە بەحری(ساوا)نم لەچاویدا بووە تانە[١١٤]

**بووسیری دەڵێت:**

وتداعى ايوان كسرى ولولا     آية منك ماتداعى البناء
وغدا كل بيت نار وفيه     كربة من خمودها وبلاء
وعيون للفرس غارت فهل كا     ن لنيرانهم بها اطفاء[١١٥]

جگە لەلێکچوونی واتا، لەبارەی روخسارەوە ئەم وشانە هاوبەشن «تاق،کیسرا، شەق بوون،ئاگر، دریاچە، وشک بوون».

٣- لەبارەی شەفاعەت کردنی پێغەمبەرەوە: هەردووکیان لەوباوەڕەن کەپێغەمبەر (د.خ ) لەرۆژی دواماییدا تکا کاری گوناهبارانە لەلایەن خواوە بۆ لێبووردنیان.

**مەحوی دەڵێت:**

شەفیعی ڕۆژی رەستا خێزە، بۆ هەمووانە دەستاوێز
ئەوە ئەو ڕۆژە وەک خۆ، (مابقی صماًوعمیانە)
لەذیکری ئەو دەجۆشێ رەئفەت و، رەحمەت دەبارێ هەم
(رؤوف)هەم (رحیم) وەصفی ئەوە وەک وەصفی رحمانە[١١٦]
شەفاعەی نووحە بۆ کەنعان و، ئیبراهیمە بۆ ئاذەر
(رسول الله)ە شافیع بێ چ بۆ خزم و چ بێگانە
بەقوربانی رجایەک بم کەراجی بێ موحاباتێ
رجا قوربانی یەئسە، بێتە سەر خۆمانە خۆمانە[١١٧]

**بووسیری دەڵێت:**

ياشفيعاً في المذنبين اذا     اشفق من خوف ذنبه البراء
فأغثنا يا من هو الغوث وال     غيث اذا اجهد الورى اللاواء[١١٨]

يانبيي الهدى استغاثة ملهو      ف اضرت بحالة الحوبا ء[١١٩]

ئەم وشانەی خوارەوە لەبارەی روخسارەوە لەبەیتەکان دا هاوبەشن «شەفاعەت گوناه،گوناهبار، تکا»

٤- لەبارەی جیاوازی پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تردا:

مەحوی و بووسیری لەو باوەڕەن کەپلەوپایەی پێغەمبەرمان (د.خ) لەوانی تر بەرزترە وهیچ کەسێ نایگاتێ:

**مەحوی دەڵێت:**

نەظەر دەرکی عولووی هیمەتی ناکا یەقین ئەمما
لەگەڵ باقی روسوڵداتێبگەی، بۆ فەرقی بڕوانە[١٢٠]

**بووسیری دەڵێت:**

کیف ترقی رقیك الانبیاء      یاسماء ماطاولتها سماء[١٢١]

٥- لەبارەی شەورێکردن وچونە ئاسمانی پێغەمبەرەوە(د.خ): مەحوی و بووسیری لەقەسیدەکانیاندا ئاماژەیان بۆ ئەم رووداوە کردووەو بووەتە هەوێنی چەند بەیتێکیان.

**مەحوی دەڵێت:**

عورووجی عیسەوی تائاسمان وشەمسی عالەم بوو
عورووجی ئەحمەدی تا(لامکان)و شەمسی جانانە
لەظەرفی یەک نەفەسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ
زیاتر بەڵکی رێ طەی کات و ریجعەت کاهەر ئەو ئانە
چ رێیەک؟ بەو هەموو شاباڵەوە جبیریلی (ذي قوة)
بەجێ مابوو لەرێ، دەیوت، خزم مەیدانی سووتانە[١٢٢]
کەگەیبە ذاتی باری، نووری بێچوونی لەسەر باری
کەهەڵگیرسا بەدەوری شەمعی خۆیا بوو بەپەروانە
قووبوڵی لێ کرا هەرچی رجا بوو پێی درا هەرچی
عە طابوو، هاتە جێ هەرچی سزای ئیکرامی میهمانە
لەگەڵ هەرخەطوەیەک تەحصیلی عیلمێکی (لدني)کرد



لەهی ئەو سەر دەپرسی رووحی حیکمەت نووری عیرفانە[١٢٣]

**بووسیری دەڵێت:**

فطوى الارض سائراً والسماوا      ت، العلافوقها له اسماء
فصف الليلة التي كان المختار      فيها على البراق استواء
وترقى به الى قاب قوسين و      تلك السيادة القعسا ء[١٢٤]

جگە لەلێکچوونی واتای گشتی کەباسی ئەم شەورێکردنەو چوونە ئاسمانە دەکەن و چۆن ئەم رێگا دوورەی بۆ پێچرایەوە و بەماوەیەکی کەم کۆتایی هات، لەلایەنی روخساریش چەندوشەیەکی لێکچوو دووبارە دەبنەوە وەکو «طەی، ئاسمان، شەو، ئەحمەد».

٦- لەبارەی گەورەیی خەلیفەکانی راشدین ویارانی پێغەمبەرەوە:

مەحوی و بووسیری لەم بارەیەوە چەند بەیتێکیان بۆمان بەجێ هێشتووە.

**مەحوی دەڵێت:**

خودا ئەم ئایینەی لا ئیبیق بە بوو بەکرو عومەر دیوە
کە ئەووەل ثانی یو ثانی شەرەفیابەبە(لوکان)
لە بە عدی ئەو دووە عوثمانی(ذي النورين)ە(ذوالانوار)
عەلی شاهی ویلایەت، بابی عیلم وشێری یەزدانە[١٢٥]

**بووسیری دەڵێت:**

احسنوا بعد الخلافة في      الدين وكل لما تولى ازاء
اغنياء نزاهة فقراء      علماء ائمة امراء[١٢٦]

٧- لەبارەی پەرجووەکانی (معجزات) پێغەمبەرەوە(د.خ): هەردووکیان لەم بارەیەوە چەند نموونەیەکیان بۆمان هۆنیوەتەوە، ئەمەش نموونەکانە:

أ) فریشتەو هەورسێبەریان لەسەر پێغەمبەر کردووە:

**مەحوی دەڵێت:**

بەهەوری تێ مەگەن، ئیلالمەلائیک شەهپەڕی خۆیان
هەموو دەم یەک دەدا بۆ سایەبانبی ئەو سولەیمانە[١٢٧]

**بووسیری دەڵێت:**

وآتاها أن الغمامة والسر      ح اظلته منها افیاء[١٢٨]

ب) داروبەرد بەقسە دەهاتن و کڕنۆشیان بۆ پێغەمبەر دەبرد:

**مەحوی دەڵێت:**

بەهەر ڕێیەک دەڕۆیی، بۆ سەلام وسەجدە بە ربردن
چ جۆشێ بوو دەکەوتە داروبەردی ئەو مەکانانە[١٢٩]

**بووسیری دەڵێت:**

والجمادات افصحت بالذي آخر      س عنه لاحمد الفصحاء[١٣٠]

جـ) هاتنی دارو درەخت بۆ خزمەت پێغەمبەر(د.خ):

**مەحوی دەڵێت:**

بەئەمری یائیشارەی بەس درەختی ریشە دا بەستوو
لەرەگ دەربێت وبێتە خدمەتی رەقصانە رەقصانە[١٣١]

**بووسیری دەڵێت:**

وسلوه وحن جذع الیه      وقلوه ووده الغرباء[١٣٢]

د) تەونی جاڵجاڵۆکە لەبەردەرگای ئەشکەوتی حیرا: لەکاتی کۆچکردنی پێغەمبەر لەمەککەوە بۆ مەدینە، پێغەمبەر لەگەڵ ئەبوو بەکر چوونە ناو ئەشکەوتی حیرا وجاڵجاڵۆکە بۆ هەڵفریوانی بتپەرستەکان دەست بەجێ لە پێش دەرگاکەی تەونی خۆی چنی وکۆتریش هێلانەی دامەزراند وهێلکەی کرد.

**مەحوی دەڵێت:**

بەیەک دوو عەنکەبووت وکۆتری بێ فام وبەستەزمان
شعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ وئیبلیس و دێوانە[١٣٣]

**بوویسیری دەڵێت:**

آخر جوه منها وآواه غار      وحمته حمامة ورقاء
وکفتها بنسجها عنکبوت      ماکفته الحمامة الحصداء[١٣٤]

هـ) پێغەمبەرد.خ بەهێمای ئەنگوستی مانگی کردە دوو لەت وپەنجەشی بووە کانیی ئاوو سەدەها تینووی تێرئاو کرد:



**مەحوی دەڵێت:**

ئیشارەی یەک سەر ئەنگوشتی، مەهی لەو دوورە وە شەقکرد
هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فوارەی ئاوی حەیوانە[١٣٥]

**بووسیری دەڵێت:**

شق عن صدره وشق له البدر      ومن شرط کل شرط جزاء[١٣٦]
فتغذی بالصاع الف جیاع      وتروی باصاع الف ظماء[١٣٧]

و) لەشەوی کۆچکردندا بتپەرستەکان گەمارۆی ماڵی پێغەمبەریان دابوو، ئەویش هاتە دەرەوە ومشتە خۆڵێکی بۆ دەم وچاویان تێهەڵداو هەموو خەویان لێکەوت وپێغەمبەریش بەئاسانی لێی دەرچوو.

**مەحوی دەڵێت:**

شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتە خاکێ بوو
پیاچەندن، دەبەنگ وکوێرو کەڕمان ئەو لەعینانە[١٣٨]

بووسیری دەڵێت:

ورمی بالحصا فأقصد جیشاً      مالعصی عنده ومالالقاء[١٣٩]

ز) کارە پەرجووەکانی پێغەمبەر رهێندە زۆرن لەژمارە نایەن وچەندەها کتێبی پێویستە کە لەسەریان بنووسرێت:

**مەحوی دەڵێت:**

بەیانی شەش حەو ئیعجازی لەجوملەی صەد هەزار ئیعجاز
ئەوی دەیکا پەشیمانە، ئەوەی نەیکا پەشیمانە
ئەگەربێ موعجزاتی صەد یەکێکی بێنمەتە حریر
دەبێ هەرتاقە بەیتێکم ببێتە صەد کوتوبخانە[١٤٠]

**بووسیری دەڵێت:**

إنّ من معجزاتك العجز عن      وصفك اذ لا یحده الاحصاء[١٤١]

٨- مەحوی بووسیری باسی خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن

**مەحوی دەڵێت:**

خودا یا هەم لەتۆ حوببی رەسول وئیتیباعی ئەو
کەئیکسیری مسی ماهیەتی مەغشووشی ئینسانە[١٤٢]

**بووسیری دەڵێت:**

كيف يصدأ بالذنب قلب محب     وله ذكر الجميل جلاء<br>
هذه علتي وانت طبيبي     ليس يخفى عليك في القلب داء[١٤٣]

٩- مەحوی و بووسیری قەسیدەکانیان بەسەلات وسەلام لەسەرپێغەمبەر (د.خ) کۆتایی پێ دێنن:

**مەحوی دەڵێت:**

بلێین ئینس و مەلەک پڕ بەم زەمین و ئاسمانانە<br>
(وصلی الله علی)ئەوبەحری نووری علیم و عیرفانە[١٤٤]

**بووسیری دەڵێت:**

فسلام عليك تترى من الله     وتبقى به لك الباؤاء<br>
وصلاة كالمسك تحمله مني     شمال اليك او نكباء[١٤٥]

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کەمەحوی کاریگەریی قەسیدەی هەمزییەکەی بووسیری لەسەرە، بەڵام کاریگەرییەکەی لەدارشتنی بەیتەکان وچڕوپڕیی واتاکانی نییە، بەڵکو تەنیا لە زنجیرەی رووداوەکان هەندێ چاوی لەبووسیری کردووەو لەزۆر شوێندا باسی شتی وایکردووە کەلەقەسیدەکەی بووسیریدا بەرچاوناکەوێ.

نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە بووسیری لەهەموو شاعیرانی تر ستایشی پێغەمبەری لەناو مەلاو خوێنەرانی کورد دابە ناوبانگەو قەسیدەکانی ویردی سەرزاریانەبە تایبەتی قەسیدە بوردییەکەی لەپلەی یەکەمدایە.

ئێستاش لەو لاپەڕانەی دادێ بەراوردەکەی نێوان قەسیدەی بەحری نووری مەحوی و قەسیدەی بوردییەی بووسیری دەخرێتە بەرچاو بەهیوای ئەوەی کەلێنێ لە ئەدەبی بەراوردکاری پڕکرابێتەوە.



## «قەسیدەی بەحری نووری مەحوی و قەسیدەی بوردییەی بووسیری»

ئەوەی راستی بێ قەسیدەی بوردییەی بووسیری کەستایشی پێغەمبەرە لەناو حوجرە و مزگەفتەکانی کوردستاندا زۆر باو بووەو هەمیشە ویردی سەر زاری سوختەو فەقێ و موستەعیدو مەلایەکان بووە و لە رۆژانی سێ شەممە و هەینیدا کە رۆژانی پێشوو بوون و بەئاوازەوە دەگوترا و لەدوای هەربەیتێکی ئەم بەیتە بەکۆرس دووبارە دەکرایەوە:

مولاي صل وسلم دائم ابدا     على حبيبك خير الخلق كلهم

ئێستاش لەخوێندنەوەی مەولوودی پێغەمبەردا بەهەمان شێوە رەفتار مامڵەتی لەگەڵ قەسیدەی بوردییە دەکەن.

مەحویش کەخۆی مەلای چاک بووەو بێگومان زۆر جاران ئەم قەسیدەی بوردییەی خوێندۆتەوەو بەئاوازەوە گوێی لێبووە، بۆیە کاری تێی کردووە و ئەم قەسیدەی بەحری نوورەی داناوە تاکو تام وچێژی بوردییەکەی لێ بێت وببێتە هاوشانی خەڵکی رەشۆکی کوردەواری و زیاتر سودی لێ وەربگرن.

کەوابوو ئێستا وا لە خوارەوە بەراوردی هەردوو قەسیدەکە دەخرێتە پێش چاو و لایەنە لێکچووەکان دەستنیشان دەکرێن، بەراوردەکەش لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١) لەبارەی راستیی محەممەدییەوە: مەحوی و بووسیری باوەڕیان بەراستی محەممەدی هەبووەو لەم بەیتانە خۆی دەنوێنێ:

**مەحوی دەڵێت:**

(وصلی الله علی) ئەو بەحری نووری علیم و عیرفانە<br>
کەدەرکی غەوری ناکا (غیرعلم الله سبحانە)[١٤٦]

**بووسیری دەڵێت:**

وكيف تدعوا الى الدنيا ضرورة من<br>
لولاه لم تخرج الدنيا من العدم [١٤٦]

٢) لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە: هەردووکیان لەوباوەڕەن کەقورئان پەرجووی

پێغەمبەرەو هەتا جیهان ماوە ئەم پەرجووە بەردەوامە:

**مەحوی دەڵێت:**

(وصلی الله علی) ئەو حەضرەتەی صاحێب کەماڵاتە
کەئەعلا موعجزەی، قوربانی بم من، نووری قورئانە[١٤٨]

**بووسیری دەڵێت:**

دامت لدنیا ففاقت کل معجزة من        النبیین اذ جاءت ولم تدم[١٤٩]

٣) لەبارەی زوهدو قنیاتی پێغەمبەرەوە: پێغەمبەر لەسەر ئەو هەموو پلەو پایە بەرزییەی لەژیانیدا زۆر بە قنیات دەژیا و زاهید بوو، خۆراکی رۆژانەی لەتەنانێکی جۆو دووسێ دەنکە خورمابوو، بەم جۆرە مەحوی و بووسیری وەسفی پێغەمبەر دەکەن:

**مەحوی دەڵێت:**

لەگەڵ ئەم ئیحتشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە
کەیەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یاخورما دووسێ دانە[١٥٠]

**بووسیری دەڵێت:**

وشد من سغب احشاءه وطوی        تحت الحجارة کشحا مترف الا دم
و راودته الجبال الشم من ذهب        عن نفسه فاراها ایما شمم[١٥١]

لێرەدا واتای بەیتەکەی مەحوی لەگەڵ دووبەیتەکەی بووسیری لەوەدا یەک دەگرێتەوە کە بەگشتی باسی ژیانی زوهدی پێغەمبەر دەکەن و لەژیاندا مەبەستی دونیا نەبووەو ئەگەر بیویستایە خوا شاخی بۆ دەکردە زێڕ.

٤) لەبارەی چەند رووداوێکی سەیر لەشەوی بوونی پێغەمبەردا:

**مەحوی دەڵێت:**

رشینەی ئاگری بەردایە عومری ئاگری زەردەشت
بە بەرقی بوو کە شەق بووتاقی (کیسرا)، بوو بەوێرانە[١٥٢]
دڵی سووتا بەزەردەشت وبەکەسری کیسرەوی، گریا
ئەوەندە بەحری(ساوا)نم لەچاویدا بووە تانە[١٥٣]

**بووسیری دەڵێت:**

یوم تفرس فیه الفرس انهم        قد انذروا بحلول البؤس و النقم



وبات ایوان کیسری وهو منصدع        کشمل اصحاب کسری غیر ملتئم
والنار خامدة الانفاس من اسف        علیه والنهر ساهي العین من سدم
وساء ساوه ان غاضت بحیرتها        ورد واردها بالغیظ حین ظمیي[١٥٤]

لەم چەند بەیتەی مەحوی وبووسیریدا باسی سێ رووداوی سەیرکراوە کە لە شەوی لەدایک بوونی پێغەمبەردا روویان داوە، لەوانە تاقی کیسرا لەسەلمان پاک درزێکی گەورەی کەوتۆتێ و شەق بووە، هەروەها ئاگری ئاتەشکە دەی زەردەشتییەکان لەوشەوەدا کوژاوەتەوە جگە لەمانەش دەریاچەی ساوە کەلە فەلەستینە وشک بووە، بەم شێوە یە فاڵچیەکانی ئەو سەردەمە پێشبینی ئەوەیان کرد کە دەوڵەتی فارس و رۆم بەرەو رووخان دەڕۆن و لە نیوە دوورگەی عەرەبی پێغەمبەرێک پەیدا دەبێ و بتپەرستی ناهێڵێت.

٥) لەبارەی سەرزەنشت کردنی نەفسەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئەتۆش ئەی نەفسی بەدطینە، بەبێ جێ دڵ مەسووتێنە
لەبەرکە سروکەمی دنیا، بەسە ئەم شین و گریانە
هەموو کارت بەحیلە خزمەتی فیکری عەزازیلە
عەزا وەک پیرەژەن مەگرە، دیارەکاری مەردانە[١٥٥]
بەذکرو فیکری شیمەی موصطەفا وەقتت موصە ففاکە
کەباسی ئەوصەفا بەخشە، طەرەب خێزە، دوڕئەفشانە[١٥٦]

**بووسیری دەڵێت:**

أمن تذکر جیران بذي سلم        مزجت دمعاً جری من مقلة بدم
أم هبت الریح من تلقاء کاظمة        واومض البرق في الظلماء من اضم[١٥٧]
والنفس کالطفل ان تهمله شب علی        حب الرضاع وان تفطمه ینفطم[١٥٨]

بەیتی یەکەمی مەحوی لەگەڵ سێیەمی بووسیری لەوەدا یەک دەگرنەوە کە مرۆڤ دەتوانێ جڵەوی نەفسی خۆی بکاو لەخراپە لای بدات، چونکە لەکردەوەکانی سەربەستەو چاکە و خراپە لەدەست خۆیەتی.

بەیتی سێیەمی مەحوی لەگەڵ یەکەم و دووەمی بووسیری دەگونجێ و باسی

خۆشویستنی پێغەمبەری خوا دەکەن و داوا لەنەفسیان دەکەن کە بەم خۆشەویستییە خەریک بن، چونکە ڕەنگ زەردی لەم پێناوەدا دەبێتە هۆی بەختیاری هەمیشەیی.

٦) لەبارەی شەفاعەتکردنی پێغەمبەرەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

شەفیعی ڕۆژی ڕەستا خێزە، بۆ هەموانە دەستاوێز
ئەوە ئەو ڕۆژە وەک خۆ، (مابقى صماً وعميانه)[١٥٩]
شەفاعەی نووحە بۆ کەنعان و، ئیبراهیمە بۆ ئاذەر
(رسول الله)ە شافیع بێ چ بۆ خزم وچ بێگانە
بەقوربانی ڕەجایەک بم کەراجیی بێ موحابابێ
رجا قوربانی یەئسە، بێتە سەرخۆمانە خۆمانە[١٦٠]

**بووسیری دەڵێت:**

| | |
|---|---|
| هو الحبيب الذي ترجى شفاعته | لكل هول من الأهوال مقتحم[١٦١] |
| ان آت ذنبا فما عهدي بمنتقض | من النبي ولاحبلى بمنصرم |
| فأن لي ذمة منه بتسميتي | محمداً وهو اوفى الخلق بالذمم[١٦٢] |
| ياأكرم الرسل مالي من الوذبة | سواك عند حلول الحادث العمم[١٦٣] |

بەیتەکانی مەحوی و بووسیری لەواتای گشتیدا لەیەکچوونیان هەیەو ئەوەمان پێرادەگەیەنن کە پێغەمبەرلە ڕۆژی دوامابیدا تاکە کەسێکە کەهانای بۆ ببردرێ و بەپیر گوناهبارانەوە بچێ و تۆزێ باری قورسی گوناهیان سووک بکا، چونکە هەر ئەو ڕێ دراوە کەبۆ خزم وبێگانە داوای لێبووردن بکات لەخوای مەزن.

٧) لەبارەی شەو ڕێکردن و چوونە ئاسمانی پێغەمبەرەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

عرووجی عیسەوی تائاسمان وشەمسی عالەم بوو
عرووجی ئەحمەدی تا (لامكان)و شەمسی جانانە
لەظەرفی یەک نەفەسدا و هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ
زیاتر بەلکی ڕێ طەی کات و ریجعەت کاهەرئەو ئانە[١٦٤]



چ ڕێیەک؟ بەو هەمموو شا باڵەوە جبریلی(ذي قوة)
بەجێ مابوو لەرێ، دەیوت: خزم مەیدانی سوتانە[١٦٥]

**بووسیری دەڵێت:**

| | |
|---|---|
| سريت من حرم ليلا الى حرم | كما سرى البدر في داج من الظلم |
| وبت ترقى الى ان نلت منزلة | من قاب قوسين لم تدرك ولم ترم |
| وقد متك جميع الانبياء بها | والرسل تقديم مخدوم على خدم |
| وانت تخترق السبع الطباق بهم | في موكب فيه صاحب العلم |
| حتى اذا لم تدع شأواً لمستبق | من الدنو ولا برقى لمستنم |
| وجل مقدار ماوليت من رتب | وعزا دارك ما اوليت من نعم[١٦٦] |

بەیتی یەکەم و دووەمی مەحوی لەگەڵ دووەم و چوارەمی بووسیری لەواتادا یەک دەگرنەوە وباسی هەوراز چوونی حەزرەت دەکەن بۆ ئەو پەری ئاسمانەکان، بەیتی سێیەمی مەحوی لەواتادا لەگەڵ بەیتی پێنجەم و شەشەمی بووسیری یەک دەگرێتەوەو هەموویان لەسەر بەرزیی ئەوپلەو پایەیە دەڕۆن کە لە وشەو ڕێکردنە دا درایە پێغەمبەرو هیچ پێغەمبەرو فریشتەیەکی تر-بەجبریلەوە-نەیان توانی بگەنە ئەم پلەو مەقامە.

٨) لەبارەی هەندێ لە پەرجووەکانی (معجزە)پێغەمبەرەوە: مەحوی و بووسیری هەریەکەیان چەند نموونەیەکیان هێناوەتەوە ئەوا لەخوارەوە بەگوێرەی لێکچوونیان جووت دەکرێن:

أ- بەردی وورد لەناو لەپی پێغەمبەردا دەستیان بەزیکری خوا کردووە:

**مەحوی دەڵێت:**

لەدەستیدا کەبەردەوردە دەستی کردە تەسبیحات
چووە سێ دەستی کەوهەر جۆشی بوو(سبحانَ سبحانَ)[١٦٧]

**بووسیری دەڵێت:**

نبذاً به عند تسميح ببطنهما    نبذ المسبح من احشاء ملتقم[١٦٨]

ب- دارو بەرد هاتنە خزمەت پێغەمبەرو کڕنۆشیان بۆی برد:

**مەحوی دەڵێت:**

لەهەررێیەک دەرۆیی ، بۆ سەلام و سوجدە بەربردن
چ جۆشی بوو دەکەوتە دار و بەردی ئەومەکانانە[١٦٩]

**بووسیری دەڵێت:**

جاءت لدعوته الاشجار ساجدة      تمشي اليه على ساق بلاقدم[١٧٠]

ج- فریشتە و هەور سێبەریان لەسەر پێغەمبەر دەکرد ئەگەر بۆ شوێنی برۆیشتبایە:

**مەحوی دەڵێت:**

بەهەوری تێ مەگەن، ئیللا مەلائیک شەهپەڕی خۆیان
هەموو دەم یەک دەدا بۆ سایە بانی ئەو سولەیمانە[١٧١]

**بووسیری دەڵێت:**

مثل الغمامة انى سار سائرة      تقيه حر وطيس للهجير حمیي[١٧٢]

د- بەهێما ئەنگوستی مانگی کردە دوولەت و خەڵکی بینییان و دوایی وەکو سروشتی خۆی چاک بوو یەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئیشارەی یەک سرئەنگوشتی، مەهی لەوە دوورە وە شەقکرد
هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فوارەی ئاوی حەیوانە(١٧٣)

**بووسیری دەڵێت:**

اقسمت بالقمر المنشق ان له      من قلبه نسبة مبرورة القسم[١٧٤]

ه- بتپەرستەکان وەکو کوێریان لێهات پێغەمبەرو ئەبوو بەکریان لەناو ئەشکەوتەکەدا نەدی:

**مەحوی دەڵێت:**

وەکو خورشید و مەه پێی سەیریان لێ هەڵبڕی تاغار
لەغارا سەیری کرد ئەعدا، کەوەک سێبەر لەدوویانە[١٧٥]

**بووسیری دەڵێت:**

وماحوى الغار من خيرو من كرم      وكل طرف من الكفار عنه حمى
فالصدق في الغار والصديق لم يرما      وهم يقولون ما بالغار من أرم[١٧٦]



و) جاڵجاڵۆکە لەپێش دەرگای ئەشکەوتدا تەونی خۆی هەڵبەست وکۆتر هێلانەی دامەزراند و هێلکەی کرد تابتپەرستەکان واتێ بگەن کەئەشکەوتە کە چۆڵە.

**مەحوی دەڵێت:**

بەیەک دوو عەنکەبووت و کۆتری بێ فام و بەستەزمان
شوعوورو فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دێوانە[١٧٧]

**بووسیری دەڵێت:**

ظنوا الحمام و وظنوا العنكبوت على      خير البرية لم تنسج ولم تحم[١٧٨]

٩) مەحوی و بووسیری لەکۆتایی قەسیدەکانیاندا سەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەر د.خ لێدەدەن:

**مەحوی دەڵێت:**

بڵێن ئینسومەلەک پڕ بەم زەمین و ئاسمانانە
(وصلى الله على) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە[١٧٩]

**بووسیری دەڵێت:**

واذن لسحب صلاة منك دائمة      على نبي بمنهل ومنسجم
مارن حب عذابات البان ريح صبا      واطرب العيس حادى العيس بالنغم[١٨٠]

لەکۆتایی ئەم بەراوردە دا خاڵێک هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ، ستایشە پێغەمبەرییەکان بەگشتی لەدەوروبەری تەوەرێ دەسورێنەوە کە پێغەمبەری ئیسلامە، بۆیە سەرجەم ستایشەکان پێک دەچن. جائێمە جگە لەبەراورد کردنی مەحوی لەگەڵ شێخ ئیبراهیمی لەقانی و شێخ موحەممەدی بووسیری بەراوردێکی تریشمان ئەنجام دا بوو لەبواری ستایشی پێغەمبەرەوە لەگەڵ «ابو حنيفة النعمان والشيخ ابوعبدالله الشقراطيسي و الصرصري» ، بەڵام لەبەر ئەوەی گەیشتینە ئەو قەناعەتەکە هەموو ستایشە پێغەمبەرییەکان پێک دەچن، بۆیە وامان بەچاک زانی تەنیا ئەو بەراوردە تۆمار بکرێ کەمەحوی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووەو واز لەوانی تر بهێنری.

دوای ئەوەی بنەمای یەکەمی شیعری مەحوی بەئەنجام گەیەنرا کەبریتی بوو لە

بەراورد کردنی قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی لەگەڵ (جوهرة التوحید)ی ئیبراهیمی لەقانی، هەروەها قەسیدەی (بەحری نوور )ی مەحوی لەگەڵ هەردوو قەسیدەی (همزیەوبردة) ی بووسیری.

ئیستاش دەست بە بنەمای دووەمی شیعرە ئایینیەکانی مەحوی دەکرێ کەبریتییە لەلێکۆڵینەوەیەکی گشتی ئەومەبەستە شیعریانەی کە بۆ شیعری ئایینی مەحوی دەست نیشان کرابوون کەبریتی بوون لەم مەبەستانەی خوارەوە:

**أ) شیعرە بڕواییەکان (العقائد): کە ئەم لقانەی لێدەبێتەوە:**

**یەکەم: شیعرە خواییەکان (الهیات):بریتییە لەم بابەتانەی خوارەوە:**

١- خودی خوایی (الذات الالهیه): لەبارەی خودی خواوە مەحوی لەقەسیدەی (عقدالعقائد) **دادەڵێت:**

ذاتی خودا کەخالیقی ئەکوانە، هەر بووە.
یەعنی قەدیمی موطلەقە(بالذات)و (بالزمان)(١٨١)

خوای گەورە کە داهێنەری ئەم گەردوونەیە هەر لە ئەزەلدا هەبووەو پێش ئەو هیچ شتێ نەبووە لەدوای ئەویش نابێ «هو الأول والاخر»(١٨٢) لێرەدا (اول واخر) دوو سیفەتی سەلبی خوانە، (اول) واتا: پێش بوونی نەبوون نەبووەو (آخر) واتا: بوونی خوا کۆتایی نییە(١٨٣).

دوایی مەحوی ئاماژە بۆ سیفەتێکی کەمالی خوا دەکا کە بوونە (وجود):

خوای گەورە سێزدە سیفەتی کەمالی هەیەو دژی ئەم سیفەتانەی بۆ ناشێ وەکو:

بوون(الوجود)، کۆنی(القدم)، مان(البقاء)، وەستانی خۆی بەخۆیەوە (قیامه بنفسه)، لێکنەچوونی بەهیچ دروستکراوێ(المخالفة للحوادث)، تاک و تەنیایی (الوحدانیة)، زانین(العلم)،ویستن (الارادة)، توانین(القدرة)، ژیان(الحیاة)، بیستن(السمع)، بینین(البصر)، ئاخافتن(الکلام)(١٨٤)،

کەواتە خوا هەر هەبووە هەردەبێ وبوونەکەی لەخۆیەتی و پێویستی بەهیچ شتێ نییە و داهێنەری بوونە.



**مەحوی دەڵێت:**

واجب بەذاتە، بوون و وجوودی لەخۆوەیە
فەردێکی مونفەرید بەبەقاوو هەمیشەمان(١٨٥)

بوونی خوا واجبەو دەبێ ببێ، چونکە داهێنەری گەردوونە، فەیلەسوفان هۆشی خۆیان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی نهێنی ئەم گەردوونە ، مەسەلەی بوونیش لە سێ روانگەوە سەیری دەکرێ

١- پێویستی هۆشی(الواجب العقلی): ئەو شتە چەسپاوانەیە کە هۆش دژی بوونیان ناوەستێ.

٢- موستەحیلی هۆشی(المستحیل العقلی):ئەو شتانەی کە بە گوێرەی ژیری و هۆشی بوونیان نییە.

٣- گونجانی هۆشی(الممکن العقلی): ئەوشتانەی کە دەشێ بوون و نەبوونیان هەبێ(١٨٦).کەوابوو خوا بوونی پێویستەو لە خۆوە بووە، چونکە ئەگەر (جائز الوجود)بایە وەکو شتە داهێنراوەکان دەبووو شایانی ئەوەنەدەبوو کەببێتە داهێنەری بوون. کەمەحوی دەڵێت: (بوون و وجوودی لەخۆوەیە)، واتا: بەبێ هیچ هۆیەک بووەو هیچ شتی تر کاری لەبوونی نەکردووە(١٨٧).

ئەو خوایە تاک و تەنیایەی کەیەکەیەکی یەکگرتووە و لە چەند بەشێ پێکنەهاتووە، زانایانی کەلام تەنیایی خوایان دابەشکردۆتە سەر:

تەنیایی خودا: واتا: لەچەندبەشێ پێکنەهاتبێ و بەهیچ خودێ نەچێ و تەنیایی سیفەت واتا: سیفەتی خوا بە سیفەتی هیچ دروستکراوێ نەچێ و تەنیایی کردەوە: هەر خۆی خوڵقێنەر بێ و بەس(١٨٨)

**مەحوی دەڵێت:**

رێگەی نییە بەسەریەوە (قطعاً) فەنا، عەدەم
شەوقەت دەگاتە خدمەتی شەمسی ضیافشان(١٨٩)

ئێمە لەپێش کەمێکدا روونمان کردەوە کە بوون و مان (الوجود والبقاء) دوو سیفەتی کەماڵی خوان و نەبوون و نەمانی (العدم والفناء) بۆ ناشێت، بۆیە چۆن شەورۆژ بە یەکەوە کۆنابنەوە، ئاواش بوون ومان لەگەڵ نەبوون و نەمان بەیەکەوە

نابن چونکە نەبوون و نەمان سیفەتی دروستکراون و شایەن بەمەقامی خوانین«سبحانه ازلي وابدی لایسبقه عدم ولا یلحقه فناء، لانه واجب الوجود»[١٩٠]

**مەحوی دەڵێت:**

ذاتی خودا صیفاتی نەعەینە نەغەیری ذات
بێ ئەم صیفاتە قەت نەبووە وقەت نییە بەئان[١٩١]

سیفەتەکانی خوا بەتایبەتی سیفەتی خود کەبریتییە لەسیفەتی (ثبوتی ومعانی) وەک:

ژیان، زانین، توانا، ویستن، بیستن،بینین، ئاخاوتن لەگەڵ سیفەتی کردەوەکان وەکو سیفەتی خوڵقاندن و رۆزی دان، ئەم سیفەتانە هەمان خودی خوانین و غەیری خودیش نین[١٩٢].

زاناکان لەبارەی سیفەتەکانی خودەوە ناکۆکن و دەپرسن: ئایا ئەم سیفەتانە هەمان خودی خوان؟ واتا: خوازانایە بە خودو زیندووە بەخود، ئایا ئەو سیفەتانە لە خودی خوازیادن؟ وەکو بڵێین: خوا زانایە بەزانین وزیندووە بەژیان.

بەڵام ئەم جۆرە بیر کردنەوانە لەچوارچێوەی هۆشی سنووردارمان دەباتە دەرەوە، چونکە خودی خوا دوورە لەوەی هەستی پێبکرێت[١٩٣] «لاتدرکه الابصار و هویدرك الابصار وهو اللطیف الخبیر»[١٩٤]

**مەحوی دەڵێت:**

ناوی خودا بە(شیئ) و بەذات ئەردەبەی ببە
ئەو ذاتە ناکە دەوری گرێ شەش جیهەو زەمان[١٩٥]

یەکێ لەسیفەتەکانی تەواوی خوا ئەوەیە کەپێچەوانەی هەموو دروستکراوێ بێ، بوون لەلایێ لەشەش لایەکان سیفەتی دروستکراوانە، کەوابوو نابێ خودا وا دابنرێ کە لە بۆشایی یەکێ لەو لایانەیە.

هەندێ لەزانا پاشینەکان(المتأخرون) باوەڕیان وایە: ئەوەی بڕوای وابێ کە خوا لەشوێنێکە بەتایبەتی لەشوێنە بەرزەکان، پێی کافر نابێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر نیازی قسەکەرەکە ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ، کە خوا چووەتە ناو



خولقێنراوەکانەوە ئەوا ناشێ وپێی کافر دەبێ[١٩٦].

**مەحوی دەڵێت:**

ذاتی خودا نەجەوهەرو جیسمە، نەکولل و بەعض
بێ چوون و بێ چگوونە، مونەززە لەئەین و ئان[١٩٧]

ئێمە لەپێشەوە زانیمان کە زاتی خودا بوونی بەخووەیەو لەسیفەت و کردەوەکانی بەکەس ناچێ «لیس کمثله شیئ»[١٩٨]، بۆیە مەحوی دێ وەسفی خودی خوامان بۆ دەکا و پێمان رادگەیەنێ کە خوا جەوهەرنییە، چونکە جەوهەر ناوی بەشێکە کە بەش ناکرێ و لەبۆشاییەک دایە(متحیز) کەشایەنی سیفەتی خوانییە، خواتەن نییە، چونکە تەن لەچەند شتێ پێکهاتووەو شوێنێکی گرتووە،ئەم شوێن گرتنەش نیشانەی داهێنراوە (حادث) کە بۆ خوا ناشێ، هەروەهاخوا(کل و بعض) نییە، ئیمە کە گوتمان تەن نییە، واتا: تەنی تەواو یا بەشکراونییە، چونکە تەن توانای بەشکردنی هەیەو وەکو جەوهەرنییە، کەوابوو خوانە جەوهەرە و نەتەنەو نە بەشێکە لەتەن، بەڵکو خودێکی بێ وێنەیە و دوورە لەهەموو نیشانەکانی شوێن و کات[١٩٩].

**مەحوی دەڵێت:**

(سبحان) ئەو خودایە کە عەقڵی پەیەمبەران
دەرکی نیانە غەیری بە بەردەرکیا گەڕان
(سبحان) ئەو خودایە کە داناتری زەمان
دێوانەیەو، لەمەعریفەتی کونهیا نەزان[٢٠٠]

مەحوی لەم قەسیدەیەدا بەسەر سوڕمانەو لەبەردەرگانەی خودی خودا بە دەستەوە ستانی وەستاوە نازانێ چۆن تێی بکات؟ ناهەقی ناگیرێ. چونکە مرۆڤ تەنیا بەهۆی هۆشی دەتوانێ لەشت بگا، خۆ هێشتا لەخۆی نەگەیشتووە، نازانێ نەفس چییە؟ یاخود ئەو تیشکە خۆرەی کەچەند جوان لێیەوە دیارە هێشتا نازانێ بنەچەی (کنه) چییە؟ کەوا بوو هۆش سنووردارە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو بەولاوە لەشت ناگات.

جا کە هۆش لەهەموو شتێکی خوڵقێنراوو بەرجەستە نەگات، چۆن سەر

لەبوونی خوا دەردەکا کە بووێکی ڕەهاوبێ کۆتایی هەیە، خۆپێغەمبەرانیش هەر بەهۆی سروشەوە(وحي) خوایان ناسیوە وداوایان لە ئێمە کردووە کەسەیری دەوروبەرمان بکەین ولێی وردبینەوە بۆباوەڕهێنان بەبوونی خوا، بۆیە لەم بارەیەوەپێغەمبەرمان دەفەرموێ: «تفكروا في خلق الله و لا تفكروا في الله فأنكم لن تقدروا قدره»[٢٠١]

بەم پێیە مەحوی : زاتی ئەوە ناکا بەڕێگای هۆشیەوە لەخودی خواو سیفەتەکانی بگا، چونکە یەکێ خۆی نەناسێ چۆن خولقێنەری خۆی دەناسێ؟ وادیارە مەحوی ڕێگایەکی تری لەپێشە بۆ ناسینی خوا، ئەویش ڕێگای سۆفیگەرییەکە بەهۆی چەشتن و پەرتەوەوە دەتوانێ بگاتە ئامانجی خۆی، هەروەک لەم بەیتە دا نیشانی داوە:

زاتم نییە توخن بەصیفاتی کەوم بەعەقڵ
روحم چووە تە صەوری ذات ئەر بکەم بەجان[٢٠٢]

ئینجا مەحوی بەتەواوی بێ توانایی مرۆڤ بەگشتی و هی خۆی بەتایبەتی دیاری دەکا لەبەرامبەر دەرک کردنی خودی خواو ناسینی سیفەتە جۆراوجۆرەکانی خوا لە (سلبي وثبوتي و ذات وافعال) و نیشانی دەدا کە بۆچوونی هەموو زاناو فەیلەسووفەکان متمانە دەکاتە سەر هۆش، هۆشیش بەرامبەر بەخوا هێندەی لەباردا نییە بۆیە مەحوی دەڵێ: هەرچی بڵێم و بنووسم بێ نرخە چونکە خوا زۆر لەوە بەرزترە کە بەقەڵەم و زوبانی بەندە بناسێنرێ.

جالێرە دا مرۆڤێ موسوڵمان ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەم ئایەتە بکاتە رابەری خۆی و «لیس کمثله شيئ»[٢٠٣] دڵی بەو ئایەتانە ئاو بخواتەوەکە خوا لەقورئانی باسی خودو سیفەتەکانی خۆی پێکردووەو بەشوێن بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکان نەکەوێ، چونکە ئەوان خۆیان سەریان لێ شێواوە و هۆشیان لەدۆزینەوەی خودی خوا لەکار کەوتووەو هەندێکیان بەدوای ئەندێشەیان کەوتوون.



**مەحوی دەڵێت:**

هەرچی ببینرێت وبڵێن وبیبسترێ
(ماهو) خودا، خودا بە خودا (برترست ازآن)[٢٠٤]

خودا خودێکی هەمیشەیی و هەتا هەتاییە، تاک و تەنیا و بێ هاوبەشە، بە هیچ شتێ ناچێ ، نە لەخودی، نە لە سیفەتەکانی، نە لەکردەوەکانی، خودا بوونێکی ڕەهاو گەوهەرێکی پڕ بەهای هەیە و هۆش ناتوانێ پەی بەو گەورەییە بباو فەیلەسووفەکان لەبارەی بوونیەوە سەریان لێ شێواوە و زۆریان بەشوێن ئەندێشەیان کەوتوون و لەگۆترە چەند سیفەت و وەسفێکیان بۆ داڕشتووە کەدوورن لەراستی.

هۆش لەبەر ئەوەی کۆتایی هەیە ناتوانێ شاباڵی خۆی بەسەر بوونی خوا دابکێشێ و وەسفی بکا، چونکە خوا بێ کوتایی ورەهایە، کەوابوو هەر بەهۆی فەرموودەکانی خۆی و پێغەمبەرەکانیەوە ئەگەر هەندێ لەگەورەیی ئەو بگەین و بەناچاری لەگەڵ مەحویدا دەبێ بڵێین (خدا برتراست از آن).

ناهەقی مەحوی ناگیرێ کە لەم مەیدانە دا دەستە و ئەژنۆ دەم بەستراو وەستاوە و ناتوانێ بەتەواوی وەسفی خودو سیفەتەکانی خوا بکات «لاهو ولاغیرە»، چونکەپێغەمبەر (د.خ) بەو گەورەییەی کە خوا پێی بەخشیوە و بۆ خزمەتی خۆی داوەتی کردووە لەئاسمان و گەلێ نهێنی گەردوون و بوونی پێ نیشان داوەو زۆر لەخوا نزیک بۆتەوە «ثم دنى فتدلّى فكان قاب قوسين او ادنى»[٢٠٦]، لەگەڵ ئەم پلەو پایە بەرزەش هێشتا ناتوانێ بەتەواوی وجوانی باسی خوا بکا بەشێوەیەکی وا کە شایانی پلەو مەقامی خوایەتی خوا بێت. لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**

(احمد) کە ئەکمەلی بەشەرە، لەم مەقامەدا
روتبەی کەمالی عیجزی لە (لا احصیی) یەعەیان
بەس من کە کەمترینی دوا ئوممەتی ئەوم
چیم و، چ قوڕ بکەم بەسەرا، چی بکەم بەیان

«مەحوی» ئەدەب خەمۆشی یومە حوییەتە، لەگەڵ
نەسرە وتنێکی، یەعنی بەدەم دەردەوە گلان[٢٠٧]

٢) سیفەتە خواییەکان: لەبارەی سیفەتەکانی خواوە مەحوی دەڵێت:

خۆی و هەموو صیفاتی کەماڵی بووەو هەیە
دەشبێ ، ئەزەلییەتی ئەبەدییەت دەدانیشان[٢٠٨]

خوایێ بێ بوونی لە خۆیەوە بێ و کات وشوێنی بە پێش نەکەوتبێ و پێویستی بە هیچ شتێ نەبوو بێ ، ئەو خوایە خاوەنی سێزدە سیفەتی کەماله و هەمیشەییەکەی نیشانەی هەتا هەتاییەتی، ئەمەش کۆمەڵە سیفەتێکی خوایە «والمحدث للعالم هو الله تعالى الواحد القديم الحيي القادر العليم السميع وهي لا هو ولاغيره، وهي: العلم والقدرة والحياة والقوة والسميع والبصير والارادة والمشيئة والفعل والتخليق والترزيق والكلام»[٢٠٩]، ئەم سیفەتانەی خوا هەمیشەیین و بەخودی خواوە بەندن و لێی جیانین، چونکە ئەگەر لێی جیابن دەبێتە خولقێنراو(حادث).

**مەحوی دەڵێت:**

کەسێ پرسی ئەو صیفاتە بلێ تۆ : حەیات و عیلم
سەمع و بەصەر، ئیرادە و قودرەت، کەلام دان[٢١٠]

ئەم سیفەتانەی مەحوی ئاماژە یان بۆ کردوون «حەوت سیفەتن پێیان دەڵێن: صیفاتی مەعانی، چونکە چەند صیفەتێکی ثابیتن بۆ ذاتی خودای گەورە»[٢١١]، ئێستاش بەکورتی لەسەر ئەم سیفەتانە دەدوێین:

١- ژیان (حیاة):

سیفەتێکی کۆنینەی کەمالی خوایەو تایبەتە بەخۆی و بەژیانی هیچ گیان لەبەرێ ناچێ، نابێ مردن بدرێتە پاڵی کەدژی ژیانە و چونکە مردن سیفەتی کەمال نییە(٢١٢) «الله لا اله الاهو الحيي القيوم»[٢١٣]

٢- زانین (علم):

خوا ئەو گەردوونەی داهێناوەو بەو شێوە نایابە یاسای بۆ چەسپاندووە «يعلم مايلج في الارض وما يخرج منها وما ينزل من السماء وما يعرج فيها»[٢١٤]،



ئەمەش بەڵگەی زانینی مەزنی خوایەو ناشێ بەزانین وەسف بکرێت[٢١٥].

٣- بیستن (السمع):

بیستن یەکێکە لەوسیفەتە کۆنینانەی خوا کە بە خۆیەوە بەندەو تایبەتە بەخۆی و وەکو گیانلەبەرانی تر نییە و ناشێ خوا کەڕبێ، چونکە کەم و کوڕییە[٢١٦].

٤- بینین (بصر):

ئەمەش هەروەکو بیستن وایە و دەبێ خوا بینەرو بیسەر بێت ئەگینا سیفەتی کەماڵی نابێت[٢١٧].

٥- ویستن و توانین (الارادة والقدرة):

ویستن وتوانا دوو سیفەتی کۆنینەی بەندن لەخودی خواوە پەیوەند دارن بەو شتانەی کەدەبن نەک ئەوانەی کەپێویستن ونابن (الواجب والمستحيل)، هەرشتێ خوابیەوێ ببێ دەبێ و نەیەوێ نابێ، چونکە ئەر وانەبێ دەبێ خوا تووشی بێ توانایی بووبێ کەشایانی پایەی خوایەتی نییە[٢١٨].

لەئایەتەکانی قورئاندا هەمیشە ویستن وتوانا بەیەکەوە هاتوون هێزێ نییە زۆر لەخوا بکا، یان بێ توانایی بکات، بۆ نموونە:«ان الله يفعل مايريد»[٢١٩]. هەروەها دەفەرموێ: «انما أمره اذا اراد شيئاً أن يقول له كن فيكون»[٢٢٠].

٦- گوتن (کلام):

خوا قسەکەرە بەڵام قسەکەی بێ پیت و بێ دەنگە «وكلم الله موسى تكليماً»[٢٢١]، «وماكان لبشر ان يكلمه الله إلا وحيًا»[٢٢٢]، واتا: بە سروش قسە لەگەڵ پێغەمبەرەکانی دەکا و دەیخاتە دڵیانەوە[٢٢٣].

هەروەها سەلەفییەکان دەڵێن: قسەکردن سیفەتێکی بەندە بە خواوە و هەر کاتێ ویستی دێتە گۆ، قورئان گوتەی خوایەو لەکتێبە ئاسمانییەکانی تر وەرنەگیراوە، لەلایەکی ترەوە سەلەفییەکان نەیان گوتووە کە قورئان وەکو سیفەتی ویستن و توانا کۆنە هەروەها نەشیان گوتوە کە خولقێنراوە. بەڵام موعتەزیلەکان دەڵێن: سیفەتی قسەکردن وەکو سیفەتە مەعانییەکانی دیکە نابێ

لەودیو خــودی خــوابێ، یان لێی زیاد بێ چونکە لەگـەڵ یەکتــاپەرسـتی ناگونجێت[٢٢٤]، بەم شێوەیە مەحوی بەتاکە بەیتێ هەمـوو سیـفـەتە (معاني وثبوتية) کانی خواینیشان داوە کەبریتین لەسیفەتی خودی خوایی.

**مەحوی دەڵێت:**

ئیدراکی ذەوق و لەمس و شەمی بۆ قەرار ئەدەن

بەعضێک و، بەعضە مونکیرو، بەعضێ لەوەقفەدان[٢٢٥]

زانایانی زانستی کەلام لەسەر ئەوە ناکۆکن ،ئایا خوا سیفەتێکی زیادی لەسەر زانین و بیستن و بینین هەیە کە ناوی (ادراك) بێ، یانیەتی؟ قازی و ئیمامی حەرەمەین و ئەوانەی لەگەڵیاندان رایان وایەکە ئەو سیفەتەی هەیە و سیفەتێکی کۆنینەی بەندەبە خودی خۆیەوە و هەست بەنەرمی ودڕی و بۆ نکردن و چێشتن دەکات بێ ئەوەی خوا پێویستی بەئەندامی بۆ نکردن و چێشتن و دەست لێدان هەبێت[٢٢٦]، بەڵگەشیان ئەوەیە چونکە هەست کردن (ادراك) سیفەتێکی کەماڵەو هەموو کەمالییەکیش بۆ خوا پێویستە، ئەگەر ئەو هەستەی نەبێ، دەبێ پێچەوانەی ئەو هەستەی هەبێ، کەهەست نەکردنە، هەست نەکردنیش ناتەواوییەو خواش دوورە لەناتەواوی.

هەندێکیش دەڵێن: خوا سیفەتی هەست کردنی نییە، چونکە ئەگەر هەیبێ دەبێ پەیوەندی داربێ بەئەندامانی هەستکردن، ئەم پەیوەندی کردنە ش بۆ خوا نابێت جا نەبوونی ئەم پەیوەندی نەکردنە دەبێتە هۆی نەبوونی سیفەتەکە[٢٢٧].

**مەحوی دەڵێت:**

(ضد) و مونافی ئەم صیفەتانە مەحاڵە بۆ

ئەو خالیقە کەراگرە بۆ مولکی (کن، فکان)[٢٢٨]

ئەو حەوت سیفەتانەی کە لەپێشەوە مەحوی باسی کردن بریتین لەسیفەتی(معاني و ثبوتي) کەهەموویان سیفەتی خودی خوان وگەورەیی و کەمالی خوا بەو سیفەتانە بەندە ودژی ئەم سیفەتانە بۆ خوا ناشێت، چونکە خوایێ کەپەیدا کەری گەردوون بێ و بەدوو پیتی(کن) دروستی بکات، شایانی ئەوەنییە بڵێی: دەمرێ یان لەناو دەچێت . نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت



کەهەندێ لەزاناکان لەجیاتی حەفت سیفەتی مەعانی «سێزدە سیفەتی بۆ دادەنێن کە تەوەرەی گەورەیی خوایەتی لەسەریان بەندە وەکو :«بوون، کۆنی، مان، وەستانی بەخوی، لێک نەچوونی بە دروستکراوان ، تەنیایی، زانست، ویستن، توانا، ژیان،بیستن، بینین، گوتن»[٢٢٩]

**مەحوی دەڵێت:**

وەقت و زەمان و حاڵ وجیهەت حادیثن هەموو

خالیق قەدیمە ئەڵبەتە، موستەغنیە لە وان[٢٣٠]

کۆنینە یەکێکە لەسیفەتە تەواوەکانی خودا، ئەمەش پێویستە و دەبێ وابێ. واتا: سەرەتای بوونی نەبێ، چونکە خوا پێویستەو دەبێ کۆنیش بێت، هەندێ لە زاناکان (واجب و قدیم) بەهاو واتای یەکتری دادەنێن ، لەم بارەیەوە هەندێ لەزانا پاشینەکان دەڵێن: «ان واجب الوجود لذاته هو الله تعالى وصفاته و قد استدلوا على ان كل ماهو قديم فهو واجب لذاته بانه لو لم يكن واجباً لذاته لكان جائز العدم في نفسه»[٢٣١]

موعتەزیلەکان لەبارەی کۆنی خواوە دەڵێن: «ان الله تعالى قديم والقدم اخص وصف ذاته ونفوا، الصفات القديمة اصلا، فقالوا: هو عالم بذاته لابعلم ، لانه لو شاركته الصفات في القدم الذي هو اخص الوصف، لشاركته في الالهية»[٢٣٢]. کەوا موعتەزیلەکان دژی بوونی سیفەتە کۆنەکانی خوان بەتایبەتی (قدیم)، چونکە دەڵێن: ئەگەر ئەو سیفەتانەش وەکو خوا کۆن بێ ئەوا هاوبەشی خوا دەکەن.

لەبارەی مەسەلەی قسەکردنی خودا مەحوی دەڵێت:

حادیث نییە، قەدیمە کەلامی خودا بەحەق

دەم بۆ حەدەث بەناحەق ئەبەن(ضال) و گومڕەهان.[٢٣٣]

لەبارەی کێشەی خولقاندنی قورئانەوە لەدوای(جعد) پیاوێ بەناو (بشرالمرجئ المريسى)زاتی ئەوەی کرد کە بە ئاشکرا رابگەیەنێ: کەقورئان خولقێنراوە و خوا یەک تیپی لێنەگوتووە، بەڵگەشی ئەوەبوو کەوا : قورئان یا شتە یاشت نییە، دروستیش نییە بڵێی قورئان شت نییە چونکە کوفرە، کەوابوو

دەبێ شت بێت و خواش بەخۆی فەرموویەتی:«الله خالق كل شيئ»[٢٣٤]، واتا : خوا قورئانیشی خوڵقاندووە[٢٣٥].

موعتەزیلەکان بەگشتی دەڵێن: قورئان خوڵقێنراوە و تیپ و دەنگە و وێنەی ئەو لەسەر کاغەز نووسراوە و بەهەمان واتاوە[٢٣٦].

سەلەفییەکان بەگشتی دژی رای موعتەزیلەکانن بەتایبەتی (احمد بن حنبل) لەسەر ئەو باوەڕەیە کەقورئان فەرموودەی خوایەو سیفەتێکی هەمیشەیی خودی خۆیەتی وئەو قورئانەی کەنووسراوەتەوە و ئێستا دەخوێندرێتەوە خوڵقێنراو نییە، بەڵکو بەقەد کۆنی خوداکۆنە[٢٣٧].

کەچی ئەشعەری بە بەڵگەیەکی هۆشی بەرگری لەقورئان دەکا و دەڵێت: خوا لەقورئاندا نەیفەرمووە کەقورئان خولقێنراوە و پێغەمبەریش نەیفەرمووەو هەموو موسوڵمانەکان بڕیاریان لەسەر نەداوە، کەواتە ئەم بەڵگانە نیشانەی ئەوەن کەقورئان کۆنەو خولقێنراو نییە[٢٣٨]. لەلایەکی ترەوە ئەشعەری دەڵێ:قورئان فەرموودەی خوایەو فەرموودەش سیفەتێکی هەمیشەیی خواییە، کەوا بوو قورئان خولقێنراو نییە[٢٣٩].

جالێرەدا مەحوی لەسەر بیروباوەڕی سەلەفی و ئەشعەرییەکانەو بڕیاری داوە ئەوەی بلێ قورئان خولقێنراوە، ڕێگای راستیی ون کردووە.

ئەوەی گومانی تێدانییە هەموو تیپ و دەنگێ (عرض)ە وخوا خولقاندوویەتی چونکە (أعراض) خولقێنراوە، بۆیە لەبارەی قورئانەوە دەتوانین بلێین: قورئان فەرموودەی خوایە و هەر خۆی دەزانێ شێوەی درکاندنەکەی چۆنە، خۆ نابێ بەهۆی ئامێری ئاسایی بدرکێنرێ چونکە خوا تەن(جسم)نییە.

لەبارەی جێگرتنی خوا (الاستواء) لەسەر عەرش، مەحوی دەڵێت:

باوەڕ ببێ خودا کەلەسەر عەرشە و موستەوی
ئەمما بەئیستوایەکی بێ چوون و کەس نەزان[٢٤١]

لەپێشەوە زانیمان کەخودی خوا بە کەس ناچێ ، کەواتە سیفەتەکانیشی بەسیفەتی هیچ خولقێنراوێ ناچێ، بۆیە کە مەحوی دەڵێ: خوا لە سەر عەرش



جێی گرتووە، هەر بەخۆشی دەڵێ (بێ چوون)ەو کەس نازانێ چۆنە. زاناکانی ئیسلام لەم بارەیەوە بۆ چوونی جیاوازیان هەیەو بەکورتی چەند نموونە یەک دەخرێنە روو.

زۆربەی سەلەفییەکان لەو باوەڕەدان کەخوا خاوەنی هەندێ سیفەتی ئەزەلییە و جیاوازیان لەنێوان سیفەتی خود وسیفەتی کردەوە نەدەکرد، هەندێ سیفەتی خەبەریشیان بڕیاردا وەکو: دوو دەست و دەم وچاو، ئەم سیفەتانەیان تەئویل نەدەکرد بۆ یە واتای ئەم ئایەتەیان لێک نەدەدایەوە (الرحمن على العرش استوى)[٢٤٢]، موعتەزەیلەکان دژی سیفەت بوون و سەلەفییەکان بڕیاریان دەدا و لەهەندێ باردا دەگەیشتە دۆخی لێکچوون (تشبیه)، بۆیە سەلەفیەکان ناویان لێنرا (صفاتیه) و موعتەزیلەکان(معطلة)، بەڵام هەندێ لەسەلەفییەکان لەگەڵ تەئویل بوون و بەگوێرەی هەڵگرتنی واتای و شەکەلێکیان دەدایەوە[٢٤٣].

موعتەزیلەکان لەو باوەڕەدا بوون کەخوا لە هەموو شوێنێکەو بەڵگەشیان ئەم ئایەتانە بوو« ونحن اقرب اليه من حبل الوريد»[٢٤٤] هەروەها ئایەتی «ونحن اقرب اليه منكم ولكن لاتبصرون»[٢٤٥]، بەڵام خوا شوێن پڕ ناکاتەوە چونکە تەن نییە[٢٤٦].

(نجاريه) کان دەڵێن: خوا بەخودو بوونەوە لەهەموو شوێنێکە[٢٤٧]، سەلەفییەکان وەکو(مالك بن انس، احمد بن حنبل، سفيان الثورى) لەبارەی جێگرتنی خوا لەسەر عەرشەوە دەڵێن« الاستواء معلوم والكيفية مجهولة والايمان به واجب والسؤال عنه بدعة»[٢٤٨].

ئەشعەری لەسەر هەمان بیرو باوەڕەو «نازانێ شێوەی جێگرتنەکەی چۆنە لەسەر عەرش»[٢٤٩].

لێرەدا مەحوی لەگەڵ رای سەلەفییەکانە کەنازانێ چۆنیەتی جێگرتنی خوا لەسەر عەرش چۆنە.

لەبارەی ئەو ئایەتەو حەدیسانەی کەباسی دەم و چاوو دەست و ئەنگوست و شتی تر دەکەن، **مەحوی دەڵێت:**

هەر ئایەت و حەدیثێ شتێکی تیابێ
بتخاتە شوبهە، جوابتەبێ چوونی یو چونان
وەک عەین و وەجهو صورەت و ئەنگوشت و دەست وپێ
وەک نەفس و وەک نزولی هەموو شەو لە ئاسمان
تەنزیهـ ئەکەن سەلەف، خەلەف ئەمما دەکەن تەئویل
بۆ هەرچی ناسزایە بە ذاتی عەظیمە شان[٢٥٠]

بەگشتی مەحوی لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو ئایەت وحەدیسانەی ناوی هەندێ لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی تێدایە، دەبێ بەشێوەیێ لێک بدرێتەوە کەواتای بەرجەستەیی نەگەیەنێ چونکە بۆ خواناشێ، بەڵکو دەبێ بەجۆری لێک بدرێتەوە کە لەگەڵ پلەو پایەی خوایەتی خوا بگونجێ و لەگەڵ ئایەتی «لیس کمثله شيء»[٢٥١] دژایەتی پەیدا نەکات.

زانایەکانی ئیسلام لەم بارەیەوە بیرو بۆچوونی هەمەچەشنەیان هەیە، لەوانە موعتەزیلەکان دژی ئەوەنە کە خوا بە هیچ شتێ بچێ و داوای تەئویل کردنی ئەو ئایەتانە دەکەن کەلەگەڵ مەقامی یەزداندا بشێت وەکو «خلقت بيدي[٢٥٢]، وجاء ربك والملك صفا صفا[٢٥٣]، ويبقى وجه ربك ذوالجلال والاكرام»[٢٥٤]، چونکە ئەگەر تەئویل نەکرێ بەرەو (تجسيم) دەڕوا[٢٥٥].

ئەشعەرییەکان باوەڕیان وایەکە (دەم و چاوو هەر دوودەست) دوو سیفەتی خەبەرینە و چۆن لەدەقی ئایەتدا هاتوون هەروا بەجێی دێڵن و تەئویلی ناکەن، واتا: لەسەلەفییەکان نزیک دەبنەوە لەبارەی تەئویل نەکردنی دەقەکانەوە[٢٥٦].

(مجسمة) کان و (ابو الهذيل) دەڵێن: مەبەست لە (وجه) خوا خۆیەتی، هەروەها بەنیسبەت دەست و چاویش[٢٥٧].

سەلەفییەکان بەگشتی و ئەمانەش (الزهري، الامام مالك، الاوزاعی، الثوری، ابن المبارك، الامام احمد) بەتایبەتی لەو ئایەتانەی کەباسی هاتنی خواو دەم و چاوی تێدایە لێکی نادەنەوەو لێکدانەوەکەی دەخەنەپاڵ خوا وپێغەمبەرەوە، ئەبوو حنیفە دەڵێت: ئەو ئایەتانەی کەباسی دەم و چاوو و دەست



و نەفسی تێدایە، ئەمانە سیفەتی خوانە بەبێ چۆنیەتی، نابێ وەکو قەدەرییەکان و موعتەزیلەکان بڵێین: دەستە بەواتای توانا و بەهرە دێ چونکە بەم تەئویلە سیفەتەکەی لەناودەچێ[٢٥٨].

هەروەها سەلەفییەکان لەبارەی ئەم سیفەتانەوە دەڵێن: «الاستواء والمجيئ والاتيان والنزول معلوم والكيف مجهول والايمان به واجب والسؤال عنه بدعة»[٢٥٩].

لەبارەی هاتنە خوارەوەی خودا بۆ ئاسمانی جیهان، پێغەمبەر دەفەرموێ «ينزل ربنا تبارك وتعالى كل ليلة الى سماء الدينا اذا بقى ثلث الليل الاخر فيقول:هل من سائل فاعطيه، هل من داع فاستجيب له؟ هل من مستغفر فاغفر له، فلا يزال كذالك حتى ينفجر الفجر»[٢٦٠]

لەبارەی تاک و تەنیایی خواوە مەحوی دەڵێت:
نەیگرتووە شەریک وموعین و ژن و وەلەد
بۆ ئێمەیە لەئایەتی (عزّ) ئەم قسەعەیان[٢٦١]

تاکو تەنیایی یەکیکە لەسیفەتە(ثبوتي) یەکانی خوا، زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفان و زانایان لەسەر ئەوە رێکن کە خوا تاک و تەنیایە وبێ هاوبەشە «صانع العالم واحد يمكن ان يصدق مفهوم واجب الوجود الاعلى ذات واحد والمشهور في ذلك بين المتكلمين برهان التمانع المشار اليه قوله تعالى:«لو كان فيهما آلهه الا اللّه لفسدتا»[٢٦٢]، وتقريره انه لو أمكن الهان لامكن بينهما تمانع بأن أراد أحدهما حركة زيد والاخر بسكونه لان كل منهما في نفسه امر ممكن»[٢٦٣]

فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان ورۆمان لەسەرتاک و تەنیایی خوا ناکۆکییان نییە، بەڵکو لەسەر داهێنانی ئەم گەردوونە هەریە کەبیروڕای تایبەتی خۆی هەیە، «هەندێ دەڵێن: گەردوون لەئاو دروست بووەو هەندێ دەڵێن لەهەوا، و هەندێکیش لەهەیۆلی، بەگشتی ئەم فەیلەسووفانە خوا بە تاک و تەنیا دەزانن« تالیس، انكاغورس، انكسيمانس، انباء قليس، فيثاغورس، سقراط،

افلاطون، ارسطو»[٢٦٤] تاكوتەنیایی (التوحید) خوا لای موسلمانەكان بەم جۆرە باسكراوە:

لەزماندا (تەنیایی) ئەوەیە كە شتەكە تاك بێ و بەتاكی بزانرێ، لەشەرعدا (تەنیایی) ئەوەیە كە پەرستراو لەلایەنی خود و سیفەت و كردەوەیە وە بەتاك بزانرێ[٢٦٥].

تەنیاییش سێ بەشە:

١- تەنیایی ربووبییەت.

٢- تەنیایی ئولووهییەت.

٣- تەنیایی سیفەتەكان[٢٦٦].

لەمەدا بۆمان دەر دەكەوی كەتەنیایی خوا لای زانا موسڵمانەكان زۆرپاكە و دوورە لەهەموو هاوبەشییەكی ئاشكراو نهێنی، مەحویش لەهەمان سەرچاوەی پاك بەیتە شیعرەكەی هەڵێنجاوە.

لەبارەی پێكهێاتنەوە (تكوین) مەحوی دەڵێت:

غەیری یەكن موكەووەن و تەكوین(الی الابد)

مومكین نییە سەبەب بەموسەبیب بلێ: یەكین[٢٦٧]

تەكوین یەكێكە لەسیفەتە هەمیشەییەكانی خواو بەچەند شێوەیەك دەردەبڕێ وەك«الفعل والخلق والتخلیق والایجاد والاحداث»[٢٦٨]

ئەم وشەو زاراوانەش هەر چەندە لەواتای گشتیدا لەگەڵ (تكوین) یەكدەگرنەوە وەكو: هێنانەكایەی شتێ، بەڵام لە راستیدا هەریەكە واتای تایبەتیی خۆی هەیە.

الفعل: «مەبەستی لەبزووتنەوەو ئەنجامدانی كارێكە»[٢٦٩].

الخلق: «هێنانەدیی شتێ لەنەبوو نەوە كەتایبەتە بەخوا»[٢٧٠].

التخلیق: «خولقاندنی لە شتێ، وەك بوونی مرۆڤ لەمرۆڤ بەویستی خوا»[٢٧١]

الاحداث: « پەیدابوونی شتێ لەكاتی دیاریكراودا، وەك: كن فیكون»[٢٧٢].



الاختراع: «گۆرینی مادە لەشێوەیەكەوە بۆ شێوەیەكی چاكتر»[٢٧٣] بەم شێوەیە تەكوین بریتیە لەگۆرینی نەبوون (معدوم) بۆ بوون(وجود).

مەحوی كە دەڵێت: (غەیری یەكن موكەووەن و تەكوین) چونكە تەكوین سیفەتێكی هەمیشەیی خوایە و بەوەوە بەندە، بەڵام موكەووەن بریتییە لەشتە داهێنراوەكان و خولقێنراوەكان، واتا (حادث)ە كە واتە داهێنەرو داهێنراو نابنە یەك.

سیفەتەكانی خوا بەش بەشنین (لەگەڵ خودی خوا لێكدراونین) بەڵكو یەكەیەكی یەكگوتوەو بە خواوە بەندە، واتا :سیفەت و خودی خوا لێك جیانین و هەمیشەیین و گۆرانیان بۆ نییە چونكە جەوهەرن، كەدەڵێن خوا خولقێنەری گەردوونە ئەوەدەگەیەنێ كە لەگەڵ بوونی خۆی سیفەتی تەكوینی هەبووەو دوایی لەكات و شوێنێكی دیاردا خولقاندنەكە روویداوە[٢٧٤].

بەم پێیە موكەووەن داهێنراوە وكاتییەو گۆرانی بۆ هەیە و بوونی بە بوونی موكەوینەوە(مكوِّن) بەندە، بەڵام تەكوین سیفەتێكی راستەقینەی خوایە وەكو: زانین و توانا هەمیشەییەو گۆرانی بۆ نییە وداهێنەرە

لەبارەی ویستنی خواوە مەحوی دەڵێت:

تاهەبووە، تا دەبێ موتەنەفیس لەسینەیەك

بێ ئیذنی ئەو نەسیمی نەفەس كەی دەبێ وەزان[٢٧٥].

مەحوی لەم بەیتەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكا كە هەموو شتێ بەویستی خودا دەبێ چ گەورەو چ بچووك «الاله الخلق والامر»[٢٧٦]، ویستنیش كە سیفەتێكە لە خوا بگرە و بەردەیەكی زۆری لەسەرەو جیاوازیەكی زۆر لە رایەكان بەرچاو دەكەوێت، بۆیە وای بەچاك دەزانین بەر كۆلێك لەورایانە بخرێنە بەرچاو لەوانەش «الا رادة صفة لله تعالی ازلیة قائمة بذاته»[٢٧٧]. لەلایەكی ترەوە زانایانی كەلام بەم جۆرە یان ناساندووە «عّرف المتكلمون الارادة بانها صفة قدیمة زائدة علی الذات قائمة بها»[٢٧٨]، بۆ زیاتر روونكردنەوەی ویستن «والله سبحانە وتعالی مرید: اي انه یخصص الشيء الممكن ببعض مایجوز علیه،

فيجعله طويلا اوقصيراً حسنا او قبيحاً عالماً او جاهلاً، في هذا المكان او في غيره، وهو سبحانه له ان يتصرف في الكون حسب مشيئته وارادته وحكمته»[٢٧٩].

لەم دەقانەی سەرەوە وا بەدەر دەکەوێ کەویستن سیفەتێکی کۆنینەی خوایەو بەوەوە بەندە، واتا: خوا لەو گەردوونەی کە خولقاندوویەتی سەربەستی تێکەولێکەی تێیدا هەیە بەگوێرەی ویست و حیکمەتی خۆی «انما قولنا لشيئ اذا اردناه ان نقول له كن فيكون»[٢٨٠]

(واصلیە)کان کەتاقمێکن لەموعتەزیلەکان رەفزی ئەم سیفەتە دەکەن ، واتا! دەڵێن خواویستی نییە[٢٨١]. بەڵام لەلایەکی ترەوە (هذیلیة)کان دەڵێن: ویستی خوا بۆ شتێ بەواتای خولقاندنێتی[٢٨٢].

(نظامیة)کانیش دەڵێن: مەبەست لەویستی خوا خولقاندنی شتە ئەگەر گوترا: خوا کردەوەی بەندە دروست دەکا، واتا: فەرمان ونەهی لێ دەکات.[٢٨٣]

بەڵام (کرامیة) کان بڕوایان وایە کە: ویستن سیفەتێکی خولقێنراوە[٢٨٤].

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ویستنی خواو خوادا جیاوازن، ویستی خوا پەیوەندیی بەحەزو ئارەزووی کردن و نەکردنەوە نییە، کەوا بوو ویستنی خوا بەواتای حوکم دێت و سەرەتای نییە، بەڵام ویستنی خوادا لە ئارەزووی نەفسەوە دەست پێ دەکات.

لە بارەی زێدەبوونی سیفەتی ویستن لەخودی خوا، دەتوانین بڵێین: سیفەتی ویستن بە نسبەت خوا ئەوە ناگەیەنێت کە خوا لەسەری پێویستە ئەو شتە بکا یا نەیکا، چونکە ئەگەر وابێ دژی واتای ویستن دێتە کایەوە کە نەویستنە، ئەمەش لەگەڵ خوانا گونجێ کەخودێکی ئەزەلییە لەخود و سیفەت و کردەوەکانی .

لەبارەی توانای خواوە مەحوی دەڵێت:

مثقالە ذەڕڕە چۆنە لەبەردەستی قودرەتی
هەروا بزانە وایە کورەی موڵکی (کن فکان)[٢٨٥]

توانا سیفەتێکی کۆنینەی هەمیشەیی خوایە و بە خۆیەوە بەندە و لەخودی



خۆی زیاد نییە. بەگوێرەی ویستی خوا کار دەکاتەسەر ئەو شتانەی کە توانای بوونیان هەیە جابەداهێنانی یان فەوتانی[٢٨٦].

خوای گەورە بەتوانایەو هیچ هیزێ نایوەستێنێ ، داهێنانی ئەم گەردوونەش نیشانەی بەرزی و بەتوانایی خوایە، ئەگەر سەیری گۆڕانی شەوو رۆژ و ژیان و مردن و هەموو گۆرانکارییەکانی گەردوون بکەین زۆر بە جوانی توانای خوامان بۆ دەردەکەوێ لە هەموو چرکەیەکدا[٢٨٧] «وهو الذي يحيي ويميت وله اختلاف الليل والنهار افلا تعقلون»[٢٨٨]

بەم شێوەیە هەرچی لەم گەردوونە هەیە بە (كن فكان) بووە و لەژێر ویست وتوانای خودا یە چ گەورە و چ بچووک و لێی ون نابێ«لايعزب عنه مثقال ذرة في السماوات ولا في الارض ولا اصغر من ذلك ولااكبر، الا في كتاب مبين»[٢٨٩].

لەبارەی زانینی خواوە مەحوی دەڵێت:

عیلمی بەحەببەبێ کە بەصەد قەرنێ کەدەبێ
وەک عیلمییە بەقووبەیی شەمسی ضیافشان
ئەو ذەڕڕەیە کە ئەووەڵی ذەراتی عالەمە
بۆعیلمی چۆنە، ذەڕڕەیی ئاخر یەتی چونان[٢٩٠]

لەم دوو بەیتەدا مەحوی باسی زانینی خوامان بۆ دەکات کە ئاگاداری هەموو شتە و هیچی لێ ون نابێ و گەردیلەی سەرەتاو کۆتایی گەردوون ئاگای لێیەتی. جا کە زانینی هێندە مەزن بێ پێویستە شتێکی لە بارەوە بزانین.

زانایان لە بارەی زانینی خواوە زۆر بیروڕای جۆراو جۆریان هەیە، موعتەزیلەکان دەڵێن(زانینی خوا خوازەیە و راستەقینە نییە زانایانی تر بە زۆری دەڵێن: زانینی خوا راستەقینەیەو خوازە نییە، ئەمانەش لە نێوان خۆیان ناکۆکن، (جهم بن صفوان وهشام بن الحكم) لەو باوەڕەدان کە زانینی خوا خودی خوا نییەو خولقێنراوە، هەندێ لە سونییەکان رایان وایە کە زانینی خوا خولقێنراو نییەو هەمیشەییە، نەخوایە و نەغەیری خوایە، ئەشعەری لەم بارەیەوە

دووڕای هەیە:

**یەکەم:** زانینی خوانە نەفسی خوایە و نەغەیری خوایە، دووەم: ئەم زانینە غەیری خوایە و لەگەڵ خوا یەک نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خولقێنراو نییە، باقلانیش لەسەر ئەم رایەیە، (ابو الهذیل العلاف) وتاقمەکەی دەڵێن: زانینی خوا بەردەوامە و خوا خۆیەتی)[٢٩١].

بەم جۆرە دێینە سەر پێناسەیەکی کورتبڕی زانین کەوا(یەکێکە لە سیفەتە- ثبوتی ومعانی- یەکانی خوا و سیفەتێکی کۆنینەو هەمیشەیی و بەندە بە خودی خواوەو (مکتسب) نییە، چونکە ئەگەر فێرکرابێ خولقێنراوی دەگەیەنێ)[٢٩٢].

کەوا بوو(خوا هەموو شتێ دەزانێ لە رابردوو و ئێستا و دوارۆژدا، لەپێش زانینی خوانەزانی نەبووە و شتی لەبیر ناچێ و زانینەکەی بەکات و شوێنەوە بەند نییە و تیشکی زانینی دەگاتە هەموو شتێکی گشتی و جوزئی)[٢٩٣]. ئەم پێناسەیە بەتەواوی لەگەڵ بیروباوەڕی مەحوی یەک دەگرێتەوە.

٣- ناوە خواییەکان: ئەڵڵا یەکەم ناوی خوایە و پێی دەڵێن:(لفظ الجلالة)، ناوەکانی تری خوا هەموویان وەسفی بێژەی جەلالەت دەکەن. خوای مەزن(٩٩) ناوی هەیە(قل ادعوا الله او ادعوا الرحمن أياًما تدعو فله الاسماء الحسنى)[٢٩٤]، لەم بارەیەوە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ:(ان لله تسعة وتسعين اسماً من حفظها دخل الجنة، وان الله وتريحب الوتر)[٢٩٥].

مەحوی وەکو شاعیرێکی زانا و موسوڵمانێکی پاک لە چەند بەیتێک لە شیعرە ئایینییەکاندا ناوەکانی خوای هێناوە و ئێمەش لێرەدا دەستنیشانیان دەکەین و واتای ناوەکە(یاراستر بیڵێین: سیفەتەکە) لێک دەدەینەوە، بێ ئەوەی هیچ ناوێک دووبارە بکرێتەوە، ناوەکانیش بەگوێرەی زنجیرەی لاپەڕەکانی دیوانی مەحوی تۆمار دەکرێن جگە لەناوی(الله) کە ئاڵای خودی خوایە و لە پێشەوەی دادەنێین:

**مەحوی دەڵێت:**

هەر ئەم خیصالە یەکە صەحابەی کیرامی پێ
فائیز بەمەرتەبەی (رضي الله)وو(رضوا)ن[٢٩٦]



ناوی خوا لێرە ئەڵڵایە، (بێژەی مەزنییە و ئاڵایە لەسەر خودی خوایی پیرۆز کە پێویستی بوونە و شایانی هەموو ستایشێکە)[٢٩٧].

**مەحوی دەڵێت:**

مەسئوولە ئیعانە لە وەهھابی موستەعان
هەر لەو دەکەم سوئال و، دەکەم حەمدی ئەو بەجان[٢٩٨]

ناوی خوا لەم بەیتە(وهاب)ە، کە بەواتای(خودان نیعمەت و بەخششی زۆر و هەمیشەیی) دێت[٢٩٩].

**مەحوی دەڵێت:**

کارم لەگەڵ کەریم و، کەریمە بەهانەجۆ
دا هەوری رەحمەت و کەرەمی بێتە دارژان[٣٠٠]

ناوی خوا لێرەدا(کریم)ە، واتا(ئەو کەسەی بێ داواکردن و پاداشت ببەخشێت)[٣٠١].

**مەحوی دەڵێت:**

ذاتی خودا کە خالیقی ئەکوانە، هەر بووە
یەعنی قەدیمی موطلەقە(بالذات) و(بالزمان)[٣٠٢]

ناوی خوا لەم بەیتەدا (خالق)ە، واتا (پەیداکەری بوون و گەردوون لە نەبوونەوە)[٣٠٣].

**مەحوی دەڵێت:**

ئەوحەی یو ئەو عەلیم و سەمیع و بەصیرە ئەو
قادر، مورید و هەم موتەکە للیم(بلا لسان)[٣٠٤]

لەم بەیتەدا پێنج ناوی خوایی تێدایە کە بەڕیز واتایان لێ دەدرێتەوە:

١-حەی: بەواتای(خودان ژینێکی هەمیشەیی)یە[٣٠٥].

٢- عەلیم: بەواتای(ئەو خوایەی کە بە هەموو شتێ زانایە و هیچی لێ ون نابێت)[٣٠٦]،

٣- سەمیع: بەواتای(گوێی لە هەموو شتێکە تاخشپەی مێروولەش) بێت[٣٠٧].

٤- بەسیر: بەواتای(بینینی هەموو شتێ چەند وردیش بێ)[٣٠٨].

٥- قادیر: بەواتای(ئەو خودایەی توانای بەسەر هەموو شتێکدا بشکێ و هیچ شتێ بەرامبەری نەوەستێ)[٣٠٩].

**مەحوی دەڵێت:**

تەنزیە ئەکەن سەلەف، خەلەف ئەمما دەکەن تەویل

بۆ هەرچی ناسزایە بە ذاتی عەظیمە شان[٣١٠]

لەم بەیتەدا ناوی خوا هاتووە کە (عظیم)ە، واتا: ئەو خوایەی گەیشتۆتە ئەو پەڕی پایەی گەورەیی، چونکە دارای سیفەتی مەزنی و جوانییە[٣١١].

**مەحوی دەڵێت:**

ئەم شەش کەسە حەبیبی حەبیبی حەقن بە حەق

هەر کەس کەمونکیرە لەخیتامی مەبە ئەمین[٣١٢]

ناوی خوا(حق)ە، واتا: (ئەو چەسپاوەی گۆڕانی بۆنییە)[٣١٣].

**مەحوی دەڵێت:**

هەر کەس بە بارەگاهی جەلال ئاشناترە

زیاتر قسەی لە وەحشەت و دەهشەت دە دانیشان[٣١٤].

لەم بەیتەی سەرەوەدا ناوی خوا(جلال)ە، واتا: (خودان شەرەفی تەواوی)[٣١٥].

**مەحوی دەڵێت:**

لە ذیکری ئەو دەجۆشێ رەئفەت و، رەحمەت دەبارێ هەم

(رؤوف)هەم(رحیم) وەصفی ئەو وەک وەصفی رەحمانە[٣١٦].

لەم بەیتەدا سێ ناوی خوا بەدی دەکرێ:

أ- رەئوف: بەواتای (زۆر دڵسۆز و دڵ نەرم)[٣١٧].

ب- رەحیم: بەواتای(خودانی بەهرەو نیعمەت، بۆ خوا و بەندە بە کاردێت)[٣١٨].

ج- رەحمان: بەواتای (خودان بەهرەی مەزن، تەنیا بۆ خوا بەکاردێ)[٣١٩].

**٤- کردەوە خواییەکان:** مەحوی وەکو زانایەکی موسوڵمانی لێهاتوو لە قەسیدەی



(عقد العقائد)دا ئاماژەی بۆ چەند کردەوەیەکی خوایی کردووە وەکو سوننییەکی ئەشعەری بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە، ئێمەش بەپێی توانا هەوڵ دەدەین مەڵۆیێ بخەینە سەر ئەو خەرمانە زانیارییە.

- لەبارەی کردەوەکانی بەندەوە مەحوی دەڵێت:

بۆ عەبدو بۆ عەمەلییەتی خولقندە ئەوە ئەو

تەوفیقی دا بەئیمەو و خەذلانی دا بەوان

خالیق یەکێکە، کاسیبە عەبد، ئەم پەڕ ئەوپەڕە

ئیفراطی ئیعتزالی یو تەفریطی جەبرییان[٣٢٠].

ڕێبازە هەمە چەشنەکانی ئیسلام هەریەکە بە جۆرێ بۆ ئەم مەسەلەیە چووە، هەندێکیان سەربەستیان داوەتە مرۆڤ و هەندێکیش پێی رەوانە بینیوە و هەندێکیش مام ناوەنجینە.

ئەشعەری رای وایە کە بەندە توانای لەسەر کردەوەکانی خۆی هەیە بەڵگەشی ئەمەیە(اذا الانسان یجد من نفسه تفرقة ضروریة بین حرکات الرعدة والرعشة، وبین حرکات الاختیار والارادة)[٣٢١].

موعتەزیلەکان دەڵێن(بەندە توانای هەیە بەسەر کردەوەی چاک و خراپی خۆیدا، بۆیە پاداشت و سزای رۆژی دوامایی شایانێتی، خوا زۆر لەوە پاکترو بەرزترە کە خراپە و ستەمی بدرێتە پاڵ)[٣٢٢].

بەڵام جەبرییەکان بەپێچەوانەی موعتەزیلەکان و ئەشعەرییەکان هەموو توانایەک لە مرۆڤ دەسێنێتەوە و کردەوەکانی بەندە دەدەنە پاڵ خوا، هەر لەم جەبرییانەش چینێکیان هەیە مام ناوەنجینە و تۆزێ توانا شایانی بەندە دەبینن، بەڵام هێندە کاریگەرنا[٣٢٣].

ئەهلی سوننەت بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە خوا لەبنەڕەتدا هەموو چاکەو خراپەیەکی دروستکردووەو خۆشی لە ئەزەلدا دەزانێ کێ بەرەو چاکە دەڕوا و ڕێگای بۆ خۆش دەکا و ئەوی بەرەو خراپەش دەڕوا خوا حەزی لێ نییە(والله خالق لافعال العباد من الکفر والایمان والطاعة والعصیان)[٣٢٤].

بەم جۆرە ئەوەی چاکە بکا خوا پاداشتی دەداتەوە بە فەزڵی خۆی نەک بە پێویستی، ئەگەر خراپەشمان کرد ئەوا ئازارمان دەدا بە دادوەری خۆی نەک بە زۆرو ستەم، کەوابوو بەندە لە کەسب زیاتر هیچی لە دەست نییە[٣٢٥].

**مەحوی دەڵێت:**

واریدە بووە لە شەئنی قەضاو و قەدەر حەدیث
باوەڕ دەبێ ببێ بەو جووبی بە هەردوان[٣٢٦].

مەحوی باوەڕی بە قەزاو قەدەر هەبووە و داوای کردووە کە باوەڕ بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر بێنین(الایمان ان تؤمن بالله وبملائکته وکتبه ورسله وبالیوم الاخر و بالقدر خیره وشره من الله)[٣٢٧].

سوننییەکان بەگشتی باوەڕیان بەقەزاو قەدەری خوا هەیە لە ئەزەلدا، واتا: خوا زانیویێتی چی روودەدا و هەمووی دیاری کردووە، ئێمە زانیمان کە خێرو شەڕ لە خواوەیە و بنەمایەکی باوەڕە، کەچی خوا حەزی لەگوناهکردن نییەو خۆشی داوای لێ کردووین کە بڕوای پێ بێنین، لێرەدا جۆرە دژایەتییەک دێتە ئاراوەو دەبێ بگونجێنرێ لە وەڵامدا دەڵێین: جیاوازی هەیە لە نێوان قەزاو قەدەرو کردەوەی مرۆڤ، قەزاو قەدەر سیفەتی خوانە، سیفەتەکانی خواش تەواون و کەم و کوڕییان نییەو هەموویان خێرن و شەڕ نین، بەڵام کردەوەی مرۆڤ خێرو شەڕ و چاک و خراپی تێدایە.

**بۆنموونە:** لەئەزەلدا خوا بەختیاری بۆ عومەری کوڕی خەتاب نووسی و نا بەختیاریشی بۆ ئەبوو جەهل نووسی، ئەم دانانەش هەروا بەبێهوودە و گاڵتە نەبووە، بەڵکو خوا لە جیهانی نهێنیدا کەسەیری فلیمی کردەوەکانی عومەری کردووە زانیویێتی کە لەئەنجامدا باوەڕ بە پێغەمبەر دەهێنێ و دڵی بۆ ئیسلام دەکرێتەوە، هەر لەئەزەلیش زانیویێتی کە پێغەمبەر داوای باوەڕهێنان لە ئەبوو جەهل دەکا و باوەڕی پێ ناهێنێ[٣٢٨].

باوەڕهێنان بە قەزاو قەدەر واتای زۆر و تۆبزی ناگەیەنێ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە خوا هەموو شتێ پێش روودانی دەزانێ، ئەم زانینەش کار ناکاتە



سەرویستی بەندە، چونکە زانین سیفەتی دیارکردنە نەک کارتێکردن، بۆ نموونە: تۆ کە دەزانی کوڕەکەت لەوانەکانیدا چالاکە، ئەم زانینەت کار لە دەرچوونی ناکات[٣٢٩].

بەم پێیە مەحوی باوەڕی لەچوارچێوەی بیروڕای سوننییەکان دەرناچێ و هەرهەمان رای ئەوان دووبارە دەکاتەوە.

**مەحوی دەڵێت:**

ئەم خەلقە جوملە دەمرن و هەموانیان ئیلاه
زیندوو دەکاتەوەیش و دەبینێ حیسابیان[٣٣٠]

بێگومان رۆژی دوامایی یەکێکە لە بنەماکانی باوەڕو پێویستە موسوڵمان بڕوای پێی هەبێ، لەو رۆژەدا چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکرێ بەپێی ئەو کردەوانەی کە لە ژیانیدا کردوویەتی، ئەوەی باوەڕی بەزیندوو بوونەوەو حیساب هەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا کردەوەی چاک زۆر بکاو ژیان لای ئەو بێهوودە و بێ مەبەست نابێ، بۆیە هەر بەرەوبەرزی دەڕوا خۆشەویستی خوا بۆی دەبێتە بریتی بۆ هەموو بریق و باقی جیهانی فانی، بەڵام ئەوەی باوەڕی بەرۆژی دوامایی نەبێ ئەوە لە ژیانی گیانی بێ بەش دەبێ و لەناو چڵکی ماددەدا خۆی دەگەوزێنێ و ژیانی لەگەڵ ژیانی گیاندارێکی ئاسایی جیاوازی نابێ کە مەبەستی لەژیان هەرخواردن و نووستنە.

مرۆڤی تێگەیشتوو دەبێ بزانێ ژیان بێهوودە نییەو ئەو خوایەی گەردوونی داهێناوە هەمووی بەیاساو بۆ مەبەستێکی تایبەتییە(افحسبتم انما خلقناکم عبثا وانکم الینا لا ترجعون)[٣٣١].

**مەحوی دەڵێت:**

واجب نییە لەسەر مەلیکی (واجب الوجود)
ئەصلەح وەیا مەصلەحە دەرحەق بە بەندەگان[٣٣٢]

لێرەدا مەحوی وەکو سوونییەکی ئەشعەری بیر دەکاتەوە و بڕوای وایە کە (اصلح) لەسەر خوا پێویست نییە.

ئەشعەری لەم بارەیەوە دەڵێت: سەلاح و ئەسلەح و لوتف لەسەرخوا پێویست نییە، خوا توانای پاداشت و سزای بەندەکانی هەیە، ئەگەر سزایان بدا دادوەرییەو ستەمی تێدانییە، ئەگەر پاداشتیشیان بداتەوە لەسەر چاکە فەزڵێکە لە خواو[٣٣٣]، (لایسأل عما یفعل وهم یسألون)[٣٣٤]. موعتەزیلەکان هەندێکیان دەڵێن: لەوشتانەی خوا بە کافرو مووسڵمانی داوە باشتری لانییە و ناتوانێ باری گونجاوتریان بۆ بڕەخسێنێ، ئەمانەش دووچین: زۆربەیان دەڵێن: خوا توانای چاکتری هەیە بۆ بەندەکانی، کەمێکیشیان دەڵێن: ئەگەر خوا توانای چاکتری هەبێ و نەیکا جۆرە ستەمێکە: (بشر بن معتمر) کە یەکێکە لە موعتەزیلەکان دەڵێ: خوا لوتفی زۆرەو ئەگەر بە کافرەکانی ببەخشێت باوەڕی پێ دێنن[٣٣٥]. موعتەزیلەکان لەم بارەیەوە بەڵگەیان ئەوەیە (صلاح) زیاتر لە دادوەری خواوە نزیکەو حەزی لەچاکەیە و رقی لە خراپەیە.

ئەهلی سوننەت بەگشتی باوەڕیان وایە کە خوا (فاعل مختار)ەو هەرچی بیکا بێ هۆ و حیکمەت نییە و پلەو مەقامی خوا شایانی ئەوەنییە کەشتی لەسەر پێویست بکرێت[٣٣٦].

ئەمەش بەگشتی بیروباوەڕی مەحوییە.

......................

**٥- پاڕانەوە لەخوا:** شاعیرە موسوڵمانەکان هەر لە کۆنەوە کە شیعری ئایینییان داناوە، لە کۆتایی قەسیدەکانیاندا لەخوا پاڕاونەتەوە کە لێیان ببورێ و رێگای راستیان نیشان بدا، بێگومان ئەمەش پشت بەم ئایەتە دەبەستێت(وقال ربکم ادعوني استجب لکم)[٣٣٧].

مەحویش کە یەکێکە لە شاعیرە موسوڵمانەکان لەدوای ئەم قەسیدە درێژە دەستی پاڕانەوە بۆ خوا بەرز دەکاتەوەو داوای لێ دەکا کە هەموو عاشقانی پێغەمبەر ببەخشێ لە رۆژی رەستاخێزادا.



**مەحوی دەڵێت:**

یارەبی ئەو کەسانە کە ئەمڕۆ لەعیشقی(میم)
لەم بەحری (نون)ەدا وەکو من غەرقە دەبن و بوون[٣٣٨]
غەرقی موحیطی رەحمەتی عوظماتیان بکەی
ئێمەش لەگەڵ ئەوانە، سبەی(یوم یحشرون)[٣٣٩]

مەحوی کە کوردێکی سوننیی ئەشعەریی نەقشەبەندییە، عیشقی پێغەمبەری (د.خ) پەڕیوەتە سەرو خەریکە تێیدا نقوم دەبێ، بۆیە داوای رەحمەتی خوا دەکا چونکە (سوننییەکان لەو باوەڕەدان کە پاڕانەوە سوودی هەیە بە گوێرەی ئایەتەکانی قورئان)[٣٤٠]، لەوانەش(واذا سألك عبادي عني فأني قريب اجيب دعوة الداع اذا دعان)[٣٤١].

دوای ئەوەی مەحوی دێتە کۆتایی قەسیدە نوونیەکەی، وەکو بڵێی لە داڕشتنەکەی رازییەو داوا لە خەڵکی دەکا وەکو بەرگی بەنرخ لەبەری بکەن بۆ ئەوەی گیانێکی بەرز بکرێتە بەریان، خۆشی بە هیوای ئەوەیە کە خۆی و خوێش و رەوشت پاکان بە و گیانەوە بچنە خزمەتی خودا. لەم بارەیەوە مەحوی دەڵێت:

بەو رۆحەوەم، خودا، ببەیەبەر حوضووری خۆت
هەم خۆم و هەم ئەوانە کە خۆن و کەنێک خوون[٣٤٢]

***

بەزۆری ئەو شاعیرانەی کە شیعری ئایینییان نووسیوە بە کۆن و نوێوە لە کۆتایی غەزەل و قەسیدەکانیاندا بە چەند بەیتێ لەخوا پاڕاونەتەوە بۆ بەدیهێنانی مرازیان و رزگار بوونیان لە ناخۆشی رۆژی دوامایی، کەچی مەحوی لەم پارچە شیعرەیدا کەتەواوی نەکردووە، هەر لە سەرەتاوە بەپاڕانەوە دەست پێ دەکات و پەنا دەباتە بەرناوی هەندێ لە سوورەتەکانی قورئان و خوای پێ سوێند دەدا کە دووسێ داواکاریی هەیەو هیواداره بۆی بێتە دی، لەوانەش تەنیا یەکێکی باسکردووە کە بریتییە لە نیشاندانی رێی رزگاربوون.

**مەحوی دەڵێت:**

خودا یا ئیرادەی موناجاتمە
نیازی دووسێ عەرضی حاجاتمە
بەدەرباری هەر فەضڵتە ئیلتیجام
بەرەحمەت نیشانم دەرێگەی نەجام[٣٤٣]

**دووەم: ئەو شیعرانەی کە لەبارەی پێغەمبەرەوە وتراون(نبويات):**

ئەم شیعرانە بەسەر ئەم لقانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:

١- لەبارەی بوونی محەمەد (د.خ) بەدوامینی پێغەمبەران مەحوی دەڵێت:

ئەم ئاڵ و گۆڕی دینە لەکارابووە هەتا
دەوری یەکێ بەدینی ئەوە نەسخی جوملەدین
یەعنی پەیەمبەری عەرەبی، هاشمی نەسەب
ئەحمەد لە ئاسمان و، موحەمەد لەسەرزەمین[٣٤٤]

ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان بەوە هەیە(مەحویش لەگەڵ ئێمە) کە محەمەد (د.خ) پێغەمبەری خوایە و لەدوای ئەو هیچ پەیام و پێغەمبەرێکی تر نایەت، بەڵگەشمان ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا روونی دەکاتەوە کە محەمەد دوامینی پێغەمبەرانە (ماكان محمد أبا أحد من رجالكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين)[٣٤٥].

هەر لەم بارەیەشەوە پێغەمبەر دەفەرمووێ(مثلي ومثل الانبياء كمثل رجل بنى داراً، فأكملها واحسنها الا موضع لبنة، فكان من دخلها فنظر اليها قال: ما احسنها الا موضع هذه اللبنة، فأنا موضع اللبنة، ختم بي الانبياء عليهم الصلاة والسلام)[٣٤٦].

ئەوەی ئاشکرایە هەموو پێغەمبەرەکان بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ هاتوون و پەیامەکانیان یەک لەدوای یەک بووە و هەریەکە ئەوی پێش خۆی تەواوکردووە، بۆیە قورئان تەورات و ئینجیلە و ئیسلام کاکڵەی هەموو ئایینەکانی ترەو رەگەزی بەردەوامبوونی تێدایە بۆ هەموو کات و شوێنێ. کەوابوو قورئان حوکمی



کتێبە پیرۆزەکانی تری بە تاڵ کردو هەردەبێ ئیسلام دینی خوا بێ(ومن يتبع غير الاسلام ديناً فلن يقبل منه)[٣٤٧]. لەم بارەیەوە مەحوی دەڵێت:

دین و کوتوب نەما، بوەدین و کیتابی ئەو
باقی دەبێ شەریعەتی ئەوتاکو یەومی دین[٣٤٨]

ئەوەی شایانی باسە پێغەمبەران هەندێکیشیان لە هەندێ گەورەترن و هەموو لەیەک ئاست نین، بەتایبەتی ئەوانەی کە(نبی و رسول)ن لە (نبي)یەکان گەورەترن، لەم بارەیەوە خوا دەفەرمووێ(تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض منهم من كلم الله ورفع بعضهم درجات وآتينا عيسى ابن مريم البينات)[٣٤٩]، جا ئەوەی کە خوا پلەی زیاتر بەرزکردۆتەوە بەبڕوای ئێمە محەمەدە (د.خ) هەروەک لەم ئایەتەدا بەدەردەکەوێ(واذ اخذ الله ميثاق النبيين لما آتيتكم من كتاب وحكمة ثم جاءكم رسول مصدق لما معكم لتؤمنن به ولتنصرنه قال: أأقررتم وأخذ تم على ذلكم اصرى، قالوا اقررنا قال فاشهدوا وانا معكم من الشاهدين)[٣٥٠]، بەم جۆرە پێغەمبەرمان دوا پێغەمبەرە و پەیامی ئاسمانی بە قورئان کۆتایی هاتووە، لەم رووەوە مەحوی دەڵێت:

عیسا کە دێتە خوارەوە بۆ کوشتنی جەجاڵ
خوێ و ئەوانە تابیعی ئەو بن، موحەمەدین
سەرداری ئەنبیایە بەکول، خاتەمی روسول
صاحێب لیوایە، پێشرەوە، رۆژی وا پەسین[٣٥١].

ئەشعەرییەکان بڕوایان وایە کە موحەمەد (د.خ) لە هەموو خولقێنراوێ گەورەترەو لە دوای ئەو پێغەمبەرەکان دێن ئینجا فریشتەکان:

وافضل الخلق على الاطلاق (نبينا) فمل عن الشقاق
والانبيا يلونه في الفضل وبعدهم ملائكه ذو الفضل[٣٥٢]

لەم بارەیەوە پێغەمبەر خۆشی دەفەرمووێ(أنا اكرم الاولين والاخرين على الله ولافخر)[٣٥٣]، هەر لەبارەی گەورەیی خۆیەوە دەفەرمووێ(أنا سيد ولد آدم يوم القيامة ولافخر)[٣٥٤].

بەڵام ئیبن عەرەبی لای وایە کە پێغەمبەران هەموویان لای خواوە هاتوونە و کەسی لەوی دی گەورەتر نییە، بەڵگەشی ئەوەیە سیفەتەکانی خوا هەموویان هی یەک خودن، کەوابوو ئاخافتنی خوا لەگەڵ حەزرەتی مووسا و بە هاوڕێ زانینی ئیبراهیم و خوڵقاندنی ئادەم بەدەستی خۆی، هەموو سیفەتی خوان و جیانین[٣٥٥].

٢- لەبارەی شەو ڕێکردن و چوونە ئاسمانی پێغەمبەرەوە: ئەم ڕووداوە ئاسمانییە و ئەم پەڕجووە موسوڵمانەکانی شڵەژان و گومانی خستە دڵی هەندێکیانەوەو بۆ بتپەرستەکان هەڵوێستێکی بەپیت بوو تا بتوانن پێغەمبەر بە درۆ بخەنەوە.

ئەگەر تۆزێ بەوردی سەیری ئەم ڕووداوە ئاسمانییە بکەین دەبینین کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە کە هەندێ لەسەریان نووسیوە، لەو شەوەدا پێغەمبەر کەوتۆتە هەڵس و کەوتێکی وا هەموو گەردوون بەکات و شوێنەوە بۆی پێچراوەتەوەو هاتۆتە بەرچاوی، کەوا بوو پەردەی کات و شوێن نەماوەو لەبەرزترین شوێن بە چاوی دڵ و چاوی سەری خوڵقندەی گەردوونی دیوەو گەلێ زانستی خوایی چووەتە دڵ و ئەو گەردوونە هەر لە ئەزەلەوە هەتا کۆتایی لەدڵیدا کۆبۆتەوەو ئەمەش جۆرێکە لە یەکێتی بوون(وحدة الوجود)، چونکە گیانی پێغەمبەر لەو چرکەیەدا بەرەو ئەو شوێنە بەرزە چۆتەوە کە سەرەتا لەوێوە دابەزیوەتە جیهانی مادی.

کورتەی ڕووداوەکە: گەلێ لەسەرچاوەکان ئەم پەڕجووەیان تۆمارکردووە، هەر چەندە لەسەر هەموو خاڵەکان ڕێک نین بەڵام بەگشتی لەیەک سەرچاوەو هەڵقولاون و لێک نزیکن.

ئیسراو میعراج لەدوو وشە پێکهاتووە: ئیسرا بەواتای شەوڕۆیینە، ئەوشەوەی کە پێغەمبەر بە سواری بوراق لە مەککەوە چووە مزگەوتی ئەقسا لە قودس، میعراج بەواتای چوونە ئاسمان دێت، ئەم ڕووداوە لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەریەتی محەمەد(د.خ) ڕوویداوە زۆربەی زانا موسوڵمانەکان لەو باوەڕەن



کە ئەم گەشتەی تەنیا بەگیان نەبوو بەڵکو بە لەش و گیانەوە بوو.

بوخاری و موسلم بەم شێوەیە دەگێڕنەوە «پێغەمبەر بەسواری بوراق لەمەککەوە چووە مزگەوتی ئەقسا لەقودس و دوو ڕکەعات نوێژی کرد، حەزرەتی جوبرائیل لەو کاتەدا دووکاسەی بۆ هێنا لەشیر ومەی،پێغەمبەر شیرەکەی وەرگرت، جا لە و ێوە بەرەو ئاسمانی یەکەم و دووەم وسێیەم چوو تاگەیشتە دوا قۆناغی لە(سدرة المنتهى)و لەوێدا خوا زۆر شتی فێرکردو پێنج نوێژی لەسەر موسوڵمانەکان دانا، هەرکە پێغەمبەر بۆ بەیانی چووە ناو خەڵک و ئەم ڕووداوەی بۆگێڕانەوە، بتپەرستەکان دەچوونەلای یەکترو گاڵتەیان پێی دەکرد، بۆیە داوایان لێی کرد باسی مزگەوتی ئەقسایان بۆ بکا، خوای گەورە وێنەی مزگەوتەکەی هێنایە بەر چاو و هەموو کون و قوژبنێکی بۆ وەسف کردن»[٣٥٧].

لەبارەی ئەم پەڕجووە گەورەیەوە مەحوی دەڵێت:

١- میعراجی ثابیتە بەنصوص و بەخەونەبوو
تەشریفی ئەو بەجیسمی شەریفە سواری زین
٢- بۆ ئەنبیا لەمەسجیدی ئەقصا بووە ئیمام
نۆبەی عروجە یەعنی لەنۆقوبە تێپەڕین
٣- تاسیدەر جوبرەئیلە ئەمین، ئیکە ڕەفرەفە
خدمەتچی ئەم ئەمانەتە تا ڕەببی عالەمین
٤- دەعوەت کرایەقەصری (او ادنى) لە (قاب قوسین)
ضیافەت لیقایە، ذاتی خودایە بە دیدە دین[٣٥٨]

هەروەها مەحوی دەڵێت:

٥- تەعظیم و ئیحترام ئەمەبێ، بەخشش و خەڵات
داخۆچییەو چەهابووە یا واهیبی موین
٦- ڕوخصەت درا گەڕایەوە پڕ بارو پڕ نەصیب
داپڕ بکا لەنووری خودا، وەک سەما، زەمین
٧- هەر چاوی سەربوو هەرچی غەرایب کەدیویە

وەک عەرش و کورسی یو حەمە لەو وەک موقەڕەبین[٣٥٩]
هەر لەم بارەیەوە مەحوی بەردەوامەو دەڵێت:
٨- وەک ئەنبیا، مەقامی هەموو لا لەئاسمان
دۆزەخ، بەهەشت، ئەوانە بەهەشتین و دۆزەخین
٩- ئەم چوون و سەیرو هاتنەوە سەیرە، موددەتی
سەر هەڵبڕین و خستنەوەی باز ئەسەر سەرین[٣٦٠]

مەحوی لە بەیتی یەکەمدا ڕوونی دەکاتەوە کە چوونە ئاسمانی پێغەمبەر بە دەقەکانی قورئان و حەدیس باوەڕ پێکراوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە وشەی (عروج) لە قورئاندا نەهاتووە، تەنیا لە سوورەتی (النجم) لە چەند ئایەتێکدا باسی ئەم شەو ڕێکردنە دەکا، هەروەک دەفەرمووێ(ثم دنا فتدلى فكان قاب قوسين او أدنى، فاوحى الى عبده ما أوحى، ماكذب الفؤاد مارأى، افتمار ونه على مايرى، ولقد رآه نزلة اخرى، عند سدرة المنتهى، عندها جنة المأوى، اذ يغشى السدرة ما يغشى مازاغ البصر وما طغى لقد رأى من آيات ربه الكبرى)[٣٦١].

مەحوی لە بەیتی سێیەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە جوبرائیل هەتا«سدرة المنتهى» لەگەڵ پێغەمبەر بوو، ئیتر لەوێ بەجێی هێشت چونکە توانای زیاتر ڕۆیشتنی نەبوو، لەم شوێنە بەو لاوە کەس نازانێ چۆنەو چ باسە؟ بەڵام پێغەمبەر (د.خ) لەویش ڕەتبوو.

لەبەیتی چوارەم مەحوی ئەوە دەدرکێنێ کە پێغەمبەر بە چاوی دڵی خوای دیوە«ماكذب الفؤاد مارأى»[٣٦٢].

لەبەیتی حەفتەمدا مەحوی ڕوونی دەکاتەوە کە پێغەمبەر بەچاوی سەری عەرش و کورسی و هەڵگرانی عەرش و فریشتە نزیکەکانی خوای بینیوە«ما زاغ البصر وما طغى، لقد رأى من ايات ربه الكبرى»[٣٦٣].

هەروەها لە بارەی چوونە ئاسمانەکەی پێغەمبەرەوە مەحوی لە قەسیدەی بەحری نووردا دەڵێت:



١- عورووجی عیسەوی تا ئاسمان و شەمسی عالەم بوو
عورووجی ئەحمەدی تا (لامکان)و شەمسی جانانە
٢- لە ظەرفی یەک نەفەسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ
زیاتر بەڵکی ڕێ طەی کات و ڕیجعەت کا هەر ئەو ئانە
٣- چ ڕێیەک؟ بەو هەموو شاباڵەوە جیبریلی(ذی قوة)
بەجێ مابوو لەڕێ، دەیوت: خزم مەیدانی سووتانە[٣٦٤]
٤- کە گەییە ذاتی باری، نووری بێچوونی لەسەر باری
کە هەڵگیرسا، بەدەوری شەمعی خۆیا بوو بە پەروانە
٥- قوبووڵی لێ کرا هەرچی ڕجابوو، پێی درا هەرچی
عەطا بوو، هاتە جێ هەرچی سزای ئیکرامی میهمانە
٦- لەگەڵ هەر خەطوەیەک تەحصیلی عیلمێکی (لدني) کرد
لەهیی ئەو سەر دەپرسی ڕۆحی حیکمەت نووری عیرفانە[٣٦٥]

مەحوی لەبەیتی یەکەمدا پێمان ڕادەگەیەنێ کە چوونە ئاسمانەکەی موحەمەد (د.خ) هەتا کۆتایی ئاسمانەکان و عەرشی خوابوو، بەڵام هەڵکێشانی حەزرەتی عیسا تا ئاسمانی جیهان بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی:«وما قتلوه يقيناً بل رفعه الله اليه»[٣٦٦].

لەبەیتی سێیەمدا مەحوی نیشانی دەدا کە جوبرائیل هەر کە گەیشتە(سدرة المنتهى) بەپێغەمبەری ڕاگەیاند کە چیتر ناتوانێ لەگەڵیابێ و ئەگەر هەنگاوێکی تر بهاوێ دەسووتێ، بەڵام پێغەمبەر چونکە خۆشەویستی خوایە لەو شوێنە ڕەت بوو و بەچاوی دڵی خوای خۆی بینی و نووری خوای لەسەرباری.

لەبەیتی شەشەمدا مەحوی تێمان دەگەیەنێ کە پێغەمبەر(د.خ) لەم سەرەوە کە بە ئاسمان داچوو گەلێ زانستی خوایی وەرگرت و وشەی(لدني) ئاماژەیە بۆ ئایەتی«وعلمناه من لدنا علماً»[٣٦٧]، واتا: چۆن خوا حەزرەتی خدری فێری زانستی غەیب کرد، ئاواش لەم گەشتەدا گەلێ زانستی غەیبی فێرکرا وەکو حەزرەتی خدر.

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەم شەو ڕێکردن و چوونە ئاسمانە بەگیان و لەش بووە یا تەنیا بەگیان بووە؟ زانایانی ئیسلام دەبنە دوو بەش: بەشێکیان دەڵێن: بەلەش و گیان بووە«والمعراج بجسد المصطفى(ص) يقظة حق»[٣٦٨]. بەڵگەی تریش فەرموودەی پێغەمبەر خۆیەتی«آتيت بالبراق وهو دابة ابيض طويل فوق الحمار و دون البغل يضع حافره عند منتهى طرفه فركبته حتى أتيت المقدس ثم عرج بنا الى السماء»[٣٦٩]، بەشێکی تریش دەڵێن: هەر جۆرە خەونێک بووە و خەونی پێغەمبەرانیش ڕاستەو گومانی تێدا نییە.

مەحوی لەبارەی بینین بەچاوی سەرو بەچاوی دڵ چەند بەیتێکی هەیە کە جێگای سەرنجن و پێویستە لێیان بکۆڵرێتەوە، بەیتەکانیش ئەمانەن:

ئەوەندەی لێ دەزانم بەم نەزانی خۆمەوە«مەحوی»
بەچاوی سەرخودابینە، بەچاوی دڵ خودازانە[٣٧٠]
چ چاوی؟ کوحلی (مازاغ البصر) سورمەی سەوادی بێ
مونەو وەربێ بەنووری ڕوئیەتی بێ چوون و چەندانە
چ دڵ؟ قەترێکە، ئەمما عەرشی ڕەحمانی تیا دەرجە
چ دڵ؟ نوقطێکە، ئەمما مەرکەزی پەرگاری ئیمکانە[٣٧١]

مەحوی لێرەدا بەپێچەوانەی ڕای کۆمەڵێ لە زانایان و لێکدەرەوانی قورئان بڕیاری داوە کە پێغەمبەر بەچاوی دڵ خوای دیوە، چونکە هەرکە لە پێغەمبەریان پرسی: خوات دیوە؟ فەرمووی:«رأيته بفؤادي»[٣٧٢]، لەلایەکی تر هەندێ لە زاناکان دەڵێن:«ان الامور القد سية تدرك اولا بالقلب ثم تنتقل منه الى البصر»[٣٧٣]، کەواتە دەبێ لەسەرەتا بەچاوی دڵ دیبێتی و ئینجا بە چاوی سەری. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە خوا دەفەرمووێ«لاتدركه الابصار وهو يدرك الابصار وهو اللطيف الخبير»[٣٧٤]، موعتەزیلەکان ئەمەیان کردۆتە بەڵگەی نەبینین، بەڵام ئەم بەڵگەیە کزە«وهو ضعيف لانه ليس الادراك مطلق الرؤية ولانفي في الاية عاما في الاوقات فلعله مخصوص ببعض الحالات»[٣٧٥]، کەوابوو دەگونجێ ڕایەکەی مەحوی لەجێی خۆی بێ چونکە



هەڵویستی چوونە ئاسمانە کە خۆی کارێکی لەوزە بە دەرە بۆیە دەگونجێ ئەنجامی لەوزە بەدەری لێ بێتە دی کە بینینی خوایە بەچاوی ئاسایی لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ).

لە بەیتی سێیەم دا مەحوی دیسان بەرەو ڕاستیی محەمەدی و تیۆریی مرۆڤی تەواومان دەبات کە **دەڵێت:**

چ دڵ؟ نوقطێکە، ئەمما مەرکەزی بەرگاری ئیمکانە

واتا: هەرچەندە دڵی پێغەمبەر لەچاو بوونی خوا وەکو خاڵێکە، بەڵام خاڵێکی واکە لەوەوە شتە مومکینەکان پەیدا دەبن.

لەلایەکی ترەوە مەحوی لەبارەی گەورەیی پێغەمبەرەوە دەڵێت:

کەلیم(أرني) کە فەرموو هەر جوابی(لن تراني) بوو
مووشەڕڕەف بوو محەمەد بێ طەلەب بەو مەرتەبەو شانە[٣٧٦]

کەوابوو ڕیزی پێغەمبەری ئێمە لەلایەن خواوە لەڕیزی حەزرەتی مووسا گەورەتر بووە، چونکە بێ داواکردن توانی خوا ببینێ، کەچی حەزرەتی مووسا بە مەبەستی خۆی نەگەیشت«وخرّ موسى صعقاً»[٣٧٧].

٣- لەبارەی شەفاعەتەوە: شەفاعەت لەڕووی زمانەوە(الشفع) دژ واتای(الوتر)ە واتا: شتێ بچێتە پاڵ شتێ، چوونە پاڵی یەکێکی پایە بەرز بۆ یەکێکی نزمتر لە خۆی. شەفاعەت لەڕووی عورفەوە: یەکێکی پێویست بچێتە لای پیاوێکی نزیک لە خاوەن دەسەڵاتی بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکەی، ئەمەش دوو جۆرە:

یەکەم:جۆرە شەفاعەتێکە خوا پێی خۆش نییە، وەکو ئەوەی یەکێ خراپەیەکی بەرامبەر خاوەن دەسەڵاتێ کردبێ و لە ئازاری بترسێ، جا پەنا بباتە بەرکەسێکی نزیک لەو خاوەن دەسەڵاتە تالێی ببوورێ، یاخود هەژارێ چاوی لە چاکەی پیاوێکی گەورە بێ و پەنا بباتە بەر یەکێکی دی بۆ ئەوەی لەوچاکە و نیعمەتە بێ بەش نەبێ.

دووەم: ئەو شەفاعەتە دروستەیە کە پێغەمبەر(د.خ) لەڕۆژی دواماییدا بۆ

موسوڵمانی دەخوازێ تاخودا لێیان ببورێ، هەروەک لەم فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە «ان النبي(ص) یسجد یوم القیامة ویثنی علی الله تعالی الثناء یلهمه یومئذ فیقال له ارفع رأسك وسل تعط واشفع تشفع»[٣٧٨].

مەسەلەی شەفاعەت شتێکی کۆنە و لەپێش ئیسلامیشدا باوبووە، جاهیلییەکان کە بتیان دەپەرست وایان دەزانی کە شەفاعەتیان بۆ دەکات«ویعبدون من دون الله مالا یضرهم ولا ینفعهم و یقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله»[٣٧٩]، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم جۆرە شەفاعەتە«قورئان نەهی لێکردووە چونکە هاوبەشیی خوایە لە خۆشەویستی و پەنا پێ بردن و شەفاعەت بۆ کافرو بتپەرست دروست نییە»[٣٨٠].

وانەبێ هەر پێغەمبەری ئیسلام توانای شەفاعەتی هەبێ، بەڵام هێندە هەیە شەفاعەتی ئەو ئیزن وەرگرتنی ناوێ لەخواو ئەوانی تر دەبێ خوا ئیزنیان بدات «من ذا الذي یشفع عنده الا باذنه»[٣٨١]، هەروەها لە شوێنێکی تریش لە قورئان دەفەرمووێ«ولا یشفعون الا لمن ارتضی»[٣٨٢].

شەفاعەتی پێغەمبەری ئیسلام:

مەحوی لەبارەی شەفاعەتی پێغەمبەرەوە د.خ دەڵێت:

شەفیعی رۆژی رەستا خێزە، بۆ هەموانە دەستاوێز
ئەوە ئەو رۆژە وەک خۆ، (مابقی صماً وعمیانە)[٣٨٣]
شەفاعەی نووحە بۆ کەنعان و، ئیبراهیمە بۆ ئاذەر
(رسول الله)ە شافیع بێ چ بۆ خزم و چ بێگانە
بەقوربانی رجایەک بم کەراجیی بێ موحا بابێ
رجا قوربانی یەئسە، بێتە سەر خۆمانە خۆمانە[٣٨٤]

بەم جۆرە مەحوی بۆمان دەردەخا کە پێغەمبەر لە رۆژی حەشردا داوای لێ بووردنی موسوڵمانان دەکا لەخواوە، لەم بارەیەوە فەرموودەی پێغەمبەر زۆرن، لەوانە «أتاني من عند ربي فخیرني بین ان یدخل نصف امتي الجنة وبین الشفاعة، فاخترت الشفاعه وهي لمن مات لا یشرك بالله شیئاً»[٣٨٥].



شەفاعەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان:

جگە لە پێغەمبەری ئیسلام، پێغەمبەران و زانایان و شەهیدەکانیش مافی شەفاعەتیان هەیە بە ئیزنی خوا، هەروەک لەم حەدیسەدا هاتووە«یشفع یوم القیامة ثلاثة: الانبیاء ثم العلماء ثم الشهداء»[٣٨٦].

**مەحوی دەڵێت:**

لەو رۆژەدا شەفاعەتی چاکانە جێی ئومێد
بۆ عاصیان و بۆ ئەهلی کە بائیر لە موئمنین
بێ شوبهە ئەنبیا، عولەما، ئەولیا، شەهید
مەقبوولە بۆ شەفاعە پەنایان ئەبەر بەرین[٣٨٧].

**سێیەم:شیعری باوەڕە گشتییەکان: بریتییە لەم بابەتانەی خوارەوە:**

١- لەبارەی پەرجووی پێغەمبەران و کەرامەتی پیاوچاکانەوە: پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکەوە پێویستە واتای پەرجوو و کەرامەت بزانین و جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکەین.

(پەرجوو): زاراوەیەکە لەوشەی(عجز) نەتوانینەوە وەرگیراوە بە کورتی ئەمە پێناسەکەیەتی«امر خارق للعادة قصد به اظهار صدق من ادعی انه رسول من الله»[٣٨٨].

کەرامەت: لەرووی زمانەوە ناوێکە بە واتای: ریز لێنان و گەورەیی دێت، لای زاناکانی کەلامیش«ظهور امر خارق للعادة من قبل الولي غیر مقارن لدعوی النبوة»[٣٨٩]، یابەم جۆرە پێناسە کراوە«هي امر خارق للعادة یظهر الله تعالی علی ید عبد صالح غیر مدع للرسالة وهي من الامور الجائزة عقلا والواقعة فعلا»[٣٩٠].

جیاوازیی نێوان پەرجوو و کەرامەت:

پەرجوو تەنیا لەسەر دەستی پێغەمبەران روو دەدا و شتێکە لە خواوە بۆ بەتێن کردنی پەیامی پێغەمبەرو جۆرە مەیدان خوازیی(تحدی) تێدایە و نابێ بشاردرێتەوە، بەڵام کەرامەت لەسەر دەستی وەلییەکان دێتە دی و مەیدان

خوازیی تێدانییەو پێویستە بەنهێنی بێت، هەروەکو شێخ ئەحمەدی روفاعی دەڵێت: وەلییەکان هەوڵ دەدەن کەرامەتیان بشارنەوە هەروەکو چۆن ئافرەت خوێنی بێ نوێژی دەشارێتەوە[٣٩١].

خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێتە سەر میللەتێ بە پەرجوویێکی تایبەتی پاڵپشتی کردووە، وەکو: عەسایەکەی حەزرەتی مووساو ئاورژیین لەنێوان پەنجەکانی پێغەمبەر(د.خ) لەسەرکەرامەتی پیاو چاکانیش نموونەمان زۆرە وەکو:«هێنانی عەرشی بەلقیس بۆ حەزرەتی سولەیمان لەلایەن ئاسیفی کوڕی بەرخیاوە، هەبوونی رۆزی لای حەزرەتی مەریەمە لەکاتی ناوەخت، بانگهێشتنی حەزرەتی عومەر بۆ سەر لەشکری موسوڵمانان لەجەنگی نەهاوەند دا- یاسارية الجبل الجبل - وبیستنی لەلایەن سەر لەشکرەوە»[٣٩٢].

مەحوی لەبارەی پەرجوو و کەرامەتەوە **دەڵێت:**

ئیعجازی ئەنبیاو کەرامەتی ئەولیا
بێ شوبهە ثابیتن، بەثو بووتت ببێ یەقین[٣٩٣]

ئێستاش چەند پەرجوویێکی پێغەمبەری ئیسلامتان دەخەینە بەرچاو:
لەوانەی کە مەحوی لەقەسیدەی بەحری نووردا ئاماژەی بۆ کردوون:

١- (وصلی اللّه علی) ئەو حەضرەتەی صاحێب کەمالاتە
کە ئەعلا موعجیزەی، قوربانی بم من، نووری قورئانە[٣٩٤]
یەدی بەیضا چییە، هەر تاقە ئەنگوشتێکی چەند ئیعجاز-
ی لێ ظاهیر بووە، هەریەک وەکو ماهێ کەتابانە
٢- ئیشارەی یەک سەر ئەنگوشتی مەهی لەو دوورەوە شەقکرد
هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فوارەی ئاوی حەیوانە[٣٩٥]
٣- شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتە خاکێ بوو
پیا چەندن، دەبەنگ و کوێرو کەڕمان ئەو لەعینانە[٣٩٦]
٤- بەیەک دوو عەنکەبووت و کۆتری بێ فام و بەستەزمان
شوعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دێوانە[٣٩٧]



٥- کەسێ بێنێتە نوطق ئاسک، بەعیر و سۆسەمارو گورگ
بەتەصدیقی موقیڕبن یەک بەیەک ئەم بێ زوبانانە
٦- بە ئەمری یا ئیشارەی بەس درەختی ریشەدا بەستوو
لەڕەگ دەربێت و بێتە خدمەتی رەقصانە رەقصانە
٧- ثەبیر(اهبط) ئیفادەی بوو، حیرا(ایت الیَّ)ی عەرض
نەوەک ئەو وەحشیانە پڕدەنە ئەورۆحی ئینسانە[٣٩٨]
٨- لەدەستیدا کە بەردە وردە دەستی کردە تەسبیحات
چووە سێ دەستی کەو هەرجۆشی بوو(سبحانَ سبحانَ)
٩- لە رۆژی ئەربەعادا بوو کەساتێ حەپسی رۆژی کرد
لە صەهبادا طولووعی پێ دەکا دووبارە لەوشانە[٣٩٩]
١٠- چتیرێ بوو و مەنێ جۆرۆژی خەندەق قووتی دەه سەد کەس
بەتەکمیلی، بەروو خۆشی عەطافەرموو کەریمانە
١١- لەهەر رێیەک دەرۆیی، بۆ سەلام و سوجدە بەربردن
چ جۆشێ بوو دەکەوتە داروبەردی ئەو مەکانانە
١٢- بەهەوری تێ مەگەن، ئیللا مەلائیک شەهپەڕی خۆیان
هەموو دەم یەک دەدا بۆ سایەبانیی ئەو سولەیمانە[٤٠٠]
١٣- دووعا فەرموونی بۆ عاهات و دەردی بێ دەوا سەیرە
لەدڵیایە کە ئاثاری ئیجابەی مەرهەمی جانە[٤٠١]

پەرجووەکانی پێغەمبەر گەلێ زۆرن، مەحوی لەم بەیتانەدا تەنیا(١٣) رووداوی دەستنیشان کردووەو دەڵێ«بەیانی شەش حەو ئیعجازی» ، بەواتا:

شەش +حەفت = ١٣ سێزدە.

پەرجووەکانی پێغەمبەر د.خ دوو جۆرن:

١- پەرجووی واتایی: کەقورئانی پیرۆزە.

٢- پەرجووی بەرجەستە و دیار: وەکو ئاو هەڵقوڵان لە نێوان پەنجەکانی و ئەوانی تر.

مەحوی لە پەڕجووی واتاییدا ئاماژە بۆ قورئان دەکاو بە گەورەترین پەڕجووی دادەنێ چونکە هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا کەس نەیتوانیوە وەکو ئەو قورئانە یاخود چەند ئایەتێ ڕێک بخات، «قل لئن اجتمعت الانس والجن على ان يأتوا بمثل هذا القرآن لايأتون بمثله ولو كان بعضهم لبعض ظهيراً»[٤٠٢]، ئەمە و جگە لەو هەموو پەڕجووە زانستیانەی کە بەم دواییە زانستی نوێ دۆزیویەتەوە. لەبارەی پەڕجووە بەرجەستەکانیش پێویست بەوە ناکات لەسەریان بدوێن، چونکە بەیتەکانی مەحوی بەسن بۆ ئەم مەبەستە.

٢- لەبارەی گەورەیی خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە: لە گەورەییدا لەدوای پێغەمبەر د.خ خەلیفەکانی ڕاشیدین دێن، چونکە لەسەر ڕێ و شوێنی پێغەمبەر ڕۆیشتن و پارێزگاریی ئایینی ئیسلامیان کردو بڵاویان کردەوە. جگە لەمەش پێغەمبەر لە ژیانیدا ستایشی کردوونە و ڕێزی لێ ناون، بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕێز لێنانە وایە کە یەکە یەکە بە فەرموودەکانی خۆی دەیسەلمێنێت، فەرموودەکان زۆرن بەڵام ئێمە لەسەر هەریەکێکیان دوو نموونە دەخەینە بەرچاو:

١- لەبارەی ئەبووبەکرەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ: «لو كنت متخذاً من أمتي خليلا لاتخذت ابابكر ولكنه اخي وصاحبي وقد اتخذ الله صاحبكم خليلا»[٤٠٣]، هەر لەبارەی گەورەیی حەزرەتی ئەبووبەکر پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ: «لاينبغي لقوم فيهم ابوبكر ان يؤمهم غيره»[٤٠٤].

٢- لەبارەی عومەرەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ:«ان الله جعل الحق على لسان عمر وقلبه»[٤٠٥]. هەر لەبارەی مەزنی و پایەبەرزی حەزرەتی عومەرەوە پێغەمبەر دەفەرمووێ «لو كان بعدێ نبى لكان عمر بن خطاب»[٤٠٦].

٣- لەبارەی عوسمانەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ:«من يحفر بئر رومة فله الجنة فحفرها عثمان، ومن جهز جيش العسرة فله الجنة فجهزه عثمان»[٤٠٧]، هەر لەبارەی مەزنی حەزرەتی عوسمانەوە پێغەمبەر



دەفەرمووێ: ئەنەس دەڵێت:«ان النبي صعد أحداً وابو بكر وعمر وعثمان فرجف بهم فقال: اثبت يا احد فأن عليك نبي وصديق وشهيدان»[٤٠٨].

٤- لەبارەی عەلییەوە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ:«من كنت مولاه فعليّ مولاه»[٤٠٩] لەبارەی زانایی حەزرەتی عەلییەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ«انا مدينة العلم وعليّ بابها»[٤١٠].

مەحوی لەم بەیتانەی خوارەوەدا باسی گەورەیی ئەم چوار خەلیفە مەزنانەمان بۆ دەکا و بە مرۆڤی هەڵبژاردەیان دادەنێ:

بەعدی نەبی چ شەکک و چ شوبهەت نەبێ لەسەر
تەرتیبی ئەفضەلیی خولەفای ئەربەعەی گوزین[٤١١]
(صدیق)ە ئەفضەل ئەووەل و، (فاروق)، ثانی ئەو
(ذی النور)، نووری سێیوم و (کرار)ە چارەمین[٤١٢]
خودا ئەم ئایینەی لائق بەبوو بەکرو عومەر دیوە
کە ئەووەل ثانی بو، ثانی شەرەفیا بە بە(لوکان)[٤١٣]
لەبەعدی ئەودووە عوثمانی(ذی النورین)ە (ذو الانوار)
عەلی شاهی ویلایەت، بابی[٤١٤]عیلم و شێری یەزدانە[٤١٥]

٣- لەبارەی کردنی گوناهی گەورەوە: پەیدابوونی ڕێبازی موعتەزیلە لەسەر ئەم خاڵەبوو، ڕۆژێ بابایێ هاتە لای حەسەنی بەسری و لە گوناهی گەورەی پرسی یەکسەر(واصل بن عطاء) کە قوتابی حەسەنی بەسری بوو گوتی: گوناهکاری گەورە نەدینداری تەواوە و نەکافری تەواوە، بەڵکو لەو نێوانە دایە«ان مرتكب الكبيرة ليس بمؤمن ولا بكافر ويثبت المنزلة بين المنزلتين»[٤١٦].

موعتەزیلەکان لەو باوەڕەن کە«ئەوەی گوناهی گەورە بکاو تۆ بەنەکا لە دۆزەخ هەمیشەیی دەبێ، بەڵام سزاکەی لەسزای کافران کەمتر دەبێ»[٤١٧].

حەسەنی بەسری بڕوای بە(منزلة بين المنزلتين) نییەو ڕای وایە کە ئەوەی گوناهی گەورە دەکا ئیمانداڕێکی گوناهکارە[٤١٨].

ئەزاریقە کە بەشێکن لە(خوارج) دەڵێن:«ئەوەی گوناهی گەورە بکا هەتا هەتایی لەناو ئاگر دەسووتێ[٤١٩]».

(مرجئە)کان لەم بارەیەوە دەڵێن:«گوناھ زیان بە باوەڕ ناگەیەنێ هەروەکو چۆن خواپەرستی لەگەڵ کفر بێ سوودە، بۆیە رایان وایە کە گوناهکاری گەورە لەژیانیدا سزا نادرێ و بۆ رۆژی دواماییی دەمێنێتەوەو لەوێ خوا بڕیاری خۆی دەدا کە بەهەشتییە یا دۆزەخییە»[٤٢٠].

ئەبو حەسەنی ئەشعەری وەکو حەسەنی بەسری بڕوای بە(منزلة بين المنزلتين) نییەو دەڵێت«ئەوەی گوناهی گەورە بکا پێی کافر نابێ، خوا بە ئاگر سزای دەدات»[٤٢١]

بەگشتی ئەهلی سوننەت رایان ئەوەیە ئەگەر موسوڵمان گوناهی گەورە بکا و تۆ بە نەکا بەقەد گوناهەکەی دەسووتێ و دوایی دەچێتە بەهەشت[٤٢٢]. «فمن يعمل مثقال ذرة خيراً يره، ومن يعمل مثقال ذرة شراً يره»[٤٢٣].

مەحویش وەکو سوننییەکی ئەشعەری بڕوای وایە کە مرۆڤی موسوڵمان بەکردنی گوناهی گەورە کافر نابێ و دروست نییە لەعنەتی لێ بکرێ، چونکە لەعنەت بۆ موسوڵمان نابێت.

**مەحوی دەڵێت:**

لەعنەت مەکە برا لەیەزید ورەوانییە
(شرعاً) کە ئێمە مل کەچی شیری شەریعەتین[٤٢٤]

هەروەها لەم بەیتەشدا زیاتر روونی دەکاتەوە کە کوشتن و داوێن پیسی و ستەم و دزین موسوڵمان لە ئایین دەرناکات:

موئمین نەبۆتە کافرو مورتەد بەفیعلی بەد
گەر قەتڵ، گەرزینایە، ئەگەر ظولم، ئەگەر دزین[٤٢٥]

٤- لەبارەی باوەڕی چاولێکەرییەوە: زانایانی ئیسلام لەسەر مەسەلەی باوەڕی چاولێکەری- واتا: کەسێ بەچاولێکەری کەسانی دی بوو بێتە موسوڵمان نەک لەرووی زانستەوە- بیروڕای جۆراوجۆریان هەیەو هەریەکە بەشێوەیێ



بۆی چووە، لەوانەش «چاولێکەر کافرە، یا ئیماندراێکی گوناهبارە، ئیماندراێکی گوناهبارەگەر توانای وردبوونەوە لەشتی هەبێ، چاولێکەری قورئان و حەدیس باوەڕەکەی راستەو چاولێکەری شتی تر باوەڕەکەی راست نییە»[٤٢٦].

لەبارەی باوەڕی چاولێکراوەوە زاناکان دەڵێن«هەموو ئیمانداڕێکی چاولێکەر لە گومانەوە دوور نییە، بۆیە ئەگەر بڕوایەکەی زۆر پتەو بوو رزگاری دەکا ئەگینا دەیخاتە چاڵی دۆزخەوە»[٤٢٧].

ئەشعەری و ماتوریدییەکان باوەڕ هێنانیان بەم جۆرە لێکداوەتەوە«ئیماندار دەبێ بڕوای بە هەموو ئەو شتانە بێ کە لەلایەن پێغەمبەرەوە هاتوونە وەکو تاکو تەنیایی خواو بنەماکانی ئیسلام بەگشتی، هەرچەندە باوەڕهێنان بەدڵ بەباوەڕ حسێب دەکرێ، بەڵام دەبێ بدرکێنرێ، هەندێکیش دەڵێن: مەرجێکی دروستی ئیمانە»[٤٢٨].

لەم دەقانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەبێ ئیماندار شتێ لەبارەی ئیمان و بنەماکانی ئیسلام بزانێ ئەگەر بە قوولێش نەبێت، واتا: دژی چاولێکەری وشکن و دەیانەوێ مێشکی ئیمانداران بخەنەگەڕ.

بەڵام مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەیدا پاکانە بۆ ئەم جۆرە باوەڕە دەکاو بەبێ گومانی دادەنێت.

**مەحوی دەڵێت:**

ئیمانی موعتەبەر بگرە، ئەو موقە للیدە
تەقلیدی فەیضیابە بەجەز مییەت و یەقین[٤٢٩]

٥- لەبارەی تۆبەی سەرەمەرگەوە: خوای گەورە هەمیشە لەگەڵ بەندەکانی بەنەرمی دەجولێتەوەو باوەشی والایە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە گوناهەکانیان بگەڕێنەوە، بۆیە داوا لە پێغەمبەر دەکا بە خەڵکی گوناهکار رابگەیەنێ کە لەرەحمەت و لێبووردنی نائومێد نەبن«قل ياعبادى الذين اسرفوا على انفسهم لاتقطنوا من رحمة الله ان الله يغفر الذنوب جميعاً»[٤٣٠].

بەڵام لەبارەی تۆبەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا پێمان رادەگەیەنێ کە تۆبەی سەرەمەرگ و کاتی گیانە لا دروست نییە«انما التوبة على الله للذين يعملون السوء بجهالة ثم يتوبون من قريب فأولئك يتوب الله عليهم وكان الله عليما حكيما، وليست التوبة للذين يعملون السيآت حتى اذا حضر احدهم الموت قال اني تبت الان ولا الذين يموتون وهم كفار اولئك اعتدنا لهم عذاباً اليماً»[٤٣١] هەرلەبارەی مەرج و کاتی تۆبە کردنەوە پێغەمبەر دەفەرمووێ«ان الله يقبل توبة عبده مالم يغرغر»[٤٣٢].

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەیدا ئاماژە بۆ ئەم فەرموودەی پێغەمبەر د.خ دەکاو هەمان واتای دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت:

تەوبەی بەوەقتی غەرغەرە، ئیمانی حاڵی یەئس
مەردوودە، بەورەوییە خودا موبتە لانەبین[٤٣٣]

٦- لەبارەی زۆربوون و کەمبوونی باوەڕ بەهۆی چاکەو خراپەوە: کێشەی زیادبوون و کەمبوونی باوەڕ بەهۆی کردەوەی چاک و خراپەوە کێشەیەکی گەورەیە ووتوویژێکی زۆری لەسەر کراوەو هەر کەسە بەڵگەی خۆی نیشان داوە، ئێمەش وا لە خوارەوە کورتەی هەندێ لەو رایانە دەخەینە بەرچاو.

غەسانییەکان کە بەشێکن لە(مرجئه)کان دەڵێن«باوەڕ زیاد دەبێ بەڵام کەم نابێ»[٤٣٤]، واتا: بەکردەوەی چاکە زیاد دەبێ و دەچەسپێ.

ئەبوو حەنیفە و هاوەڵەکانی و گەلێ لە زانایانی زانستی کەلام لەسەر ئەو باوەڕەنە کە زیادو کەم نابێ[٤٣٦]. هەروەها ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەڵێن:«الايمان في نفسه لا يزيد ولا ينقص»[٤٣٧].

بەڵام ئەشعەرییەکان بەگشتی لەو باوەڕەدان«کەباوەڕ زیاد و کەمی بۆ هەیە» بوخاری لەگەڵ هەزار زانا لەم بارەوەو وتوویژی کردووە و هەموویان گوتوویانە باوەڕ گوتەو کردەوەیە و زیادو کەم دەبێ، بەڵگەشیان ژیرو هۆش و دەقی قورئان و حەدیسە، لەبارەی ژیرو هۆشەوە دەڵێن: ئەگەر باوەڕ زیادو کەمی نەبێ ئەوا باوەڕی پیاوێکی فاسق و باوەڕی پێغەمبەران لەیەک تای تەرازوودا دەبن کە



نابێ وابێ، لەبارەی دەقەوە گەلێ ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەرمان بەدەستەوەیە کە بڕیاری زیادبوون و کەمبوونی باوەڕ دەدەن، لەوانە«واذا تليت عليهم آياته زادتهم ايماناً»[٤٣٩]، لەبارەی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە رۆژێک«ابن عمر» لە پێغەمبەری پرسی: باوەڕ زیادو کەمی بۆ هەیە؟ پێغەمبەر فەرمووی«نعم يزيد حتى يدخل صاحبه الجنة وينقص حتى يدخل صاحبه النار»[٤٤١].

مەحوی زاناو شاعیری کورد بڕوای وایە کە باوەڕ بە کردەوەی چاک زیاد نابێ، بەڵام پێی تەواو دەبێت، واتا: ئەگەر خراپە بکا باوەڕەکەی تەواو نابێ، بۆیە دەتوانین بڕیار بدەین کە مەحوی لەگەڵ ئەشعەرییەکان نزیک دەبێتەوە لەم لایەنەوە:

**مەحوی دەڵێت:**

ئەعمالی چاکە دەخڵی بە ئیمانەوە نییە
ئەمما کەمالی هەربەوە ئیمانی موتتەقین[٤٤٢]

٧- لەبارەی کفرو هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا: کێشەی کفرو هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا جێگای وتوویژی زۆرورای جیاوازنییە چونکە تاوانێکی هێندە گەورەیە بەرامبەر داهێنەری گەردوون، بۆیە لای خوا لە هەموو گوناهێک گەورەترەو ئەوەی بیکا شایانی لێبووردن نییە«ان الله لا يغفر ان يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء ومن يشرك بالله فقد افترى اثماً عظيماً»[٤٤٣].

لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری زانا موسوڵمانەکان رێکن لەسەر ئەوەی کە خوا هەموو گوناهێ دەبوورێ«قل ياعبادى الذين اسرفوا على انفسهم لا تقتطوا من رحمة الله ان الله يغفر الذنوب جميعاً»[٤٤٤]، جگە لە کفرو هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا.

موعتەزیلەکان جۆرە وردەکارییەکیان لە واتای ئایەتەکە کردووەو (لمن یشاء)یان دووجار دووبارە کردۆتەوە وەکو«ان الله لا يغفر الشرك لمن يشاء وهو

من لم يتب ويغفر مادون ذلك لمن يشاء وهو من تاب»[٤٤٥]. بەگشتی موعتەزیلەکان لەگەڵ ئەوەنە کە خوا لەو کەسە خۆش نابێ کە هاوبەشی بۆخوا پەیداکردووە، بەپێچەوانەی ئەوان سوننییەکان دەڵێن: دەشێ خوا لەو کەس خۆشبێ کە هاوبەشی بۆ پەیداکردووە چونکە ئەم گەردوونە موڵکی خۆیەتی و سەربەستە لە تێکەو لێکەپێکردنی و کەس مافی بەسەریەوە نییە[٤٤٦]، «ولا يسأل عما يفعل وهم يسألون»[٤٤٧].

(خوارج)ەکان لەبارەی گوناهی بەندەوە زۆر توند و تیژن و هەموو گوناهێ بە هاوبەش پەیدا کردن دادەنێن و ئەوەی بیکا بەرای ئەوان بەنەمری دەمێنێتەوە لە دۆزەخدا[٤٤٨].

ئالێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا تاوانێکی چەند ناقۆلایە، چونکە دەسەلاتی خوا کەم دەکاتەوە و ئایەتی «الاله الخلق والامر»[٤٤٩] بەتاڵ دەکاتەوە، لەلایەکی تر«هاوبەش پەیداکردن لێکچوونی خولقێنراوە بە خولقندەو هاوبەشیکرد نێتی لەخوایەتیدا»[٤٥٠].

هەر لەبەر ئەمەشە مەحوی بڕیاری داوە ئەوەی بەدڵیش کفرو هاوبەش پەیداکردن بەدڵیدا بێت لەراستە شەقامی ئیسلام دەردەچێ.

**مەحوی دەڵێت:**

ئەمما بە دڵ بکا نییەتی کوفرو عەزمی شیرک
کافر دەبێ هەر ئەو نەفسەو دەردەچێ لەدین
گەر لە فظی کوفری بێ بە زوبانا لەپڕ بەطەوع
کافربووە ئەگەرچی هەموو حەقیە دڵ نشین[٤٥١]

لەبارەی کافر بوونی سەرخۆش، مەحوی روونی کردۆتەوە کەوا سەرخۆش ئەگەر هورێنەو کفری کرد ئەوا بەرێبازی شافیعی پێی کافر دەبێ چونکە بە دەستی خۆی وای لە خۆی کردووە، بەڵام لای حەنەفییەکان کافر نابێت.



**مەحوی دەڵێت:**

سەرخۆش ئەگەر قسەو هەذە یاناتی کوفری کرد
کافر دەبێ بەمەذهەبی ئێمە کە شافیعین
ئەمما بەمەذهەبی حەنەفی کەین ئەگەر روجووع
تەکفیری ناکرێت و بە مورتەدی ناگرین[٤٥٢]

٨- لەبارەی رۆزیەوە(الرزق): زانا موسوڵمانەکان لەبارەی دەستنیشانکردنی رۆزی دوو جۆرن، جۆرێکیان تەنیا حەڵاڵ بەرۆزی دادەنێن، جۆرەکەی تر هەموو شتێ کە سوودی لێ وەربگیرێ بە رۆزی دادەنێن حەڵاڵ بێ یا حەرام.

(هذیلیە)کان کە چینێکن لە موعتەزیلەکان بەم جۆرە لە رۆزی دەدوێن«الارزاق على وجهين: احدهما ما خلق الله تعالى من الامور المنتفع بها يجوز ان يقال: خلقها رزقاً للعباد، فعلى هذا من قال: ان احدا أكل او انتفع بما لم يخلقه الله رزقا فقد اخطأ لما فيه: ان في الاجسام مالم يغلقه الله تعالى. والثاني: ماحكم الله به من هذه الارزاق للعباد فما احل منها فهو رزقه، وماحرم فليس رزقا اي ليس مأموراً بتناوله»[٤٥٣]، کەوابوو لای موعتەزیلەکان حەڵاڵ رۆزیەو حەرام رۆزی نیە.

ئەهلی سوننەت، بەپێچەوانەی موعتەزیلەکان هەرچی بخورێ و سوودی لێ وەربگیرێ بە رۆزیی دادەنێن:«والحرام رزق لان الرزق اسم لما يسوقه الله تعالى الى الحيوان فيأكله وذلك قد يكون حلالا وقد يكون حراماً»[٤٥٤].

کەوابوو رۆزی بەرێگای شایستە و ناشایستە پەیدا بکرێ، پاک بێ یا پیس، خواردن بێ، جل و بەرگ بێ، ماڵ و خانووبێ، هەمووی بە رۆزی حسێب دەکرێ[٤٥٥].

مەحویی شاعیر لەم بەیتەی خوارەوەیدا لەگەڵ سوننیەکانەو هەموو شتێکی لارۆزییە حەڵاڵ بێ یا حەرام، وەک **دەڵێت:**

رزقە وەکو حەڵاڵەکە، شوبهە و حەرامی صیرف
بەحثێ کە یەکە زەهر ئەم، ئاخر، ئەو ئەنگەبین[٤٥٦]

٩- لەبارەی موسوڵمان دوای مردنی: زانا موسوڵمانەکان لەبارەی دەنگوباسی دوای مردن و پرسیارکردنی(منکرو نکیر)و زیندوو بوونەوە لە گۆڕو هەست کردن بە خۆشی ناخۆشی و رۆیشتن بەسەرپردی سیرات و کێشانی کردەوەکان و هەندێ شتی تر کە پەیوەندییی بە رۆژی دواماییی هەیە- دوو جۆرن: زۆربەیان کە سونییەکان و تاقمەکانی ترن باوەڕیان هەیە، چونکە هەموو بە قورئان و حەدیس سەلمێنراون، تەنیا هەندێ لە موعتەزیلەکان و رافزییەکان باوەڕیان بە ئازاردانی ناوگۆڕنییە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە ئەو مردووە بێ گیانە و هەستی نییەو ئازاردانی ناگونجێت«عذاب القبر للكافرين ولبعض عصاة المؤمنين وتنعيم اهل الطاعة في القبر بما يعمله الله تعالى ويريده و سؤال منكرو نكير ثابت بالدلائل السمعية، قال تعالى«النار يعرضون عليها غدواً وعشياً ويقوم تقوم الساعة ادخلوا آل فرعون اشد العذاب»[٤٥٧].

وقال النبى(ص):«استنزهوا عن البول فأن عامة عذاب القبر منه، والبعث حق والوزن حق والكتاب حق والحوض حق والصراط حق والجنة حق والنار حق وهما مخلوقتان موجودتان باقيتان لا يفنيان ولا يفنى اهلهما»[٤٥٨].

مەحویش کەمەلایەکی سوننیی ئەشعەرییە باوەڕی بە هەموو رووداوەکانی دوای مردن هەیەو هەمووی ئاخنیوە ناو چەند بەیتە شیعرێکەوە بۆ فێرکردنی موسوڵمانەکان.

**مەحوی دەڵێت:**

١- لەم نۆش و نێشە حینی سوئال و جوابی قەبر
وەقتی حیساب و وەزنی عەمەل باخەبەر دەبین[٤٥٩]
٢- مردووکە گەیبە قەبرو مەقەری، سوئالی لێ
دەکرێ لە رەببب و، بەڵکی لە پێغەمبەرو لە دین
٣- هەر کەس جوابی دا بە جوابێکی باصەواب
خێراتنی دەکەن لە طەرەف(خیر منزلین)



٤- گەروانە بوو جوابی، خودایا بە تۆپەناه
زنجیرو تەوق و رەوق و عەذابی بووە قەرین
٥- تا(یوم یبعث)کە بە پاکردنە لە قەبر
بۆ بردنە حوضوری شەهنشاهی رۆژی دین[٤٦٠]
٦- دیوانی گیرۆداری حیسابی عومومییە
حەیوان و جین و ئینس و مەلەک، تاموقەڕەبین
٧- چەپڕەو کوتوب بەدەستی چەپ، ئەمما(وراء ظهر)
بۆ راستانی کارە، لە کارایە راستین
٨- وەزنی عەمەل، چ ذەڕەڕ، چ کوە و، چ بەد، چ نێک
بێ شوبهەیە هەموو بە ترازوو دەکێشرێن
٩- (من خفت)ە لە هاوییە دەخوا بەمەن خەفەت
عەیش و نیشاطی(من ثقلت) وەصڵی حووری عین[٤٦١]
١٠- (حتما) دەبێ گوزەر بە صیراط بکەن هەموو
چاک و خراپ و، موئمین و کافر، کیهـ ومیهین
١١- پردێکە راکشاوەبە سەربانی دۆزەخا
باریک و تیژە وەک دەمی تێغێکی ئاهینین
١٢- هەرکەس کەخوارە، وەیلییە، زووکەوتە خوارەوە
(طوبی) لە بۆ ئەوانە کە ئازانە تێپەڕین
١٣- رێی سی هەزار ساڵە، وەیا پازدەهـ هەزار
موحتاجی عەونە ئوممەتی بێچارە، یاموعین[٤٦٢]

مەحوی لەبەیتی(١.٢.٣.٤)ەمدا باسی پرسیارکردنی ناوگۆڕ دەکا لەلایەن فریشتەکانەوە و ئەگەر لەوەڵامدا زمانیان گرێی نەکرد ئەوا گۆڕەکەیان بۆ دەبێتە بە هەشت، بەڵام ئەگەر زمانیان تێک ئالاو وەڵامیان نەدایەوە ئەوا گۆڕ رایان دەگوشێ و بۆیان دەبێتە چاڵێ لە دۆزەخ، ئەم چوار بەیتەش ئاماژە نەبۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر د.خ کە دەفەرمووێ«ان العبد اذا وضع في قبره وتولى

عنه اصحابه حتى انه ليسمع قرع نعالهم اذا انصرفوا، أتاه ملكان فيقعد انه فيقولان له: ماكنت تقول في هذا الرجل، لمحمد (ص)؟ فاما المؤمن فيقول: اشهد انه عبدالله ورسوله. فيقال له: انظر مقعدك من النار قد ابدلك الله به مقعداً من الجنة فيراهما جميعاً ويفسح له من قبره سبعون ذراعاً ويملآ عليه خضراً الى يوم يبعثون، واما الكافر او المنافق فيقال له ماكنت تقول في هذا الرجل؟ فيقول لا ادرى، اني كنت اقول ما يقول الناس، فيقال له لادريت و ولاتليت، ويضرب بمطارق من حديد ضربة بين اذنيه فيصيح صيحة يسمعها من يليه غير الثقلين ويضيق عليه قبره حتى تختلف اضلاعه»[٤٦٣].

لەبارەی گۆڕە و شارەوە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ«ان للقبر لضمة لو كان احد منها ناجياً لكان سعد بن معاذ»[٤٦٤].

لەبەیتی حەفتەم مەحوی دیمەنی ئەو هەڵویستەمان بۆ دەکێشێ کە دەفتەری کردەوە دابەش دەکرێ و گوناهبار لە پشتەوە دەفتەرەکەی دەدرێتە دەستی چەپی، پیاو چاک دەدرێتە دەستی راستی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی«فاما من أوتي كتابه بيمينه فيقول هاؤم اقرءوا كتابيه... واما من اوتيي كتابه بشماله فيقول ياليتني لم اوت كتابيه ولم ادر ما حسابيه»[٤٦٥]، هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێ: «يعرض الناس يوم القيامة ثلاث عرضات، فأما عرضتان فجدال ومعاذير فعند ذلك تطير الصحف في الايدى فآخذ بيمينه وآخذ بشماله»[٤٦٦].

لەبەیتی (١٠،١١،١٢،١٣) مەحوی بەدرێژی باسی سیراتمان بۆ دەکات کە پردێکە و دەبێ هەموو کەسێ بەسەریدا بڕوات، ئەم بەیتانەش ئاماژە نەبۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر د.خ کە دەفەرمووێ«يضرب الصراط بين ظهراني جهنم فأكون اول من يجوز من الرسل بامته ولا يتكلم احد يومئذ الا الرسل وكلام الرسل يومئذ اللهم سلم سلم»[٤٦٧].

١٠- لەبارەی پەیدابوونی بە هەشت و دۆزەخەوە: زانایانی کەلام و عەقاید لەسەر کێشەی بەهەشت و دۆزەخەوە دوو چین: ئەهلی سوننەت و جەماعەت



لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەهەشت و دۆزەخ زۆر لە مێژە خوا دروستی کردوونەو هەر دەمێنی بەڵگەشیان ئەم ئایەتانەیە: لەبارەی بەهەشتەوە«وسارعوا الى مغفرة من ربكم وجنة عرضها السماوات والأرض اعدت للمتقين»[٤٦٨]، هەروەها لەبارەی بوونی دۆزەخەوە«واتقوا النار التى اعدت للكافرين»[٤٦٩] هەروەها چیرۆکی ئادەم و حەواو بوونیان لە بەهەشت و دەرکردنیان لێی بەڵگەیە لەسەر کۆنیی بە هەشت«وقلنا اهبطوا منها جميعاً»[٤٧٠]، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەهەشت لە ئاسماندایە چونکە دەڵێ(اهبطوا).

لەبارەی شوێنی دۆزەخەوە، رای وا هەیە کە لەژێر زەوییە بەڵام هەر خواخۆی دەزانێ لە کوێیە[٤٧١].

هەندێ لە موعتەزیلەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کەخوا هێشتا بە هەشت و دۆزەخی نەخولقاندووەو لە رۆژی دوامایی دەیان خولقێنێ[٤٧٢].

لەبارەی فراوانی بەهەشتەوە هەروەکو لە ئایەتی سەرەوەدا دیارە کە هەندی ئاسمانەکان و زەوییەو هەتا هەتاییەو بەهەشتییەکان تێیدا نەمرن.

مەحوی لەم دوو بەیتەی خوارەوەدا پێمان رادەگەیەنێ کەوا بەهەشت و دۆزەخ زۆر لەمێژە هەنەو هەتا هەتایی دەمێننەوە.

**مەحوی دەڵێت:**

جەننەت، جەهەننەم ئێستەکە هەن، زۆریان بەسەر<br>
دارۆییوە شوهوورو دوهوور، ئەزمینە و سینین<br>
ئەم دۆزەخ و بەهەشتە دەمێنن(الى الابد)<br>
هەم تێشیا دەمیننەوە ئەهلی ئان و ئین[٤٧٣]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەحوی لەگەڵ بیروبۆچوونی سوننییەکانە لە بارەی پەیدابوونی بەهەشت و دۆزەخ و دژی بۆ چوونی موعتەزیلەکانە کە دەڵێن: هێشتا بەهەشت و دۆزەخ دانەنراون.

**ب) ستایشە پێغەمبەرییەکان(المدائح النبويه):**

ستایشی پێغەمبەری دوا بەدوای سەرهەڵدانی ئیسلام پەیدابووەو

قەسیدەکەی(کعب بن زهیر) بەناونیشانی (بانت سعاد) بەڵگەیە بۆ ئەمە، لەسەردەمە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەم بابەتە ئەدەبییە بەردەوام بووەو لە سەدەی حەفتەمی کۆچیدا گەیشتۆتە لووتکە، لەسەرەتای پەیدابوونی شیعری ئایینی ئەمە روون کراوەتەوە بۆیە پێویستی بەدرێژدادڕی ناکات.

مەحوی وەکو شاعیرێکی کوردی موسوڵمانی سوننی ئاگای لەم ستایشە پێغەمبەرییانە بووەو سوودی لێیان وەرگرتووەو چاوی لە(بوصیری و شێخ ابراهیم اللقاني) کردووەو ئەو قەسیدە بەحری نوورەی بە کوردی داناوە تایبێتە سەر ریزی قەسیدەکانی تر.

مەحوی لەم قەسیدەیەدا باسی زۆر شتی کردووە، ئەو بابەتانەی کەلە بەشەکانی تری شیعری ئایینیدا ئاماژەیان بۆ کردوونەو لەسەریان دوواوین دووبارەیان ناکەینەوە تەنیا لەسەر ئەو بابەتانە دەنووسین کە تیشکی خامەیان نەکەوتۆتە سەر.

ئێستاش وا بەپێی زنجیرەی بەیتەکان، یەکەیەکە کورتەیەک لەسەر بابەتەکانی تۆمار دەکەین:

١- دەستپێکردنی قەسیدەکە: سەرەتا بەسەڵەوات لێدان لەسەر پێغەمبەر د.خ دەستی پێکردووە بۆ مەبەستی پیرۆزی و سەرکەوتن لە دراشتنیدا، سەڵاوات لێدان رەوشتێکی ئیسلامییەو بەدەقی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر پاڵپشت کراوە[٤٧٤]. مەحوی لەم بارەیەوە دەڵێت:

(وصلی الله علی) ئەو بەحری نووری عیلم وعیرفانە
کە دەرکی غەوری ناکا (غیر علم الله سبحانە)
(وصلی الله علی) ئەو ذاتی پاکی قودسی ئایاتە
کە ئەخلاقی پەسندیدەی جەنابی حەیی مەننانە
(وصلی الله علی) ئەو حەضرەتەی صاحێب کەماڵاتە
کە ئەعلامو عجیزەی قوربانی بم من نووری قورئانە[٤٧٥]

مەحوی لەم سێ بەیتەدارە حمەتی خوا دەبارێنێتەوە سەر ئەو پێغەمبەرەی کە



وەکو دەریای زانست وایە و جگە لەخوا کەس سەرەدەریی لێ دەرناکا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی«وما اوتیتم من العلم الاقلیلا»[٤٧٦].

مەحوی پەنجەی بۆ(علم وعرفان) درێژ کردووە، زانست لێرەدا مەبەستی زانستی خواییە، ئەو زانستەی کە خوا بە خشیبوویە حەزرەتی خدر کە زانستی (لدنی)یە، کەوابوو پێغەمبەریش لەم زانستە بەشی درا لەکاتی چوو نە ئاسمانەکەی. دەمێنێتەوە ووشەی عیرفان، مەبەستی لە عیرفان زانستی خواناسینە یاخود مەبەستی (سۆفیگەری)یە، بەم پێیە مەحوی بۆمان روون دەکاتەوە کەوا پێغەمبەر دەریای زانست و خوانا سینی تەواوە، چونکە خۆی بە چاوی دڵی و چاوی سەری خوای دیوە«ماکذب الفؤاد مارآی»[٤٧٧].

٢- لەبارەی زوهدی پێغەمبەرەوە: وانەبێ(محمد) (د.خ) هەرلەکاتی پێغەمبەرایەتیدا خەریکی زوهد بووبێ، بەڵکو لە پێش ئەوەش لە ژیانیدا جۆرە زوهدێک هەبووە، هەموو ساڵێ مانگێ چۆتە ئەشکەفتی حیراو خەریکی بیرکردنەوەو رامان بووە لە داهێنەری ئەم گەردوونە تا وەحی بۆ لەخواوە هاتووە.

لەدوای وەحی ژیانی پڕ زوهد بووە و خۆراکی کەم بووە و زۆر خەریکی لایەنی گیانی بووە و بەشەو کەمتەرخەمی لەخوا پەرستی نەکردووە، هەر لەبەر ئەمەش خوا فەرمانی پێکرد کە هێندە خۆی ئازارنەدا «طه ما انزلنا علیك القرآن لتشقی»[٤٧٨]، زوهدی پێغەمبەر بۆ ئەوە بوو بێتە پێشڕەوی موسوڵمانان لەبەهێزی و توانایی و جگە لە خواسەر بۆ هیچ شتێ دانەنەوێن[٤٧٩].

نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە پێغەمبەر هەر لەسروشتدا حەزی لەژیانی سادەو زوهد بووە، واتا: زۆری لە خۆی نەکردووە«قل ما اسألکم علیه من اجرو ما انا من المتکلفین»[٤٨٠].

مەحویی شاعیر بەم جۆرە باسی زوهدی پێغەمبەر دەکاو نیشانی دەدا کە هەر چەند خاوەن دەسەڵات و شکۆمەندی بووە، بەڵام حەزی لە جیهان پەرستی

نەبووەو بەنان و قەسپێ قنیاتی کردووە.

**مەحوی دەڵێت:**

لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە
کە یەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یاخورما دوو سێ دانە
فەلەک جاهی سەری خەرمانی تاعەرش، ئەلبەتە نابێ
تەنەزول کاعولووی هیمەتی بۆ دەنکە زیزانە[٤٨١]

٣- لەبارەی ستایشکردنی پێغەمبەرەوە: مەحوی زۆر بە کورتی رایدەگەیێنێ کە ستایشکردنی پێغەمبەر لە توانای ئەودا نییەو هەرچی بلێ هەر شایانی مەقامی ئەو پێغەمبەرە نییە کە جوبرائیل لەلایەن خواوە ئایەتی ستایشی بۆ هێناوە«وانك لعلى خلق عظيم»[٤٨٢].

مەحوی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەنجەی بۆ راستیی مەحەمەدی راکێشاوە لەم دەستەواژەیەیدا(یاخیر خلق الله)، لەلایەکی تریش دەتوانین بەرەو تیۆری مرۆڤی تەواوی (الانسان الکامل) ببەین.

**مەحوی دەڵێت:**

چ مەدحێکت بکەم لائیق بەتۆ(یاخیر خلق الله)
منی بێ خێری نا لائیق کەجبریلت ثەناخوانە
بەیانی گەورەیی خولقی کە سێ ئایەت لەشەئنی بێ
نەمە قدووری من وتۆیە، نەئیشی(قس)و(سحبان)ە[٤٨٣]
لە ئادەم تامەسیحا، ئەنبیایەک یەک بەقەومی خۆی
خەبەر داوە: لەپاش ئێمە کە دێ ئەو فەخری ئەکوانە[٤٨٤]

لەبەیتی سێیەمدا مەحوی بە ئاشکرا دەیسەلمێنێ کە مەحەمەد (د.خ) لە پێش ئادەمەوە خوا گیانی ئەوی خولقاندووەو کردوویەتیە پێغەمبەر و زیاتر بیرۆکەی راستیی مەحەمەدی رۆشن دەکاتەوە.

هەروەها مەحوی لەسەر ستایشەکەی دەڕواو دەڵێت:

لەگەڵ مەحضی خەیاڵی، دڵ بەجارێ بۆ تەکیۆی طوور



لەکن وەصفی جەماڵی، لێوی واصیف گوڵ بەدامانە
جەلال و شەوکەتی: ئەستۆ شکێنی سەرکەشانی عەصر
جەماڵ و طەلعەتی: جەوهەر گودازی ظولمە تستانە
تەماشاکردنێکی: رۆح بەخشی عالەمی مردوو
نیگاهێکی بە توندی: رەستخێزی عالەمی جانە[٤٨٥]

مەحوی لەم سێ بەیتەدا شکۆمەندیی پێغەمبەر لە جیهانی گیانیدا نیشان دەدا، بەگشتی ئەم بەیتانە گیانێکی سۆفیگەرییان پێوە دیارە بە بەڵگەی ئەوەی لە بەیتی یەکەمدا باسی کێوی تووری کردووە و هەروەها زاراوەی(جمال)یشی بەکارهێناوە کە زاراوەیەکی سۆفیگەرییەو بەواتای«دەرخستنی کەماڵی دلبەر دێت لەبارەی پێویست نەبوونی بە دڵدارەوە، یاخود بە واتای: وەسف و لوتف و بەزەیی خوا دێت»[٤٨٦].

لەبەیتی دووەمدا مەحوی زاراوەی(جلال)[٤٨٧]و لە سێیەمدا زاراوەی(عالم جان)[٤٨٨]ی بەکارهێناوە کە دوو زاراوەی سۆفیگەرین.

دڵی مەحوی لەبەر ئەندێشەی بینینی پێغەمبەر سووتاوەو وەکو کێوی تووری لێ هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەم ئایەتە«ولما جاء موسى لميقاتنا وكلمه ربه، قال:رب ارني انظر اليك، قال: لن تراني، ولكن انظر الى الجبل فآن استقر مكانه فسوف تراني فلما تجلى ربه للجبل جعله دكاً وخرموسى صعقاً فلما افاق قال سبحانك تبت اليك وانا اول المؤمنين»[٤٨٩]، کەوابوو دڵ سووتانە کە خۆی جۆرە نیستییە کە لەناو پێغەمبەردا:

مەحوی درێژەی بەستایشەکەی دەدات و دەڵێت:

گەهێ دانیشتنی، کێوێکی تەمکینت لەبەرچاوە
لەوەقتی رۆینیدا، هەردەڵێی سەروە خەرامانە
لە روخساری لەطیفی: گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی: دڵ
دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گولستان،و ئەو دڵستانە
لەبی رۆحی رەوان و، نێو چەوانی رۆژی لێ دەتکێ

زوبانی تاشە کە ڕڕیزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە
مەلاحەت مەحوی دیداری، حەلاوەت وەقفی گوفتاری
طەراوەت نەذری گوڵزاری، کەرەشکی باغی ریضوانە[٤٩٠]

لەم بەیتانەی سەرەوەدا مەحوی بەجۆرێ ستایشی پێغەمبەر دەکات کە لەم گەردوونە هیچ کەسێک لە سیفەت و هەڵس و کەوت و جوانی ئەندامەکانی ناگاتە پێغەمبەرو بەهەشتیش حەسوودی پێ دەبات، لەم بەیتانەش چەند زاراوەیەکی سۆفیگەرییان دەکەوێتە بەرچاو وەکو«ڕۆح، گەوهەر، مەحو» ، بەڵام بەیتەکان بەرەو سۆفیگەری ناچن و بەڵکو بەرەو تیۆری مرۆڤی کامڵ«الانسان الکامل» هەنگاو دەنێن.

٤- لەبارەی ڕووداوەکانی شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە: لەو شەوەدا چەند ڕووداوێکی سەیر ڕووی داوەو کتێبەکانی یاداشت و ستایشە پێغەمبەرییەکان(المدائح النبوية) ئاماژەیان بۆیان کردووە، ڕووداوەکانیش بریتی بوون لە شەقبوونی تاقی کیسرا لە سەلمان پاک و وشکبوونی دەریاچەی ساوە لە فەلەستین و کوژانەوەی ئاگری ئاتەشکەدەی زەردەشتییەکان، ئێمەش لێرەدا تەنیا پەنا دەبەینە بەر سێ سەرچاوەو هەر یەکە نموونەیەکیان لێ وەردەگرین. شێخ موحەمەدی بوو سیری دەڵێت:

وتداعى ايوان كسرى ولولا     آية منك ماتداعى البناء
وغدا كل بيت نار و فيه     كربة من خمودها وبلاء
وعيون للفرس غارت فهل     كان لنيرانهم بها اطفاء[٤٩١]

هەروەها شێخ(ابو عبدالله بن ابي زكريا الشقراطيسى) لە قەسیدە درێژەکەیدا **دەڵێت:**

وصرح كسرى تداعى حين مولده     وانقض منكسر الارجاء ذاميل
ونار فرس لم توقد وما خمدت     منذ الف عام ونهر القوم لم يصل[٤٩٢]

جگە لەم دەقە شیعرییانەی سەرەوە، لەم پەخشانەی خوارەوە هەمان ناوەڕۆک دووبارە دەبێتەوە«وانشق ايوان كسرى انو شيروان... وسمع لشقه صوت هائل...



وخمدت نار فارس... ولم تخمد قبل ذلك بالف عام وغاضت اى عارت بحيرة ساوة بحيث صارت يابسة كأن لم يكن بها شيىء من الماء»[٤٩٣].

ئینجا مەحوی لەبارەی ئەم ڕووداوانەوە **دەڵێت:**

ڕشێنەی، ئاگری بەردایە عومری ئاگری زەردەشت
بە بەرقی بوو کەشەق بوو تاقی(کیسرا)بوو بە وێرانە[٤٩٤]
دڵی سووتا بە زەردەشت و بە کەسری کیسرەوی، گریا
ئەوەندە بەحری(ساوا)نم لە چاویدا بووە تانە[٤٩٥]

٥- هەڵس و کەوتی لەگەڵ یارو هاوەڵانی: پێغەمبەر (د.خ) هەر لە بوونیەوە مرۆڤێکی لێهاتوو بووە وپلەو پایەی تایبەتی خۆی هەبووە لە کۆمەڵدا و خەڵکی بە چاوی ڕیزەوە سەیریان کردووە و بە(محمد الامين) ناسراوەو لە ژیانی پێش پێغەمبەرایەتیدا توانی دەوری ناو بژیکەری بگێڕێ لەسەر کێشەی دانانەوەی بەردە ڕەشەکە لە شوێنی خۆیدا.

دوای ئەوەی بووە پێغەمبەر خوورەوشتە بەرزەکانی هێندەی تر بەرەو لووتکەی بەرزی هەڵ دەکشا و لە قورئاندا بەم جۆرە وەسف کراوە«وانك لعلى خلق عظيم»[٤٩٦] ، بەم پێیە پێغەمبەر نموونەی ئاکاری چاک بووەو چونکە پێشڕەوی موسوڵمانان بووە و لەگەڵ هاوڕێیانی بەسادەیی دەژیاو خۆی لەوان بە گەورەتر نەدەزانی.

مەحوی لەبارەی هەڵس و کەوتی پێغەمبەر لەگەڵ هاوڕێیەکانی **دەڵێت:**

کەوەقتێ ئال و یارانی لەخدمەتیا دەبن وەک ڕۆح
حەیاتە، نووری چاوە، ئونسی جانە، مەحضی ئیحسانە[٤٩٨]

٦- لەبارەی بێ سێبەری پێغەمبەرەوە: لەبارەی بێ سێبەری پێغەمبەرە (د.خ) گەلێ سەرچاوەی تایبەت بە ژیانی پێغەمبەر گەڕاین لەم بارەیەوە زانیارییەکمان دەست نەکەوت جگە لەم فەرموودەی (ابن عباس) کە ئاماژە بۆ بێ سێبەری پێغەمبەر دەکاو پێمان ڕادەگەیەنێ کە تیشکی جوانیی پێغەمبەر (د.خ) بەسەر تیشکی ڕۆژو ڕووناکی چرادا زاڵ بووە«لم يكن

لرسول الله(ص) ظل ولم يقم مع الشمس قط الا غلب ضؤوه ضوئها ولم يقم مع سراج قط الاغلب ضؤوه ضوئه»[٤٩٩].

٧- لەبارەی کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە: هەر کە موسوڵمانەکان بەرە بەرە بەرەوشاری (یثرب) کۆچیان کرد، قورەیشییەکان هەستیان بەمەکرد و«لەوەترسان کەوا پێغەمبەر بڕوا و لەبەردەستیان دەردەچێت، لەبەرئەوە لە«دار الندوة» کۆبوونەوەو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە لەهەر خێڵێک گەنجێکی بەهێز هەڵبژێرن و بەشەو گەمارۆی ماڵی پێغەمبەر بدەن و بەیەک دەست بیدەنە بەرشیرو بیکوژن، ئەوکاتە بنەماڵەی(عبد مناف) ناتوانن بەرەنگاری ئەم هەموو خێڵە بکەن، بەڵام جوبرائیل ئەم پیلانەی گەیاندە پێغەمبەر، جالە شەوی دیاریکراودا پێغەمبەر لە ماڵێ هاتە دەرەوە ومشتە خۆڵێکی بەسەریان داکردو کەس نەیبینی، گەیشتە ماڵی حەزرەتی ئەبوو بەکرو لەگەڵیدا بەرەو ئەشکەفتی(ثور) بەرێکەوتن، خوای گەورە بەهۆی جاڵجاڵۆکە و کۆتر هەردووکیانی پاراست، چونکە قورەیشییەکان وایان زانی کەسی تێدانییە»[٥٠٠]

مەحوی لەبارەی ئەو کۆچەوە **دەڵێت:**

شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتە خاکێ بوو
پیا چەندن، دەبەنگ و کوێر و کەڕمان ئەو لەعینانە[٥٠١]
لەناو ئەو گورگ و ورچ و سەگ گەلە دەرچوو(باذن الله)
بەیاری غارەوە، یاری لەباری، ڕێ لەبەر یانە
وەک و خورشید و مەهـ پێی سەیریان لێ هەڵبڕی تاغار
لەغارا سەیری کرد ئەعدا کە وەک سێبەر لەدوو یانە
بەیەک دوو عەنکەبوت و کۆتری بێ فام و بەستەزمان
شوعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دێوانە[٥٠٢]

لەدوای ئەمانە چەند بەیتێکی تر دێن بە پێویست نەزانرا تۆمار بکرێن[٥٠٣].

٨- لەبارەی پاڕانەوەی مەحوی لە پێغەمبەر: بێگومان مەحوی ئاگاداری ئەو



ستایشە پێغەمبەرییانە بووە کە بەعەرەبی نووسراون و زانیویتی کە جگە لە هەندێ خوێندەواری بە توانا ئەوانی تر سوودی لێ وەرناگرن، بۆیە هاتووە لە جێگای (همزیة وبردیة)ی بووسیری بە زمانی کوردی قەسیدەی بەحری نووری بەسەر پێغەمبەردا هەڵگوتووە تا هاو زمانەکانی بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ئەم هەڵویستەی مەحوی هەڵویستێکی نیشتمانی پاک بووەو شانازی هەموو کوردەکە زمانەکەی فەرامۆش نەکردووەو لەتای تەرازووی عەرەبیی داناوە کە ئەوسا باو بووەو زمانی ئایینی و ڕۆشنبیری گشتی بووە.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە مەحوی قەسیدەکەی خۆی بە هاوشانی قەسیدەی بوردە داناوە، چونکە لەو سەردەمەدا قەسیدەی بوردە لەناو مەلاو خوێندەوارانی کورددا زۆر باو بووەو کەمی وا هەبووە هەندێکی لەبەر نەبوو بێ بە ئاوازەوە نەیگوتبێ جوانیەکەشی لەوەدایە کە(بوردە و کوردە) دوو وشەی لێک نزیکن لە گوتندا و ڕەگەز دۆزیی لاحیق لە نێوانیاندا هەیە.

**مەحوی دەڵێت:**

١- لە(همزیة) و لە(بردە)م چونکە کەم دی ئیستفادەی کورد
منیش ئەم کوردییەم دانا لەریزی ئەو قەصیدانە[٥٠٤]
٢- زوبانی عیشقبازی خۆشەگەر کوردی وەگەر تازی
قسەی بێ سۆزی عیشق ئەر گەوهەرە، مەحبووبی بێ ئانە[٥٠٥]
٣- ئەلائەی فەخری عالەم (رحمة للعالمین)ی تۆ
لە دەرحەق ناکەسی و کەمی رەحم و لوطفی ئێوەیە کسانە
٤- بدە ئیذن ئەم قەصیدە کوردییەش بێتە مەقامی عەرض
ئەگەرچی وەک شوعوورم شیعرەکانیشم پەرێشانە
٥- موکەڕەڕ بوو قەصیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕ کرد
بفەرموو بەم قەصیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە
٦- ئەگەر بوردە، ئەگەر کوردە، ئەگەر صافە، ئەگەر دوردە

قوبوولی تۆکە بو لە بڕێزی نەشئەی ڕەوح و ڕەیحانە[٥٠٦]

٧- منم مووری ضەعیف و ئەم قەصیدە لاقە کوللەی من
فەقەط من هەدیەکەم خدمەت سولەیمانی سولەیمانە

٨- بەچاوی مەرحەمەت بڕوانە هەدیە و صاحێبی هەدیە
بەزۆری ڕابوێرە ئەم کەمە لەم کەمترینانە[٥٠٧]

٩- قبوبوولی کەم لەکەم کردن، وەهاوا تێ بگا زۆرە
بەتۆ زۆری بزانم، کەمتری شیمەی کەریمانە[٥٠٨]

لەبەیتی دووەمدا مەحوی لەهەمان هەڵویستی(نالی) دایە کە **دەڵێت:**

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆکردییە، خۆکوردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ، خۆی طالبی مەعنا دەکا[٥٠٩]

کەوابوو واتاو سۆزی عیشقی ڕاستەقینە گرنگە و بەچ زمانێ دەنووسرێ لە گرنگیدا ناگاتە پلەی ناوەڕۆک، هەرچەندە هەردوو شاعیریشمان بە ئەنقەست بە کوردییان نووسیوە، چونکە شانازییان بە زمانی میللی خۆیانەوە کردووە کە ئەمەش مافێکی سادەی سروشتی هەموو میللەتێکە. جا عیشقەکەی مەحوی لێرەدا عیشقی پێغەمبەرەو بەرەو عیشقە ڕاستەقینە خواییە کە دەچێت.

لەبەیتی سێیەم و چوارەمدا مەحوی لەپێغەمبەر دەپاڕێتەوە کە ڕێگای ئەم قەسیدە کوردییەش بدا بێتە گۆڕەپانی قەسیدەکانی ترەوەو هەرچەندە شیعرەکانیش هێندە شایانی ئەوەیان نییە، چونکە هەست و نەستی لەبەرباری نالەباری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری پەرێشانە. مەبەستی مەحوی ئەوەیە میللەتی کورد لەژێر دەستی دراوسێکانیدا دەناڵێنێ و هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نەبینیوە بۆیە شاعیر(شعور)ی واپەرێشانە چونکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی وڵاتەکەیەتی.

لەبەیتی شەشەمدا مەحوی بەهیوای ئەوەیە کە قەسیدە کوردییەکەی لێ وەربگیرێ چونکە ئەگەر وەرگیرا گرنگ نییە بوردەی بووسیری بێ یاخود کوردەی مەحوی. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین هەرچەندە مەحوی شانازی بەزمانی کوردی کردووەو لە هەندێ بەیتدا بە هاوشانی عەرەبی داناوە، بەڵام لێرەدا زمانی کوردیی لەپلەی دووەم داناوە چونکە دەڵێ:«ئەگەر بوردە، ئەگەر کوردە، ئەگەر صافە، ئەگەر دوردە»، کەوابوو زمانی عەرەبیی بە(صاف) داناوەو کوردیشی بە دورد داناوە، واتا: لێرەدا لە نێوان بوردە و کوردە لەگەڵ ساف و دوردە پێچەو بەخشی ڕێک هەیە کەلایەنێکی ڕەوانبێژییە.

لەبەیتەکانی (٩،٨،٧)دا مەحوی خۆی و بەرهەمەکەی زۆربەکەم دەزانێ و بەهیوای ئەوەیە لێی وەربگیرێ، لەهەمان کاتیشدا دڵی خۆی دەداتەوەو دەڵێ: مادام دیارییە کەم بۆ مەردێکە کە لەهەموو مەردان مەردترە، مەردیش دیاریی بچووکی لاگەورەیە، بۆیە دیارییەکەی ئەویش شوێنی خۆی دەگری و دێتە ڕیزی قەسیدەکانی ترەوە.

## پەراوێز:

١- قضية الاسلام والشعر، ادريس الناقوري، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق عربية، بغداد، ص٧٨.

٢- شعر العقيدة في عصر صدر الاسلام حتى سنة ٢٣هـ، ايهم عباس حمودي، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٠، ص٣٠.

٣- الشعراء/ ٢٢٤-٢٢٧.

٤- الانبياء/٥.

٥- يس/ ٦٩.

٦- قضية الاسلام والشعر، ص١٤.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

٩- شعر العقيدة في عصر الاسلام حتى سنة ٢٣هـ، ص٣٣-٣٤/ التيار الاسلامي في شعر العصر العباسي الاول، له د.مجاهد مصطفى، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٣-٢٤.

١٠- البقرة/١١٩.

١١- شعر العقيدة في عصر صدر الاسلام حتى ٢٣هـ، ص٥٤-١٠٩.

١٢- التيار الاسلامي في شعر العصر العباسي الاول، ص٢٥.

١٣- الشعر الصوفي، عدنان حسين العوادى، ص١١٩.

١٤- التيار الاسلامي في شعر العصرالعباسي الاول، ص٢٩.

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

١٩- ناوی(برهان الدين ابراهيم بن حسن اللقاني المالكي)يە، لەقانی گوندێکە لە گوندەکانی میسرداله (الوجه البحری)، ساڵی بوونی نەزانراوەو لە زانستی حەدیس و کەلام دەستێکی باڵای هەبووەو یەکێ بووە لە فتوادەرەکان، لەکاتی گەڕانەوەی لە حەج لەساڵی ١٠٤١ك-١٦٣١ز مردووە، لەدوای خۆی کوڕەکەی (شیخ عبدالسلام) لە شوێنی دانیشتووەو لەسەردەمی خۆی شێخی مالکییەکان بووە لە قاهیرە، کتێبەکەی باوکی لێکداوەتەوە بە ناونیشانی(اتحاف المريد شرح جوهرة التوحيد). الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، محمد احمد العدوی، المقدمة، ص ط.

٢٠- ديوانی مەحوی، ل٣٦٨.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩.

٢٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، محمد احمد العدوی، ص١.

٢٣- ديوانی مەحوی، ل٣٧٩.



٢٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٧.

٢٥- ديوانی مەحوی، ل٣٧٦.

٢٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤.

٢٧- ديوانی مەحوی، ل٣٧٠.

٢٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٢٠.

٢٩- ديوانی مەحوی، ل٣٨٨.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٧.

٣١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٢٧.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٣٤- الانفال/ ٢.

٣٥- ديوانی مەحوی، ل٣٧٠.

٣٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٣٠.

٣٧- ديوانی مەحوی، ل٣٧٠.

٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢.

٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

٤٠- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٠.

٤١- ديوانی مەحوی، ل٣٧٠.

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.

٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢.

٤٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٥.

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

٤٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٩.

٤٧- ديوانی مەحوی، ل٣٧١.

٤٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٥٣.

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

٥٠- ديوانی مەحوی، ل٣٧٢.

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٤.

٥٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٥٤.

٥٣- ديوانی مەحوی، ل٣٧٥.

٥٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٦٧.

٥٥- ديوانی مەحوی، ل٣٧٢.

٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٤.

٥٧- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٧٢.

٥٨- ديوانی مەحوی، ل٣٧٣.

٥٩- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٧٤.

٦٠- ديوانى مەحوى، ل٣٧٣.
٦١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٧٩.
٦٢- الانبياء/٢٣.
٦٣- ديوانى مەحوى، ل٣٧٨.
٦٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٨٣.
٦٥- ديوانى مەحوى، ل٣٧٢.
٦٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٠.
٦٧- ديوانى مەحوى، ل٣٧٣.
٦٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٢.
٦٩- التكوير/٢٣.
٧٠- النجم/١٣.
٧١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٦.
٧٢- ديوانى مەحوى، ل٤٣٧.
٧٣- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٦.
٧٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٨.
٧٥- ديوانى مەحوى، ل٣٧٩.
٧٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٨.
٧٧- ديوانى مەحوى، ل٣٨٠.
٧٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠١.
٧٩- ديوانى مەحوى، ل٣٧٩.
٨٠- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠٤.
٨١- ديوانى مەحوى، ل٣٨١.
٨٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠٦.
٨٣- ديوانى مەحوى، ل٣٨٤.
٨٤- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٨٥.
٨٥- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠٨.
٨٦- غافر/ ٦٠.
٨٧- البقرة/ ١٨٦.
٨٨- ديوانى مەحوى، ل٣٩٤.
٨٩- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١١٧.
٩٠- ديوانى مەحوى، ل٣٩١.
٩١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٢٥.
٩٢- ديوانى مەحوى، ل٣٩٣.
٩٣- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٦.
٩٤- ديوانى مەحوى، ل٣٩٥.



٩٥- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٨.
٩٦- ديوانى مەحوى، ل٣٩٤.
٩٧- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٩.
٩٨- ديوانى مەحوى، ل٣٨٧.
٩٩- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٤٧.
١٠٠- ديوانى مەحوى، ل٣٩٠.
١٠١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٥٠.
١٠٢- سەرچاوەى پێشوو، ل١٥٠.
١٠٣- ديوانى مەحوى، ل٣٩٨.
١٠٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٦١.
١٠٥- ديوانى مەحوى، ل٤٠٠.
١٠٦- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٠١.
١٠٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٠٤.
١٠٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٦١.
١٠٩- ناوى«شرف الدين محمد سعيد بوصيرى»يە، لە ئەسڵا خەڵكى وڵاتى مەغريبە و لە تيرەى سەنهاجە، لە ساڵى٦٠٨ك-١٢١١ز لەشارى دەڵاس لە ميسر لە دايک بووە، ئەم زانايە پلەو پايەكى بەرزى لاى فەرمانڕەوايانى ميسر هەبووەو دوايى وازى لێيان هێناوەو دەستى بە نووسينى كۆمەڵە ستايشێكى پێغەمبەر د.خ كردووە، هەرە گرنگەكانيان قەسيدەى هەمزييەيە كە(٤٥٦) بەيتەو هەروەها قەسيدەى بوردەيەكە (١٦٠) بەيتە، بووسيرى لە ساڵى٦٩٦ك-١٢٩٦ز وەفاتى كردووە. المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، يوسف النبهاني، ص٥.
١١٠- ديوانى مەحوى، ل٤٥٢.
١١١- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٢.
١١٢- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١١١.
١١٣- ديوانى مەحوى، ل٤٢٥.
١١٤- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٥.
١١٥- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١،ص٧٨.
١١٦- ديوانى مەحوى، ل٤٢٧.
١١٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٣٤.
١١٨- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١٠٧.
١١٩- سەرچاوەى پێشوو، ل١١٠.
١٢٠- ديوانى مەحوى، ل٤٣٣.
١٢١- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٧٧.
١٢٢- ديوانى مەحوى، ل٤٣٥.
١٢٣- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٣٦.
١٢٤- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ل٨٢.
١٢٥- ديوانى مەحوى، ل٤٣٩.

١٢٦- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١٠٤.
١٢٧- ديوانى مەحوى، ل٤٤٩.
١٢٨- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨٠.
١٢٩- ديوانى مەحوى، ل٤٤٩.
١٣٠- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨١.
١٣١- ديوانى مەحوى، ل٤٤٧.
١٣٢- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨١.
١٣٣- ديوانى مەحوى، ل٤٤٣.
١٣٤- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨٢.
١٣٥- ديوانى مەحوى، ل٤٤١.
١٣٦- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨٧.
١٣٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٨٩.
١٣٨- ديوانى مەحوى، ل٤٤٢.
١٣٩- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٨٧.
١٤٠- ديوانى مەحوى، ل٤٥١.
١٤١- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١١٢.
١٤٢- ديوانى مەحوى، ل٤٥٩.
١٤٣- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١١٠.
١٤٤- ديوانى مەحوى، ل٤٦٠.
١٤٥- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص١١٢.
١٤٦- ديوانى مەحوى، ل٤١٩.
١٤٧- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٤.
١٤٨- ديوانى مەحوى، ل٤١٩.
١٤٩- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص١٠.
١٥٠- ديوانى مەحوى، ل٤٢١.
١٥١- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٤.
١٥٢- ديوانى مەحوى، ل٤٢٤.
١٥٣- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٥.
١٥٤- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٧.
١٥٥- ديوانى مەحوى، ل٤٢٥.
١٥٦- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٦.
١٥٧- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٢.
١٥٨- سەرچاوەى پێشوو، ل٣.
١٥٩- ديوانى مەحوى، ل٤٢٧.
١٦٠- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٣٤.



١٦١- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٥.
١٦٢- سەرچاوەى پێشوو، ل١٤.
١٦٣- سەرچاوەى پێشوو، ل١٥.
١٦٤- ديوانى مەحوى، ل٤٣٥.
١٦٥- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٣٥، هەروەها سەيرى ل٤٣٦ بكە بەيتى(٣.٢.١) هەر لە بابەت چوونە ئاسمانەكەيە.
١٦٦- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص١١.
١٦٧- ديوانى مەحوى، ل٤٤٨.
١٦٨- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٨.
١٦٩- ديوانى مەحوى، ل٤٤٩.
١٧٠- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٨.
١٧١- ديوانى مەحوى، ل٤٤٩.
١٧٢- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٨.
١٧٣- ديوانى مەحوى، ل٤٤١.
١٧٤- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤،ص٨.
١٧٥- ديوانى مەحوى، ل٤٤٣.
١٧٦- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٨.
١٧٧- ديوانى مەحوى، ل٤٤٣.
١٧٨- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص٨.
١٧٩- ديوانى مەحوى، ل٤٦٠.
١٨٠- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج٤، ص١٥.
١٨١- ديوانى مەحوى، ل٣٧٠.
١٨٢- الحديد/٣.
١٨٣- العقائد الاسلامية، السيد سابق، ص٥٣.
١٨٤- تبسيط العقائد الاسلامية، حسن ايوب، ص٣٣-٣٤.
١٨٥- ديوانى مەحوى، ل٣٧٠.
١٨٦- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٢٥.
١٨٧- شرح العقائد المحشى، سعد الدين التفتازانى، ص٥٣.
١٨٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤١./ العقائد الاسلامية، ص٥٩.
١٨٩- ديوانى مەحوى، ل٣٧٠.
١٩٠- العقائد الاسلامية، ص٥٣.
١٩١- ديوانى مەحوى، ل٣٧٤.
١٩٢- العقائد الاسلامية، ص٧١.
١٩٣- سەرچاوەى پێشوو، ل٧١-٧٢.
١٩٤- الانعام/١٠٣.

١٩٥- ديوانى مەحوى، ل٣٧٤.
١٩٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٧٢-٧٣.
١٩٧- ديوانى مەحوى، ل٣٧٥.
١٩٨- الشورى/١١.
١٩٩- شرح العقائد المحشى، ص٦٤-٦٥.
٢٠٠- ديوانى مەحوى، ل٤٠٥.
٢٠١- فيض القدير، ج٣، عبد الرؤوف المناوى، ص٢٦٢.
٢٠٢- ديوانى مەحوى، ل٤٠٧.
٢٠٣- الشورى/١١.
٢٠٤- ديوانى مەحوى، ل٤٠٨.
٢٠٥- شرح العقائد النسفية، ص٧٦.
٢٠٦- النجم/٩.
٢٠٧- ديوانى مەحوى، ل٤١١.
٢٠٨- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٧٠.
٢٠٩- شرح العقائد المحشى، ص٥٢-٩٠.
٢١٠- ديوانى مەحوى، ل٣٧١.
٢١١- مەكتوباتى كاك ئەحمەدى شێخ، بەشى يەكەم، وەرگێرانى: مەلا عەبدول كەريمى مودەريس، ل٥٣-٥٤.
٢١٢- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٠-٩١.
٢١٣- ال عمران/٢.
٢١٤- سبأ/٢.
٢١٥- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٨٦.
٢١٦- سەرچاوەى پێشوو، ل٩١.
٢١٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٩١.
٢١٨- سەرچاوەى پێشوو، ل٨٨-٨٩.
٢١٩- الحج/١٤.
٢٢٠- يس/٨٢.
٢٢١- النساء/١٦٤.
٢٢٢- الشورى/٥١.
٢٢٣- العقائد الاسلامية، السيد سابق، ص٦٩.
٢٢٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٩-٥٠.
٢٢٥- ديوانى مەحوى، ل٣٧١.
٢٢٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٥٣.
٢٢٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٥٣.



٢٢٨- ديوانى مەحوى، ل٣٧٢.
٢٢٩- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٣٥-٣٦.
٢٣٠- ديوانى مەحوى، ل٣٧٤.
٢٣١- شرح العقائد المحشى، ص٥٩.
٢٣٢- الملل والنحل، ج١، الشهرستانى، ص٤٩.
٢٣٣-ديوانى مەحوى، ل٣٧٥.
٢٣٤- الزمر/٦٢.
٢٣٥- ثورة العقل، د.عبدالستار عزالدين الراوى، ط٢، بغداد، ١٩٧٤، ص٢٠٧-٢٠٨.
٢٣٦- الملل و النحل، ج١، ص٤٩.
٢٣٧- ثورة العقل، ص٢٠٩.
٢٣٨- سەرچاوەى پێشوو، ل٢١٠.
٢٣٩- دائرة المعارف الاسلامية، ج٣، تاليف: ائمة المستشرقين في العالم، ص٤٣٤.
٢٤٠- فلسفة العقل، د.عبدالستار عزالدين الراوى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص٢٣-٢٤.
٢٤١- ديوانى مەحوى، ل٣٧٥.
٢٤٢- طه/٥.
٢٤٣- الملل و النحل، ج١، ص٨٤.
٢٤٤- ق/١٦.
٢٤٥- الواقعة/٨٥.
٢٤٦- الفصل في الملل والاهواء في النحل، المجلد ١، ج٢، ص١٢٢- ١٢٣ / الفتوحات المكية، ج١، ابن عربي، ص٩٨.
٢٤٧- المدخل الى دراسة، الاديان و المذاهب، ج٢، ص١٥٥.
٢٤٨- الملل والنحل، ج١، ص٨٥.
٢٤٩- دائرة المعارف الاسلامية، ج٣، ائمة المستشرقين، ص٤٣٤.
٢٥٠- ديوانى مەحوى، ل٣٧٦.
٢٥١- الشورى/١١.
٢٥٢- ص/٧٥.
٢٥٣- الفجر/٢٢.
٢٥٤- الرحمن/٢٧.
٢٥٥- الملل والنحل، ج١، ص٤٩-٥٠.
٢٥٦- سەرچاوەى پێشوو، ل٩٢.
٢٥٧- الفصل في الملل والاهواء والنحل، المجلد ١، ج٢، ص١٦٦.
٢٥٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٦٢.

٢٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.
٢٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
٢٦١- دیوانی مەحوی، ل٣٧٧.
٢٦٢- الانعام/٢٢.
٢٦٣- شرح العقائد المحشى، ص٥٥-٥٦/ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤١.
٢٦٤- الملل والنحل، ج٢، ص٦٦-١٣٢.
٢٦٥- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١.
٢٦٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١-٣.
٢٦٧- دیوانی مەحوی، ل٣٨٩.
٢٦٨- شرح العقائد المحشى، ص١١٠.
٢٦٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.
٢٧٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.
٢٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.
٢٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.
٢٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.
٢٧٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.
٢٧٥- دیوانی مەحوی، ل٤٠٧.
٢٧٦- الاعراف/٥٤.
٢٧٧- شرح العقائد المحشى، ص١٢١.
٢٧٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٦.
٢٧٩- العقائد الاسلامية، ص٦٦.
٢٨٠- النحل/٤٠.
٢٨١- الملل والنحل، ج١،ص٥١.
٢٨٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.
٢٨٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
٢٨٤- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٦.
٢٨٥- دیوانی مەحوی، ل٤٠٨.
٢٨٦- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٨٩.
٢٨٧- العقائد الاسلامية، ص٦٥.
٢٨٨- المؤمنون/٨٠.
٢٨٩- سبأ/٣.
٢٩٠- دیوانی مەحوی، ل٤٠٨.
٢٩١- الفصل في الملل والاهواء والنحل، المجلد الاول، ج٢، ص١٢٦.
٢٩٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٤٧.
٢٩٣- العقائد الاسلامية، السيد سابق، ص٦٧.



٢٩٤- الاسراء/١١٠.
٢٩٥- العقائد الاسلامية، ص٢٤./تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٤.
٢٩٦- دیوانی مەحوی، ل٣٩٩.
٢٩٧- العقائد الاسلامية، ص٢٤.
٢٩٨- دیوانی مەحوی، ل٣٦٧.
٢٩٩- العقائد الاسلامية، ص٢٥./ تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٥.
٣٠٠- دیوانی مەحوی، ل٣٦٩.
٣٠١- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٢٦.
٣٠٢- دیوانی مەحوی، ل٣٧٠.
٣٠٣- العقائد الاسلامية، ص٢٥.
٣٠٤- دیوانی مەحوی، ل٣٧٢.
٣٠٥- العقائد الاسلامية، ص٢٨./ تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٧.
٣٠٦- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٥.
٣٠٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.
٣٠٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.
٣٠٩- العقائد الاسلامية، ص٦٥.
٣١٠- دیوانی مەحوی، ل٣٧٦.
٣١١- العقائد الاسلامية، ص٢٦./ تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٦.
٣١٢- دیوانی مەحوی، ل٣٨٥.
٣١٣- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٧.
٣١٤- دیوانی مەحوی، ل٤١٠.
٣١٥- العقائد الاسلامية، ص٢٩.
٣١٦- دیوانی مەحوی، ل٤٢٧.
٣١٧- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٩٨.
٣١٨- العقائد الاسلامية، ص٢٤.
٣١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
٣٢٠- دیوانی مەحوی، ل٣٧٣.
٣٢١- الملل والنحل، ج١، ص٨٨.
٣٢٢- الملل والنحل، ج١، ص٤٩-٥٠/ تبسيط العقائد الاسلامية، ص٢٩٩.
٣٢٣- الملل والنحل، ج١، ص٧٩/ تبسيط العقائد الاسلامية، ص٢٩٧.
٣٢٤- شرح العقائد المحشى، ص١٣٤.
٣٢٥- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٨١-٨٢.
٣٢٦- دیوانی مەحوی، ل٣٧٣.
٣٢٧- سنن النسائي، ج٤، الجزء ٨، بشرح الحافظ جلال الدين السيوطي و حاشية الامام

السندى، ص١٠٢.
٣٢٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٩٣-٩٤.
٣٢٩- العقائد الاسلامية، ص٩٦.
٣٣٠- ديوانى مەحوى، ل٣٧٧.
٣٣١- المؤمنون/ ١١٥.
٣٣٢- ديوانى مەحوى، ل٣٧٨.
٣٣٣- الملل والنحل، ج١، ص٩٣.
٣٣٤- الانبياء/ ٢٣.
٣٣٥- الفصل في الملل والاهواء والنحل، الجزء ٣، المجلد ٢، ص١٦٤-١٦٥.
٣٣٦- شرح العقائد المحشى، ص١٧٤/ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٨٣-٨٤.
٣٣٧- غافر/ ٦٠.
٣٣٨- ديوانى مەحوى، ل٤٠٠.
٣٣٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.
٣٤٠- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١١٧.
٣٤١- البقرة/ ١٨٦.
٣٤٢- ديوانى مەحوى، ل٤٠٤.
٣٤٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٣.
٣٤٤- ديوانى مەحوى، ل٣٧٩.
٣٤٥- الاحزاب/ ٤٠.
٣٤٦- العقائد الاسلامية، ص٢٠٠.
٣٤٧- آل عمران/ ٨٥.
٣٤٨- ديوانى مەحوى، ل٣٨٠.
٣٤٩- البقرة/ ٢٥٢.
٣٥٠- آل عمران/ ٨١.
٣٥١- ديوانى مەحوى، ل٣٨٠.
٣٥٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠١.
٣٥٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
٣٥٤- حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية للسيوطي على كتاب مفتاح العلوم للسكاكى مطبعة التقدم العلمية بمصر، ص١٠/ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص ١٣٩-١٤٠.
٣٥٥- الفتوحات المكية، ج٢، ابن عربي، ص٦١.
٣٥٦- بوراق: گیاندارێکە لەکەر گەورەترە و هێندەی هێستر نابێ. فقه السيرة، د. محمد سعيد رمضان البوطي، ط٦، ص١١٥.
٣٥٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١١٦.
٣٥٨- ديوانى مەحوى، ل٣٨١.



٣٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢.
٣٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣.
٣٦١- النجم/ ٨-١٨.
٣٦٢- النجم/ ١١.
٣٦٣- النجم/ ١٧-١٨.
٣٦٤- ديوانى مەحوى، ل٤٣٥.
٣٦٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٦.
٣٦٦- النساء/ ١٥٦.
٣٦٧- الكهف/ ٦٥.
٣٦٨- حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية للسيوطي، ص١١.
٣٦٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
٣٧٠- ديوانى مەحوى، ل٤٣٧.
٣٧١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.
٣٧٢- تفسير البيضاوى، ص٦٩٨.
٣٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٨.
٣٧٤- الانعام/ ١٠٣.
٣٧٥- تفسير البيضاوى، ص١٨٦.
٣٧٦- ديوانى مەحوى، ل٤٣٤.
٣٧٧- الاعراف/ ١٤٣.
٣٧٨- حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية، للسيوطي، ص١٠./ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٩-١٤٠.
٣٧٩- يونس/ ١٨.
٣٨٠- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد للشيخ محمد بن عبدالوهاب، ص٢٠٩.
٣٨١- البقرة/ ٢٥٥.
٣٨٢- الانبياء/ ٢٨.
٣٨٣- ديوانى مەحوى، ل٤٢٧.
٣٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.
٣٨٥- التاج، الجامع للاصول في احاديث الرسول، ج٥، ص٣٨٤.
٣٨٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣.
٣٨٧- ديوانى مەحوى، ل٣٩٤.
٣٨٨- شرح العقائد المحشى، ص٢٦./ حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية، السيوطي، ص٧./ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٠٢.
٣٨٩- شرح العقائد المحشي، ص٢٢٦.
٣٩٠- تبسيط العقائد الاسلامية، ص١٧٦.

٣٩١- الفتوحات المكية، ج٢، ص٣٧٠./ العقائد الاسلامية، ص٢١٥.
٣٩٢- شرح العقائد المحشى، ص٢٢٦-٢٢٧.
٣٩٣- ديوانى مەحوى، ل٣٨٤.
٣٩٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٩.
٣٩٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤١.
٣٩٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٢.
٣٩٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣.
٣٩٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٧.
٣٩٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.
٤٠٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٩.
٤٠١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٠.
٤٠٢- الاسراء/ ٨٨.
٤٠٣- التاج، ج٣، ٣٠٧.
٤٠٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠.
٤٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.
٤٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.
٤٠٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦.
٤٠٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥.
٤٠٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.
٤١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧.
٤١١- ديوانى مەحوى، ل٣٨٤.
٤١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٥.
٤١٣- ئاماژە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر د.خ«لوكان بعدى نبيى لكان عمر بن الخطاب». التاج، ج٣، ص٣١٤.
٤١٤- ئاماژە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر د.خ«انا مدينة العلم وعليٌّ بابها». التاج، ج٣، ص٣٣٧.
٤١٥- ديوانى مەحوى، ل٤٣٩.
٤١٦- الملل والنحل، ج١، ص٥٢.
٤١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.
٤١٨- شرح العقائد المحشى، ص٨.
٤١٩- الملل والنحل، ج١، ص١١٠.
٤٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.
٤٢١- دائرة المعارف الاسلامية، ج٣، ص٤٣٤.
٤٢٢- شرح العقائد المحشى، ص١٩٨.
٤٢٣- الزلزال/ ٧-٨.
٤٢٤- ديوانى مەحوى، ل٣٨٦.
٤٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨.



٤٢٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٧.
٤٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.
٤٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.
٤٢٩- ديوانى مەحوى، ل٣٨٧.
٤٣٠- الزمر/ ٥٣.
٤٣١- النساء/ ١٦-١٧.
٤٣٢- التاج، ج٥، ص١٥٢.
٤٣٣- ديوانى مەحوى، ل٣٨٧.
٤٣٤- المدخل الى دارسة الاديان و المذاهب، المجلد ٢، الجزء ٢، ص١٥٠.
٤٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.
٤٣٦- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٢٨.
٤٣٧- شرح العقائد المحشى، ص٢٠٦.
٤٣٨- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٢٨.
٤٣٩- الانفال/ ٢.
٤٤٠- التوبة/ ١٢٤.
٤٤١- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص٢٨.
٤٤٢- ديوانى مەحوى، ل٣٨٨.
٤٤٣- النساء/ ٤٨.
٤٤٤- الزمر/ ٥٣.
٤٤٥- تفسير البيضاوى، ص١١٤.
٤٤٦- شرح العقائد المحشى، ص١٩٢.
٤٤٧- الانبياء/ ٢٣.
٤٤٨- تفسير البيضاوى، ص١١٤.
٤٤٩- الاعراف،/ ٥٤.
٤٥٠- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد، ص٧٨.
٤٥١- ديوانى مەحوى، ل٣٨٨.
٤٥٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٩.
٤٥٣- الملل والنحل، ج١، ص٥٥.
٤٥٤- شرح العقائد المحشى، ص١٧٠.
٤٥٥- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٥١.
٤٥٦- ديوانى مەحوى، ل٣٩٠.
٤٥٧- غافر/ ٤٦.
٤٥٨- حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية، ص ٨-١٠./ شرح العقائد المحشى، ص١٧٦-١٨٧.

٤٥٩- ديوانى مەحوى، ل٣٩٠.

٤٦٠- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٩١.

٤٦١- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٩٢.

٤٦٢- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٩٣.

٤٦٣- تبسيط العقائد الاسلامية، ص٢٠٩.

٤٦٤- سيرة ابن هشام، ج٣، تحقيق: محمد محي الدين، ص٢٧٢.

٤٦٥- الحاقة/ ١٩، ٢٥، ٢٦.

٤٦٦- التاج، ج٥، ص٣٧٥.

٤٦٧- سەرچاوەى پێشوو، ل٣٧٧-٣٧٨.

٤٦٨- آل عمران/ ١٣٣.

٤٦٩- آل عمران/ ١٣١.

٤٧٠- البقرة/ ٣٨.

٤٧١- حاشية اتمام الدراية لقراء النقاية، ص١٥٠./ شرح العقائد المحشى، ص١٨٦-١٨٧/ الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٨.

٤٧٢- الشرح الجديد لجوهرة التوحيد، ص١٣٨.

٤٧٣- ديوانى مەحوى، ل٣٩٥.

٤٧٤- خوا لە قورئاندا دەفەرمووێ(ان الله وملائكته يصلون على النبي يأيها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما) الاحزاب/ ٥٦، ئەم سەلەوات لێدانەش بەمەبەستى دەرخستنى مەزنيى پێغەمبەرە، بۆيە هەر کەناوى پێغەمبەر ببيسترا پێويستە سەلەواتى لەسەر لێ بدرێ، هەروەکو دەفەرمووێ«البخيل الذي من ذكرت عنده فلم يصل عليي» التاج، ج٥، ص١٤٥.

٤٧٥- ديوانى مەحوى، ل٤١٩.

٤٧٦- الاسراء/ ٨٥.

٤٧٧- النجم/ ١١.

٤٧٨- طـه/ ١-٢.

٤٧٩- لەبارەى زوهدى پێغەمبەرەوە عائيشەى خێزانى شەوێکيان دەبينێ کە خەريکى شەونوێژو دوعاکردنە، لێى دەپرسێ«لم تصنع هذا يارسول الله وقد غفرالله لك ما تقدم من ذنبك و ماتأخر؟ فقال: افلا احب ان اكون عبداً شكوراً؟!» مدخل الى التصوف الاسلامي، د. ابو الوفا التفتزانى ص٥٢.

هەروەها (ابن عباس) دەگێڕێتەوە کە خوا فريشتەيەکى ناردە لاى پێغەمبەرو پێى گوت: دەتەوێ ببيە پێغەمبەر يا فريشتەيەکى پێغەمبەر؟ «فاشار جبريل الى رسول الله ان تواضع فقال: رسول الله بل اكون عبداً نبياً» شمائل الرسول، ابن كثير، ص٨٦.

هەروەها خواى گەورە داواى لە پێغەمبەر کردووە کە خۆى لەگەڵ ئەو کەسانە رابێنێ کە شەوو رۆژ لە خوا دەپاڕێنەوە نەک دنيا پەرستەکان«واصبر نفسك مع الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ولاتعد عيناك عنهم تريد زينة الحياة الدنيا، ولاتطع من اغفلنا قلبه عن ذكرنا



واتبع هواه وكان امره فرطاً». الكهف/ ٢٨.

٤٨٠- ص/ ٨٦.

٤٨١- ديوانى مەحوى، ل٤٢١.

٤٨٢- القلم/ ٤.

٤٨٣- ديوانى مەحوى، ل٤٢٢.

٤٨٤- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٣.

٤٨٥- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٨.

٤٨٦- فرهنگ لغات واصطلاحات وتعبيرات عرفانى، ص١٥٤.

٤٨٧- جلال: «عبارت از احتجاب حق است از بصائر وابصار»، فرهنگ لغات واصطلاحات وتعبيرات عرفاني، ص١٥٣.

٤٨٨- عالم جان: «مقام الوهيت ومرتبت اسماء است» فرهنگ لغات واصطلاحات وتعبيرات عرفاني، ص٣٢٧.

٤٨٩- الاعراف/ ١٤٣.

٤٩٠- ديوانى مەحوى، ل٤٣٠.

٤٩١- المجموعة النبهانية في المدائح النبوية، ج١، ص٧٨.

٤٩٢- المدائح النبوية بين الصرصرى و البوصيرى، د. مخيمر صالح، ص٢٦.

٤٩٣- حاشية السيرة النبوية والاثار المحمدية للسيد احمد زينى دحلان على كتاب السيرة الحلبية، ج١، ص٤٤.

٤٩٤- ديوانى مەحوى، ل٤٢٤.

٤٩٥- سەرچاوەى پێشوو، ل٤٢٥.

٤٩٦- القلم/ ٤.

٤٩٧- پێغەمبەر لە ژيانيدا زۆر رقى لە درۆ بوو، هەر کە مانگى رەمەزان دەهات هەرديلێکى لابوايە ئازادى دەکردو هەر دەرۆزەکەرێ بهاتبايە پێش ماڵەکەيان نائومێدى نەدەکرد، هەميشە لەسەر جێ بەجێ کردنى کاروبارى خەڵکى زۆر بە ئارام بوو، بگەيشتايە هەرکەسێ دۆقەى لەگەڵ دەکرد و تا ئەو دەستى دەرنەهێنابايە پێغەمبەر دەستى نەدەکێشايەوە، تائەو رووى وەر نەگێڕابايەوە نەرۆيشتايە پێغەمبەر نەدەرۆيشت الطبقات الكبرى، ج١، لابن سعد، دار بيروت للطباعة والنشر ١٩٨٠، ص٣٧٧-٣٧٨.

لەبارەى کۆڕو دانيشتنى، زۆر بەسادەيى لەگەڵ هاوەڵانى دادەنيشت و«لە کۆڕدا شوێنى تايبەتى نەبوو، لە هەرشوێنێکى جێگاى بۆش هەبوايە لەوێ دادەنيشت و گفت و گۆى لەگەڵ هەموو دانيشتوان دەکردو هەريەکە بە گوێرەى خۆى لەگەڵى دەجوولايەوەو قسەى لەگەڵ هەريەکێ بکردايە واى، دەخستە دڵيەوە کەلەو بەرێز تر لەلاى پێغەمبەر نييە و هەر داوايەکى لێ بکرابايە جێ بەجێى دەکرد ياخود بەوتەيەکى خۆش دڵى دەدايەوە، لەسەرخۆو هێمن بوو، توندوتيژ نەبوو». الطبقات الكبرى، ص١٥٣./ شمائل الرسول ابو الفداء اسماعيل بن الكثير، ص٥٣.

٤٩٨- ديوانى مەحوى، ل٤٢٩.

٤٩٩- شرح العلامة الباجورى على متن الشمائل المحمدية للترمذى، ط١، مصر،

١٣٤٤هـ، ص٨٥.
٥٠٠- الطبقات الكبرى، ج١، ابن سعد، ص٢٢٧-٢٢٩.
٥٠١- ديوانى مەحوى، ل٤٤٢.
٥٠٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣.
٥٠٣- بڕوانه ديوانى مەحوى، ل٤٤٤.
٥٠٤- ديوانى مەحوى، ل٤٥٢.
٥٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٣.
٥٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٤.
٥٠٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٦.
٥٠٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٦.
٥٠٩- ديوانى نالى، مەلاعەبدول كەريمى مودەڕيس، ل١٠٧.

# بەشی چوارەم

## سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەحویدا

**سەرەتا:**

بەرلەوەی بچینە ناوباسەکەوەو لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی بکۆڵینەوە وای بەپەسەند دەزانین کورتەیێ لەو نووسینانە بخەینە بەرچاو کە ئاماژەیان بۆلایەنی سۆفیگەریی مەحوی کردووە، تابزانین تاچ رادەیەک مافی شایانی خۆیان داوەتێ و ئەسپی خامەیان لەو مەیدانە کاکی بەکاکییەدا چەند بڕی کردووەو خۆی تاوداوە؟

بەزیادەڕەوی نازانرێ ئەگەر بگوترێ مەحوی تاقە سواری مەیدانی شیعری سۆفیگەریی کرمانجی خوارووەو هیچ شاعیرێ تۆزی بەرپێی نەشکاندووەو بووەتە پێشرەوی ئەو لایەنەو شاعیران لە دوای خۆیەوە چاویان لێی کردووە و بووەتەڕێ پیشاندەریان، کەوابوو شایانی ئەوەی هەیە کە چەندەها لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسرابێ و بنووسرێ، بۆیە ئێمەش بەپێی توانای خۆمان هەوڵ دەدەین ئەو نووسینانە هەڵ بسەنگێنین و بەدیاریان بخەین تا چەند بەبڕشتن.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەلێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە مەحوی سەرەتا لەگۆشەگیری هیچی دەست نەکەوت و دوایی (کەوتۆتە سەر ئەو باوەڕەکە تاجۆش و خرۆشێکی نەبێ ناگاتە رووی ئازیزان)[1].

سەرکە جۆشێکی نەبێ من زڕ کە تاڵم بۆ چییە
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چییە[2]

بۆیە پێی ناوەتە مەیدانی عەشق بازان و بە(بێ ئیختیاری شەرابی عەشقی شاعیران ئەخوا تەوەو مەحوی ئەکا بەنازناوی شیعری)[3]. سەجادی لەو باوەڕەدایە کە تەنیا سۆزی مەعنەویات مەحوی کردۆتە عاشق بێ ئەوەی (دڵی کردبێ بەهێلانەی خەیاڵی روومەت گوڵان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە)[4].

مامۆستا سەجادی جگە لەوەی لە چەند نموونەیەکدا ئاماژە بۆلایەنی سۆفیگەریی شیعری مەحوی دەکا، لەکۆتاییشدا نموونەیەک لە شیعری زوهدی دەهێنێتەوەو[5] **دەڵێ:**



دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، بڕۆ
کێ مایەوە تیا، کە نەبووبێ تیا، ترۆ[6]

بەڵام، نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە سەجادی ئەو کلیلەمان ناداتە دەست کە بەهۆیەوە بزانین کامە شیعر سۆفیگەرییەو کامەی زوهدە؟ سەرەڕای ئەمەش دەستنیشانی ئەوەی نەکردووە کە شیعری زوهد سەرەتای شیعری سۆفیگەرییەو لەوەوە رێچکە هەڵدەبەستێ، جگە لەمەش تێمان ناگەیەنێ کە مەحوی لەچ پلەیەکی سۆفیگەری دابووەو سەر بەکام رێبازی سۆفیگەری بووە؟

کاکەی فەللاح لە بارەی سۆفیگەریی مەحوییەوە دەڵێت: (شاعیر زانایەکی موتەصەویف بووە)[7]، دەبوایە لە جیاتی (متصوف) بیگوتبایە (سوفی)، چونکە موتەسەویف ئەوە دەگەیەنێ کە مەحوی سۆفی نەبووەو خۆی هێناوەتە سەر شێوەی سۆفییەکان.

نووسەر لەلایەنی سۆفیگەریی مەحوییەوە تەنیا چەند نموونەیەکی شیعریمان دەخاتە بەرچاو کە بریتین لەبێ نرخی ژیانی جیهان و دوژمنکاری کردنی نەفس، بێ ئەوەی پلەی سۆفیگەریی شاعیرمان نیشان بداو پێمان رابگەیەنێ کە خۆشاوی چ دەریایەکی سۆفیگەریی نۆش کردووە و بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟

لە بارەی عیشقەکەی مەحوییەوە، نووسەر چەند بەیتێکی جوانی بەنموونە هێناوەو عیشقە مەزنەکەی مەحویی تێدا روون کردۆتەوە (بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتی پێزانینی خۆشەویستەکەی بکات، لەمەش زیاتر پێدا ئەگرێت و هاوارو سکاڵای گەرمی لەدەست ئەوەیە کە خۆشەویستەکەی لەسەری هەزاران عاشقی داوە، کەچی ئەم لەشەرەفی ئەو کوشتنە بێ بەش و رەنجەڕۆ ئەکات)[8] هەروەک دەڵێ:

لە ئاوی تێغی هەرزامێ بوو ئاوا
برینی من نەبێ هەروایە وەیران[9]

لەلایەکی تر بۆمان دەردەخا کە مەحوی هەرچەندە لە جیهان زۆر بێزاربووە، بەڵام بێزارییەکی کاتی بووە هەروەک **دەڵێت:**

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردەپووش
تازەم درەختی طوولی ئەمەل دەردەکا چرۆ[١٠]

عەبدوڵڵا ئاگرین لە کۆمەڵە دەستنووسێک و چەند لێکۆڵینەوەیەکیدا کە لەسەر مەحوی بڵاوکراونەتەوە بەدووورودرێژی باسی هەندێ لایەنی شیعرەکانی دەکات، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت و بتوانین پێی لەسەر دابگرین لایەنە سۆفیگەرییەکەیەتی کە نووسەر لەو باوەڕەدایە (کە مەحوی وەک سۆفییەک قۆناغ و پلەکانی تەسەوفی بڕیوە، هەر لە (فناء في الشيخ) و دوای تر (فناء في الله) کە دوا پلەو قۆناغی خۆتوانەوەیە لەو فەلسەفەیەدا)[١١].

ئەوەی راستی بێ دیاریکردنی پلەو قۆناغەکانی سۆفیگەریی مەحوی ئەوکاتە گەلێ سوودمەند دەبوو ئەگەر لەگەڵ هەر قۆناغێک چەند نموونەیەکی لە شیعرەکانی بهێنابایەوەو بەبەڵگەی دیار بۆچوونەکانی چەسپاند بایە.

ئینجا نووسەر بەرەو جەنگەکەی رووسیاو ژاپۆنمان دەبات لە ١٩٠٥ز وەدەیخاتە ناو چوارچێوەیەکی سۆفیگەرییەوەو جۆرە پەڕجووێ نیشاندەدا و پێمان رادەگەیەنێ کە لە هەموو کاتێ هۆ کاریگەرنییەو هەرچی هەیەو بەهێزو توانایە هەر خوایە (مسبب) بۆیە دەبێ هەر پشت بەو ببەسترێت[١٢]، لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**

هەرچی هەیە موسەببیبە، باقێکە فانییە
بەندەی یەکێ بە، بەس ببەرە عەبدی صەد هەزار[١٣]

لێرەدا جۆرە توانەوەیەکی مەحوی لەناو هێزو توانای خوادا بەدیاردەکەوێت و بێز لە هەموو بەرجەستەیی دەکاو بەنەبووی دێتە بەرچاو و بەندایەتی هەر شایانی خوا دەبینێ و بەس.

نووسەر ئەم غەزەلەی خوارەوەی لەسەرەتای شیعری مەحوی دادەنێ و بەلای ئەوەوە دڵداری مەجازییە:

بیبیێ یا نەیبیێ، من دادو بێ دادێ دەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاه و فەریادێ دەکەم[١٤]



بەڵام گەر تۆزێ لێی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پەیوەندیی بەڵداریی مەجازییەوە نییەو بەرەو حەقیقییەکە دەڕوات، چونکە شاعیر دەیەوێ لەپێناو ئەم عیشقەدا بمرێت و خۆی بەشاگردی پەروانەو بولبول داناوەو بەردەوام دەناڵێنێ و خۆی بەجوانیی رووی چرا ئاسای رابەرەکەی دەسووتێنێ و دەیەوێ ئیسفەندیاری نەفسی بەراوو تەگبیری پیری تەریقەت بکوژێت و داوای یارمەتی لێدەکات بۆ ئەم جەنگە قورسە، کەوابوو کوشتنی نەفس بۆ مەسەلەی توانەوەیە لە خوداو مەحویش پیربووەو سەفەرێکی دووری لە پێشە کە مردنەو پێویستی بە زادی لە خوا ترسانە، ئەمەش چەند بەیتێکە لەو غەزەلە:

دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یابولبول بووە
بیگەمێ یا نەیگەمێ هەرمەشقی ئوستادێ دەکەم[١٥]
کوشتنی ئیسفەندیاری نەفسە بەستەی رایی پیر
گەر مەدەد کا یا نەکا، لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم
بەم نزیکانە لەبەرمە (مەحویا) رێگێکی دوور
بێتە دەستم، یانەیێ، هەرکۆششی زادێ دەکەم[١٦]

سۆران مەحوی لەباسەکەیدا سۆفییەکان دەکاتە دووبەش:

١- موتەسەویفی ئیسلاحی: ئەوانەن کە بەرووکەشی دەڕواننە جیهانی سۆفیگەری و بەرهەمەکانیشیان هێندەقووڵ بوونەوەی تێدانییە.
٢- موتەسەویفی یاخی بوو: بەقووڵی و وردی دەڕواننە سۆفیگەری و سەرەتا لە خۆیان دوایی لە کۆمەڵ یاخی دەبن و بەرهەمەکانیشیان رەنگدانەوەی واقیعەکە یانە، ئینجا بەپاڵپشتی نموونە شیعرییەکان مەحوی دەخاتە خانەی سۆفییە یاخی بووەکان و ئەمەش چەند نموونەیەکە:

ئەمینی شێتییە مەحوی، لەمەکری نەفسی ئەممارە
مەگەر رەحمی خودا، دەم بەستی کا، ئەم مارە ئەنگێوە[١٨]

ئالێرەدا مەحوی لەخۆی یاخی بووەو دژی نەفسی بەد خۆی وەستاوەو پەنا دەباتە بەر خوا بۆ رزگاربوون لەدەستی.

بەڵام لەبارەی واتای ئەم بەیتەی خوارەوە:

حاڵە بەدحاڵی لە شوێن و ماڵە وێرانی لەدوو
(مەحویا ) گەر ئەهلی حاڵی ماڵ و حاڵم بۆچییە[١٩]

ئێمە لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس و سۆران مەحوی نین، بەڵکو بەیتەکە لەمە زیاتر هەڵدەگرێ و مەحوی کەوتۆتە ناو حاڵی سۆفیانەوە بۆیە ئاگای لە جیهانی ماددی نەماوەو ماڵی وێران بووە، دوای ئەمە هەرخۆشی دەڵێ: مەحوی خەم لە ماڵوێرانی جیهان مەخۆ تۆ ئەگەر ئەهلی حاڵی و لەوانەی کە خوا ئەم نیعمەتەی پێ بەخشیوی، چونکە حاڵ بەخششێکی خواییە بۆ سۆفی.

ئینجا نووسەر دێتە سەریاخیبوونەکەی مەحوی لەکۆمەڵ و( روو لە خەڵکی و لەکۆمەڵ دەنێ و داوای ئەوەش لەوان دەکات، کە ئەوانیش یاخیبن و پشت لە دنیا ویستی بکەن)[٢٠].

چییە ئەم هەمو تەنتەنەو من منت
ئەوەندە چییە، فەخروبەخ کردنت
بەرۆچوونی ئاوێ دەکەی زیندەگی
بەدەرچوونی بایەک دەبێ مردنت[٢١]

دەمانەوێ ئەوەش ڕاست بکەینەوە کە (شێخ حەسەنی بەسری) سۆفی نەبووە[٢٢]، چونکە سۆفیگەری لەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە پەیدابووەو تەنیا پیاوێکی زاهیدبووەو لە ١١٠ک مردووە.

د. مارف خەزنەدار لە بارەی سۆفیگەریی مەحوییەوە چەند خاڵێکی گرنگی دەستنیشان کردووە کە لەباسی نووسەرەکانی تردا دەست ناکەوێ و بەووردی و چڕی بۆ بابەتەکە چووە، لەوانەش (مەحوی وەکو شێخێکی تەریقەتی نەقشبەندی باوەڕی بەتێکەڵکردنی تەریقەت لە پێناوی شەریعەتدا نەک پێچەوانە)[٢٣].

ئەم تێکەڵکردنەش وانەبێ لە داهێنانی مەحوی بێ بەڵکو هەموو سۆفییەکانی سەر بەسۆفیگەریی سوننی بڕوایان وایەو غەزالی یەکەم



سەرکردەیانە کە توانی شەریعەت و سۆفیگەری بگونجێنێ و بەرەو تاکە ئامانجێکیان ببات.

جگە لەمە د. مارف بۆ ئەوەش چووە کە مەحوی سەرەڕای پابەندبوونی بەدەستوورەکانی شەریعەت جاروبار (وەکو شاعیرێکی چاک سوودی لە سۆفیزم یاخود شیعری سۆفیزمی ئیسلامی پێش خۆی وەرگرتووە، هەندێ شیعری دەچێتە ناو بیروباوەڕی سۆفیزمی کۆزموسی لەڕووی تیۆرییەوە لەگەڵ سۆفیزمی ئیسلامیش دەگونجێ)[٢٤]، هەروەها نووسەر ئاماژە بۆ پایەی بەرزی مەحوی دەکات لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی و دەیکاتە هاوشانی شاعیرە مەزنەکانی سۆفیگەری ئیسلامی، چونکە (توانیویەتی بەرهەمێکی ئەوتۆ دابێنێ لەڕووی ڕەمزی سۆفیزمی و ئیستێتیکی ڕۆمانتیزمییەوە بەرامبەر بەرهەمە گەورەکانی سۆفیزمی ئیسلامی بوەستێ و ببێ بە (مطلق) وە لەلایەن هەموو کەسێکیشەوە چێژی لێ وەربگیرێ و بەچاوێکی بەرز تەماشا بکرێ)[٢٥].

د. مارف بەهۆی چەند بەیتێکەوە توانیویەتی یەکێتییەک پێک بێنێ لەنێوان مەحوی و کردگاردا هەروەکو یەکێتییەکەی عومەری کوڕی فاریز کە بریتی بوو لە (یەکێتی نێوان خودی دڵدارو خودی دڵبەردا، یاخود لە نێوان مرۆڤ و خوادا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی بریتی بوو لەنێوان یەکبوونی خواو شوێنەوارەکانی لەگەڵ جیهانی بەرجەستەدا، بەڵام لە هەردووباردا ئەم یەکبوونە حاڵەتێکی دەروونییەو لەکاتی سۆزدا (وجد) ڕوودەدات))[٢٦]، بەڵگەی نووسەریش بۆ ئەم توانەوەو یەکبوونە ئەم بەیتانەیە:

بەبێ بەزمی حوضووری تۆ حەرامم کردووە بادە
نەوەک بشکێ بەنەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی[٢٧]
کە هەڵگیرسا لەنووری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چبکا؟؟[٢٨]

لە بارەی ئەم توانەوەیەوە د. مارف دەڵێ: ((پرتەو هی کردگارە دڵی شاعیر دەبێ لەناو ئەو پرتەوەدا بتوێتەوەو یەکێتی دروست ببێ))[٢٩].

هەر لەبارەی ئەم یەکێتییە نووسەر وای بۆ دەچێ کە مەحوی لەم بەیتەدا (هەیاسی کردووەتە رەمزی بوون و هەوڵ دەدا یەکێتی لەگەڵا دروست بکا))[٣٠]، **مەحوی دەڵێ:**

ئیعجازی عیشقە مەنشەئی هەر موعجیزێکی حوسن
مەحموودە، بەندە، بۆیە بووە پادشا ئەیاز[٣١]

دوای ئەم توانەوەو یەکبوونە لەنێوان مەحوی و خودادا د.مارف ئاماژە بۆ ئەو نهێنییە دەکا لەنێوان مەحوی و پەروەردگاردا هەیە ((چونکە پرتەوی کردگار نهێنیەکە لەنێوان عاریف و مەحبووب نابێ بیدا بەکەس))[٣٢]، مەحوی دەڵێ:

گەر تێ بگەن لەگەوهەری دڵدا چ مەوج ئەدا
ئەم شەوچراغە لەم شەوەدا کەس دەدا بەکەس[٣٣]
حەق بێژییەک گوناهیە مەنصوورو، حەقمە من
ئەم قەطعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بەکەس[٣٤]

د.مارف رای وایە کە تەریقەت و شەریعەت جیان، بۆیە لەم بەیتدا مەحوی وەکو واعیزێ داناوە نەک سۆفی:

رێگەی هودا طەریقەتی عیشقە دە(مەحویا)
وەرن و پیا برۆن و (صلوا علی الرسول)[٣٥]

بەباوەڕی ئێمە ئەم بەیتەی سەرەوەی مەحوی ئاماژەیە بۆ ئایەتی ((قل ان کنتم تحبون الله فاتبعونی یحببکم الله))[٣٦]، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو بیروباوەڕەی کە دەڵێ: ((الصوفی لامذهب له))[٣٧] بیروباوەڕێکی دوور لە ئیسلامەو سۆفیگەریی ئیسلامی رووی ناوەوەی ئیسلامە هەروەک چۆن شەریعەت رووی دەرەوەیەتی چونکە ((ئایینی تەواو دوو رووی هەیە، شەریعەت و تەریقەت، چۆن زاناکان لە شەریعەت چەندەها حوکم هەڵ دەهێنجن، هەر بەم جۆرەش سۆفییەکان حوکم و کردەوەکانی دڵ لە تەریقەتی سۆفیگەری هەڵ دەهێنجن))[٣٨].

خورشید رەشید لە باسەکەی خۆیدا دانی بەوە داناوە کە مەحوی شاعیرێکی



سۆفی مەزنەو توانیویەتی فەلسەفەی سۆفیگەری بەشیعرەکانی دەرببڕێ و (خۆشی بووە بەگوڵدەستەی کۆڕی مەینۆشان و عەشقی خوایی و ئامانجی سۆفیەتی هێناوەتە دی ئەم فەلسەفەیەی زۆربەرروونی لەم چەند بەیتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت)[٣٩]، **مەحوی دەڵێ:**

تێ دەگا هەرکەس بکا فەهمی رومووزی مەعنەوی
هیجرو وەصڵە نارو جەننەت ئایەتی ((لایستوی))[٤٠]
کێوی غەم، وادی جەفا، طەی کردنە ئەشراطی عیشق
باکی هەورازو نشێوت کەی دەبێ گەر رەهڕەوی[٤١]

نووسەر هێندە لە مەسەلەکە وردنەبۆتەوە، تەنیا هەروەکو ئاوڕدانەوەیەک بۆی چووەو لە لێوارەکەی گەڕاوەتەوە.

محەمەد ئەمین حوسێن لە نووسینەکەیدا دان بەوە دادەنێ کە مەحوی سۆفییەکی مەزن و خودان عیشقێکی لەبن نەهاتووبووە، بۆیە نازناوی مەشویی بەمەحوی گۆڕیوەتەوە تاوەکو لەگەڵ ئەڤینە گەورەکەیدا بگونجێ.[٤٢]

نووسەر رای وایە کە مەحویش یەکێکە لەو شاعیرە سۆفیانەی کە تورکەکان بۆ خۆیان پێیان گەیاندبوو، کەچی لێیان یاخی بوو و عەیب و عاریانی ئاشکراکرد[٤٣]. لەم بارەوە، **مەحوی دەڵێ:**

لە عاریف عامییەک پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەصاب
بەئەنگوشتی شەهادەی کرد، ئیشارەی مەحکەمەو نائیب[٤٤]

بەڕای نووسەر مەحوی لە داڕشتنی غەزەلەکانیدا لە دوولایەنی ئایدیالییەوە بۆی چووە هەرکە خوا پەرستەکان دەیان خوێننەوە بەلای ئایدیالییان دەبەن، ماتریالییەکانیش بەلای ماددی و هەردوو جیهانە کە دەکاتە تەواوکەری یەکتری و ئینجا زۆر شارەزایانە لەهەردوو جیهانەکەدا پلەی بەرزی و نزمی دیاری دەکات و لەرێبازی عیشقەکەیدا لاسایی مامۆستایان دەکاتەوە[٤٥]. **مەحوی دەڵێ:**

دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە
بیگەمێ، یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم[٤٦]

هەروەها لە باسێکی تریدا پەیوەندیی نێوان مەحوی و هەللاج دیاری دەکاو روونی دەکاتەوە چۆن مەحوی هەلاج، دەکاتە نیشانەی حەق بێژی ((دژی رژێم و خوارو خێچی زەمانە، بۆیە هەللاج بەو شێوەیە لە هەموو ئەو هۆنراوانەدا دەردەکەوێت کە باس لە حەق و حەق بێژی دەکات، وە هەمیشە بێ باکیش بووە لەو ئەنجامەی کە هەللاجی پێگەیشتووە))[٤٧]، **مەحوی دەڵێت:**

هەتا حەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنظوور
وەکو مەنصوور ئەگەر بمکەن بەدارا[٤٨]
لەحەق بێژی بووە بەحری«انا الحق» هەر قەصیدێکم
لەباتی جائیزە واجب گەرا قەتڵم بکەن واجب[٤٩]

لێرەدا مەحوی خۆی وەکو هەللاج دێتە بەرچاو لەحەق گوتنا و چاوەڕێی هەمان ئەنجامی ئەویش دەکا، چونکە«زۆر بەچاکی لە رژێمی فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە گەیشتووە کە پاداشتی راست بێژان هەرسزاو ئازار و کوشتنە ئەمەش مۆری تاوانەکە دەینێ بە نێو چەوانی رژێمی عوسمانلییەوە»[٥٠].

* * *

مامۆستا حەسیب قەرەداغی دوای ئەوەی روونی دەکاتەوە کە سۆفیگەریی ئیسلامی زادەی ئایینی ئیسلامە و سەربە بەرەی فەلسەفەی میتافیزیکییە، ئینجا دێتە سەر کرۆکی سۆفیگەری کە خۆشەویستی و عەشقی سۆفیگەرییە و روونی دەکاتەوە کە«خۆشەویستی و عەشق کرۆکی سۆفێتییە، هەرچی بیروباوەڕی سۆفێتی هەیە هەمووی بە دەوروبەری خۆشەویستی و عەشقدا تەنراوە»[٥١]، هەروەکو **مەحوی دەڵێت:**

لەبەر دەرگاهی عیشقا، یەکسەرە هەرکەس سەری دانا
ئەگەر پەتیارە یەک بوو، بوو لە سەد عەللامە داناتر[٥٢]

هەر ئەم خۆشەویستی و عیشقەیە کە سۆفی دەگەیەنێتە ئەنجام، «چونکە خۆشەویستی و عەشق بۆ چوونن بۆ توانەوە لە زاتی خۆشەویستدا کە



خوایە»[٥٣].

دوای ئەمە دێتە سەرمەسەلەی سێکس و مەی لای سۆفییەکان، لەبارەی سێکسەوە باسی هەندێ سۆفییەکان دەکا کە دڵیان بە لاوی خەت نەداو بەندە و گرفتاری بوونە، لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم دیاردەیە شتێکی گشتی نییەو تاک و تەراووی داوە، رووداوەکەش مەرج نییە لایەنێکی سێکسی رووت بێ و لەوانەیە سۆفییەکە وای بۆ چووبێ کە جوانی خوا لەو لاوەدا بەرجەستەیە، لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە ئەم عیشقە بۆ مەسەلەی حەزرەتی ئادەم بگەڕێتەوە کە حەووا لەوەوە پەیدا بووەو ئەم عیشقە مەجازییەش بەرەو کانگای خۆی بگەڕێتەوە کە نەژادی نێرە.

لەبارەی مەیەوە«ئەمە دیاردەیەکی کۆنەو هەندێ لە سۆفییە- اباحی-یەکانی وەکو(مطاوعە و قلندری) بەدزی نۆشیان دەکرد و دوای ئەمە مەی بووە هێمایەکی عیرفانی بەتایبەتی کە دەکەوتنە ناو سۆزی دەروونییەوە، لەلایەکی تریشەوە مەی لە شیعری سۆفییەکاندا هێمایە بۆ خۆشەویستی خوایی، چونکە ئەم خۆشەویستییەیە کە دەبێتە هۆی سوز و(وجد) سەرخۆشی»[٥٤]، مەحویی سۆفی لەم بارەیەوە **دەڵێ:**

لەمەیخانە خودا گەر ئێمە دەرچین
بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆ کیهە دەرچین؟[٥٥]

عەبدوڵڵا قەرەداغی توانیوێتی لە چەند لایەنێکەوە بەرەو دەریای بێ پایانی سۆفیگەریی مەحوی بێت و چەند وردەکارییەک بەدەستەوە بێنێ و هەندێ لەوانە وەکو پرسیارێک ماوەتەوە و هەندێکیش بە نموونە شیعرییەکانی مەحوی پاڵپشت کردووە، ئێمەش بەپێی توانا دەست لەسەر خاڵە گرنگەکانی دادەنێین و ئەگەر توانیمان لایەنە تەماوییەکانیشی روون دەکەینەوە.

نووسەر بۆ ئەوە چووە کە مەحوی یارێکی هەیەو ئافرەتیشە، واتا«مرۆڤێکە و ئەگەر مرۆڤ نەبێ بۆ چی باسی زوڵف و برۆو برژانگ و... دەکات، ئەگەر مرۆڤیش نەبێ دەبێ چ هۆکارێک بێ ناچاری کردبێ بیخاتە چوارچێوەی

خاسیەتەکانی مرۆڤەوە؟»[٥٦].

هەرچەندە یارەکەی مەحوی لە شێوەی ئافرەت دایە، بەڵام ئەو ئافرەتە ڕەمزێکەو بەرەو خوارێچکە دەکات، واتا: مەحوی وەکو گەلێ لە شاعیرە سۆفییەکانی تر دەیەوێ لە عیشقی مەجازییەوە بەرەو عیشقی حەقیقی خوایی هەنگاو بنێت، ئەم ڕەمزی مێ یینەش لە شیعری سۆفیگەریدا مێژوویەکی دێرینی هەیەو خودان سروشتێکی خوایی داهێنەرە، چونکە ژن لەپیاو خولقاوەو پیاویش بە فەرمانی خوا پەیدابووە.

لە کۆنەوە لای«میسرییەکان(ایزیس) وەکو خوای دایک دەپەرستراو ئەم پیرۆزییەش گەیشتە(عشتار)و لەوێشەوە بۆ(مریم) لە ئایینی مەسیحیدا کەبووە شوێنی کەلیمەی خواو عیسای لێ پەیدابوو»[٥٧].

لەراستیدا ڕەمزی ئافرەت لە شیعری سۆفیگەریدا سەرەتا لە شیعرەکانی مەجنوونەوە سەری هەڵدا، مەجنوونیش جۆرە شێتییەکی هەبوو کە لەگەڵ سۆزو نیستی(فنا) سۆفییەکاندا یەک دەگرێتەوە، کەوابوو شێتی قەیس بە جۆرە ئاکارێکی سۆفییانە دەزانرێ و ڕەمزێکە بۆ دڵدار کە لەناوخودی دولبەردا تواوەتەوە، هەرکە قەیس دەیگوت: من لەیلام (انا لیلی)[٥٨] هەر هەمان گوتەی هەلاج دەگەیەنێ(انا الحق)، چونکە هەردووکیان لەناو بوونی خۆشەویستەکانیاندا تواوبوونەوە[٥٩].

بەم شێوەیە یارەکەی مەحوی کە وەکو ئافرەتێ خۆی نیشان دەدا دەیگەیەنێتە خوا، چونکە سیفەتەکانی خوای هەیەو لە ئادەم خولقێنراوە(ان الله خلق آدم علی صورته)، جگە لەوەش خۆشەویستی نێوان پیاو و ژن لەوەوە هەڵقوڵاوە کە لەیەکترییەوە پەیدابوونە و بەرەو خواییە کە دەڕۆن چونکە بەشێکن لەو«ان الله احب من خلقه علی صورته واسجد له ملائکته النوریین، ومن هناك وقعت المناسبة بین الرجل والمرأة کما بین الحق والرجل والصورة اعظم مناسبة واجلها واکملها، فانها شفعت وجود الحق کما کانت المرأة شفعت بوجودها الرجل فصیرته زوجاً، فظهرت الثلاثة، حق ورجل والمرأة، فحن الرجل الی ربه الذی



هو أصله حنین المرأة الیه»[٦٠].

ئینجا نووسەر دێتە سەرسروشتێکی تایبەتی غەزەلەکانی مەحوی کە «سیانەی عیشق و عاشق و دەربەدەری»[٦١] یان تێدایە، بۆ نموونە:

لە پێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەدەسی عیشق
ببی بە شێرو مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست[٦٢]

لێرەدا عیشق لە بەشی یەکەمی بەیتەکە هەیەو عاشیقیش بریتییە لە(ببی بەشێر)، دەربەدەرییەکەش دەست لە جیهان هەڵگرتنە، ئەمەو چەند نموونەیەکی تری دەستنیشان کردووە.

دوای ئەمە نووسەر شێوەی دەرکەوتنی یاری مەحویمان بۆ دیار دەکاکە بە«چەند شێوە دەرکەوتنێکی یار هەست پێ دەکرێ و شێوەیەکی بریتییە لە کورتیی ماوەی دەرکەوتن»[٦٣] بۆ نموونە:

ئەزیەتم کەمتر دەدا دا ڕۆژی حەشر
زۆری ڕانەگرن لەگەڵ من بۆ حیساب[٦٤]

شێوەیەکی تر بریتییە لە دەرکەوتنی بەشێکی یار[٦٥]، بۆ نموونە:

وتم: ئەو خاڵە چ بوو هەرکەڕەتێک دەرخست
وتی: داغێ بوو بەجەرگ و بەدڵی«مەحوی» ما[٦٦]نا

لەچەند شوێنێکی تردا دەرکەوتنی یار عاشق دەگەیەنێتە ئەو پەڕی پلەی سۆز و توانەوەو نیستی[٦٧]، بۆ نموونە:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەوڕۆژە تۆبڕوا
کەخۆ دەرخەی وەکو خۆر، دڵ وەکو شەونم لەخۆبڕوا[٦٨]

ئینجا دەربەدەری لەسیانەی مەحوی ڕەش دەبێتەوەو«لە ئەزموونی شاعیردا تەنها مەعشووق و عاشق دەمێنێتەوە»[٦٩]، بۆ نموونە:

لەسەرتۆ بوومە پەندی عالەمێ وتم و، وتی: مەحوی
بەس بێ موشریکی، بەس، یا لەدنیا یا لە من لادە[٧٠]

دوای ئەمە عاشقیش لەناو مەعشووقەدا دەتوێتەوەو هەر مەعشووقە

دەمێنێتەوە، «ئەزموونە کە ئەزموونی یەکتاییەو بەردەوامە لەڕەتکردنەوەی شتەکان لەرێگای گەیشتن بەیەکدا» (٧١)، بۆ نموونە:

غەیرەی وەحدەت لەوجوودا نییە، کەثرەت وەهمە
سادە تەکراری یەکە مەنشەئی ئەوهامی عەدەد(٧٢)

بەم جۆرە نووسەر بۆمان دەسەلمێنێ کە«یارەکەی مەحوی ئافرەت نییە، ئەگەر ئافرەت با ژیان ومان دەبووە مەبەست نەک توانەوە» (٧٣).

***

ئەمینی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی کە دێتە سەر سۆفیگەریی مەحوی ئەوە دەردەخات کە«مەحوی نەگەیشتووەتە پایەی کەماڵی تەریقەت، کەبریتی بێت لەئیرشادی موطلەق، بەڵکو خەلیفەیێ بووە لە خەلیفەکانی شێخ بەهائوددینی کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندی» (٧٤)، واتا: مەحوی پلەی رابەرایەتیی نەبووە. چونکە «ئەگەر مورشید بوایێ شێخەکەی ئیجازەی ئیرشادی ئەدایێ» (٧٥).

دوای ئەمە بەنموونەی شیعرییەوە بۆمان روون دەکاتەوە کە مەحوی ماوەیێ لە ژیانیدا رابەری تەریقەتی نەبووەو«بەدەمی خۆی هاواری بێ کەسی و بێ دەسی ئەکات لە گۆڕەپانی تەصەوفدا» (٧٦)، بۆ نموونە:

چبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلابە کەس
خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس(٧٧)

ئەم بێ رابەرییەش هەر لەمردنی شێخ بە هائوددینەوە بووە لە ساڵی ١٢٩٨ک تا مردنی مەحوی ١٣٢٤ک کە دەکاتە(٢٦) ساڵ(٧٨)، واتە: پێش ئەم مێژووە شێخ بە هائوددین رابەری تەریقەتی بووەو لەسەردەستی ئەودا بووەتە رێبواری سۆفیگەری.

ئینجا نووسەر دەستنیشانی هەندێ بەیتە شیعرمان بۆ دەکا کەسەر بە سۆفیگەرین و بەهۆی ئەو زاراوە سۆفیگەرییانەوە کە تێیان دایە دەتوانرێ



بخرێتە ئەم خانەیەوە بۆ نموونە:

کوشتنی ئەسفەندیاری نەفسە بەستەی رایی پیر
گەر مەدەد کا یانەکا، لەوشاهە ئیمدادێ دەکەم(٧٩)

لەم بەیتەدا (نەفس، پیر، مەدەد، ئیمداد، شاه) هەموویان زارەوەی سۆفیگەرین.

نووسەر بۆمان دەردەخا کە سۆفیگەرییەکەی مەحوی لەچوارچێوەی شەرع دایە و«ئەم رێگەی تەصەوفە کە بەرێگەی عیشق بە ناوبانگە سەرچاوەکەی لە پێغەمبەرو یارانییەوە هاتووە» (٨٠)، بۆ نموونە:

رێگەی هودا طەریقەتی عیشقەدە«مەحویا»
وەرن و پیا برۆن و(صلوا علی الرسول)(٨١)

نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە کە دوو مەقام لە مەقامەکانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەحویدا بدۆزێتەوە، بۆ نموونە:

دڵی بێ بارە، مایەی کارە، هەرکەس کاروباری خۆی
لەدونیادا مووفڧەق بوو بەدڵ تەفویضی باری کرد(٨٢)

ئەم بەیتە«دەست نیشانە بۆ مەقامی تەوەککول» (٨٣)، ئەم بەیتەی خوارەوەش ئاماژەیە بۆ مەقامی فەقر لە سۆفیگەریدا:

شوکری حەق بەردەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم
بەر دەروباری نەسولطان و نەشانیمە مەلاذ(٨٤)

***

عەبدول کەریم حەسەن عەبدوڵڵا لەوتارێکی دا بەسەردێری(گەوهەری فەلسەفەی تەسەوف لە گولزاری شیعری مەحویدا) باسی کورتەیەکی سەرهەڵدان و مەبەستی سۆفیگەریی کردووەو هەندێ راو بۆچوونی هەیە کە لەگەڵیدا نین، لەوانەش: رای وایە کە رێبازی یەکێتی بوون(وحدة الوجود) لەسەردەستی(ذو النون المصری ت٢٤٥هـ) سەری هەڵداوە(٨٥). بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەم

سۆفییە حاڵ و مەقامەكانی سۆفیگەریی دۆزییەوە ئەم ڕێبازەش دواتر(محي الدين ابن عربي ت٦٣٨هـ) بە دامەزرێنەری دادەنرێ لە ئیسلامدا هەرچەندە ئەم ڕێبازە زۆر لە مێژە هەیە.

دوای ئەوە نووسەر بەرەو سۆفیگەریی مەحوی دێ و چەند بەیتێ بەنموونە دێنێتەوەو فەلسەفەو بۆ چوونی مەحوی نیشان دەدا، بەڵام بەڕای ئێمە هەندێ لە بۆ چوونەكانی ڕاستییان نەپێكاوە.

نووسەر لەبارەی ئەم دوو بەیتەوە **دەڵێ:**

لوغاتی ئێمە ناڵەو ئاهە(قطعاً)
لوغەی واناگرێ (برهان قاطع)[٨٦]
كە تۆ دەركەوتی ناڵەو گریە جۆشا
نیە ئەم جیلوە غەیری بەرقی لامیع[٨٧]

«مەحوی شاعیر هاوار و ناڵەو خرۆشانی دڵ و دەروونی بە زوبانێك چوواندووە كە لە فەرهەنگی(برهان قاطع)دا نادۆزێتەوە.. واتا: زوبانی شیعری شاعیر ماناو واتای قووڵ و ڕەمزی لەخۆوە گرتووە بۆ ئەوەی خۆشەویستەكەی پێ بانگ بكات و...»[٨٨]، بەڵام لەڕاستیدا واتای ئەوەیە كە سۆفی لە حاڵی سۆزدا(جذبە) دەگاتە هەڵویستێكی وا ناتوانێ بە وشەی فەرهەنگی ئەوەی لە دەروونی دایە دەری بڕێ.

هەروەها لەبارەی ئەم بەیتەوە **دەڵێ:**

لەپاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم
كەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بە رقی تێ دەگرم[٨٩]

«لەباتی ئەوەی بڵێ: حەواڵەی خوایان ئەكەم... ئەڵێ: بەرقی تێ ئەگرم كە مەبەستی بەرق واتە نووری خوایە»[٩٠]، لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی جوانەكە دەڵێ«حەواڵەی خوایان ئەكەم» بەڵام «مەبەستی بەرق واتە نووری خوایە» بۆچوونێكی كزە و مافی خۆی نەداوەتێ، مەحوی لەم بەیتەدا بەرەو ڕاستییەكی زانستیمان دەبا كە پێكهاتنی برووسكە، برووسك لە بارگەی(شحنة) ساردو



گەرمی هەورپێك دێ و لە بەیتەكەش قسەی ساردی بەدكاران و هەناسەی گەرمی مەحوی برووسكێ پێك دێنن و لەبەدكارانی دەگرێ كە وەكو شەیتانن، دووریش نییە لە جیاتی «كەسێ شێتانە...» بەم جۆرە بێ«كەسێ شەیتانە...» كە ئاماژەیە بۆ ئایەتی«وجعلناها رجوماً للشياطين»[٩١]، واتا: خوای گەورە بە ئەستێرە كۆمەڵی شەیتانەكان دەڕووخێنێ هەركە دەیانەوێ گوێ بۆ دەنگوباسی ئاسمان هەڵخەن.

## چۆن بزانین شیعرەکانی مەحوی سۆفیگەرین؟

دوای ئەوەی زانیمان مەحوی مەلایەکی چاک و لێهاتووی سەردەمی خۆی بووە و یەکێک بووە لە خەلیفەکانی شێخ بە هائوددینی نەقشبەندی و دوای مردنی بێ رابەر ماوەتەوە تاکۆتایی ژیانی.

ئێستا بەپێویست دەزانرێ تیشکێک بخرێتە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی و رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ جیاکردنەوەی غەزەلی دلداری مەجازی و حەقیقی. ئەوەی ئاشکرایە غەزەل و قەسیدەکانی شاعیرە سۆفییەکان بەگشتی و مەحوی بەتایبەتی لە لێکدانەوەیاندا لە واتایەک زیاتر هەڵدەگرن و دەتوانرێ بخرێتە تای تەرازووی دلداری یاخود سۆفیگەرییەوە.

هەردوولاش بەڵگەی بەرجەستەی خۆیان هەیەو دەتوانن بۆچوونەکانیانی پێ بەهێز بکەن، ئەوانەی بەرەو دلداری مەجازی دەبەنەوە بەڵگەی خۆیان هەیە، چونکە لەناو شیعرەکاندا باسی یارێ دەکرێ کە خاوەنی زوڵف و روو و خاڵە و بێگومان دەبێ ئەویارە ئافرەت بێ، یا ئادەمیزاد.

ئەوانەی شیعرەکان بەرەو دلداریی راستی دەبەنەوە، ئەوانیش بەڵگەی خۆیانیان هەیەو بەهێزترینیان نیستی و(فناء) توانەوەی عاشقە لە مەعشووقدا، واتا: لایەنە گیانییەکە بەسەریدا زاڵ دەبێ و هەست بە چێژی هەستی ناکرێت.

ئێستاش وا بەپێی توانا چەند خاڵێ دەستنیشان دەکەین کە ببنە دەستوورێک بۆ ناسینەوەی شیعری سۆفیگەری و جیاکردنەوەی لەبابەتی تر، خاڵەکانیش لەمانەی خوارەوەدا رەنگ دەدەنەوە:

١- توانەوەی عاشق لە مەعشووقدا و بوونیان بەیەک: یاخود خۆ بەختکردنی عاشق بۆ مەعشووقەکەی و چێژوەرگرتنی لە ئازاردانی بەردەوامی، چونکە عاشقی راستەقینە هەموو شتێکی لەیارەوە پێ خۆشە و گرنگ ئەوەیە لەئەندێشەی مەعشووقە دەرنەچێ. مەحوی سۆفی لەم بارەیەوە نموونەی شیعری زۆرە و لە خوارەوە چەند بەیتێ تۆمار دەکەین.:



تانەبووری تۆ لەسەر رێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لەپێشی پێ دەبێ لەم رێگە دانێی (اولا)[٩٢]

ئائەمەیە خۆ بەختکردن لەپێناو عیشقی راستی بۆ رەزامەندی مەعشووقە کە خوایە:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو رۆژە تۆبڕوا
کەخۆ دەرخەی وەکو خۆر، دڵ وەکو شەونم لەخۆ بڕوا[٩٣]

دڵی سۆفی دەتوێتەوە و تیشکی خۆری رووی یاری ئەو ماددە تواوەیە دەکاتە هەڵم و لەناوی دەبات.

٢- ئاماژە کردن بۆ هەندێ کەڵە پیاوی سۆفیگەری: شاعیر زۆر جاران ئاماژە بۆ هەندێ لەوسۆفیانە دەکا کە لەپێناو رێبازەکەیاندا سەریان داناوە یاخود ئازارێکی زۆریان چەشتووە، لەم بارەیەوە لە شیعرەکانی مەحویدا چەند نموونەیەک بەرچاو دەکەون لەوانە:

قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصوور
بەسەری دارەوە، (ذا النون)ە لەبن زیندانا[٩٤]

لێرەدا مەنسووری هەللاج و زینوونی میسری دوو کەڵە پیاوی سۆفیگەری بوون و یەکەمیان لەسێدارە دراو دووەم زیندانی کرا.

٣- ئاماژەکردن بۆ ئایەت و حەدیس: سەرەڕای لایەنە گیانییەکەی هەندێ جار شاعیر ئاماژە بۆ هەندێ ئایەت و حەدیس دەکات کە لەتەوەری سۆفیگەریدا دەخولێنەوە، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەم بارەیەوە:

بە (والطور)ی قەلبی تەجللا قەرین
بە(والنجم)ی پڕ ورشە ورشی جەبین[٩٥]

لێرەدا (والطور) ئاماژەیە بۆ سوورەتی(الطور)و (والنجم) بۆ سوورەتی (النجم) لە قورئاندا:

بۆ گومبووانی چۆڵی مەحەببەتیەتی خودا
تەبشیری(والسلام علی تابع الهدی)[٩٦]

لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئایەتی«والسلام على من اتبع الهدى»[٩٧]، بەیتەکەش باسی بیابانی خۆشەویستی خوایی دەکات کە هەر لەخۆیدا سۆفیگەرییە.

لەسەرشانی کەسانی دی جەنازەی من، وتی: چابوو
ئەم ئیفتادەش لە غەم رسگاری بوو بۆ خۆی و سەرپێ کەوت[٩٨]

ئەم بەیتە ئاماژەیە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر«الناس نیام فاذا ماتوا انتبهوا»[٩٩].

٤- ناوهێنانی حاڵ و مەقامی سۆفییەکان: زۆر جاران شیعرەکان زاراوەی حاڵ و مەقامەکانی تێدایە و بەمەوە دەناسرێنەوە. مەحویش ئەمەی فەرامۆش نەکردووەو کەم تازۆرێک لە غەزلەکانیدا رەنگی داوەتەوە، لێرەدا نامانەوێ هەموو نموونەکان بخەینە بەرچاو بەڵکو لەبارەی حاڵ نموونەیەک و لەبارەی مەقام نموونەیەک دەست نیشان دەکەین:

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕپێوانە، سووتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم[١٠٠]

لێرەدا (محبە) یەکێکە لە حاڵەکان کە مەحوی هەتا مردنی ڕێزی لێ دەگرێت:

بەعومری نووحەوە تەوفیقی تۆ بکا ئیمداد
لە بەحری شوکرەوە یەک قەترە بێنمە سەر لەب[١٠١]

لێرەدا (شکر) یەکێکە لە مەقامەکان کە مەحوی دەیەوێ یەک دڵۆپ لەو دەریایەدا بێنێتە سەر لێوی.

٥- بوونی زاراوەکانی سۆفیگەریی لە شیعرەکاندا: ئەگەر هات و شیعرەکان زاراوەی سۆفیگەرییان تێدابوو و لەواتادا بەرەو عیشقێکی بێگەردی دوور لە جیهانی ماددە دەچوون، ئەوا دەتوانرێ شیعرەکان ناویان لێ بنرێ سۆفیگەری.

شیعرەکانی مەحوی لەبارەی زاراوەی سۆفیگەرییەوە دەوڵەمەندن و بەیتی وای تێدایە کە چوار پێنج زاراوەی ئاخنیوەتە خۆی، لێرەدا تەنیا دوو نموونە دەخەینە بەرچاوو ئەوانی تر لە شوێنی خۆی تۆماریان دەکەین:

سەکینەی مەرتەبەی سووتانییە ئاتەش پەرستی عیشق



ئەگەر صاحێب ئیرادەت بێ عەجەب پیرێکە پەروانە[١٠٢]

لەم بەیتەدا پێنج زاراوەی سۆفیگەریی تێدایە«سەکینە، سووتان، عیشق، ئیرادەت، پیر»و واتاکەشی بەرەو عیشقی خوایی دەچێت.

جەماڵت حەیفە دەرخەی بۆ کەس و ناکەس، وتم، فەرمووی
جەلالی حوسنە ئێمەی کردە شاهە نشاهی«لایسأل»[١٠٣]

لێرەدا«جەلال و جەمال و حوسن» زاراوەی سۆفیگەرین و بەیتەکەش لە ناخی سۆفیگەریدایەو بەرەو یەکێتی بوون دەچێت.

## زاراوە سۆفیگەرییەکان لە شیعرەکانی مەحویدا

کە بڕیاری ئەوە درا مەحوی شاعیرێکی سۆفییە و غەزەل و چوارینەکانی لەم جۆرە بابەتی شیعرەن، کەوابوو دەبێ شیعرەکانی کۆمەڵێ زاراوەی سۆفیگەرییان بەخۆوە گرتبێ بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بیانکاتە پاڵپشتی رایەکانی خۆی و خۆی پێ پشت ئەستوور بکات.

ئەوەی شارەزایی لە زاراوەکانی سۆفیگەری هەبێ وبتوانێ لە وشەی ئاسایی جیایان کاتەوە، ئینجا بێت و چاوێک بە دیوانەکەی مەحویدا بگێڕێت، ئەوکاتە بۆی دەردەکەوێت کە مەحوی وەستایانە و لێزانانە زاراوە سۆفیگەرییەکانی لە شوێنی خۆیدا بەکارهێناوەو بەیتە شیعرییەکانی پێ رازاندۆتەوە.

نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە زاراوە سۆفیگەرییەکان لە هەمان کاتا واتایەکی تری فەرهەنگی دەبەخشن کە دوورن لەواتا سۆفیگەرییەکە، جادەبێ بەپێی دارشتنی گشتی غەزەلەکە، یاخود واتای تایبەتێتی وشەکە دیاری بکرێت.

لەم نامەیەدا توانراوە کۆمەڵە زاراوەیەکی سۆفیگەری دەستنیشان بکرێن و لەوانەشە لێرەو لەوێ هەندێ زاراوەی تر گوڵ وەچنی بکرێت بۆناسینی زاراوەکانیش پشت بەسەرچاوەیەکی عەرەبی[١٠٤] وسەرچاوەیەکی فارسی بەستراوە کە تایبەتن بە زاراوەی سۆفیگەری.

ئێستاش لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەپێی ئەلف و بێ زاراوەکان تۆمار دەکرێن، لەبەر زۆری زاراوەکان بەپێویست نەزانرا واتایان بنووسرێ چونکە دەبووە وەرگێڕانێکی کت ومت کە هیچ داهێنانێکی تێدا نییە، هەرچەندە زاراوەکان زۆریان چەند جارێ لە دیوانەکەی مەحوی دووبارە بوونەتەوە، بەڵام وا بەچاک زانرا کە تەنیا جارێ بنووسرێن و دووبارە نەکرێنەوە.

«زاراوەکان»

| ز | زاراوەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئاب | ٣٧ |
| ٢ | ئاداب | ٧ |
| ٣ | ئادەم | ٦٢ |
| ٤ | ئازادەگی | ٦٤ |
| ٥ | ئافتاب | ٣٩ |
| ٦ | ئاوی حەیات | ٣٣ |
| ٧ | ئاوی خضر | ٣٩ |
| ٨ | ئاوی زیندەگی | ٩٩ |
| ٩ | ئایینە | ٢٤١ |
| ١٠ | ئوستاد | ٢٣٤ |
| ١١ | ئولفەت | ٢٤٣ |
| ١٢ | ئونس | ٤٢٩ |
| ١٣ | ئەجەل | ٢٢٠ |
| ١٤ | ئەحوال | ٢٤٥ |
| ١٥ | ئەرباب | ١٦٦ |
| ١٦ | ئەسرار | ١٥١ |



| ز | زاراوەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٧ | ئەسڵ | ٢١٠ |
| ١٨ | ئەمین | ٨٣ |
| ١٩ | ئەنەل حەق | ١٨ |
| ٢٠ | ئەنانیەت | ١٣٥ |
| ٢١ | ئەنوار | ٤١ |
| ٢٢ | ئەولیا | ٣٨ |
| ٢٣ | ئەهلی دڵ | ٣٣ |
| ٢٤ | ئەهلی دونیا | ٦٠ |
| ٢٥ | ئەهلی ذەوق | ١٨٣ |
| ٢٦ | ئەهلی رەحم | ٤٠ |
| ٢٧ | ئەهلی زەمان | ٣٣ |
| ٢٨ | ئەهلی مەعریفەت | ١٨١ |
| ٢٩ | ئەهلی مەحەببەت | ٢٠٦ |
| ٣٠ | ئەهلی وەفا | ٤ |
| ٣١ | ئیحسان | ١٤١ |
| ٣٢ | ئیخلاص | ٢٣٤ |
| ٣٣ | ئیدراک | ١٩ |
| ٣٤ | ئیرادە | ٢٧٨ |
| ٣٥ | ئیسلام | ٢١٥ |
| ٣٦ | ئیشتیاق | ١٧٨ |
| ٣٧ | ئیعتیکاف | ٣٤١ |
| ٣٨ | ئیکسیر | ٤٠٠ |
| ٣٩ | ئیما | ٢١٣ |
| ٤٠ | ئیمان | ٣٧ |
| ٤١ | ئیمایی | ٥٣ |

٤٢ ئیمداد ١٠٩

***

٤٣ باخودا ٣
٤٤ باد ٢٠٤
٤٥ بارەگاهی عیشق ١٤٨
٤٦ باطیل ٢٤٧
٤٧ باطین ١٦٣
٤٨ بت ٤٨
٤٩ برۆ ٢٤
٥٠ بوتکەدە ٥٥
٥١ بوراق ١٧٩
٥٢ بولبول ٢٣٤
٥٣ بەحری شوکر ٣٢٨
٥٤ بەدانش ٣٧٢
٥٥ بەرق ٢١٩
٥٦ بەسط ١٦٦
٥٧ بەقا ١١٧
٥٨ بەڵا ٢٧
٥٩ بەیعەت ٧١
٦٠ بێدار ٤٦٧

***

٦١ پەرێشان ١١١
٦٢ پەروانە ٢٣٤
٦٣ پیر ٨
٦٤ پیری موغان ٣٤



٦٥ پێگەییو ١٦

***

٦٦ تاج ٩٢
٦٧ تۆبە ٦٧
٦٨ تورک ٢٩
٦٩ تەجەلی ٣٩٧
٧٠ تەرسا ٢٣١
٧١ تەسبیحات ٤٤٨
٧٢ تەفرەقە ٣٥٤
٧٣ تەفویض ١١١
٧٤ تەقوا ٢٣٠
٧٥ تەلەف ٢٤٨
٧٦ تەنهایی ١٨
٧٧ تەوبەی نەصووح ١٠٢
٧٨ تەوحید ١١٤
٧٩ تەوفیق ٣٦٧
٨٠ تێگەیوو ١٦

***

٨١ جام ٢٤٣
٨٢ جان ١١
٨٣ جانفزا ١٦٦
٨٤ جونوون ١٨
٨٥ جەذب ٣٠١
٨٦ جەسەد ١١١
٨٧ جەفا ٤

| | | |
|---|---|---|
| ٨٨ | جەلا | ٢٢٣ |
| ٨٩ | جەلال | ٦ |
| ٩٠ | جەمال | ٣٨ |
| ٩١ | جەمع | ١٣١ |
| ٩٢ | جەواهیر | ٣٠٥ |
| ٩٣ | جەور | ١٢١ |
| ٩٤ | جەوهەر | ٢٥٧ |
| ٩٥ | جیلوە | ١٣ |
| | *** | |
| ٩٦ | چرا | ٢٩٦ |
| ٩٧ | چەوگان | ١٣٩ |
| ٩٨ | چیهرە | ٤٦٧ |
| | *** | |
| ٩٩ | حاڵ | ٤ |
| ١٠٠ | حوسن | ١٤ |
| ١٠١ | حوضوور | ٣٥٩ |
| ١٠٢ | حەبلول مەتین | ٢٨٥ |
| ١٠٣ | حەج | ٣٩٦ |
| ١٠٤ | حەرب | ٤٢٩ |
| ١٠٥ | حەرەم | ٢٣٧ |
| ١٠٦ | حەسرەت | ٧٤ |
| ١٠٧ | حەسەد | ٤٤ |
| ١٠٨ | حەق | ٨ |
| ١٠٩ | حەقیقەت | ١٩ |
| ١١٠ | حەکیم | ١٦٢ |





| | | |
|---|---|---|
| ١١١ | حەمد | ٣٦٧ |
| ١١٢ | حەی | ٨٣ |
| ١١٣ | حەیا | ٦٥ |
| ١١٤ | حەیات ئەفزا | ٥٦ |
| ١١٥ | حیجاب | ٤٣ |
| ١١٦ | حیرەت | ٢٢٥ |
| ١١٧ | حیکمەت | ١٦٧ |
| | *** | |
| ١١٨ | خاکسار | ٣١ |
| ١١٩ | خاڵ | ٣٥ |
| ١٢٠ | خودا | ٣ |
| ١٢١ | خورشیدی عیشق | ١٤ |
| ١٢٢ | خۆر | ٣٥ |
| ١٢٣ | خوصووص | ١٥٤ |
| ١٢٤ | خومار | ٢٨٣ |
| ١٢٥ | خوون | ٢٦ |
| ١٢٦ | خەتی سەبز | ١٩١ |
| ١٢٧ | خەرابات | ١٠٦ |
| ١٢٨ | خەزینە | ١٢١ |
| ١٢٩ | خەط | ٢٠ |
| ١٣٠ | خەڵوەتگەه | ٢٥٩ |
| ١٣١ | خەڵوەتخانە | ٢٧٣ |
| ١٣٢ | خەمۆش | ٢٣٨ |
| ١٣٣ | خەیمە | ٢٧١ |
| ١٣٤ | خیلعەت | ٢٩٥ |

***
١٣٥ داغ بەدڵ ٣٥
١٣٦ دانا ٣٥
١٣٧ دڵ ١١
١٣٨ دڵدار ٢٢٢
١٣٩ دنیا ٢٦
١٤٠ دوڕ ٣٩
١٤١ دۆزەخ ٧٩
١٤٢ دولبەر ٢٢٢
١٤٣ دەروێش ١٦
١٤٤ دەروونی ٢٩٢
١٤٥ دەست ٥٨
١٤٦ دەعوی ٦٨
١٤٧ دەهان ٢٨٠
١٤٨ دەهشەت ٤٠١
١٤٩ دەیر ٥٥
١٥٠ دین ٣٧
***
١٥١ ذات ٣٧٠
١٥٢ ذاتی ئەقدەس ٩٠
١٥٣ ذیکر ٦٣
***
١٥٤ رابیطە ٤٦٧
١٥٥ رجا ٢٤٣
١٥٦ رۆح ١٠٢



١٥٧ روهبان ٤٢٣
١٥٨ رەب ٣٢٧
١٥٩ رەحمەت ٤٢٧
١٦٠ رەشکی صەید ١٠٦
١٦١ ریا ١٤٥
١٦٢ رێگەی طەلەب ٣٥
١٦٣ زاهید ٩
١٦٤ زمرووت ٨٠
١٦٥ زوڵف ٢٨
١٦٦ زوننار ٢٣١
١٦٧ زوهد ٤٢١
١٦٨ زیندوو ٨٣
١٦٩ زیندە دڵ ٢٨٢
***
١٧٠ سائیل ٢٤٨
١٧١ ساقی ١٣٨
١٧٢ سکوونەت ٣٦
١٧٣ سلووک ١٢٦
١٧٤ سوبحە ١٦
١٧٥ سووتن ١٦٨
١٧٦ سوجدە ٢٣
١٧٧ سوراحی ٢٠٥
١٧٨ سۆزی عیشق ٦
١٧٩ سەتر ٢٢٢
١٨٠ سەجدە ٢٣١

| | | |
|---|---|---|
| ١٨١ | سەحرا | ١٥٣ |
| ١٨٢ | سەحەر | ٧٤ |
| ١٨٣ | سەراب | ١٨٢ |
| ١٨٤ | سەعادەت | ٣٩٩ |
| ١٨٥ | سەکینە | ٢٧٨ |
| ١٨٦ | سەودا | ٢٣٠ |
| ١٨٧ | سێبەر | ٨٦ |
| ١٨٨ | سیمورغ | ٢٦٤ |
| | *** | |
| ١٨٩ | شام | ٣٨ |
| ١٩٠ | شام و سەحەر | ١٣٨ |
| ١٩١ | شاهـ | ٢٣٤ |
| ١٩٢ | شاهید | ٥٢ |
| ١٩٣ | شکاری | ٧١ |
| ١٩٤ | شۆر | ٣٤ |
| ١٩٥ | شوعلە | ١٤ |
| ١٩٦ | شوکر | ٥٢ |
| ١٩٧ | شەفقەت | ٢٨٣ |
| ١٩٨ | شەمع | ٢٥ |
| ١٩٩ | شەو | ١٧١ |
| ٢٠٠ | شەوق | ١٨٣ |
| ٢٠١ | شەوی یەڵدا | ٢٩٦ |
| ٢٠٢ | شەهید | ٢٨ |
| ٢٠٣ | شەیدا | ٢١٩ |
| ٢٠٤ | شێخ | ٥٨ |





| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٥ | شیرک | ١١٤ |
| ٢٠٦ | شیفا | ٢٣٨ |
| | *** | |
| ٢٠٧ | صوبح | ٧٩ |
| ٢٠٨ | صۆفی | ١٢٩ |
| ٢٠٩ | صەبا | ٢١ |
| ٢١٠ | صەبر | ٣٢ |
| ٢١١ | صەبووح | ١٠١ |
| ٢١٢ | صەفا | ١٠ |
| ٢١٣ | صەنەم | ٢٣٨ |
| ٢١٤ | صەومەعە | ٢٨٦ |
| ٢١٥ | صیدق | ٦١ |
| | *** | |
| ٢١٦ | ضیا | ٣٩ |
| | *** | |
| ٢١٧ | طووبا | ٢٦٣ |
| ٢١٨ | طوور | ٤٢٨ |
| ٢١٩ | طوڕە | ٣٨ |
| ٢٢٠ | طەیب | ٢٤ |
| ٢٢١ | طەریقەت | ١٤ |
| ٢٢٢ | (طەریقەی حەزرەتی پەروانە) | ١٣ |
| ٢٢٣ | طەریق | ٣١ |
| ٢٢٤ | طەواف | ١٣٨ |

***

٢٢٥ ظولمەت ٥

***

٢٢٦ عاریف ٥٤

٢٢٧ عاشق ١٠

٢٢٨ عوجب ٣٠٥

٢٢٩ عوزلەت ٩٦

٢٣٠ عوشرەت ٢٨١

٢٣١ عوششاق ١٥

٢٣٢ عەرش ٥٥

٢٣٣ عەطا ١١٦

٢٣٤ عەفوو ١٢

٢٣٥ عەقلّی کول ٤٥٢

٢٣٦ عەنقا ٦٢

٢٣٧ عەین ٣٧٤

٢٣٨ عیبادەت ٢١٨

٢٣٩ عیتاب ٥٢

٢٤٠ عید ٣٨

٢٤١ عیرفان ٣٠٥

٢٤٢ عیشق ٥

***

٢٤٣ غایب ٥١

٢٤٤ غەفلەت ٥٥

٢٤٥ غەمزە ٢٦٤

٢٤٦ غەوث ٩١





٢٤٧ غەیبەت ٢٣٦

٢٤٨ فوتووح ١٠١

٢٤٩ فوغان ٢٩٦

٢٥٠ فەتح ٢٤٧

٢٥١ فەساد ٢٦٥

٢٥٢ فەقر ١١٧

٢٥٣ فەنا ١١١

٢٥٤ فەیض ٢٥٩

٢٥٥ فیتنە ٢٤

٢٥٦ فیراق ١٧٨

٢٥٧ فیرقەت ٨٥

٢٥٨ فیطرەت ١٩٣

***

٢٥٩ قاب قوسین ١٨١

٢٦٠ قاپی ٣٩

٢٦١ قامەت ٤١

٢٦٢ قەضا ٢٨

٢٦٣ قیام ٥١

***

٢٦٤ کاری دلّ توینەوە ٧

٢٦٥ کاسە ٣٩

٢٦٦ کافرییە ٣٧

٢٦٧ کامیل ٣٣٢

٢٦٨ کُنْ ٣٧٢

٢٦٩ کۆ ٣٦

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧٠ | کورسی | ٣٢٧ |
| ٢٧١ | کولبە | ١٠٦ |
| ٢٧٢ | کەثرەت | ١١٣ |
| ٢٧٣ | کەشف | ١٦ |
| ٢٧٤ | کەعبە | ١٠٦ |
| ٢٧٥ | کەلام | ٢٠٧ |
| ٢٧٦ | کەماڵ | ٣١٥ |
| ٢٧٧ | کەماڵات | ٤١ |
| ٢٧٨ | کەنز | ١٦٧ |
| ٢٧٩ | کیمیا | ٥٣ |
| | *** | |
| ٢٨٠ | گۆشە گیری | ٢١٨ |
| ٢٨١ | گوڵخان | ١٤١ |
| ٢٨٢ | گوڵزار | ١٥١ |
| ٢٨٣ | (گومبووانی چۆڵی مەحەبەتی خودا) | ٥ |
| ٢٨٤ | گەدا | ٣٤٨ |
| ٢٨٥ | گەنج | ٢٤٢ |
| ٢٨٦ | گەوهەر | ٨٥ |
| | *** | |
| ٢٨٧ | لاله | ١٥١ |
| ٢٨٨ | لەب | ٤٩ |
| ٢٨٩ | لوطف | ١٥ |
| ٢٩٠ | لەعل | ٨٣ |
| ٢٩١ | لیقا | ١١١ |





| | | |
|---|---|---|
| | *** | |
| ٢٩٢ | ماهییەت | ٤٥٩ |
| ٢٩٣ | مرووەت | ٦٥ |
| ٢٩٤ | مزگەوت | ٢٠٥ |
| ٢٩٥ | مورغ | ١٦٦ |
| ٢٩٦ | مورغی رۆح | ٢٤١ |
| ٢٩٧ | موغ بەچە | ٣٤ |
| ٢٩٨ | مەجذووب | ١٥ |
| ٢٩٩ | مەجلیس ئارایی | ١٦ |
| ٣٠٠ | مەحبووب | ٤٥٣ |
| ٣٠١ | مەحرەم | ٦٢ |
| ٣٠٢ | مەحفووظ | ٨٣ |
| ٣٠٣ | مەحوو | ٢٥٨ |
| ٣٠٤ | مەحوییەت | ٤١١ |
| ٣٠٥ | مەحموود | ١٢ |
| ٣٠٦ | مەحەبەت | ٥ |
| ٣٠٧ | مەخموور | ١٥ |
| ٣٠٨ | مەدەد | ٨ |
| ٣٠٩ | مەستی | ٢٤ |
| ٣١٠ | مەستوور | ٢٥٧ |
| ٣١١ | مەعاریف | ١٢٨ |
| ٣١٢ | مەعریفەت | ١٨١ |
| ٣١٣ | مەعشووق | ٤٦٤ |
| ٣١٤ | مەقام | ٢٠٢ |
| ٣١٥ | مەنصوور | ١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١٦ | مەوج | ٢٢٦ |
| ٣١٧ | مەولانا | ٣٥ |
| ٣١٨ | مەی | ٩٦ |
| ٣١٩ | مەیخانە | ٩٦ |
| ٣٢٠ | مەیکەدە | ٥٣ |
| ٣٢١ | میحراب | ١٤٣ |
| ٣٢٢ | میعراج | ١٤٠ |

***

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢٣ | ناخودا | ٣ |
| ٣٢٤ | ناز | ٣٨ |
| ٣٢٥ | ناسووت | ٧٩ |
| ٣٢٦ | ناڵە | ١٦٨ |
| ٣٢٧ | نوور | ٥ |
| ٣٢٨ | نووری بادە | ١٤ |
| ٣٢٩ | نەرگس | ١٥ |
| ٣٣٠ | نەظەر | ٨٨ |
| ٣٣١ | نەفس | ٢٠٣ |
| ٣٣٢ | نەفسی بەدخوو | ٢٢٢ |
| ٣٣٣ | نەفسی ئەممارە | ٢٢٨ |
| ٣٣٤ | نیقاب | ٤٥ |

***

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣٥ | وادی مەحەببەت | ١٧٦ |
| ٣٣٦ | وجوود | ٥ |
| ٣٣٧ | وەحدەت | ١١٣ |
| ٣٣٨ | وەحشەت | ٤١٠ |
| ٣٣٩ | وەرع | ١٩٥ |
| ٣٤٠ | وەفا | ٤ |
| ٣٤١ | وەقفە | ٣٧١ |
| ٣٤٢ | وێران | ٢٤ |
| ٣٤٣ | ویصال | ٧٩ |
| ٣٤٤ | ویلایەت | ٤٣٩ |

***

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤٥ | هاتفی غەیب | ٤٢٣ |
| ٣٤٦ | هوشیار | ٧٣ |
| ٣٤٧ | هەتاو | ٨٦ |
| ٣٤٨ | هەیوولی | ٣٩٤ |
| ٣٤٩ | هیجران | ٤١ |
| ٣٥٠ | هیجرەت | ١٢٩ |

***

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥١ | یار | ٦ |
| ٣٥٢ | یاقووت | ٨٠ |
| ٣٥٣ | یەقین | ١٩٤ |
| ٣٥٤ | یەک | ٣١٣ |

***

## حاڵ و مەقامەکان لە شیعرەکانی مەحویدا

دوای دەستنیشانکردنی زاراوە سۆفیگەرییەکان لە دیوانی مەحویدا وا بە چاک دەزانرێ پەنجە بۆ ئەو بەیتانە رابکێشرێ کە باسی حاڵ و مەقامەکانی کردووە، جا راستەوخۆ بێ یا ناراستەوخۆ، چونکە بەشێکن لە زاراوە سۆفیگەرییەکان.

حاڵ و مەقامەکان بە گوێرەی جیاوازیی سەرچاوەکان لە چەندێتی و ژمارەیاندا جیاوازییان هەیە. کۆنترین سەرچاوەی سۆفیگەریی ئیسلامی کە باسیانی کردبێ (اللمع)ی سەراجی تووسییەو حەفت مەقامی باسکردووە«التوبة، الورع، الزهد، الفقر، الصبر، الرضا، التوكل»[١٠٦]، بەڵام لەسەرچاوەی تردا جگە لەمانە، ئەمانەش دەخەنە خانەی مەقامەکانەوە«الانابة، القناعة، الشكر، التسليم، المحاسبة، الخوف والرجاء، الصدق، المراقبة، الاحسان، القرب، الاخلاص، الفناء، البقاء، التوحيد، التجريد، التفريد، التنزيه، العبودية»[١٠٧].

حاڵیش بەگوێرەی جیاوازیی سەرچاوەکان ژمارەیان چۆنیەک نییەو هەندێ بە(١٠) دە زاراوە لە قەڵەمیان داوە«المراقبة، القرب، المحبة، الخوف، الرجاء، الشوق، الانس، الطمأنينة، المشاهدة، اليقين»[١٠٨]، بەڵام لێرەدا جۆرە تێکەڵییەک هەیە لە نێوان حاڵ و مەقامەکاندا، حاڵەکانی(المراقبة، القرب، الخوف، الرجاء) لەسەرچاوەی تردا بە مەقام دانراون، بەڵام ئێمە بە گوێرەی کتێبەکەی ئەمین نەقشبەندی بۆی دەچین چونکە لە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی جیاجیای وەرگرتووە.

هەر لەبارەی حاڵەکانەوە جگە لەمانەی سەرەوە، ئەمانەش دەکەونە بەرچاو «القبض، البسط، المحو، الاثبات، الصحو، السكر، الغيبة، الشهود، الوجد، الجلال، الجمال، الكمال، اللوائح، الطوالع، اللوامع، الجذب، الوارد»[١٠٩].

وانەبێ مەحوی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم هەموو حاڵ و مەقامانە



کردبێ، بەڵام لە نیوە زیاتر باسیانی کردووەو لە شوێنی خۆشیاندا کەلێکیان دەدەینەوە، ئاماژە بۆ بەهێزی و بێ هێزیی زاراوەی حاڵ و مەقامەکە دەکەین، واتا: پلەی شیاوی زاراوەکە بۆ حاڵ و مەقام روون دەکەینەوە، چونکە لەوانەیە لە هەندێ شوێندا هەروەکو وشەیەکی ئاسایی بەکار هاتبێ نەک وەک زاراوەی سۆفیگەری.

مەحوی جگە لەوەی کەبەتەنیا لە چەند شوێنێ باسی حاڵ و مەقامەکانی سۆفیگەری کردووە، لەدوو بەیتیشدا بە جووتە باسی حاڵ و مەقامی پێکەوە کردووەو بەیتەکانیش بەرەو سۆفیگەری هەنگاو دەنێن:

کە رێی ئەو شاهە کەوتە ئەم مەقامە، جێ بەجێ هەستا
وتی: ئەم ذاتە صاحێب حاڵە، حەیفێ کەوتووە بێ حاڵ[١١٠]

دوور نییە مەحوی لەگەڵ رابەرەکەی خۆی قسەبکاو هەرکە چاوی پێی کەوتووە بێ حاڵ و بارە، گوتوویەتی: حەیفە ئەم سۆفییە حاڵدارە بەم شێوە پەشێوەییە لێرە کەوتووە:

لە ئەحواڵ و مەقامات ئەردوا خۆ، خۆ نەگۆڕێ لێت
هەر ئەو گورگە(ئەبوو زەیدی سرووجی) طەوری گۆڕیوە[١١١]

لەم بەیتەشدا مەحوی روو لە نەفس دەکا و دەڵێ: ئەگەر هات و نەفس وای هەست کرد کەلوتفی خوایی دیوەو باسی حاڵ و مەقامیشی دەکرد و لەوانەش نەبوو، لە راستیدا ئەمە لەشەیتانەوەیە و خۆی لێ گۆڕاوە.

بەم پێیە هەردوو بەیتەکە باسی حاڵ و مەقامی سۆفیگەری دەکەن و رەسەنی و نارەسەنیی مرۆڤی سۆفیمان بۆ دیاری دەکەن.

**زاراوەکانی حاڵ لە شیعرەکانی مەحویدا:**

بێگومان تەنیا ئەو حاڵانە باسیان لێوە دەکرێ کە مەحوی ناوی بردوون، لەمانەش:

١- خۆشەویستی (المحبە): مەحوی دەڵێت:

لە فیرقەی خاکسارانی مەحەببەت بفکرە یەک یەک
بە دیمەن یەک نەفەر، دا مەن بەلێوی صەد فەریق ئەمما[١١٢]

هەر لەبارەی خۆشەویستییەوە دەڵێت:

شەوی ریحلەت پدەر- رۆحی مورەووەح- وەصیەتی فەرموو
مەحەببەت مەذهەبت بێ، نووری چاوم، مەیکەشی مەشرەب[١١٣]

وا دیارە مەحوی لەباوکیەوە خۆشەویستی خوایی بۆ بەجێ ماوەو وەسیەتی ئەوی جێ بەجێکردووە و پێی ڕاگەیاندووە کەپێکی لە مەیخانەی عیشقی خوایی نۆش بکاتا دەچێتە سەر ڕێبازی خۆشەویستانی خوا.

**مەحوی دەڵێت:**

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕپێوانە، سووتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئیشی زۆرە، ریزی لێ دەگرم[١١٤]

سەرەڕای ئەوەی کە خۆشەویستی هەمووی ئازارە و حەسانەوەی تێدانییە، بەڵام مەحوی چونکە عاشقێکی ڕاستەقینەیەو هەر شتێ لەدولبەرەوە بێت لای ئەو قوبووڵە، بۆیە هەتا مردن ڕێزی لێ دەگرێ و بێزاری نیشان نادات. هەروەها **دەڵێت:**

دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشانەکەم، چبکەم[١١٥]

دیارە لەو سەردەمەدا بەڕای مەحوی شاری پڕ شۆری خۆشەویستی خوایی چۆڵ بووەو دەنگ و هەرای لێوە نەهاتووەو سۆفییەکان هەر بەدیمەن سۆفی بوونەو کەسی وایان تێدانەبووەو کە لەناو خۆشەویستی خودا وەک هەللاج بە شێت



دابنرێ، بۆیە دەیەوێ خۆی ئەوشێتە بێ و بێدەنگی ئەو شارە بهەژێنێ و شۆڕشی بەرپا بکات.

هەرچەندە هێشتا لەسەر خۆشەویستی کۆمەڵە نموونەیەکی تر ماوە، بەڵام لەمەو دوا لە کورتی دەیبڕێنێتەوە نەخۆ بەکارێکی درێژدادڕ لەقەڵەم بدرێت.

٢- تکا (الرجاء): **مەحوی دەڵێت:**

بەهانە مەگرە، لەوجامانە جامێ
کەرەم کە، ساقیا، بگرە رجامان[١١٦]

هەرچەندە بەیتەکە بەگشتی بەرەو سۆفیگەری دەچێ، چونکە مەحوی داوای پێکێکی خوایی لە ساقی (رابەر) دەکات، بەڵام زاراوەی (رجا) وەکو وشەیەکی فەرهەنگی بەکار هاتووە، نەک وەک زاراوەیەکی حاڵ.

٣- شەوق (الشوق): لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**

وەک بلبل ئەی تۆ تازە گوڵم، پڕ بەدڵمە شەوق
وەک قومری، ئەی تۆ سەرو وسە هی، پڕ بەملمە تەوق[١١٧]

لەم بەیتەدا زاراوەی (شەوق) پڕ بەپێستی خۆی لە شوێنی خۆیەتی و وەکو حاڵێ خۆی نیشان دەدا، چونکە شەوق «بریتییە لە بڵێسەسەندنی دڵ لە کاتی ناوهێنانی دولبەردا»[١١٨]، لەبەیتەکەشدا یار وەکو گوڵێ ڕازاوەتەوەو مەحویش وەک بولبولێ زۆر بەشەوقەوە سۆزی (وجد) گرتووەو ناڵە ناڵێتی.

٤- خدووگرتن (الانس): **مەحوی دەڵێت:**

کە وەقتێ ئال و یارانی لەخدمەتیا دەبن وەک ڕۆح
حەیاتە، نووری چاوە، ئونسی جانە، مەحضی ئیحسانە[١١٩]

لێرەدا زاراوەی (ئونس) وەکو حاڵێ بەکارهاتووە، چونکە خدووگرتن بریتییە لە «ئەو خۆشییەی کە لە نزیکی خواوە پەیدادەبێ و جگە لە خوا هۆگری هیچ شتێکی تر نابێ و خدووگر تەنیا حەزی لە تەنیایی و خەڵوەتخانە دەبێ و دڵی لێی دەکرێتەوە»[١٢٠] مەحویش لێرەدا ستایشی پێغەمبەر (د.خ) دەکاو دەیکاتە هۆگری گیان و دڵ، چونکە ئەوەی پێغەمبەری خۆشبوێ وەکو ئەوەیە خوای

خۆشبوێ.

٥- سورِ زانین (الیقین): **مەحوی دەڵێت:**

ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆبێ ثەباتی هەردوویەک
گەیوەتە حەدی یەقین، ئەم دوو یەقینەن هەردوو شەک[١٢١]

لەبارەی یەقینەوە جونێد دەڵێت«یەقین بریتییە لە هەڵسان و نەمانی گومان»[١٢٢] هەروەها لە بارەی ئەم زاراوەیەوە (ذو النون) دەڵێ:«ئەوەی بە چاوی سەر ببینرێ پێی دەگوترێ زانست، ئەوەی بە دڵ ببینرێ یەقینی پێ دەڵێن»[١٢٣]. جا بەپێی ئەم پێناسانە یەقین لەم بەیتەدا وشەیەکی فەرهەنگییە چونکە هێشتا گومانی تێداماوە.

٦- جەلال (الجلال): لەم بارەوە **مەحوی دەڵێت:**

گونجانیشی جەلالی خەیاڵی ئەوم لە دڵ
جێ بوونەوەی سەمایە لەیەک دانەکونجودا[١٢٤]

جەلال سیفەتێکی خوای مەزنە«ویبقی وجه ربك ذو الجلال والاكرام»[١٢٥]، مەحوی هێندە بە گەورەی زانیوە کە ناتوانێ لە دڵی خۆیدا جێگەی بکاتەوە. بەم پێیە جەلال لێرەدا وەکو حاڵێ هاتووە، چونکە خوای گەورە«ئەگەر پێناسی جەلالی خۆی لە دڵی ئەو بەندەیەدا دەرخست حاڵی ئەو بەندەیە ئەبێتە حاڵێکی دیهشەت».

هەروەها **مەحوی دەڵێت:**

هەر کەس بەبارەگاهی جەلال ئاشنا ترە
زیاتر قسەی لەوەحشەت و دەهشەت دەدا نیشان[١٢٧]

مەحوی لێرەدا بەتەواوی پێناسەی جەلالمان بۆ دەکا و تێمان دەگەیەنێ ئەو کەسەی کە زیاتر ئاشنای بارەگای جەلالی خوایە قسەکانی زیاتر دەهشەتی لێ بە دیار دەکەوێ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەحوی لە دەریای زانستی سۆفیگەریدا چۆن مەلەوانێ بووە!.

٧- جوانی(الجمال): **مەحوی دەڵێت:**



ئەی جەمالت نووری دیدەی ئەنبیا
شامی طورەت صوبحی عیدی ئەولیا[١٢٨]

جوانی یەکێکە لە سیفەتەکانی خواو زاراوەیەکی حاڵی سۆفیانەیە، هەر رێبوارێکی سۆفیگەر ئەگەر خوا«پێناسی جەماڵی لە دەروونی ئەوکەسەدا دەرخست حاڵی ئەبێتە حاڵی ئارەزوو تێنوویەتی»[١٢٩]، لێرەدا مەحوی مەبەستی لە جوانی جوانیی پێغەمبەرە کەبووەتە رووناکی چاوی هەموو پێغەمبەرەکان، دووریش نییە مەبەستی لە جوانی حەقیقەتی محەمەدی بێت کە هەموو پێغەمبەرەکان لەوەوە پەیدا بوونە.

هەروەها **مەحوی دەڵێت:**

بەم جەماڵە عیشق و بەو جاهە حەسەد
هەم دڵی من، هەم دڵی دوشمن کەباب[١٣٠]

لەم بەیتەشدا جوانی لە شوێنی خۆی وەکو حاڵ بەکارهاتووە و مەحوی لەبەر جوانیی یارەکەی کە پێغەمبەرە دڵی بۆتە کەباب و لەپێناویدا سووتاوە، خۆی لە راستیدا دەبوایە بەهۆی ئەو جوانییەوە دڵی زیندوو بێتەوە نەک بسووتێ، بەڵام لێرەدا جەماڵ بەلای جەلالەوە شکاوەتەوەو مەحوی سووتانی لاخۆشترە لە زیندەگی.

٨- تەواوی(الکمال): **مەحوی دەڵێت:**

بە سۆزی عیشقە بوونە ذی کەمالات
(اذ الانوار من ذی النار تنشأ)[١٣١]

کەمال لە سۆفیگەریدا بەدوو واتا دێت«یەکەم: کەمالی زاتی: بریتییە لە دەرکەوتنی نەفسی خوا بە خودی خۆیەوە بێ پاڵپشت و یاریدەی شتێکی تر، دووەم: کەمالی ناوی: بریتییە لە دەرکەوتنی خودا لە نەفسی خۆی و بینینی خۆی لەناو دروستکراوەکانیدا»[١٣٢].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەواوی هەر شایانی خوایە و هیچ مرۆڤێ

ناتوانێ بەم پایەیە بگات. هەرچەندە پێغەمبەر(د.خ) وەکو مرۆڤێکی تەواو دادەنرێ بەڵام هێشتا تەواوییەکەی بەگوێرەی تەواوی خوا هەر نیسبییە. مەحویش لەم بەیتەی سەرەوەدا دەری دەخات کە مرۆڤ بەهۆی عیشقەوە لە چڵکی ماددە پاک دەبێتەوەو بەرە بەرە لە مەقامەکان ڕەت دەبێ تا دەگاتە مانی دوای نەمان و لەوێ بەرەو بارەگای (کەمال) هەنگاو دەنێت.

٩- قەبز (القبض): لەم بارەوە **مەحوی دەڵێت:**

تاکی ڕواوی خاکی چ مەینەت زەدە بووە
پشکووتەوە لە بەزمی مەی ئەمشەو هەر ئینقباض[١٣٣]

قەبز زاراوەیەکی سۆفیگەرییەو حاڵێکە«تووشی ڕێبواری سۆفیگەری دەبێ بەهۆی زاڵبوونی ترسەوە لەفەرمایشتێکی خواوە یا بەهۆی دەنگێکی غەیبییەوە»[١٣٤].

هەرچەندە مەحوی ڕاستەوخۆ(قبض)ی بەکار نەهێناوەو(انقباض) هاتووە، ئەمیش هەر پەستی دەگەیەنێ و بەتەواوی شوێنی شیاوی حاڵی قەبزی وەرنەگرتووە.

١٠- بەست (البسط): **مەحوی دەڵێت:**

لە بۆ ئەربابی دنیا قەت مەدە بەسط و بەیانی عیشق
کە مەحوی شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردووە ضایع[١٣٥]

بەست وەکو حاڵی سۆفییان بریتییە لە«گوێ بیستنی بەڵێنێکی خۆش وەکو بەڵێندان بە بەهەشت و لەدوای حاڵی تکاوە پەیدا دەبێ»[١٣٦].

لێرەدا مەحوی هەرچەندە باسی عیشقی خوایی دەکات بەڵام زاراوەی(بسط)ی وەکو زاراوەیەکی سۆفیگەری و حاڵ بەکارنەهێناوە بەڵکو بە واتای لێکدانەوە هاتووە.

١١- هوشیاری و مەستی (الصحو والسکر): مەحوی دەڵێت:

لەبەر حوکمی نیگایاقاتە هوشیار
هەتا چاوی بکا بڕ، مەستە هەر مەست[١٣٧]



هوشیاری و مەستی دوو زاراوەی سۆفیگەرین و لەبارەی حاڵی سۆفیانەوە بەکاردێن. هوشیاری بریتییە لە«بەخۆ هاتنەوەی ڕێبواری سۆفیگەری دوای لە هۆش چوونی و نەمانی هەستیی»[١٣٨]، بەڵام لەلایەن سۆفییەکانەوە«بریتییە لە تووڕدانی هەموو کۆت و پێوەندێکی دیارو نادیار و ڕوو لەخواکردن»[١٣٩].

مەحوی لەتاکە بەیتێکدا هەردوو زاراوەی هوشیارو مەستیی بەکار هێناوە، یارەکەی هێندە نازدارو دڵکێشە ئەوەی چاوی پێی کەوتووە هەموو مەست بوونە و کەتوون و هوشیار لەو ناوەدا قاتە، یارەکەشی دەبێ هەر پێغەمبەر بێ چونکە لەبەیتی هەشتەمی غەزەلەکەدا دەڵێت(بو البشر)یش هەرمەستە کە مەبەستی حەزرەتی ئادەمە، جادەبێ جگە لە پێغەمبەر کێ بێ کە ئادەم پەست و مەست بکات؟

١٢- سۆز(الجذب): **مەحوی دەڵێت:**

وەک کارەبا لەکا کەششی جەذبی حوسنی تۆ
صەبری بەدزییەوە لەمنی ناتەوان دزی[١٤٠]

سۆز وەک حاڵێکی سۆفیگەری بریتییە«لەوەی کە خوا بەندەیەکی خۆی ڕاکێشێ بۆلای خۆی بەبێ خۆماندووکردن و تێکۆشانێکی ئەوبەندەیە»[١٤١].

مەحوی کە زاراوەی (جذب)ی بەکارهێناوە پڕ بەپێستی پێناسەکەی نییەو ئەوە دەردەخات کە گەنجێکی ڕەواندزی ئارامی لەو بڕیوەو بێ هێزی کردووە بەم جۆرە، مەحوی لە کۆی پازدە زاراوەی حاڵەکان دوازدەی لەدیوانەکەیدا ناو بردووە و بەزۆری بۆ مەبەستی حاڵ بەکارهێناون.

## زاراوەی مەقامەکان لە شیعرەکانی مەحویدا

مەحوی لە دیوانەکەیدا چواردە زاراوەی مەقامی بەکارهێناوە و دوای لێکۆڵینەوە بە دیار دەکەوێ کامەیان وشەی ئاساییە و کامەشیان تایبەتن بە مەقام کە مەبەستی ئەم کارەیە، ئەمەش زاراوەکانن:

١- تۆبە (التوبە): **مەحوی دەڵێت:**

لەناوا باسی تۆبەی تۆ بوو ئەی ستەمگەر شۆخ

بخه ئەم تۆبە پاشی کوشتنی من تۆ بیوو پیرت[١٤٢]

تۆبە وەکو زاراوەیەکی مەقام بریتییە لە«واز هێنان و گەڕانەوە لەو شتە جیهانییانەی کە ڕێگای گەیشتن بەخوا دەگرن»[١٤٣]، تۆبە یەکەم پلەی ڕێبواری سۆفیگەرییەو مەرجە دەبێ لێی پەشێمان نەبێتەوە کەپێی دەڵێن تۆبەی نەسووح«یاأیها الذین آمنوا توبوا الی الله توبة نصوحاً»[١٤٤].

وادیارە مەحوی دڵی گیرۆدەی داوی ڕێبوارێکی سۆفیگەرییەو داوای لێ دەکات و حەواڵەی پیرورابەری دەکا، کە جارێ تۆبەکەی دوا بخات تا مەحوی دەکوژێ و لە کۆڵ ئەم هەموو ئازارانەی دەکاتەوە. هەروەها مەحوی دەڵێت:

لێوی دەرخست و بە ناصیح لێوە لەرزەی خست ئەگەر
بێ تەبەسسوم کا دەبێتە ئافەتی تەوبەی نەصووح[١٤٥]

مەحوی گفتوگۆی لەگەڵ ساقییە(رابەر)و وادیارە مەلایێ بە خەڵکی رادەگەیەنێ کە تخوونی سۆفیگەری نەکەون، بەڵام بەلێو دەرخستنی رابەرەکەی، مەلا پەکی دەکەوێ و لێوە لەرزە دەیگرێ، خۆ ئەگەر هەرجارێ زەردەخەنەیەک بێتە سەرلێوی ئەوا مەلا ئەگەر سەد تۆبەی نەسووحی کردبێ عەشقی دەبێ و لەگوتەکانی خۆی پەشێمان دەبێتەوە و پەشێمانییە کە بۆی دەبێتە تۆبەی نەسووح.

٢- وەرع (الورع): لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**

وەرعی فاروقی تەماشاکەن، وتی: ناکا قوبووڵ
غیرەتم ژاکاویی ئەو گوڵباغە بۆ باغی فەدەک[١٤٦]

وەرع لەسۆفیگەریدا بریتییە لە«پارێزکردن لەشتی گومان لێکراو لە ترسی تووشبوونی»[١٤٧]، مەحوی لەم بەیتەدا ئاماژە بۆ وەرع و لەخوا ترسانی حەزرەتی عومەر دەکا لەسەر کێشەی باخی فەدەک کەنەیداوە حەزرەتی فاتیمە، چونکە کەس میراتگری پێغەمبەران نین. وشەی وەرع وەکو وشەیەکی فەرهەنگی بەکار نەهاتووە بەڵکو تارادە یێ وەرعی عومەرمان نیشان دەدا کە چەند لەخوا ترس بووە، بەڵام ئەوەندە هەیە بەیتە کەلە شیعری ئایینییە و پەیوەندیی بە



سۆفیگەرییەوە زۆر نییە.

٣- زوهد (الزهد): **مەحوی دەڵێت:**

لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە
کە یەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یاخورما دووسێ دانە[١٤٨]

زوهد وەکو مەقامێکی سۆفیگەری بریتییە لە«پشت لە جیهان کردن و رق بوونەوە لێی، یاخود وازهێنان لە خۆشیی جیهان بۆ خۆشی ڕۆژی دوامایی»[١٤٩] لێرەدا مەحوی باسی زوهدی پێغەمبەر (د.خ) دەکاو بەیتەکە لەریزی شیعری فێرکردن یا وەسفی سۆفیگەرییە.

٤- هەژاری (الفقر): لەم بارەیەوە مەحوی دەڵێت:

شوکری حەق بەردەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم
بەردەروباری نەسوڵطان و نەشا نیمە مەلاذ[١٥٠]

لە کتێبەکانی سۆفیگەریدا زۆر بە درێژی باسی(فقر) کراوە، بەڵام کورتترین پێناسە کە لەگەڵ ئەم بەیتەی مەحویدا بگونجێ ئەمەیە«هەژاری بریتییە لە نیستیی(فناء) ڕێبوار لە خوادا، یاخود یەکبوونی دڵۆپ بە دەریاوە»[١٥١].

مەحوی لەم بەیتەدا هەموو دەسەڵات و سامانی جیهانی تووڕداوەو بە(الفقر فخری) ڕازییەو خوای هەبێ بەسێتی، چونکە کەسێ خوای هەبوو هەموو شتێکی دەبێ.

٥- ئارام (الصبر): **مەحوی دەڵێت:**

دەمێ بوو یارو هەمدەم بوو لەگەڵ دڵ صەبرو هۆش ئاخر
لەبەر بێ تابی، ئەو تەشریفی بردو ڕەفیق ئەم ما[١٥٢]

ئارام لە سۆفیگەریدا بریتییە لە«ان الصبر عبارة عن ثبات باعث الدین في مقاومة باعث الهوی»[١٥٣]، مەحوی ئارامی کردۆتە یارو هاودەمی دڵی و خەمی ئەوە دەخوا کە ئارامەکەی ڕۆیشتووەو دڵی بێ هاوڕێ ماوەتەوە، مەحوی نەچۆتە قووڵاییەوە بۆیە ئارامی لانەماوە.

٦- تەوەکول (التوکل): **مەحوی دەڵێت:**

دڵی بێ بارە، مایەی کارە، هەرکەس کاروباری خۆی
لەدنیادا، مووفەفەق بوو بەدڵ تەفویضی باری کرد[١٥٤]

مەحوی لەم بەیتەدا ناوی(توکل)ی نەهێناوە، تەنیا واتاکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێ کاروباری خۆی بەخوا بسپێرێ ئاسوودە و بێ خەم دەبێ لە جیهاندا«ومن یتوکل علی الله فهو حسبه»[١٥٥].

٧- رەزا (الرضا): **مەحوی لەم بارەیەوە دەڵێت:**

قەزابێ دەستەڵاتت کا، چیە غەیری رەضا چارە
لەبەردەستی جەلا بارێبوێکە شێری پەل بەستە[١٥٦]

سۆفییەکانی عیراقی و خوراسانی لەبارەی(رضا)وە رایان جیایە، بەڕای خوراسانییەکان: رەزا کۆتایی تەوەکولەو لە مەقامەکانە، واتا: رێبوار بەهۆی کۆششی خۆیەوە بەدەستی دێنێ، بەڵام عیراقییەکان گوتوویانە رەزا لە حاڵەکانەو بەخششێکی خواییەو پەیوەندیی بە هەوڵ و کۆششی رێبوارەوە نییە[١٥٧].

مەحوی لێرەدا دەیەوێ بەتەواوی رێبوار خۆی بداتە دەست قەزاو قەدەری خواو بە هەموو شتێ قایل بێت، چونکە ئەگەر بەندە لەخوا رازی بوو خواش لەو رازی دەبێ«رضیی الله عنهم و رضوا عنه»[١٥٨].

٨- سوپاس(الشکر): **مەحوی دەڵێت:**

بەعومری نووحەوە تەوفیقی تۆبکا ئیمداد
لەبەحری شوکرەوە یەک قەترە بێنمە سەرلەب[١٥٩]

سوپاس وەکو زاراوەیەکی مەقام لە سۆفیگەریدا بریتییە لەوەی کە رێبوار بە زمان و دڵ دان بەنیعمەتەکانی خوادا بنێت، سوپاسیش سەرەتا و کۆتایی هەیە، سەرەتاکەی زانین و هەستکردنی نیعمەتەکانەو کۆتاییەکەشی کارکردنە بەگوێرەی ئەو نیعمەتە خواییانەو سوپاسکردنی خوایە[١٦٠].

مەحوی لەم بەیتەدا زۆر بە ناخی سۆفیگەریدا چۆتە خوارەوەو دەیەوێ وەکو



نووح هەزار ساڵ بژی بۆ ئەوەی تەنیا دڵۆپێ لە دەریای سوپاسی خوا بێنێتە سەر لێوو سوپاسی بکات، واتا: بە هەزار ساڵ ئەگەر بتوانێ بەقەد دڵۆپێ سوپاسی نیعمەتەکانی خوا بکات کە هێندەی دەریایەکن.

٩- ئیحسان (الاحسان): **مەحوی دەڵێت:**

کەوەقتی ئال و یارانی لە خدمەتیا دەبن وەک رۆح
حەیاتە، نووری چاوە، ئونسی جانە، مەحضی ئیحسانە[١٦١]

ئیحسان لە روانگەی سۆفیگەرییەوە ئەوەیە کە رێبوار هەردەم خوای لەبەرچاو بێ و وابزانێ خوا ئاگادارێتی«الاحسان ان تعبد الله کانك تراه فان لم تكن تراه فانه یراك»[١٦٢]. مەحوی لێرەدا ستایشی پێغەمبەر دەکا و وای دەردەخاکە ئیحسانێکی تەواوە، واتا: لە هەموو هەڵس و کەوتیدا خوای لەبەرچاوە و لەتۆڵەی کردەوەی خراپی خەڵکا چاکە دەنوێنێ، بەیتەکەش سەر بە شیعری فێرکردنە و سیفەتەکانی پێغەمبەرمان پێ رادەگەیەنێ و وشەی ئیحسان وەکو مەقامێکە.

١٠- نیستی (الفناء): لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**

چ خەیاڵێکە لیقابێ بە فەنا چوونی جەسەد
(تاپریشان نشود کار بسامان نرسد)[١٦٣]

نیستی وەکو مەقامێ«بریتییە لە گۆڕینەوەی رەوشتی خراپ بەرەوشتی چاک و توانەوە لە خوادا»[١٦٤]. بەم پێیە رێبوارکە گەیشتە ئەم مەقامە پەیوەندیی بە جیهانی هەستییەوە دەبڕێ و ئاکارە بەدەکانی بە ئاکاری خوایی دەگۆڕێن بۆیە مەحوی دەڵێ: تۆ چۆن بێ لەناوچوونی لەش دەگەیتە خوا؟ چونکە لەش پەردەیەکە تا لا نەبرێ نەفسی بەندە ناگاتە خوای خۆی، لێرەدا (فنا) بەتەواوی لە شوێنی خۆی وەکو مەقامێ بەکارهاتووە و بەهۆی گەیشتن بەرەو یەکبوونەکەی (بسطامی) هەنگاو دەنێت لەگەڵ خودا.

١١- مانەوە (البقاء): **مەحوی دەڵێت:**

بەڵکە لەو رێیەوە من پەیبەمە عیمرانی بەقا

«مەحویا» غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاذ[١٦٥]

مانەوە وەکو مەقامێ«بریتییە لەسەرەتای هەنگاونان بەرەو خوا دوای کۆتایی هاتنی(فناء) تا سیفەت و ئاکاری خوایی وەردەگرێ»[١٦٦]، مەحوی زۆر بەوردی بۆ نیستی و مانەوە چووە و ئەوەی زانیوە کە سۆفی لەسەرەتادا دەبێ بگاتە نیستی و لێی رزگار ببێ و ئینجا بگاتە مانەوەو بەردەوامی وەربگرێ. هەروەکو لە بەیتەکەیدا نیشانی داوە کە خەراباتی نیستیی بە خەرابات داناوە لەمەوەیە چونکە لە و مەقامەدا رێبوار هۆشی لەسەرخۆی نییەو ناتوانێ سوود بە خەڵکی دەوروپشتی بگەیێنێ، بەڵام لە مەقامی مانەوەدا هۆشی دێتەوە بەرو سوود بەخۆی و دەورو پشتی دەگەیەنێ.

١٢- یەکتاپەرستی (التوحید): **مەحوی دەڵێت:**

«مەحویا» با بەس بێ شیرکی تەشەببوث بەم و بەو
بگرە بەس دامەنی تەوحیدی«هو الله آحد»[١٦٧]

یەکتاپەرستی زاراوەیەکی سۆفیگەری پرواتایە و هێندەی لەبارەوە گوتراوە کۆتایی نایێ، کورتەی هەمموویان دێتەوە سەرئەوەی کە«لەبووندا یەکێ هەیە شایانی پەرستنەو بکەری راستەقینە هەر خوایە و هەموو زۆرێ لە چاوی یەکێکدا دەبینرێ»[١٦٨]. هەروەها جونێد لەبارەی یەکتاپەرستییەوە دەڵێت:«افراد الموحد بتحقيق وحدانيته بكمال احديته انه الواحد الذى لم يلد ولم يولد بنفى الاضداد والانداد والاشباه بلاتشبيه ولاتكييف ولاتصوير ولاتمثيل ليس كمثله شيىء وهو السميع البصير»[١٦٩].

مەحوی لەم بەیتەی سەرەوەیدا هەمان پێناسەی (توحید) دووبارە دەکاتەوەو داوا لە خۆی دەکا کە پشت بەکەس نەبەستێ، چونکە جۆرێکە لە هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوا، هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەخا کەخوا هەموو شتێکە و بێ ئەو هیچ ناکرێت. کەوابوو مەحوی لێرەدا لەروانگەی یەکێتی بوونەوە(وحدة الوجود) دەڕوانێتە شتەکان و کاروباری جیهان.

١٣- دڵسۆزی (الاخلاص): لەم بارەیەوە **مەحوی دەڵێت:**



دەپرسن کیمیا؟ خدمەت بەمەرد، ئەمما بەئیخلاصی
وەگەر ناکەم لە(بوو بەکر)ی نەبوو خدمەت(ئەبوو طالیب)[١٧٠]

ئەو مەقامانەی کە باسکران دەبێ رێبواری سۆفیگەری هەموویان ببڕێ و ئینجا لەپلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بچێت، هەر پلەیەکیش رێبوار گەیشتێ دەبێ زۆربە دڵسۆزی جێ بەجێی بکات. دڵسۆزی لە سۆفیگەریدا واتا« پەرستنی خودا بە دڵسۆزی و دوور لە ریابازی، واتا: هەموو کارێ هەر لە پێناو خوابێ و هیچی تری تێکەڵ نەبێ»[١٧١].

مەحوی لەم بەیتەی سەرەوەدا زاراوەی(اخلاص)ی بەهەمان واتای سەرەوە بەکارهێناوەو وامان نیشان دەدا کە خزمەتکردن دەبێ لەپێناوی خواو دووربێ لە هەموو ریایێ«الا لله الدين الخالص»[١٧٢].

١٤- راستگۆیی(الصدق): **مەحوی دەڵێت:**

کەم بوو وەک ئەو دەمە، صیدق ئەم دەمە هەم کەم بووە قات
فەرەحی نەک بە دوابێ، غەم و هەم هەم بووە قات[١٧٣]

راستگۆیی لە سۆفیگەریدا ئەوەیە کە«رێبوار بە ئاشکراو نهێنی لەگەڵ خودا وەکو یەک بێ، دەرودەروونی یەکسانی بێ و هەر تەنیا خوای لە دڵدا بێ»[١٧٤].

مەحوی زاراوەی(صدق)ی وەکو وشەیەکی فەرهەنگی بەکارهێناوە و بەیتەکە لەخانەی وەسفی سۆفیگەری دایە.

## رابەری تەریقەت لای مەحوی

یەکێ لەمەرجەکانی رێبواری سۆفیگەری دەبێ رابەرێکی هەبێ بۆ ئەوەی رێنمایی بکاو لەو گەشتە گیانییەدا هاودەمی بێ و کۆسپ و تەڵەزگەی لەبەرپێی لابەرێ، چونکە«فالشيخ للمريدين أمين الالهام، كما ان جبريل أمين الوحي، فكما لايخون جبريل في الوحي لايخون الشيخ في الالهام»[١٧٥]، بەم جۆرە رێبوار دەبێ لەگەشتەکەیدا پشت بەرابەری تەریقەت ببەستێ و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی بێت «ان كل من لم يتخذ له شيخا يرشده الى الخروج عن هذه

الصفات- حب الدنيا والكبر والعجب والرياء والحسد- فهو عاص لله تعالى»[١٧٦].

مەحویش یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانەی کەسەر بەجیهانی سۆفیگەرینەو غەزەلەکانی لەو تەوەرەدا دەخولێنەوە، کەوابوو دەبێ رابەرێکی هەبووبێ و سەرەتاکانی سۆفیگەریی لەگەڵ بڕیبێ و بەرەو قووڵاییەکەی بردبێ.

بۆ سەلماندنی هەر شتێ، دەبێ بەڵگەی باوەڕپێکراوی خۆی هەبێ کە گومان لە کێشەکەدا نەهێڵێ. لەبارەی مەحوییەوە جگە لەو زانیارییانەی کەلە پێشەکیی دیوانەکەیدا نووسراوە و لەگەڵ هەندێ زانیاریی نوێی تر کە لەلایەن ئەمین نەقشبەندییەوە هاتوونە، چیترمان بەدەستەوە نییە کە بەڵگەی سەلمێنراوی بەهێزبن.

لەبارەی رابەرەوە دەتوانرێ متمانە بکرێتە سەر دوو بنەمای سەرەکی:

١- ئەو زانیارییانەی کە لەسەرچاوەکاندا تۆمارکراون.

٢- ئەو بەیتە شیعرانەی مەحوی کە ئاماژەنە بۆ بوون و نەبوونی رابەر.

بەپێی بۆچوونی ئەو سەرچاوانەی وا لەبەر دەستدانە«مەحوی هەم باوکی خەلیفەی شێخ عوسمانی تەوێڵەی جێ نشینی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری و هەم خۆیشی خەلیفەی شێخ بەهائەددینی کوڕی شێخ عوسمان بووە»[١٧٧]، کەوابوو مەحوی خەلیفەیەکی ئاسایی بووە و«نەگەیشتوە پایەی کەمالی تەریقەت، کە بریتی بێت لە ئیرشادی موطلەق»[١٧٨]. بەم جۆرە مەحوی لەبارەی مەلایەتییەوە کەم وێنە بووەو پلەوپایەکی مەزنی لەناو کۆمەڵدا هەبووە«بەڵام مورشید نەبووە چونکە هەم خۆی شتی وای نەگوتووە، هەم ئەگەر مورشید بوایێ، شێخەکەی حەزرەتی بە هائوددین ئیجازەی ئیرشادی ئەدایێ»[١٧٩].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەحوی لەسەرەتای ژیانی سۆفیگەریدا رابەری هەبووەو خۆراکی گیانیی لێ وەرگرتووە، بەڵام رابەرەکەی لە ساڵی ١٢٩٨ک/ ١٨٨٠ز دەمرێ و ماوەی(٢٦) ساڵ بەبێ رابەر دەمێنێتەوە هەروەکو



لە غەزەلەکانیدا ئەم سکاڵاکردنەی لە دەست بێ کەسیدا ئاشکرایە[١٨٠].

ئەگەر چاوێ بە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا بخشێنین، گەلێ بەیتی وامان بەرچاو دەکەوێ کە دادو فیغانێتی لەبەر بێ کەسی و بێ رابەری، ئەو بەیتانەی کە بۆنی بێ رابەرییان لێ دێ گەلێ زۆرترن لەوانەی کەواتای هەبوونی دەدەن بەدەستەوە.

سەرەتا بەرەو ئەو بەیتانە دەچین کە نیشانەی هەبوونی رابەرن، ئەوەی ئاشکرایە رێبواری سۆفیگەری لەسەرەتادا دەبێ خەریکی کوشتنی نەفسی خۆی بێ و بەوەرزشی گیانی و لەشی دەبێ ئازاری بدات تاوەکو هێندە پەیوەندیی بەجیهانی هەستییەوە نەمێنێ، مەحویش کە تازە سۆفییە و دەیەوێ جەنگ لەگەڵ نەفسی بکاو بیشکێنێ، داوای یارمەتیی رابەری دەکا کە بەهەردووکیان بتوانن بەسەر نەفسی سەرکەشدا زاڵ بن:

بەبێ یاریێ مەچۆوە مەعرەکەی ئەسفەندیاری نەفس
کە لەم مەیدانەدا هەر پیرە زاڵە رۆستەمی بێ زاڵ[١٨١]

لەم بەیتەی سەرەوەدا دەگونجێ رابەر هەبێ یان نەبێ، بەڵام زیاتر بەرەو هەبوونی دەچێت، کەچی لەم بەیتەی خوارەوەدا بەروونی هەبوونی رابەری خۆی دەسەلمێنێ:

کوشتنی ئیسفەندیاری نەفسە بەستەی رایی پیر
گەر مەدەد کا یانەکا، لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم[١٨٢]

لێرەدا(پیر) رابەرەکەی مەحوییە، کوشتنی نەفسی بەدی بەدەست پیری تەریقەتەو ئەو دەتوانێ لەناوی ببات.

وادیارە مەحوی بەیارمەتیی رابەرەکەی توانیوێتی چوار مێخی نەفسی بکێشێ و بەرەو خۆشەویستی خوایی ببا، بۆیە دەبینین مەحوی هەردەم خەریکی گریانە چونکە دۆست حەزی لێیەتی«فلیضحکوا قلیلا ولیبکوا کثیراً»[١٨٣]، رووباری ئەشکی ئەوناوەی کردۆتە دەریاو رابەرەکەی وا دوعای(حزب البحر) لەبەردەکا تا بتوانێ رووەو چاوی مەحوی بێ و نەخنکێ:

خەریکی حیفظی(حزب البحر)ە یار، ئەڵبەت بەفکرێکە
خودا حیفظی بکا، باقڵ قەدەم دێنێتە سەرچاوم[١٨٤]

لەبەیتێکی تر مەحوی لەرابەرەکەی دەپاڕێتەوە کە لە دەرگای خۆی دەری نەکا چونکە لەو دەرگایە بەولاوە شوێنی نییە پەنای بۆ بەرێت:

تۆ نەبی مەلجەئی من بی(ابداً) نیمە مەلاذ
لەو دەرە بێتو دەرم کەی، بەخودا نیمە مەلاذ[١٨٥]

وادیارە مەحوی لە گریان بێزار بووەو رابەرەکەی سەری لێداوە، بۆیە لێرەدا داوای لێ دەکا دەمی خونچە ئاسای لێک بکاتەوەو بەپێکێکی ئەو لێوانە مەست ببێ، مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا، رابەرەکەی بە ساقی داناوە کە مەبەستی رابەری خانەقایە:

ساقی ئەی مایەی طەرەب لەب، پەرچەمت رەیحانی رۆح
نیم خەندێ کەلەغونچە، دەرخە سەرچاوەی صەبووح[١٨٦]

دوای ئەوە مەحوی بەگلەییەکی زۆرەوە روو لە رابەرەکەی دەکاو دەڵێ: رابەرەکەی میانەی لەگەڵ کەس نییە و ئاسکە کێوییکە ماڵی نابێ:

بە کەس نابێ بتی من ئاشنا قەط
غەزالەی بەڕنییە رامی وەفا قەط[١٨٧]

هەرکە مەحوی رابەرەکەی(شێخ بە هائوددینی نەقشبەندی)وەفات دەکا بەبێ رابەر دەمێنێتەوە و هات و هاواری بێ کەسیی لێ هەڵدەسێ و لە خوا دەپاڕێتەوە کە تەمەنی ئەوەندە درێژ بکات تا لەم دوا دواییەدا لەبەرقاپیی رابەرێکدا بمرێت.

لەدوای شێخ بەهائوددین، شێخ حیسامووددینی کوڕی دەبێتە رابەری تەریقەت کە تەمەنی(٢٠) ساڵ دەبێ، هەرچەندە مەحوی نابێتە موریدی، بەڵام غەزەلێکی بۆ دەنووسێ و وانیشان دەدا کە دڵی مەحوی دووبارە عیشقەکەی نوێکردۆتەوەو سەرلەنوێ حاڵی مەحویی دەربەدەری پەشێو کردووە[١٨٨]:

دڵی بردم بەشۆخیی، دولبەرێکی تازە، سەر لەنوێ



موبارەک بێ لە دڵ، سەودایێکی کەی، کەوتە سەر، لەنوێ
کەچ ئەبروو، دیدە ئاهوو، شۆڕشێن خوو، فیتنە جوو، تورکێ
خورۆش و شۆر شینی خستە ناو ئەهلی نەظەر لە نوێ[١٨٩]

تا **دەڵێت:**

بە شێوەی شکڵی شیرینی، وەکو کاکۆڵی موشکینی
پەشێوی کردووە ئەحواڵی مەحویی دەربەدەر لەنوێ[١٩٠]

ئەم بەیتانەی خوارەوەش کە یەکە یەکە تۆماریان دەکەین، بە بۆ چوونی ئێمە پەنجە بۆ هەبوونی رابەری تەریقەتی مەحوی رادەکێشن، بۆ ئەوەی زۆر درێژ دادڕی نەکرێ، بەیتەکان لە دوای یەکتری دەنووسین بێ لەسەر نووسین:

چاوی لەوەعدەی کوشتنی من چاوی دزیەوە
خوونکاری وا، دەبێ لەقسەی خۆی نەکا نکووڵ[١٩١]
بەم ئیختیصاصە ساسەری من بۆ نەگاتە عەرش
هات و لەسەرمی دا، وتی(ابداً بما یؤول)[١٩٢]
نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جادەبمە خاکی ڕێی
طەریقەی گۆشەگیری بەردە دەم، ئەمجارە ڕێ دەگرم[١٩٣]
شوکور موورم بووە پاماڵی میرێ
بەبێ نامی ژیام و نامەوەر چووم[١٩٤]
بلا رۆحت موقەدەس بێ، ئەم و ئەو کردنت بەس بێ
هەتا ئاخر هەناسە ئەو بناسە، هەر بنازە بەو[١٩٥]
دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە
بیگەمێ، یانەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم[١٩٦]

دوای نیشاندانی ئەو بەیتانەی کە بەڵگەی ئەوەبوون مەحوی رابەری تەریقەتی هەبووە لەسەرەتادا، ئێستاکەش ئەو بەیتانە دەخرێنە بەرچاو کە مەحوی تیایاندا لەبەربێ رابەری هاوارو دادێتی، ئەمەش بەیتەکانن.

لەم بەیتەی خوارەوەدا مەحوی خۆی بەبێ کەس و رابەر داناوە و خەڵکی لەو

ئاستە نین کە لەزمانی مەحوی بگەن، چونکە ئەو حاڵەی سۆفی بەسەری دادێ هەمووی بەوشەی فەرهەنگی دەرک ناکرێ و هەر رابەرە ئەگەر لەو زمانە رەمزییەی شاعیر بگات:

بێ کەس منم، کەسێ لە زوبانم بگا نییە
هەمدەم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یاخودا[١٩٧]

هەمیسان مەحوی خۆی بێ کەس و بێ شوێن داناوەو کەسی نییە خاوەنداری بکاو لەجیهانی گیانیدا هاودەمی بێت:

چ کەس نابێ بە کەس دارم، نییە لەوبەردەرە یارم
خودا یاتۆبکەی چارم، کەسێکم بێ کەس و بێ دەر[١٩٨]

مەحوی لەو بێ رابەرییەدا لە خۆی بێزاربووەو وا هەست دەکا داری تەمەنی وشک بووەتەوەو سەری جۆش و خرۆشی عیشقی خوایی تێدا نەماوەو دڵی وەکو شووشەیەکی بە تاڵ وایە و شۆری عیشقی تێدانییە:

سەرکە جۆشێکی نەبێ، من زڕ کە تاڵم بۆ چییە
دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆ چییە[١٩٩]

مەحوی هەروا لە چۆڵەوانیی بێ رابەری دایەو زۆر هەوڵی وەدەستهێنانی رابەری داوە، بەڵام بەختی یار نەبووە:

چیبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لە لا بەکەس
خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە، ئەو من بکا بەکەس[٢٠٠]

لێرەدا مەحوی بە روونی دیاری کردووە کە رابەری کەس نەبووە و نەگەیشتۆتە ئەو کەسەش ببێتە رابەری ئەو. لەم بەیتەی خوارەوەدا مەحوی ئەو ماوە بێ رابەرییەی بەپڕوپووچ و بێهوودە داناوە، بۆیە حەزدەکا ماوەی تەمەنی لەخزمەت رابەرێکی پایە بەرزدا بەرێتە سەر:

بە ضایەع چوو لە(مالا یعنی) یا وەقتم هەموو، یەعنی
دەبێ وەقتێ لە(بو الوقت)ێ بخوازم دا تیا بمرم[٢٠١]

کە ژیانێ کۆتایی بێ و ئەنجام هەرچوونە ژێر خاک بێ، مەحوی وای بە چاک



دەزانێ کە خۆڵی بەردەرگای رابەرێ بکا بەسەری خۆی:

کە دایەی خاکت ئاخر هەردەبێ بگرێتە باوەش خۆی
بکە خاکێ بەسەرخۆتا لە قاپیی(بوتراب)ی زوو[٢٠٢]

ئینجا مەحوی داوا لە خۆی دەکا کە رووی زەردی بخاتە بەر تیشکی رووی وەک مانگی رابەرەکەی تاکو بسووتێ و لە هەموو گەردێ پاک بێتەوە، کەوابوو مەحوی هەر لە خولیای گرتنی رابەرێ دا بووەو خوا خوای بووە بێ رابەر نەمرێ:

بەتابی عەکسی ئەو دیدارە دڵ سووتا موزەککایە
کەتانت راگرە سازوو، بەجیلوەی ماهتابێ زوو[٢٠٣]

مەحوی لە دەوروبەری خۆی بێزارەو کار لەدەست مرۆڤی ناڵەبارە، بۆیە دەیەوێ لە جیهان رزگار بێ و پەنا بەرێتە بەر رابەرێکی پایەبەرز:

دەنی طەبعی بە جارێ عالەمی داگرت ئەوا مەحوی
درەنگە ئیلتیجابە بەر رەئی عالی جەنابێ زوو[٢٠٤]

لەبەیتێکی تر مەحوی بێ رابەریی بەشەوی یەڵدا داناوە کە شەوێکی تاریکی درێژی زستانەو دەیەوێ بەهۆی چرایێ (رابەرێ) ئەو شەوە تاریکە رۆشن کاتەوە:

برا، فکری چرا، کیبریتی فرصەت تا لە دەستایە
شەوی یەڵدا لە پێشە، رۆژی عومرت وەختە ئاوابێ[٢٠٥]

مەحوی چونکە ماوەیێ رابەری هەبووەو دەزانێ هەر ئەوکاتە تەمەنە کە لە ژێر سێبەری ئەودا بووە، بۆیە ئێستا ژیانی بێ رابەری بەدۆڕاو دادەنێ و ئاواتەخوازەکە لەبەر دەرگای رابەرێکدا بمرێ:

لە ناکەس کارییا خاکم بەسەر رۆیی بەبا عومرم
خودا تۆ بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسێ بمرم[٢٠٦]

مەحوی لەبەر بێ رابەری هێندە بێزارە ئاواتی ئەوە دەخوازێ کە هەر لەسەرەتاوە نەبوایەو نەک وەکو ئێستا لە چۆڵەوانیی بێ کەسیدا ئاوارە و سەر لێ شێواوە نازانێ روو لەکێ و کوێ بکات:

چ خۆش وەقتێ بوو ئەو وەقتەم لە گۆشەی بێکەسیدا بووم
وەکو هایم لە دەشتی ناکەسیدا ئێستە ئاوارەم[٢٠٧]

سەیر لەوەدایە مەحوی ئەو هەموو ماوە دوورو درێژە لەرابەر دەگەڕێ و بەئاواتی ئەوەیە لە دوا تەمەنی ژیانی خوا تروسکەیەکی پێ ببەخشێ و تاریکایی ژینی بێ رابەریی پێ رووناک بکاتەوە، کەچی هیچ ورەی بەر نەداوەو نائومێد نەبووە، چونکە لە بولبول و پەروانە دەرسی عیشقی خوێندووەو ئەو دووانەش ماندوو بوون و بێزاری نازانن:

دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە
بێگەمێ، یانەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم[٢٠٨]

جگە لەوەی کە مەحوی قوتابیی بولبول و پەروانەیەو چاو لەوان دەکاتەوە، کەچی هاواری پیری پیرانی بوخارا دەکات کە بەهانای بێ و رابەرێکی بۆ بڕەخسێنێ، چونکە لەدوا دوای تەمەنێتی:

نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری
مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا[٢٠٩]

مەحوی لە حاڵی بێ رابەری زۆر ناقایلەو بێزارە، بۆیە بڕیاری داوە ئەگەر بۆ مەسەلەی گیانیش بێ پەنا نەباتە بەر کەس و منەتباریان نەبێ و لەگیانی خۆی خۆش بێت:

گەر ئیشی رۆحتە کە نەبوو کەس بەدەستەوە
دەست هەڵگرە لە رۆح و مەبە ئیلتیجا بە کەس[٢١٠]



## بابەتەکانی شیعری سۆفیگەری

لە پێشەوە زانیمان کە سۆفیگەریی ئیسلامی لەباوەشی زوهدەوە گەشەی سەندو دوایی بەرە بەرە وەکو جووڵانەوەیەکی سەربەخۆ رەگو ریشەی داکوتا و بووە خودان یاساو دەستووری خۆی، بەم شێوەیەش تاگەیشتە ئەو رادەیەی کە وەکو لووتکەیەکی ئەدەبی داهێنراو سەیر دەکرا.

سۆفیگەری لەبنەچەدا جۆرە یاخیبوونێکە لە کۆمەڵ و دەستوورو یاساکانی، بۆیە بەرهەمە شیعرەکانیشی هەمان یاخیبوونیان تێدا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوە زمانی شیعری سۆفیگەریی لە زمانی ئاسایی جیایە و زۆر وشەو زاراوەی وای تێدایە کە تایبەتن بە سۆفیگەری و لە فەرهەنگی ئاساییدا نین، لە لایەکی تریشەوە سۆفییەکان هەر لە کۆنەوە نەیان ویستووە خەڵکی لە نهێنییەکانیان بگەن، بۆیە بەکار هێنانی رەمز لایان زۆرباو بووە چونکە ئەو حاڵ و هەڵوێستانەی کە بەسەر سۆفیدا دێن و ئەو راستییانەی بۆیان دەردەکەوێت شتی غەیبی و نەبینراون، لەبەرئەوە بە وشەی ئاسایی گوناکرێن و دەرنابڕێن، لەم بارەیەوە ئەحمەد ئەمین دەڵێت:«الادب الصوفي ادب رموز... فهو يفهم مظاهر العالم على انها رمز، والعالم عنده لايختلف عن احلام النائم، فكما ان الحلم يعرض احداثه عرضاً رمزياً فكذلك العالم كل مافيه رمز»[٢١١].

شیعری سۆفیگەری هەمووی لەیەک ئاستی هونەری و بیریدانین، سەرەتا بە سادەیی دەست پێ دەکا و لە قەراخی دەریای سۆفیگەریدا دەخولێتەوە، دوایی هێدی هێدی بەرەو ناوەڕاستەکەی دەڕواو دەکەوێتە بەر شەپۆلی بێ ئامان، ئالێرەدا کارامەیی شاعیری سۆفی دەور دەگێڕێ و هەندێ هەر لەوێدا نقوم دەبن و دەنگیان دەبڕێ و هەندێکشیان دەگەنە لێواری رزگار بوون.

شاعیر هەر لەخۆیدا هەستێکی ناسکی هەیەو لە خەڵکی سادە زووتر بە رووداو دەورووژێ، سۆفیش بە جیهانەکەی خۆی قابیل نییەو لەبەرچاوی ئەودا

پڕی کەم و کورتییە، حەز دەکا ئەو کەم و کورتیانەی نەهێڵێ، بەڵام کە سەیری دەست و قامکی خۆی دەکا لەچاو هێزی دەسەڵاتدار بێ بڕشتە بۆیە بە ناچاری بۆ پلەی دووەمی باوەڕ دێت و هەوڵ دەدا بەزمانی شیعرەکانی هەستی خۆی دەرببڕێت و هەق و ناهەق جیا بکاتەوە. بەم پێیە دەتوانین قۆناغەکانی شیعری سۆفیگەری بەم جۆرەی خوارەوە دابەش بکەین:

١- شیعری بێزاری لە نەفس و کۆمەڵ: شاعیری سۆفی کە تیشکی هەقپەرستی لە دەروونیدا پەیدا بوو، ئیتر دەکەوێتە بەرتەشەنەو تانەدان لە نەفسی خۆی و دەوروپشتی، سەرەتا سەر کۆنەی نەفسی خۆی دەکا و دەیەوێ بیهێنێتە سەر ڕێگای هەق و هەقیقەت، ئینجا سەیری دەوروپشتی خۆی دەکاو یەکە یەکە ڕەخنە لەکارو هەڵوێستە خراپەکان دەگرێ بەتایبەتی تیغی زمانی لەوانە تیژ دەکا کە لەپەنای ئایینەوە خەڵکی سادە دەرووتێننەوە.

٢- شیعری زوهدی سۆفیگەری(وەسفی سۆفیگەری): شیعرەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە دوورکەوتنەوە لە چێژی ژیان و قنیاتکردن بەژینی کوڵە مەرگی و نەدۆڕاندنی ژیانی هەمیشەیی لەپێناو ژیانی فانیدا، هەروەها شیعرەکان لەتەوەری ئاکارو خواپەرستیدا دێن و دەچن و هێندە زۆربەرەو لایەنی گیانی و دەروونی ڕۆناچنە خوارەوە.

٣- شیعری سۆفیگەری: لەم قۆناغەدا شاعیر بەرەو ناخی سۆفیگەری دەڕواو پەیوەندیی بەجیهانی هەستییەوە نەماوەو تەنیا هەر خوای لەبەرچاوە، ئەمەش چەند لقێکی لێ دەبێتەوە:

ا- خۆشەویستی خوایی: بەردی بناغەی سۆفیگەرییەو تیۆری ناسینی خوای لەسەربەندە، چونکە هەر خۆشەویستی بوو گەردوونی لەنەبوونەوە هێنایە بوون[٢١٢]«كنت كنزا مخفيا فاجبت ان اعرف، فخلقت الخلق، فبي عرفوني»[٢١٣].

ب- بێهۆشی سۆفی: مەبەست لەوچرکانەیە کە نەفسی سۆفی خۆشەویستیی خوایی لێ دەڕژێتەوەو هەست بە نزیکبوونێکی زۆر دەکا لەخواوە، لەم



هەڵویستانەدا سۆفیەکان بەزۆری بەم زاراوانە«الغيبة، الحضور، الصحو، السكر، الذوق، الشرب» ئەوەی لەناخیانە دەری دەبڕن[٢١٤].

ج- نەمانی پەردە: سۆفی هەوڵ دەدا پەردە لەنێوان خۆی و خوادا نەمێنێ، هەندێکیان شەریعەت بەو پەردەیە دادەنێن و بەرەو حەقیقەتی دەبەن[٢١٥].

د- زاڵ بوونی بینین(شهود): سۆفی هەست بەبوونی خۆی ناکات و لەناوبینینی خوادا دەتوێتەوە، ئەمەش پلەی دووەمی نیستیی(فناء) سۆفیانەیە[٢١٦].

هـ- ناسین(المعرفه): بەرزترین پلەی نیستییە و جیهان و ڕۆژی دوامایی بە ئەندێشە دانابێ و لە ئاگایی و خەونیدا جگە لەخوا کەسی تر نابینێ و پەیوەندی هەر لەگەڵ ئەوە[٢١٧].

ئەم پۆلێنەی سەرەوە بۆ شیعری سۆفیگەری پۆلێنێکی گشتییەو مەرج نییە هەموو شاعیرێکی سۆفی ئەم قۆناغانەی پێکابێ، ئێستاش بەپێی بەرهەمە شیعرییەکانی مەحوی و توانامان هەوڵ دەدەین ئەم پۆلێنە بەسەر دیوانەکەی مەحویدا بسەپێنین و پایەی سۆفیگەریی شاعیر دەربخەین.

## ١- مەحوی و شیعری بێزاری لە نەفس و کۆمەڵ

لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە مەحوی لەریزی شاعیرە یاخی بووەکانەو بە دووربینییەوە سەیری خۆی و دەوروبەری دەکاو یەکە یەکە دەیانخاتە بەر نەشتەری رەخنەی توند و تیژو بەپێوانە هەقپەرستییەکەی خۆی دەیانکێشێ و راستییان دەکاتەوە. سەرەتا با بزانین مەحوی چۆن هەوڵی شکاندنی نەفسی خۆی داوە و بەچ ئەنجامێک گەیشتووە؟

مەحوی وەکو سۆفییەک دەیەوێ لەدەست بەدکاریی نەفسی رزگاری ببێ و رێگای هەقپەرستییەکەی خۆی بگرێت، کەوابوو مەحوی لەدەست فرت و فێڵی ئەم نەفسە هات و هاوارێتی و هانا دەباتە بەرخوا کە چارەی بکا و بیپارێزێ:

ئەسیرو صەیدی قەیدی کەیدو شەیدی نەفسی ئەممارەم
لەدەست ئەم مارە، بەدچارە، چیەچارم، خودا چارەم[٢١٨]

مەحوی هێندە ئازاری بەدەست نەفسییەوە دیوەو هەڵی خەڵەتاندووە، بۆیە بەیەکجاری لەپێش چاوی کەوتووەو بەپیسترین دوژمنی داناوە:

نەشەیتان و نەدەوران و نەخزمانم بەمن ناکەن
ئەوی نەفسی خەسیسم«مەحویا» کردوویە دەربارەم[٢١٩]

مەحوی لەبەر بریق و باقی جیهان و جادوگەریی نەفسی شوومی، سەری لێ شێواوەو هیچ چارەی نییە تەنیا پشت بەستن بەخوا نەبێ«وما ابریء نفسی، ان النفس لامارة بالسوء الا ما رحم ربي»[٢٢٠]:

لەمەکری ئەم عەجووزەو سیحری دێوی نەفس ئەمن مەحوی
پەنادەگرم بەذاتی ئەقدەسی بێچوونی نادیوە[٢٢١]

مەحوی هەروا زۆرانبازی لەگەڵ نەفسی دەکا و تەمەنی گەنجی لەگەڵ رابردووەو وا خەریکە بەهاری تەمەنی دێتە خەزان و رەونەقی نامێنێ، کەچی نەفسەکەی هەروەکو منداڵی ساوا وادەزانێ نەبای دیوە نەباران و وەکو منداڵ حەزی لەسەیران و گاڵتە جاڕییە:

بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران
کەچی وەک کۆدەک ئێستە دەچمە سەیران[٢٢٢]

واپێدەچێ مەحوی نەمامی باڵای چەمابێتەوەو تەمەنی لەحەفتا تێپەڕیوە کەچی هێشتا نەفسە بەدخووەکەی سەری بۆ دانەنەواندووە:

لەحەفتا تێپەڕیم و حەفتەیەک بۆ دین و بۆ دنیا
بەکاری خۆم و کاری کەس نەهاتم، وەی چ بێکارەم[٢٢٣]

مەحوی شنگ و هێزی نەماوەو وەکو منداڵی ساوا تازە گاگۆڵە دەکا و سەرە لەقێیەتی، کەچی نەفسەکەی هەر نەفسی جارانە و حەزی لەگڕوگاڵە:

لەپێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ
لەبەرپیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم[٢٢٤]

بەم جۆرە مەحوی نائومێدی دای دەگرێ و ئاخ بۆ رۆژانی رابوردوو دەخواو وەکو داری سەرکەل بەکزەبایێ وەردەگەڕێ و بەدرێژایی ئەو تەمەنە نەیتوانی کەسێ پێ بگەیەنێ و کەسیش بەهانای ئەو نەهات:

چبکەم نەئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بەکەس
خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکابە کەس[٢٢٥]

**هەروەها دەڵێت:**

بەجێ ماوم لەگەڵ من حەسرەتا، مەکثم لەسەر بایەک
بەجارێ هاژە بێنم«مەحویا» وەک دارەکەی سەرکەل[٢٢٦]

ئێستاش ئەو بەیتانە دەخەینە بەرچاو کە مەحوی بەهۆیانەوە رەخنە لە کۆمەڵ و دەوروبەری دەگرێ، بەتایبەتی دژی ئەوانەی کە گورگن و لەپێستی مەڕدانە و هەموو هەڵس و کەوتێکیان ریباکارییە.

مەحوی لەسەر دەمێک ژیاوە کە ئەمارەتی بابان لەناو چووەو تورکە رەگەز پەرستەکان دەستیان بەسەر سلێمانی داگرتووەو بەزەبرو زەنگ لەگەڵ خەڵکی جووڵاونەتەوە، بۆیە دەبینین لەو باروزرووفەدا چینێ وەکو داردەستێکی تورکەکان

پەیدا دەبن و بازاڕەکانیان دەکەوێتە بەردەست و لەپارە کۆکردنەوە زیاتر خەمی هیچیان نییە، بەم پێیە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و ئایینییەکان بەرەو کزی دەچن و ڕەشبینی باڵی بەسەر شاعیردا دەکێشێ و بەم جۆرە وەسفی ئەو کەسانە دەکات:

بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی ناڕەواج
بۆ پارەیێکی نان ئەسەفەروو دەکەی بە ساج[٢٢٧]

ئەوانەی بە شوێن پارە کەوتوون، تێر بوونیان بۆ نییە، بۆیە گەورەکانیشیان لەپێناو پارەدا یەکتری بە کوشت دەدەن:

چاویان ئەم ئەهلی دنیایە ئەوەندە برسییە
پادشاکانی بەدەمدا یەک سەری یەکتر دەبات[٢٢٨]

پارە پەرست دەیەوێ بەهەمموو شێوازێ پارە کۆکاتەوە ئەگەر لەسەر ڕەوشت و ئاینیش بێت، چونکە تێربوونی بۆ نییە«لوكان لبني آدم وادمن مال لا بتغي اليه ثانيا،... ولا يملاء جوف بني آدم الا التراب»[٢٢٩]، هەروەها ئەمانە لەسەر حسێبی خەڵکی سامان دەخەنە سەریەک و هیچ و پووچترینیان بە هەزار و ملیۆن قسە دەکات:

دەنی طەبعی وەها غالیب بووە، فیرعەونی ئەم عەصرە
نەوەک مووسا، لەکن جووپارە بوو ئیمانی پێ دێنێ[٢٣٠]
لەسایەی دەوری چەرخی سوفلە پەروەر لەک بەلەک دەدوێ
سەگی ئاواتە خوازی ئێسکی و شتر لەشەک دەدوێ[٢٣١]

ئەو ناکەس بەچانە نێرەکەر ئاسا بەجۆ دەزەڕن و هەمیشە لە خەمی زگ و بەرزگ دانە:

ئەربابی غینا ئەوەندە غەڕرە بەزەڕن
بێ بۆنی بە هارو دیتنی جۆدەزەڕن[٢٣٢]

دوای ئەمە مەحوی یەخەی گەردوون و زەمانە دەگرێ و بەوە تاوانباریان دەکات کەپشت لەمەردو روو لە نامەردن، ئەم بەگژدا چوونەش لە شوێنی خۆی



نییە، چونکە ئەگەر مەبەستی لە گەردوون سروشتی مردوو بێت، ئەوا هیچ ڕۆڵێکی نییە، خۆ ئەگەر مەبەستی داهێنەری گەردوون بێ، ئەمە کارێکی نەگونجاوە، چونکە خوای مەزن کاروباری جیهانی داوەتە دەست مرۆڤ و لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان خۆی سەرپشکە «ان الله لا يغير ما يقوم حتى يغيروا ما بانفسهم»[٢٣٣]، لەوانەیە مەحوی چاولێکەریی هەندێ شاعیری کردبێ و بەم شێوەیە بۆ کێشەکە چووبێ ئەگینا مەردی و نامەردی پەیوەند دارەبە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە:

فیطرەت بڵند و پایە بڵندم نەدی، بەگوێش
گەردوون ئەوەندە دوونەکە هەردوو نییە گەرەک[٢٣٤]
زەمانەی سوفلە پەروەر وارەواجی سوفڵەیی داوە
کە دائیم ئەو دەمە سوێرە لەگەڵ نان و نمەک دەدوێ[٢٣٥]

مەحوی لەبارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە دەورێکی باڵای هەبووەو هەر دیاردەیەکی نالەباری دیبێ، خستوویەتیە بەر نەشتەری ڕەخنە توندەکانی و قەڵەمی خۆی نەپاراستووە و پلەی دووەمی هێزی باوەڕی جێ بەجێکردووە بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر د.خ«من راى منكم منكراً فليغيره بيده، فان لم يستطع فبلسانه، فان لم يستطيع فبقلبه و ذلك اضعف الايمان»[٢٣٦].

ئەگەر بێت و ئەوبەیتانەی کە پەیوەندییان بەم لایەنەوە هەیە دەستنیشان بکرێن و لەسەریان بنووسرێ، ئەوا نووسینە کە درێژە دەکێشێ، بۆیە وا بەچاک زانرا لەمەندە ببڕێتەوەو تەنیا ئاماژە بۆ لاپەڕەی ئەو بەیتانە بکرێ کەلەم خۆڵگەیە دەسوورێنەوە[٢٣٧].

تا ئێرە ئەو بەیتانەمان خستنە بەرچاو کەرەخنە لە کۆمەڵی ئەو سەردەمە دەگرن و دەردو کەم و کورییەکانی دەخەنە بەرچاو، ئێستاش بەرەو لایەنێکی تری کۆمەڵ دەچین کە چینی دوعا گۆو بەناو لەخوا ترس و شێخ و سۆفیەکانە، ئەوانەی مەحوی بەنوێژی نیوەڕۆ دەمامکیان لەسەر ڕوولادە باو بەخەڵکیان دەناسێنێ بۆ ئەوەی ئایینداری و ڕاستەقینە و سۆفیگەری هەقیقی تێکەڵ بەمانە

نەکرێ و راست و چەوت لە یەکتر جوێ بکرێتەوە.

هەر چینێ ئەگەر بمانەوێ لە ناخی بگەین، نابێ بە رووکەش بخەڵەتێین و دەبێ بزانین مەبەست لە هەڵس و کەوتەکانیان چییە و بەرەو چ ئەنجامێک دەچن. مەحوی کە سەیری ئەم شێخ و زاهید و سۆفییەرییاکارانەی کردووە، بینوێتی کە سەرقۆزی بن ئاڵۆزن و گوتە و کردەوەکانیان ناگەنەوە یەک، بۆیە بەرەنگاریان دەبێ و ئابڕوویان دەبات، چونکە پێغەمبەر د.خ دەفەرمووێت«ان الله تعالى لا ينظر الى صوركم و اموالكم ولكن انما ينظر الى قلوبكم واعمالكم»[٢٣٨]، لەم بارەوە **مەحوی دەڵێت:**

ریشێکی پان و، تووکی بنا گوێ درێژ و لوول
سۆفی لە دینی لادە، بەدیمەن لە جوو دەکا[٢٣٩]
ئەشکەوتی بایەکە دەمی واعیظ کە دێتەوە عظ
وەقتی سووکووتی نەقشی سمێڵی لەقوو دەکا[٢٤٠]

بێگومان چاکترین شێواز کە مرۆڤ بتوانێ بەرامبەرەکەی دەمبەست بکا قسەو ئامۆژگارییە، واعیزەکانی سەردەمی مەحوی لەم بارەیەوە کەمتەرخەمییان نەکردووەو بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان هەمیشە خەریکی ئامۆژگاریکردنی خەڵکی رەش و رووت بوونەو ژیانیان لە پێش چاویان خستووەو خۆشیان تێی کەوتوون، بۆیە مەحوی زۆر بەوردی وێنەی هەڵس و کەوتەکانیانی گرتووە و راستییانی دەرخستووە:

بە داوە وەعظی یو، خۆشی بەتاوە(یا حافظ)
لە هەڵقولانە کەلیکی دەم و لچی واعیظ[٢٤١]
لا لغاوەی واعیظ ئەمڕۆ مەوج ئەدا، دەم پڕ لەکەف
ریشی قیڕوسیا، کتێبی وەعظەکەی بوو بەر تەرەف[٢٤٢]

مەحوی کە یەکێکە لەبەرەی سۆفییەکان و جیهان پەرستی بەخوا ویستی گۆڕیوەتەوەو لەپێناوی بیروباوەڕەکەیدا تووشی چەندەها گێچەڵ بووەو دەمی ئەو واعیز و شێخە ناشێخەکانی لێ بۆتەوەو بەهەموو شێوەیێ بەگژیدا دەچن، بەڵام



هێندە گرنگییان پێ نادا و لە هەندێ حاڵەتدا هەروەڵامیشیان ناداتەوە:

زاهید خودا لەناوی بەرێ، ناوی عاشقان
بۆچی دەبا ئەوەندە، خودایا ، بەبێ ئەدەب[٢٤٣]
واعیظ، لەمن بلێ بەنەظەر طەعنە بەس بدا
دینی بتانە دینی من، ئەو مەذهەبی ذەهەب[٢٤٤]

مەحوی لێرەدا واعیزی بەبێ دڵ داناوە، چونکە دڵێکە بەچڵکی مادە داپۆشراوەو نووری خۆشەویستی خوایی تێ ناچێ، جا مەحوی پێی رادەگەیەنێ کە جگە لەو مل پانە کێ هەیە بەرگەی سزای ئەم هەموو غەیبەت و بوختانانە بگرێ؟

زوبانی واعیظی بێ دڵ درێژە دەرحەق ئەهلی دڵ
بەجێشە، غەیری ئەو مل پانە کێ بێ هەڵگرێ ئۆباڵ[٢٤٥]

ئەم زاهید و سۆفیە درۆزنانە کە خۆیان لەبەرگی خواپەرستیدا شاردۆتەوە مەحوی باشیان تێگەیشتووە کە گیانیان لەپێناو کولێرەیەکی جۆ دەردەچێ و های و هووەکەیان لەپێناو نانە نەک گیان:

بۆ قورسی گەنم گوونیە رۆحی چووە«مەحوی»
وەک زاهید و صۆفی کە لەبۆ خەپلەیی جۆ چوون[٢٤٦]

مەحوی یەکە یەکە لە بەیتەکانیدا کارەرییاکارەکانیان ئاشکرا دەکا و پەردە لە روویان هەڵدە ماڵێ و لە خەڵکی دەگەیەنێ کە ئەوانە نەک پیاوی خوانێن بەڵکو دژی ئایینی خوان و فرمێسک بۆ جیهان دەرێژن و تەسبێحی ملیان تەنیا بۆ فریودانە:

تەعەججوب گرتمی، صۆفی کە تەسبێحم لە ملیادی
کەبێ تەقریبە پێرێژن لەبەر یابێ بەروبەر موور[٢٤٧]

وا دیارە زاهیدی فێڵباز لەناو چینی بێ سەوادا بەوە خۆی هەڵدەکێشێ کەوا رۆژووی سوننەت دەگرێ، مەحویش پێی رادەگەیەنێ کە ئەگەر رۆژووی هەر تەنیا زاد نەخواردن بێ ئەوا مردووش وایە«من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله

حاجة في ان يدع طعامه وشرابه»[٢٤٨]:

لەنان و ئاو ئەوا ئیمساکییە مردووش، ئەرێ زاهید

چ عوجبێکە، ئەمەندە بۆ دەنازی تۆ بە مورتاضی[٢٤٩]

وادیارە مەحوی زۆر لەشێخێکی تەریقەت پەست بووە، چونکە هێما بۆ مەحوی دەکا کە لەسەر دەستی تەریقەت وەربگرێ، بۆیە بەتەوسە پێی دەڵێ: راستە شێخ پیرە بەڵام نەک پیری تەریقەت، بەڵکو پیرێکی رێ گوم کردوو:

بەپێچی خوارو خێچ ئیمادەکا پیری طەریقەت بێ

حەقیقەت پیرە زاهید پیرە، گوم کردوو طەریق ئەمما[٢٥٠]

مەحوی راستیی خوا پەرستیمان بۆ دەردەخا کە دەبێ بەتەواوی بۆ خودا بێ و لە پێناو هیچ کەس وهیچ شتێ نەبێ«الا لله الدين الخالص»[٢٥١]، بەڵام ئەو زاهیدە خواپەرستییەکەی بۆ ئەم و ئەوە و داوای بە هەشتیش دەکا:

بەو طاعەتە کە بۆ ئەم و ئەوەیە، بەهەشتی ویست

زاهید ئومێدەوارە بە ئەجری ریا، ریاض[٢٥٢]

دوای ئەوەی مەحوی وێنەی راستەقینەی ئەو شێخ و کۆلکە مەلا و زاهید و سۆفییە درۆزنەکان دەکێشێ و کردەوەکانیان بەوردی دەخاتە روو و خەڵکییان لێ بە ئاگا دێنێ، ئینجا وەکو موسوڵمانێکی پاک بانگیان دەکات کە تۆبە بکەن وبێنە ژێر بارەگای عیشقی خواییەوەو دەرگای تۆبە هەمیشە کراوەیەو هەرچی بەدڵسۆزییەوە هانای بۆبەرێ کاری راهی دەبێ«ان الله يبسط يده في الليل ليتوب مسيىء النهار، ويبسط يده في النهار ليتوب مسيىء الليل»[٢٥٣]:

نزیکە مردنت ئەی پیرە زاهید

وەرە با تۆبە بکەین، ئیتر ریا بەس[٢٥٤]

زاهید وەرە روێ بکەرە بارەگاهی عیشق

عالی جەنابە، وانییە هەر رێ بدا بەکەس[٢٥٥]

بۆ ئەوەی هێندە درێژە بە نووسینەکە نەدرێ، وا بەچاک زانرا لەو بەیتانە زیاتر تۆما نەکرێن، ئەگینا هێشتا کۆمەڵە بەیتێکی تریش هەبوون کە ئەم تاقمە



یان داشۆریبووە.

## ٢- مەحوی و شیعری زوهدی سۆفیگەری:

لەپێشوە زانیمان کە شیعری زوهد لەو سەردەمەسەری هەڵدا کە موسوڵمانەکان بەرەو جیهان پەروەری چوون و بێ ئاگابوون لە رۆژی دوامایی، وادیارە ئەوبارو زروفەی کە مەحوی تێدا ژیاوە زۆر لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی شیعری زوهد و چینی بورژووا لەسەر دەرهێنان بووەو رەش و رووتیش نانەسکێنی دەست نەدەکەوت. راستییەکی تریش هەیە دوای هەموو جەنگێ لەبەر نالەباریی باری ئابووری چینێ پەیدا دەبن و خەڵکی بەرەو جیهان نەویستی داوا دەکەن و زوهد وسۆفیگەری پەرە دەسێنێ، مەحویش یەکێک بووە لەو چینە و بەشیعرە بەهێزەکانی هەوڵی داوە ژیانی جیهان لەبەرچاوی خەڵکی بخاو هێندە پەرۆشی مادەپەرستی نەبن، چونکە ژیانی جیهان بڕانەوەی هەیەو پێویستە موسوڵمان خۆی بۆ رۆژی دوامایی ئامادە بکاو توێشووی ئەو سەفەرە درێژەی رێک بخات.

مەحوی لە شیعرە زوهدەکانیدا لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە دواوەیە کە یەکە یەکە چووەتە ناو جیهانیانەوە، بۆیە لە خوارەوە هەریەکە بەچەند نموونەیەکەوە نیشان دەدرێن:

**١- بەهیچ نەزانینی ژیانی جیهان:** ژیانێک مانەوەی بۆ نەبێ مخابنە خۆتی بۆ خەسار بکەیت«وما الحياه الدنيا الامتاع الغرور»[٢٥٦].

مەحوی لە هاتنە جیهانی مرۆڤدا وێنەیەکی زۆر ناسکی کێشاوە و دیاریکردووەکە مرۆڤ هەر کە لەدایکی بوو دەکەوێتە کۆشی جیهان و مامانیی دەکاو بەخێوی دەکات، دوایش هەر بەخۆی دەیکوژێ و لەناوی دەبات:

لەگەڵ زانت دەکەویە کۆشی دنیا

سبەی قاتیلتە، ئەمرۆ بۆتە مامان[٢٥٧]

بەم پێیە نابێ متمانە لەسەر جیهان بکرێ، چونکە ماوەیێ وەکوتیا ترۆخانە بەزم و سەمات پێ نیشان دەدا و دوایی تۆڵەت لێ دەکاتەوەو ترۆت دەکا:

دنیا تیاترۆیە، مەوەستەتیا، برۆ

کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، ترۆ[٢٥٨]

مەحوی بەپێی بیروباوەڕی خۆی جیهان بەشتێکی بێ نرخ دەزانێ و داوادەکا کە بە بریق و باقی هەڵنەخەڵەتێن، چونکە وەکو سەراب وایە و کەس نایگاتێ«الا ان الدنیا ملعونة ملعون مافیها الاذکر الله وما والاە، وعالم او متعلم»[٢٥٩].

وانەبێ مەحوی وەکو ئامۆژگاریکەرێکی لەخۆبایی هەر رووی دەمی لە خەڵکی بکا، بەڵکو خۆشی نەپاراستووە و لەخۆیەوە دەستی پێکردووە کەلە مەکرو نازی ئەم جیهانە خۆی بپارێزێ و نەکەوێتە نێو داویەوە، لەم بەیتانەی خوارەوەدا چاو لەخۆی سوور دەکاتەوەو **دەڵێت:**

تالەماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی صەد شووکەرە
«مەحوی» ئازانە بدە تۆ سێ بەسێ دنیا طەلاق[٢٦٠]

بەم پێیە مەحوی دەیەوێ پێش ئەوەی جیهان ئەو بەدەرکردن بدات خۆی جیهان تەڵاق بداو لێی جوێ بێتەوە، واتا: واز لە جیهان پەرستی بێنێ و بەرەو خواپەرستی بڕوات و پشت بەخوا ببەستێ، چونکە جیهان پەرستی پەردەیەکی رەشە لەنێوان نەفس و خوادا، هەتا ئەو پەردەیە لا نەچێ نەفس ناتوانێ بەخوای خۆی بگات.

مەحوی داوا لە نەفسی دەکا کەبەنازو نیعمەتی جیهان هەڵنەفریوێ چونکە بۆ کەس تاسەر نییە و هەر گاڵتە پێکردنە:

مەبە«مەحوی» بەرووپێدانی یاری عیشوەگەر مەغروور
وەکو دنیا ثەباتێکی نییە ئیقبال و ئیعراضی[٢٦١]

دوای ئەمە روو لەخۆی دەکاو پێی رادەگەیەنێ کەوا ئەگەر جیهان بووە کار بەدەست، تێگەیشتن و زانستی خۆت لەپێناویدا خەرج مەکە، چونکە جیهانێکی بێ وەفایەو لەوە دەگەڕێ چۆن لەناوت بەرێ:

مومەییز چەرخی کە چڕەوبێ، نەکەی مەحوی کەماڵت خەرج
زوبانی تێغی ئەو دەرحەق بە حەرفی من لەحەک دەدوێ[٢٦٢]



ئینجا دان بەوەدا دەنێ کە ئەم جیهانە توانیوێتی دەست بەسەر ئەندێشە و دڵی مەحویدا بگرێ و رۆژێ لە رۆژان بیری مردن و رۆژی دوامایی نەکاتەوە، مەگەر کەتووشی بوو بزانێ ئەمە رۆژی دوامابییە. هەرچەندە مەحوی لێرەدا روو لەخۆی دەکا، بەڵام لەراستیدا لەگەڵ ئەو کەسانە شێتی کە وەکو ئەون، چونکە مەحوی لەوانە نەبووە کە جیهان هێندە بەسەریدا زاڵ بوو بێت:

خەیاڵی پووچی دنیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە
قیامەت، مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم[٢٦٣]

کە مەحوی بیر لە خۆی دەکاتەوەو دەبینێ ئەوا تەمەنی نزیکی کۆتاییەو هێشتا وەک شایان بێت بۆ خوا نەگونجاوەو هەر لە چەند و چوونی جیهاندایە بۆیە هەست بە شەرمەزاری و تاوان دەکاو لەخوا دەپاڕێتەوە کە چیتر تەمەنی بەفیرۆ نەڕوا و لەرێگای خواو عیشقی ئەودا بیباتە سەر:

لەچەند و چوونی دنیادا بە ضایەع چوونی عومرم چەند
خودا یا بەس بەضایەع چم، بەحەققی ذاتی بێچوونت[٢٦٤].

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەیدا لە رادە بەدەرقینی لەجیهان پەرستەکان هەڵساوەو تێبینی کردووە کە هەموو هەوڵێکیان مادەپەرستییەو چرکەیێ خوایان نایەتەوە یاد، بۆیە دەڵێ: ئەوەندەی ئەوانە هەوڵ و کۆشش بۆ جیهان دەکەن، گەر مەحوی بەصەد ساڵ ئەوەندەی رۆژێکی وان خوا پەرستی بکا دەبێتە پێغەمبەر، چۆن جیهان پەرستەکان لە هەوڵ و کۆششیاندا لەرادەبەدەر بوون، بەم جۆرەش مەحوی لە دەربڕینی وشەی(پێغەمبەر)دا، بەڵام لەو باوەڕەین کە پێویستی سەروا زیاتر وشەکەی چەسپاندووە نەک مەسەلەی بیروباوەڕ:

ئەوەندەی ئەهلی دنیان ئەهلی دنیا، تاقە رۆژێ گەر
بەقەرنێ من ئەوەند ئەهلی خودابم دەبمە پێغەمبەر[٢٦٥]

ئینجا مەحوی رووی ئامۆژگارییەکانی لە خەڵکی دەوروپشتی خۆی دەکا کە پشت بە جیهان نەبەستی و دەبێ مرۆڤی موسوڵمان خۆی بە غەریب دابنێ تێیدا، هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ«کن في الدنیا کانك غریب او

عابر سبيل وعد نفسك من اهل القبور »[٢٦٦].

جاری وادەبێ جیهان بۆ مرۆڤێ پێ دەکەنێ و رووی خۆشی دەداتێ، بەڵام نابێ پێی هەڵ بخەڵەتێ و دەبێ خۆی لێ بپارێزێ«ان الدنیا حلوة خضرة وان الله مستخلفکم فیها فینظر کیف تعملون فاتقوا الدنیا واتقوا النساء فان اول قتنة بني اسرائیل کانت في النساء »[٢٦٧]، هەر لەم بارەیەوەش مەحوی پێمان رادەگەیەنێ کە نابێ خۆمان بخەینە ناو داوی جیهان، چونکە وەفای بۆ کەس نییە، هەر کەسێکی بەرز کردەوە ئەوا نیشانەی بەزەوی دا دانێتی:

١- گەر لەدنیا چاکەیێ صاد یر بوو تەفرەی پێ نەخۆی
رووسپی هەر روو رەشە گەر بێ صەد ئازایی بکا[٢٦٨]

٢- دنیابە حیلە مەیلی بە ئەبنای ئەگەر ببێ
ئەم (دایە رێزبار)ە بەفر زەندی شوو دەکا[٢٦٩]

٣- (الحذر) لەم چەرخی کە چبازە بە رووچەرخاندنێک
چەندە سوڵطان و شەهی کردو دە کابێ دەست و مات[٢٧٠]

ئەگەر جاروبار بەختت یار بوو و لەجیهان پلەو پایەکت دەستکەوت پێی مەغرور مەبە، چونکە هەموو هەڵس و کەوتێکی ئەنجامەکەی بەپێچەوانە دەگەڕێتەوە سەر پیاو:

زەمانە بەعضە کەسانێ لەپڕ کە هەڵدەبڕێ
ئەوەندەی هەڵدەبڕێتن هەتا لەگەڵ دەبڕێ
بەیەک دوو کلکە بەرەو ژووری بردەوە دنیا
بەتاقە نوو کە شەقێکی فرێ دەدا لەپڕێ[٢٧١]

جا جیهانێ کە ئەمە رەوشتی بێ و وەفای بۆ کەس نەبێ، بۆچی مرۆڤی خاوەن ئارەزوو هۆشی خۆی دەهاوێتە کۆشی و دەیکاتە داڵدەدەری خۆی؟ ئەی نازانێ جیهان کەلاکە و عاشقی داڵ؟

دەزانی جیفەیە دنیا دەحەیفە
وەکو سەگ ئەم شەڕو شۆڕە لەسەر لاک[٢٧٢]



پیشەی ئەم جیهانە هەر رەتاندنی مرۆڤەو ئازار دانێتی، لەتەنانێکت گەر بەگیانی خۆت بداتی دوو بەشی نۆکە:

زەمانەی پڕ تەعەب دەتکاتە تیرۆک
لەتێ نانت بداتێ دوو بەشی نۆک[٢٧٣]

جیهان چونکە هیچە، بۆیە مەیلی لەهیچانەو هەر ئاشی ئەوان دەگەڕێ و کۆڕیان گەرمە، ئەوەی بەپیاو دەچێ و رێبازی هەقپەرستییە، یا لەسەر سێدارەی دەبینی یاخود خراوەتە زیندانەوە:

ئەمرۆ لەکن زەمانە هونەر بۆ تەقەشمەری
شێری ژیانی بۆچییە، مەیموونییە گەرەک[٢٧٤]

لە کۆتاییدا دوای ئەوەی مەحوی بەتەواوی پێناسەی جیهانی پێ نیشان داین و بۆمانی روونکردەوە کە ئەوەی پیاو بێ پشتی خۆی بەجیهان نا بەستێ و متمانەی لەسەر ناکات، ئینجا دێ مەکرو فێڵیمان بۆ دەست نیشان دەکا و تێمان دەگەیەنێ کە بەهیچ هەڵس و کەوتێکی فریو نەخوێن و هەنگوینە لەپێستی سەگدا و گورگە لەپێستی مەڕدا:

پشتی کەدا بەپشتەوە، بۆپشت شکاندنە
ئەمرۆ خودا شوکورتە، سبەینێ برا لەرۆ[٢٧٥]

کەوابوو نابێ مرۆڤی دانا خۆی لەبیرچێ و بکەوێتە چاڵی سەر بەپووشی جیهانەوە، چونکە پێکی مەی داوەتە زۆر کەس و لە هۆش خۆیانی بردووە:

لە عیشوەی پڕ فەننی دنیا مەبە ئەیمەن، کە وەک نۆشی
بە تەفرەی مەی بەصەد دانا قەراڕەی زەهری نۆشیوە[٢٧٦]

٢- **قیناتکردن و بەسەراب زانینی ژیان:** جیهان لای مرۆڤی لەخوا ترس هێندە گرنگی نییەو هەر چۆنێ بێ دەیباتە سەر، چونکە شتێکی کاتییەو مانەوەی بۆ نییە. مەحویش لەم روانگەیەوە سەیری ژیانی کردووەو داوای لێمان کردووە کەمنەتی هەڵنەگرین و بەسەربەرزی پێدا بڕۆین بۆ ژیانی هەمیشەیی، بۆیە **دەڵێت:**

بەشمەپێی قانیعم و بەسمە داغ و دەردی سەرمەدی
سەربە دەردین ئێمە، بێ دەردی! لە ئێمە سەرمەدە(٢٧٧)

لەم بەیتەی سەرەوەدا مەحوی وەکو عاشقێکی راستەقینە رەفتار دەکا و ئارەزووی لە ناڵە و زارییە، چونکە عاشق هەمیشە دەردە دارەو لێو بەبارە ودڵ بیمارە.

مەحوی هێندە گرنگی بەشتی رووکەش ناداو بەرگ لای ئەو ئەو بەرگەیە کە لەش داپۆشێ، جا بەنرخ بێ یاخود پینەپینە بێ، سەرەڕای ئەمەش گرنگی بە خواردن ناداو لای وایە هەرچی بێ دەبێتە پاشەرۆک:

لەبەرهەر دادەڕنرێ جل، چ پێناوی، چ چیناوی
دەبێتە لوقمە، پاقلە یا پاقلا وابێ(٢٧٨)

مەحوی جیهانی بەسەراب داناوەو تینووانی بەشوێنیدا دەچن و بۆی کەوەڕێ دەبن و ناشی گەنێ، ئەم گەردوونە وەکو دەریایەکی سەراب داناوەو خەڵکیش هەموو لەوشکیدا مەلەیانە و دەمیان بە ئاو ناکەوێ و نائومێد دەبن:

بەئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو
هەموو دەشچن بەخنکان و لەو شکیشە مەلەی مەخلووق(٢٧٩)

**٣- یادکردنەوەی مردن و لێ ترسانی:** هەرچەندە شەربەتی مردن تاڵە، کەچی هەمـوومـان دەیچێـژین «أينما تكونوا يدرككم الموت ولوكنتم في بروج مشيدة»، سەرەڕای تاڵی مردن دەبینین مەحوی لەو بارو زروفەی کە تێیدا دەژی ئاواتە خوازی مردنێتیی و تاڵاوی مەرگی لاخۆشترە لەشەکراوی ژیان و دەیەوێ بگاتە کاروانی ئەوانەی کە جیهانیان جێ هێشت:

کەشک بەم«مەحویا» هەر شەربەتی مەرگ
لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا(٢٨١)
بەوهەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا



خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لەشەکراوی حەیات(٢٨٢)
ئیذنی چوونە چەمەنی وەصڵی سپێرا بەرەقیب
«مەحویا» بمرە کە مردن بووە میراوی حەیات(٢٨٣)
بەجێ ماوم لەیاران نابەجێ ماوم، ئەجەل! زووبە
بە مردن لەم قوصووری ژینە ئیتیعفانە کەم چبکەم(٢٨٤)

**٤- پشت بەخوا بەستن:** مرۆڤی موسوڵمانی تەواو لە ژیانیدا هەرگیز جگە لەخوا پشت بەکەس نابەستێ«اياك نعبد واياك نستعين»(٢٨٥)، چونکە پشت بەخەڵکی بەستن جۆرە هاوبەشی پەیدا کردنێکە بۆخوا، لەبەرئەوە مەحوی لەکاروباری خۆی پشت بەخوا دەبەستێ و هەموو شتێ هەر لەخواوە دەزانێ:

دڵی بێ بارە، مایەی کارە هەرکەس کاروباری خۆی
لەدنیادا، موەففەق بوو بەدڵ تەفویضی باریی کرد(٢٨٦)
کەلامێکە لەحیکەمەت کەیل و جامیع
عەطاکەر هەریەکە، هەر ئەو شەمانیع(٢٨٧)
چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە یارە ببێ ببەخشێ
ببەخشە، بگرە دۆزەخ خۆڵەمێشی کەم بوو یەک مثقال(٢٨٨)

**٥- ترسان لە ئەنجامی ژیان:** مرۆڤی هۆشدار کە سەیری ئەنجامی ژیان دەکا هەڵوەستەیەک لەخۆی دەکات و بەدەفتەری کردەوەکانی دادەچێتەوەو چەند پەندو عیبرەتێکی لێ وەردەگرێ و هەڵەی کەسانی تر دووبارە ناکاتەوە.

مەحوی وەکو سۆفییەکی دانا زۆر بەجوانی وەسفی ئەنجامی ژیانمان بۆ دەکاو تێمان دەگەیەنێ کە ئەوەی جیهان بەرزی کردەوە بۆ ئەوەیە کەملی بگەیەنێتە پەتی سێدارەو هەرچەندە جار ناجارێ رووی خۆشی بداتێ کەچی تۆڵەی هەر لێ دەکاتەوە بەتایبەتی زۆر دژی ئەو کەسانەیە کە رێبواری عیشقی خوان و ئەهلی دڵن:

فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕی وەقتی هیلاکەتیە

کەسەر بۆ گەینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چبکا ؟[٢٨٩]
مادەری گێتی لەشیری بڕیەوە دەبڕێتەوە
فائیدەی چی شەخصی لێکەوتوو بە دادایی بکا[٢٩٠]
دنیا کە دوو ڕۆژە و نەوازش بکا سێیەم
ڕۆژی گودازشە، ئەمەتەداکی سێبەرۆ[٢٩١]
چیە دنیا، ژنێکە هەر شەوی سک پڕ بەصەد فیتنە
سبەینێ زوو بەخوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو[٢٩٢]

**٦- پەشیمانی لەرابوردوو:** مەحوی لە شیعرەکانیدا لە نێوان تەمەنی لاوی و پیری بەراوردێ دەکا، ئاخ بۆ ڕۆژانی چوو دەخواو ئینجا پەشیمانی خۆی دەردەخا لەو تەمەنەی کە لەگوناهدا ڕایبواردووە و هەناسەی نائومێدی هەڵدەکێشێ کە چۆن ئەو تەمەنە گەوهەرەی بەمووروو وە کەرانەیەک گۆڕیوەتەوە؟! بە تایبەتی پیاوی پیر بەگوناهەوە زۆر ناشیرینەو چاوی ئەشک ڕێژی جوانترین دیمەنێتی:

زوشت و ناشیرینە پیر، ئەمما چ شیرینە ئەگەر
چاوی خوونباری نەدامەت ریشی خورمایی بکا[٢٩٣]
لەچەند و چوونی دنیادا بەضایەع چوونی عومرم چەند
خودایا بەس بەضایەع چم، بەحەققی ذاتی بێچوونت[٢٩٤]
میثالی وایە بەحرێ گەوهەری دابێ بەخەر موهرێک
لە بۆ دنیا ئەوی عومری عەزیزی کردووە ضایع[٢٩٥]

***

ذەلیلی خەسرەتم، مەحزوونی خەجلەت
کە بۆ عومری عەزیزم دا بە ضایع[٢٩٦]
دەبینی جێیەک ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەضعی گۆڕیوە، لە نۆشینە[٢٩٧]



**٧- قاتبوونی ڕەوشتە نموونەییەکان:** مەحوی لەو باوەڕە دایە کە بوونی ڕەوشتی بەرز لای جیهان پەرستەکان وەکو بوونی ئاوی ژیانە لەتاریکستاندا، یاخود وەکو باڵندەی عەنقا وایە و بوونی نییە، دوای ئەمە تێمان دەگەیەنێ کەواز لە خۆپەرستی بێنین و درەختی منی ریشەکێش بکەین، چونکە مل کەچی بەرەکەی بەرزو بەجێیە:

طەلەبی ڕەحم و مرووەت لە دڵی ئەهلی زەمان
طەلەبی ئاوی حەیاتە لەسەرابستانا[٢٩٨]
مەثەلی عەهد و وەفا وەک مەثەلی عەنقایە
پیاوەتی باسی لەکن کەس مەکە ئادەم بووە قات[٢٩٩]
لەهەموو جێ لە چ کەس بێنی مرووەت نایێ
کەرەم و صیدق و وەفا ئێستە لە عالەم بووە قات[٣٠٠]
عەهدو وەفا نەماوە کە جەور و جەفایە باو
لەم عەصرو ئەهلە شەکوە ئەبەر تۆبە(یامغیث)[٣٠١]
ببیە لە من درەختی(منی) لەعنەتەبەری
یەعنی بکە لە کیبرو ئەنانییەت ئیحتیراز[٣٠٢]
گەردەن کەچی چڵێکە سەر ئەفرازییە گوڵی
بڕوانە، چاوەکەم، کە لەسەرچاوە جێی برۆ[٣٠٣]

**٨- نائومێد بوون لە خەڵک:** مەحوی خۆی بەخاوەنی پەیامێکی بەرزی ئایینی و کۆمەڵایەتی زانیوە ویستوێتی دەردە کوشندەکانی کۆمەڵ تیمار بکا، بەڵام لە ئەنجامدا لێی نا ئومێد بووەو هەرچی پیاوبووە شوێنی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا نەبۆتەوە:

قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصوور
بەسەری دارەوە، (ذوالنون)ە لەبن زیندانا[٣٠٤]
کەبۆتە دۆشەک(اظفار المنیة)
لەنا ئەهلان ئەوەندەم دیوە سەرچەنگ[٣٠٥]

مەحوی کەسەیری دەوروبەری خۆی دەکا هاوەل و یارانی هەموو بەرەو شوێنی حەق ڕۆیشتوون و بەتەنیا ماوەتەوە، بۆیە بە ئاواتەوەیە دڵی بتوێتەوە بگاتە خۆشەویستانی لە جیهانی نەمریدا:

ئەوی دڵدار و دلبەر مە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم
بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە و نەڕوا لەبەرچاوم[٣٠٦]

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا وێنەیەکی بەرزی هونەری داهێناوە کە دەڵێ:

قەی کردنی سوراحی ئەگەر تێ بگەی دەڵێ:
دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی[٣٠٧]

بەم جۆرە سوراحیش لە خەڵک بێزارە و هۆقی دێتێ کە دەستی لێ دەدرێ، جا چ جای دڵی ناسکی مەحوی لەناو ئەو بەدکارانەدا!:

**٩- بەتەمەن دا چوون و یادکردنەوەی گەنجێتی:** مرۆڤ هەرچەندەی بەتەمەندا بچێ ئەوەندە زیاتر ئومێدی بەژیان دەبێ و گوریسی لەژێر رادەخا، لەم بارەیەوە پێغەمبەر دەفەرمووێ«یهرم ابن آدم ویشب معه اثنتان: «الحرص على المال والحرص على العمر»[٣٠٨].

مەحوی لەم لایەنەوە لەچەند بەیتێکدا یادی گەنجێتی دەکاتەوەو ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێ کەمووی رەشی وەک قیری بووەتە شیری سپی و باڵای نەرم و نیانی وەکو مێو چەماوەتەوە:

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش
تازەم درەختی طوولی ئەمەل دەردەکا چرۆ[٣٠٩]
صەفای صافی جوانی رۆی و دوردی دەردی پیری هات
خوماریێ ماوە بەس ئەمشەو لەبادەی بەزمی دۆشینە[٣١٠]
قامەت نەمام و پشتی وەک مێوو رۆنی نەرم
چەوتاوە، رەق هەڵاتووە، وەک چەوتە مێوی پیر[٣١١]

**١٠- باوەڕهێنان بەرێبازی جەبرییەکان و خۆدانە دەست خوا:** سۆفییەکان بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بەسۆفیگەریی فەلسەفی هەیە لەسەر رێبازی



جەبرییەکانن و هێندە گرنگی بەهۆکار نادەن. مەحویش لەم بەیتانەی خوارەوەیدا لەسەر هەمان جەبرییەو نرخێ بۆ هۆکارەکان دانانێت، چونکە هۆیەکان لەناو دەچن و داهێنەرەکەی هەمیشەیی و هەتا هەتاییە:

پڕ(سیببیریا) بەبێ مەددەی ذاتی کیبریا
ئەسبابت ئەر هەیە، نییە شایانی ئیعتیبار[٣١٢]
بەس بێ سەبەب پەرستی، ئەطیبا دەوا دەدەن
بەس هەر خودا طەبیبە، کەنادا شیفا بەکەس[٣١٣]
هەرچی هەیە موسەببیبە، باقێکە فانییە
بەندەی یەکێ بە، بەس ببەرە عەبدی صەد هەزار[٣١٤]
موسەبیب حەز ناکا، پڕ عالەم ئەسبابت پەرێ کایە
فەقەط چاری نییە قەت یەک بەدوو بینینی مام ئەحوەل[٣١٥]

بێگومان مرۆڤێ کەباوەڕی بەوەبوو هەمووشتێ لای خواوەیە، ئیتر خۆی دەداتە دەست قەزای خواو خۆی بەخاوەنی هیچ توانایەک نازانێ، لەم بارەیەوە دەڵێت:

«مەحوی» بە(موتوا)وە کە لەمردن ببی نەجات
رۆیاندنت لەپێشە، لەپێشا وەرە بڕۆ[٣١٦]
مەگەر بەر مەوجی بەحری رەحمەتم خاوە صفی سەتتاری
وەگەر نا، زەحمەتە پابوونەوەم، نامومکینە سەترم[٣١٧]

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە مەحوی لە شیعری زوهدا دەستێکی باڵای هەبووەو زۆر بەوردی و فەرەوانییەوە بۆ لایەنەکانی زوهد چووە وپێکاوێتی، ئێمەش بەکورتی بڕیومانەتەوەو گەلێ زۆر درێژدا دڕی نەکراوە لە هێنانەوەی نموونەکان و لێکدانەوەیان.

## ٣- مەحوی و شیعری سۆفیگەری:

ئێستا لەمەودوا بەپێی تێگەیشتن و بۆ چوونمان لەدیوانی مەحوی، گەشتێک

بەگوڵزاری ئەم بەشەدا دەکەین و یەکە یەکە لقەکانی دەستنیشان دەکەین:

**ا- خۆشەویستی خوایی:**

نووری خۆشەویستی خوایی بە دوو ڕێگە دەکەوێتە دڵ و دەروونی دڵدارەوە، یا ئەوەتە راستەوخۆ ئەو نوورە دەڕژێتە دەروونەوەو هەموو تەم و مژێ دەرەوێنێتەوە، یاخۆ لەرێی خۆشەویستی خوازراوەوە، «جا ئەوەی کەوا گیرۆدەی عیشقی خوازراو بوو پێویستە کپی بکاو سنووری خوا نەبەزێنێ و هەمیشە بیر لەکانگای ئەو جوانیە بکاتەوە کە پابەندی بووەو کێ پێی بەخشیوە؟ ئینجا تێدەگا ئەگەر دولبەری خوازراو هێندە سیحراوی بێ، دەبێ دولبەری راستی(خوا) چەند جوان و تەواو دڵکێش بێت! بەم جۆرە عیشقەکەی لە خوازراوە وەبەرەو عیشقی حەقیقی دەچێت، هەروەک مەولانای رۆمی دەڵێت: عیشق بە هەر شێوەیەک بێت لەئەنجام دا بەرەو خوای بەتوانا دەگەڕێتەوە»(٣١٨).

خۆشەویستی وەکو زانستەکانی تر نییە پێناسە بکرێت، چونکە چێژێکە دەڕژێتە دڵی دڵداران، هەرچی لەبارەوە گوتراوە باسی شوێنەوار بەرووبووم و هۆکارەکانیێتی، لەو بارەیەوە ئیبن عەرەبی دەڵێت:«واختلف الناس في حده، فما رأيت احداً حدها بالحد الذاتي، بل لا يتصور ذلك، فما حدها من حدها الا بنتائجها وآثارها ولوازمها، ولاسيما وقد اتصف بها الجناب الالهي العزيز وهو الله»(٣١٩).

بەم جۆرە خۆشەویستی خوایی بەردی بناغەی ئایین و سۆفیگەرییە«والذين آمنوا اشد حبا لله»(٣٢٠)، هەموو هەڵس و کەوتێکی رێبوار لەتەوەری ئەودا دەبێ چونکە«ئەم خۆشەویستییە مەبەست و ئامانجی هەموو مەقامەکانی سۆفیگەرییەو لەدوای خۆشەویستی هەر مەقامێ بێت پێشەکییە بۆ ئەو»(٣٢١).

مەحویش یەکێکە لە سۆفییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و لەسۆفیگەریدا پایەیەکی باڵای هەبووەو گەیشتۆتە رادەی خۆشەویستی خوایی و بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە. لەبەرئەوە کۆمەڵێکی زۆر لە بەیتەکانی لەسنووری خۆشەویستی خواییێ و دەتوانین بڵێین سەرپشکی هەموو



مەبەستەکانی ترە، بۆیە ئەم لایەنەمان بەسەرچەند سەر دێرو ناونیشانێ دابەش کردووە، چونکە سروشتی بابەتەکە پێویستی بەم پۆلێنە کردووا لەخوارەوە دیاریان دەکەین:

**١- ئازاردانی دڵدار لەلایەن دولبەرەوە:** دڵدار کەپێی لەسنووری خۆشەویستی خوایی نا، ئیتر خۆی لەبیر دەچێتەوەو یەکگرتنێک لەنێوان خۆی و خوادا پێکدێ، بەڵام نەک یەکگرتنێکی بەرجەستەیی، بەڵکو چێژێکی کەسی و سۆزێکی گیانی وای هەست پێ دەکا هەروەکو خۆشەویستییە خواییەکەی (ابن الفارض).

جا کە مەحوی لەم مەقامەدایە هەموو شتێکی لەلایەن خواوە پێ خۆشە با ئازاریش بێ «فليضحكوا قليلا وليبكوا كثيراً»(٣٢٢)، بۆیە لەم بارەیەوە **دەڵێت:**

دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی بەپڕ بەدڵ
بیمارە چاوی یارو خۆشی دێ لە دەردو دا(٣٢٣)

ئەوەی باوەڕی بەخوا هێنا دەبێتە عاشق، عاشقیش دەبێ لەلایەن خواوە عیشقەکەی تاقی بکرێتەوە، تا راستی و درۆ لەیەکتری جوێ بکرێنەوە«احسب الناس ان يتركوا ان يقولوا آمنا وهم لايفتنون»(٣٢٤)، مەحویش ئەم راستییە دەزانێ بۆیە **دەڵێت:**

بەس کاری دڵ توێنەوە«مەحوی» لەپێشتە
(لايحسب الاناسيى ان يتركوا سدى)(٣٢٥)

مەحوی کە عاشقی خوایە، ناتوانێ لەناو کۆمەڵگایەکەیدا مافی ئەو عیشقە جێ بەجێ بکا، چونکە کۆمەڵێکی پڕ ئاشووبە و ناچارە بەرەو دەشت و بیابان بڕوات تاکو لەوێ جگە لەخۆشەویستەکەی کەسی تر بەدی نەکات:

بەجێ نایێ دەبێ رووکەینە سارا
حەقی ئادابی مەجنوونی لەشارا(٣٢٦)

مەحوی هێندە شەرمەزارو رووزەردە بەرامبەر خوا لەداخی نەفسی بەدی، بۆیە

دەبێ تامردن فرمێسکی پەشێمانی برێژێ و ئارەقی شەرمەزاری دەربدات، بەڵکو تۆزێ بەهانایەوە دێ:

هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو

عەرەق رێتن نەبێ، شەخصی لەکاری خۆ خەجڵ چبکا[٣٢٧]

عیشق کێشوەرێکی نەدۆزراوەیە، ئەوەی عاشق نەبێ پەی پێ نابات، هەرچی پێی خستە ئەو مەرزەوە هەر لەخۆیەوە گریەی دەجۆشێ و هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ بۆ ئەو کاتانەی کە دوور لەو وڵاتە بەسەری بردووە:

گریەدە جۆشێ لەوێ، ئاهە دەبێ نەسرەوێ

نەمدی وەک ئیقلیمی عیشق جێگە بە ئاب و هەوا[٣٢٨]

عاشقی راستەقینە حەسانەوەی بۆ نییەو هەمیشە ناڵەی دەروونی دێ و چاوەکانی ئەشک بارن، سەرەڕای ئەمەش ئەم هەموو ئازارەی پێ بەرەکەتە و وڵاتی دڵی عاشقی پێ ئاوەدان دەبێتەوە:

لەسینە جۆششی ناڵینە، چاوەپڕ ئەسرین

(زمین جورتو اقلیم درد آباد اسست)[٣٢٩]

مەحوی لەبەر پەرجووی خۆشەویستی لەهەر چرکەیەکدا چوار وەرزی ساڵی لێ کۆبۆتەوەو توانیوێتی ئەو ماوەیە لە چرکەیەکدا، بپێچێتەوە:

لە ئیعجازی مەحەببەت چار فەصڵم جوملە بۆ جەمعە

سروشکم سوورە، رەنگم زەردە، لێوم وشکە، چاوم تەڕ[٣٣٠]

عاشق چەندی سەر لێ شێواو و چارەڕەشی بێ هێندە پەسندە، مەحویش سەر دەفتەری هەموو بەدبەخت و عاشقەکانەو عیشق ئەو پایەبەرزەی پێ شایان بینیوە:

کەسەیری دەفتەری سەر گەشتەکان و خاکساران و

سیابە ختانی کردن، دی هەموو، «مەحوی» بووە سەر دەفتەر[٣٣١]

عاشق لەهەردوو باری گەیشتن و دوور کەوتنەوە هەردەکەوێتە ژێر لێزمەی ئازارو توانجی خەڵکی، کەوابوو ئەوەی رێبواری ئەو جیهانە بێت، دەبێ پشت لە



خەڵکی بکاو گوێ نەداتە هیچ شتێ:

ئابڕوو رێژەو یصاڵی یارو خوێنڕێژە، فیراق

عالەمی عیشق و مەحەببەت هەر بڕێژە، هەربڕێژ[٣٣٢]

ئەوەی بگاتە پلەی خۆشەویستی خوایی دەبێ لە مەقامی تۆ بەرەت بووبێ، تۆبەش پەشێمانییەو پێویستی بەدەست لێکدان و فرمێسک رشتنی زۆر هەیە بۆیە مەحوی داوا لەخوا دەکات کەدەست و چاوی ساغ نەداتە دوژمنیش، چونکە نیشانەی دوورییە لەخوا، بۆیە دەڵێت:

دەستم دەوێ سواوی ئەسەف، دیدە کەیلی ئەشک

یارەب بەدوشمنیشی نەدەی دەست و چاوی ساغ[٣٣٣]

دۆڵ وشیوی خۆشەویستی خوایی شوێنی لەش ساغ و مرۆڤی ورگن نییە، بەڵکو هەموویان بەتیری عیشق پێکراون و هەندێ کوژراون«من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله علیه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ینتظر وما بدلوا تبدیلا»[٣٣٤]، بێگومان ئەوانەی کەخۆیان لەپێناو خوا بەخت دەکەن خۆشەویستی خوانەو لەپێناو خۆشەویستییەکەیان گیانیان دەبەخشن، چونکە«هەر موسوڵمانێ گوتی: (لا اله الا الله) دەبێتە عاشق و خاوەن باوەڕ، خاوەن باوەڕیش خوای زۆر خۆش دەوێ«والذین آمنوا اشد حبا لله»[٣٣٥]، بەم جۆرە هەرچی شایەتمانی هێنا عاشقە»[٣٣٦]:

دڵ چووە وا دیی مەحەببەت، هەرچی دی هەر کوشتە، یا

نیوە کوژراوە، لەسەر لێو ئاهـ وناڵەی(وا أسف)[٣٣٧]

دڵداری راستەقینە هەر کاتێ رۆژەکانی رەش بێ و ژیانی پڕ مەینەت بێ بۆی بە پێگەیشتن و پایەی بەرزدا دەنرێ، چونکە هەرچی لەیارەوە بێ خۆشە:

روتبەی کەماڵە، رۆژە رەشی بۆ جگەر بەخوون

ناکامە تاکە رەش نەبووە خوونی خامی میسک[٣٣٨]

مەحوی لەعیشقەکەیدا مەستەوخوێنی جەرگی پێکی کۆرە کانێتی و ناڵەی دڵیش سازو ئاوازی ئەو کۆڕانەیەو گەر ئەمانەی دەستکەوت مەی وزیرو بەمی

ناوێ، چونکە ئەمانە هی جیهانی مادینە و ئەویش پشتی تێکردووە:

ئەی دڵ بناڵە ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق
مەی خوێنی جەرگە، ناڵەیی مەحزوونیە گەرەک[339]
خوێناوی جەرگ و ناڵەیی دڵ گەر عەطا کرا
نۆشینی مەی، سەماعی نەیەو، زیرو بەم حەرام[340]

مەحوی کەتواوەی عیشقی خواییە و شەقی لە جیهانی هیچ هەڵداوە چ دەربەستە ئەگەر پوولێکی لەگیرفاندا نەبێ، چونکە سەرمایەی عاشقی راستەقینە سینگە لەتکراوەکەیەتی ئەگەر خوا هەتا سەرپێی رەواببینێ:

لەجیبمدا ئەگەر یەک پارە شک نابەم، چ پەروامە
خودا گەر قابیلی دیبم هەتا سەر جەیبی صەد پارەم[341]

مەحوی هێندە گریاوە تا تەڕایی لەچاویدا نەماوە، چونکە یار گریانی پێ خۆشە، بۆیە ئێستا لەجیاتی گریان کڕنۆشی بۆ دەباتا کو ئاوی تر بێتە چاوی و کێڵگەی لەخوا ترسانی پێ ئاو بدات:

لە چاوانم نەماوە بۆ گریە، نۆبەی سەجدە بەردەریە
سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیقانەکەم چبکەم[342]
تف لەچارەی خەندە، گریەو شیوەنی پێ خۆشە دۆست
دا کە ئەی بارانی ئەشک، ئەی بەرقی ناڵە، نەسرەوی[343]

خوا موژدەی بە موسوڵمانان داوە کە لەرۆژی دواماییدا رووی خۆی نیشانیان دەدا«وجوه یومئذ ناضرة الی ربها ناظرة»[344]، مەحوی بەتەمای ئەو موژدەیە هەتا ئەو رۆژە هەرگریە و زاری دەکا لەداخی ئەوەی نەوەکو بەنسیبی نەبێ.

لێرەدا مەحوی رەمزی مێی لەجیاتی خوا بەکار هێناوە، رەمزی مێینەش مێژوویەکی کۆنی هەیەو سروشتێکی خوایی بە بالا دابڕاوە«هەر لەئیزیسەوە لەلای میسرییەکان کە خواوەندی دایک بوو، تا دەگاتە مریەمی مەسیحییەکان و لە دوورگەی عەرەبیش لەپێش ئیسلام فریشتەیان بەکچی خوا دادەنا، بەڵام قورئان بەرپەرچی دانەوەو بەدرۆی خستنەوە»[345] لەم بارەیەوە مەحوی دەڵێت:



ئەوا لەیلا بەرۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتا قامی قیامەت، ئاهـ و واوەیلا نەکەم چبکەم[346]

لای مەحوی بەختەوەر کەسێکە تا بەیانی بۆ خۆشەویستی خوا بگریێ و بکڕووزێتەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە خدر ئاسانە و ژیانیان بێ بڕانەوەیە:

وەک(خضر) ئاوی حەیاتی فەیضی حەق عافێتییە
ئەو خودا پێداوە«مەحوی» تا سەحەر ناڵانەشەو[347]

ئەوەی رێگەی عیشقی خوای گرتە بەر حەسانەوەی نامێنێ و دەبێ خۆی بەدوای بەڵادا بگەڕێ«ولقد فتنا الذین من قبلهم فلیعلمن الله الذین صدقوا ولیعلمن الکاذبین»[348]، مەحوی دەڵێت:

لەرێگەی مەهلەکەی عیشق ئەربەڵا جۆنی، برا، لادە
ئەوی من چووم و لەو مادی هەر ئاهـ و داد و فەریادە[349]

مەحوی بەرەو ئاسۆی رێبازەکەی رابیعەی عەدەوییەمان دەبات لەبارەی خۆشویستنی خواییەوە، بۆیە دەڵێ: خەڵکی بەهەشت خۆزگە بەوانە دەخوازن کە لەناو عیشقدا سووتاون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئازار چەشتن لەپێناو عیشقی خوا زۆر لەسەرووی بەهەشتەوەیە:

بەغیبطە بەو خودا پێداوە(طوبی لە)یە ئەهلی خولد
لەکوورەی ناوی غەمدایە بەداغی دەردی تۆشادە[350]

ئەوەی بووە رێبواری عیشقی خوایی و بەگیان چەشتی، بەختیارییەکەی لەوە دایە کە هەمیشە زویر و چاو بەئەشک و دڵ بەخوێن بێ:

لەبەر قاپیی مەحەببەت ئەو خودا پێداوەیە روو سوور
حەزینە، دیدە پڕ ئەسرینە، دڵ خوێنییە، روو زەردە[351]
خوێناوی جگەر، گۆشەیی(بیت الحزن)ێ بوو
«مەحوی» بەسە، مەیلی مەی و مەیخانە حەرامە[352]
شەهیدی غەمزەیە بەعضێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ

دیارە سەر نویشتی ئەهلی دڵ یاشینە باسینە[٣٥٣]

ڕێبـواری سـۆفـیـگەری بە بەشی خۆی رازییـە و خـۆی بەپـاشـای سـەر تەخت دەزانێ، مـەحـوی لەسـایەی خۆشـەویسـتی خـوایـیـەوە بووەتە پـاشـاو حـەسـاری دەوروبەری دەردوبەڵایەو دەواری سەرسەری دوو کەڵی هەناسەی ساردێتی:

لە دەورمدا حەصار: ئافەت، لەسەرسەر خەیمە: دوودی ئاهـ
لەسایەی عیشقەوە بوو مەشەهی صاحێب سەراپەردە[٣٥٤]

مەحوی کە ڕێبواری عیشقی خواییە، گوێی لە کێوی خەم و دۆڵی ئازار نییە، چونکە عاشق راهاتووی ناو بۆتەی ئازارە:

کێوی غەم، وادیی جەفا، طەی کردنە ئەشراطی عیشق
باکی هەوراز و نشێوت کەی دەبێ گەررە هڕەوی[٣٥٥]

مـەحـوی چونکە هۆگـری ئازارە، بۆیە نایەوێ ئەو هەڵە لەدەست بدا کـەیار بەڵێنی داوەتێ بە برژانگی چاوی شەهیدی بکات، تاکو بەنەمری بمێنێتەوە هەتا هەتایێ:

چاوی بیماری بەوەعدەی تیرە بارانی نیگاه
گفتی دا، جەهدێ کە ئەی دڵ، بەڵکی تۆشی بەرکەی[٣٥٦]

بەلای مەحوییەوە بەرگە نەگرتنی ئازاری یار شتێکی کرێتەو پێویستە عاشق بە ئەدەبەوە پێشوازی لێ بکاو پێی بتلێتەوە:

«مەحوی» ئەدەب خەمۆشی یو مەحوییەتە، لەگەڵ
نەسرەوتنێکی، یەعنی بەدەم دەردەوە گلان[٣٥٧]

**ب- خۆ بەخت کردنی دڵدار لەپێناو دولبەردا:**

عیشق هێندە کاریگەرە وا لە عـاشق دەکا کە خۆی و دەوروبەری لەبیر بچێت و گـیـانی خـۆی زۆر بە هەرزان بزانێ لەپێناو دولبـەرەکـەیدا، بۆیە سـۆفی پێش مردنی خۆی دەکاتە خاک و خۆڵ و باکی لەمردن نییە، مەحوی لەژیانی جیـهان بێزار بووەو پێکی مردنی لەلاباشترە لەئاوی روون و حەز دەکا هەتا زووە رزگاری ببێت:



کەشک بەم«مەحویا» هەر شەربەتی مەرگ
لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا[٣٥٨]

ئەوەی بیەوێ ببێتە سوارچاکی مەیدانی عیشقی خوایی، هەر کەپێی خستە ئەو مەیدانەوە دەبێ لەسەری خۆی ببورێ، چونکە ئەنجامی عاشق هەر توانەوەیە لە مەعشووقدا، کەوابوو توانەوە کە بەخۆ بەخت کردنە:

تانە بووری تۆ لەسەر، رێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لەپێشی پێ دەبێ لەم رێگە دانێی(اولا)[٣٥٩]

لە خۆشەویستیـدا خۆ بەزل زانین نییـە بەتایبـەتی ئەگەر خوایی بێ، بۆیە مرۆڤی دانا ئەو کەسەیە کە زیاتر خۆی دەکاتە قوربانی بۆ گەیشتنە ئامانج:-

تۆوی سەرخستووە بن خاکە، سەر ئەفرازی بەر
هەر لەرێگەی طەلە بابوو، سەری دانا، دانا
کە رۆحم تێگەی تۆ حەز بەدەرچوونی دەکەی، دەرچوو
دەبێ عاشق کە دی بێزارە یاری، بێ برۆ بروا[٣٦٠]

دیسـان مـەحـوی بەهۆی رەگـەزی مـێـیـینەوە ئامـاژە بۆ خـوا دەکـا و ئەمـەش دەگـەرێتـەوە سـەر«ئەو پەیوەندییـە بەتـینەی کـە لەنێـوان غـەزەلی عـوزری و خۆشـەویسـتی سۆفـیدا هەیە، چونکە پاکی و زوهد نیشـانـەیانە و هەردووکـیان بەرەوبەرزی و باڵایی دەچن»[٣٦١] ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە مەحوی بەهۆی عیشقی خوازراوەوە بەرەو عیشقی حەقیقی چووە، بۆیە سەری سەت فەرهاد و شیرین و لەیلاو مەجنوون لەبەر دەرگـانەی کەوتوونەو چاوەنواڕی تۆزێ بەزەیینە لێی:

بەلەیلاوە وەرە بەر قاپیی ئەم لەیلایە ئەی مەجنوون
شەهێکە صەد سەری فەرهاد و شیرینی لەبەر پێ کەوت[٣٦٢]

مەحوی چاک تێگەیشتووە کە عیشقی خوایی گاڵتە نییەو بەدوو سێ قسەی زل نایێتـەدی، بەڵکو ئەوەی پایەی بەرزی گـەرەک بێ دەبێ خـۆی لەسـەر داری

سێداره ببینێ وەکو هەللاج کە بەهۆی بێژەی (انا الحق)ەوە لەسێدارەیان دا، چونکە باوڕی بەتێچوون هەبوو کە بریتییە لە«تێکەڵ بوونی لاهووت لەناو ناسووتدا بە مەرجێ هەردووکیان پارێزگاری لە سروشتی تایبەتی خۆیان بکەن»[٣٦٣].

مەحوی لەم چەند بەیتەی خوارەوەیدا وادیارە کاریگەری ڕێبازەکەی هەللاجی بەسەریەوەو دەیکاتە ڕێگایەک بۆ گەیشتنە هەق:

لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەردار
بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار[٣٦٤]
موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەقق و حەققییە مەنظوور
سولووکی چوونە سەرداره، طەریقەی پیرییە مەنصوور[٣٦٥]
لە ئولکەی عیشقەدا، بۆ هەر کەسێ سەرداریيە مەنظوور
عولووی مەرتەبەی سەرداره، بۆتە پەیڕەوی مەنصوور

مەحوی مەیدانی خۆشەویستی خواییی زۆر فراوان کردووەو هەموو گەردوونی گرتۆتەوە«کنت کنزا مخفیاً فاحببت ان اعرف فخلقت الخلق فبي عرفوني»[٣٦٧]، لێرەدا زۆریشی بە عاشقی خوادا ناوەو گەڕانەکەی وا لێکداوەتەوە کە لەپێناو سەردانان دەگەڕێ بەرامبەر خوا، بۆیە مەحوی دەیەوێ چاو لە ڕۆژ بکاو گیانی لەپێناو ئەو عیشقەدا ببەخشێت:

رەهڕەوی ڕێگەی مەحەببەت وا دەبێ، هەر سەعیەتی
تا هەیەم لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە ڕۆژ[٣٦٨]
ڕۆحی بەفیداکە، بزانە کێیە چەوگان بازەکە
«مەحویا» چەوگانە عیشق و، گۆیە لەم مەیدانە ڕۆژ[٣٦٩]

مەحوی لە عیشقی خوادا هێندەی ئازاربینیوە هەروەک پووشکەی لێهاتووە، چیلکەش هەر بۆ سووتان دەشێ، چونکە عاشق ئەو کاتەی خۆشە کەگیانی دەردەچێ و بەرەو خزمەتی خوا دەگەڕێتەوەو جیهان بۆ گیانی عاشق بەندیخانەیە«الدنیا سجن المؤمن وجنة الكافر»[٣٧٠].



وتم: عیشق ئاگری گرتە و جوو دم
وتی: هەر بابەتی سووتانە خاشاک[٣٧١]
لەحینی نەزعی ڕۆحا، ڕۆحی عاشق
وتی: ئۆخەی لەمیحنەت خانە دەرچووم[٣٧٢]
بەجێ ماوم لەیاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل! زووبە
بەمردن لەم قوصووری ژینە ئیستیعفانەکەم چبکەم[٣٧٣]

مەحوی هێندە بەناخی خۆشەویستی خواییدا چۆتە خوارەوە و گوێڕایەڵی فەرمانەکانێتی، هەر بەهێمایێ گیانی لەدەست دەدا، هەمدیسان مەحوی خوای لەشێوەی ئافرەتێکدا بینیوەو ئاماژە بۆ برۆی دەکات کەوەکو تیغ تیژە:

موشتاقی دەمی تیغت ئەوەندە بە بەهانەن
بۆ چوونەفەنا، هەر بەئیشارێکی برۆ چوون[٣٧٤]

ئەوەی ڕێبواری عیشقی خوایی بێ بڕیی بە جیهانی مادی ناشکێ و دڵی لێی حەساوە نابێ و کەسێکی ڕیز پەڕ دەردەچێ، بۆیە دەبێتە گاڵتەجاری منداڵان، یاخود لەسەر گوتەی هەق لەسێدارە دەدرێ، چونکە چەوتییەکان ناشارێتەوە و ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات:

دەبینم ئەهلی دڵ یاسەنگەسارە، یا لەسەر دارە
دیاری عیشق، ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە[٣٧٥]

مەحوی لەم جیهانە پان و بەرینە جێی لێ تەنگ بووە و نازانێ لەبەر شۆڕشی خۆشەویستییەکەی ڕوو لەکوێ بکات و لەئەنجامدا شاری نەمانی هەڵبژاردووە، چونکە دەشت و بیابان شوێنی مەجنوونە و شاخیش شوێنی فەرهادە، بەم پێیە دەبینین مەحوی ئاماژە بۆ عیشقی قەیس و فەرهاد دەکاو وادیارە بەرەو عیشقی حەقیقی دەبات بۆیە لەگەڵ هی خۆی ناویانی بردووە:

مەگەر شاری عەدەم، جێی وا تیاسەر گەشتەبم قاتە
بیابانە بەشی مەجنوونە، خاصی کۆهکەن کێوە[٣٧٦]

بەڵام لەم بەیتەی خوارەوەدا مەحوی لەداخی ئەوەی کەگیانی لەپێناو یار دەرنەچووە، وەکو شێت داویەتە کێوەکانەوە:

لە رەشکی صەیدی فیتراکی چ شیرین شەهسوارێکە
کە«مەحوی» هەر دێوانە، عەنقا کەوتە شاخ و داخ(٣٧٧)

**ج- قورسی و گرانیی باری خۆشەویستی:**

خۆشەویستی بارێکی هێندە قورسە ئەوەی باری جیهان ویستی بەلاوە نەنێ، ناتوانێ خۆی لەقەرەی بدات. لەم بەیتەی خوارەوەدا مەحوی رووی ئەوەی نییە بەرامبەر بارەگای خوا بوەستێ سکاڵای دەروونی دەربیڕێ لەبەر روو زەردی وشەرمەزاری، باری خۆشەویستی هەموو کەس خۆی لەبەر راناگرێ، بۆیە داوا لە قەڵەمەکەی دەکا کە ببێتە زمانی سکاڵای و بە هانایەوە بێت:

مەگەر تو عەرضی حاڵم، کەی لەکن یار
قەڵەم، ساغی قسە، من نیمە یارا(٣٧٨)

عاشقی خوایی لەگەڵ جیهان و دەوروپشتی ناگونجێ، چونکە لە کۆمەڵدا بەجۆرە شێتێ لە قەڵەم دەدرێ، جیهانی هەستی بەباری سەرشانی دەزانێ بۆیە لە مانگ و رۆژیش هەڵدێ و حەزی لە تەنیاییە، تا لەوێ نیازی دڵی خۆی لێک بداتەوەو لەشتە نامۆیەکانی دەوروبەری رزگاری ببێ، بەم جۆرە سێبەری خۆشی لێ دەبێتە بار و بەگرانی دە زانێ:

رەم دەکا حەتتا لە میهرو مەه جنوون ئادابی عیشق
سێبەری لێ بارە هەر کەس مەیلی تەنهایی بکا(٣٧٩)

مەحوی رووی دەمی لە زاهیدی درۆزن دەکا و پێی رادەگەیەنێ کەوا نەفسی پیری ئەو جلی خۆی لێ بووەتە بارو توانای هەڵگرتنی خۆشەویستی خوایی نییە، چونکە هێندە قورسە زەوی و ئاسمان توانای هەڵگرتنیان نەبوو«انا عرضنا الامانة على السماوات والارض والجبال، فابين ان يحملنها وأشفقن منها، وحملها الانسان انه كان ظلوما جهولا»(٣٨٠)، جالێرەدا ئەمانەت ئایینەو ئایینییش بڕوای«لا اله الا الله»یە، هەرچی ئەم گوتەیەی بەدڵدا هات و بەزار



درکاندی دەبێتە عاشق:

لەبەرباری مەحەببەت ئاسمان و ئەرزئە ناڵێنن
چیە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارەگا پیرت(٣٨١)

خۆشەویستی هێندە بارێکی قورسە نەک ئۆقرە لە مرۆڤ دەبڕێ، بگرە رۆژیش گیرۆدەی بووەو هەر لەسووڕاندایەو کەس ناتوانێ چارەی بکاو تۆزێ بارەکەی لەسەر سووک بکات:

ئەم گلاراوەی لە عیشقە تا قیامەت هەر دەبێ
صەد مەسیحا چاری ناکا، دەردی بێ دەرمانە رۆژ(٣٨٢)

باری خۆشەویستی هێندە گران و بە ئەرکە مەحوی خۆی لەبەر نەگرتووەو تێیدا سووتاوە و بووەتە مشتێ خۆڵەمێش، لەگەڵ ئەوەش مەحوی ریزی لێ دەگرێ و وادەزانێ هەر شایانی سووتان و نەمانە:

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لەوێ دەگرم
کەمن مشتێ چڵ و چێوم، بەچی بم، کەڵکی کێ دەگرم(٣٨٣)
لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕپێوانە، سووتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئیشی زۆرە، ریزی لێ دەگرم(٣٨٤)

یەکێ لە ئیشە زۆرەکانی خۆشەویستی و ئەنجامەکانی، سەرگەردانییە لەو بیابانەدا و گوێ نەدانە بەئەنجامی ئەو سەر گەردانییە ئەگەر تێچوونیش بێ، سەرەڕای ئەمەش عیشق جۆرە شێتییەکەو گەلێ کارەساتی ناقۆڵا دێنێتە سەر عاشق و ناچاری دەکا شۆڕشی بەرپابکا و دەوربەری بهەژێنێ:

دەزانم بادییەی عیشقە خەطەرناک
کەچی هەرچووم، ئەگەر مام و ئەگەر چووم(٣٨٥)
دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشی ئینشانەکەم، چبکەم(٣٨٦)

مەحوی عیشقی خوایی لاهێندە قورسە کردوتیە هاوشانی کێوکون کردنی فەرهاد، جا چاو لەو دەکات دەرەقەتێ بێ یانەیێ:

بێستوونی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لەحەق بێم و نەیەم، تەقلیدی فەرهادێ دەکەم[٣٨٧]

خۆشەویستی قسەی زل و رووت نییە، بەڵکو بەکردەوەیەو دەبێ نهێنی بێ، چونکە کاو لەمەیخانەی عیشق مخابنە بێ ئاژاوە بێت و عاشق نابێ دەمێ لە خەم و ئازارو سووتان فەرامۆش بێ:

سووتانی بەبێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت
وەک بولبول ئەم ئەفغانە بەپەروانە حەرامە[٣٨٨]
بکەین ئاه و فوغان و ئاگرێ بەردەینەخان و مان
خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشووب و غەو غابێ[٣٨٩]
خودا گرتوو دڵم چوتن بەگژ شۆڕو شەڕی عیشقا
بەنەصصی ئایە ئەفلاک و زەمین ئەم بارە ناکێشێ[٣٩٠]

مەحوی چاک لە خۆشەویستی خوایی گەیشتووە و دەزانێ شایانی هەموو کەسێ نییەو مەگەر ئەوەی وەکو شێرمەرد بێ و واز لە بریق و باقی ژیانی مادی بێنێ و خۆی بەزنجیری پیرۆزی عیشق کەلەپچە بکات:

لەپێ حەرامەزرەی سیلسیلەی موقەدەسی عیشق
ببی بە شێرو مەگەر هەڵگری لەدنیا دەست[٣٩١]

عیشق ئاگرێکە بەربووە هەر دڵی، مادەپەرستی تێدانامێنێ و هەموو شتێکی لەبەرچاو دەکەوێ و گرنگی بەتاجی پاشایانە ناداو لانەکەی بێ دەرگایەو دیواری بێ پشت بەستە، ئەمەش بارێکی قورسە و هەموو کەسێ بەرگەی ناگرێ مەگەر هەر مەحوی خۆی سوارچاکی ئەم مەیدانە بێت:

خەرابی عیشقی تۆ وابی سەرو سامان و دەروێشە
سەری بێ تاجە، کولبەی بێ دەرە، دیواری بێ ساچاغ[٣٩٢]

**د- «عیشق دڵدار دەکاتە کەس»:**

بێگومان پوول پەرستی مرۆڤ لە راستە شەقامی مرۆڤایەتی لادەباو بەرەو



هەڵدێری لەخۆبایی بوونی دەبات، بەڵام ئەوەی پشتی لە جیهان کردو بەکاو لە هەواری عیشق قایل بوو، ئەوا کلووری جیهانی لەلادەبێتە زلەکایەک و لەبیابانی خۆشەویستی خواییەوە مۆژدەی بەختەوەریی پێ دەبەخشرێ و بەهەزاران کەس پەنای بۆ دەبەن و دەبنە خاکی بەری پێی:

بۆ گومبووانی چۆڵی مەحەببەتیەتی خودا
تەبشیری (والسلام علىٰ تابع الهدىٰ)
لەفیرقەی خاکسارانی مەحەببەت بفکرەیەک یەک
بەدیمەن یەک نەفەر، دامەن بەلێوی صەد فەریق ئەمما[٣٩٤]

بەلای مەحویی عاشقەوە ئاوەدانیی دڵ بەخەم و جگەری بریندارەوە دەبێت، ئەویش لەمانە دەوڵەمەندەو هیچ شایەک هەندی ئەو بەختیار نییە:

(جگرز زخم تومعمورو دڵ زغم شاد است)
ئەمەندە بابەتی عەیشی نەداوە بۆ شا دەست[٣٩٥]

ئەوەی لەعیشقدا خوێنی دڵی خۆی خواردەوە و ئارامی لەسەرگرت، ئەوا پایەی هێندە باڵا دەبێ، ئەگەر بەردی سەرکێوانیش بێ دەبێتە لەعل و دەبریسکێتەوە:

گەرسەنگی کۆهسارە، بووە لەعلی تابدار
هەرکەس بەجەبری صەبرو حەیا خوێنی بو بەقووت[٣٩٦]

ئەوەی وەکو مەحوی گەدای بارەگای خوایی بێ، پایەی زۆر لەشاهە نشا بەرزتر دەبێ و هەرچەندە نەزانیش بێ زانستی خوایی دەچێتە دڵی و لەو جیهانیش لەبەر بینینی خوا ئاگای لەبەهەشت نامێنێ، چونکە بەلای عاشقانەوە مەبەست لە چوونە بەهەشت دیتنی خوایە، کەدیتێ بوو بە هەشت بۆ چییە؟

لەکۆیا مودەدعی دیمی، بەئیستیهزا وتی: شاهم
گەدای ئەم کۆیە بم، شاهەنشەهێکم صەد لەشا زیاتر[٣٩٧]
لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەر کەس سەری دانا
ئەگەر پەتیارەک بوو، بوو لە صەد عەللامە داناتر[٣٩٨]

لەدنیا تێپەڕێ هەرکەس بەباڵی هیمەت، ئازایە
لەعوقباش ئەو کەسە گەرتێپەڕی، بازێکە ئازاتر[٣٩٩]

ئەوەی روو لەبارەگای عیشق بکا دەبێتە کەس، مەحوی داوا لەزاهیدی درۆزن دەکا کەبەرەو ئەو بارەگایە بچێ و بەشی خۆی لەو مەزنییە وەرگرێ و ببێتە کەس، چونکە عاشقی راستی حەسوود نییەو و حەز دەکا هەموو کەسی پێ بگا:

زاهید وەرە روێ بکەرە بارەگاهی عیشقی
عالی جەنابە، وانییە هەر رێ بدا بە کەس[٤٠٠]

لەدەرگای عیشقی خوایی بەندەی راست پاشایە و جیاوازیی چینایەتی و رەنگ لەومەرزەدا چنگ ناکەوێ، زمانی ئەو وولاتەش وەک زمانی ناو فەرهەنگ نییە، چونکە سۆفی نقومی دەریای خواناسین (المعرفة) بووە، لەم بارەیەوە (النفری) **دەڵێت:**

«کلما اتسعت الرؤیة ضاقت العبارة کما نعی الصوفیة علی اللغة قصورها عن تصویر مشاهداتهم ومواجیدهم»[٤٠١].

لەقاپی عیشقەدا وەک شاهە بەندە
لەسەر خوانە چ مەتبووع و چ تابیع
لوغاتی ئێمە ناڵە و ئاهە (قطعاً)
لوغەی وا ناگرێ (برهان قاطع)[٤٠٢]

ئەوەی نەچێتە کۆڕی مەینۆشان نابێتە کەس، ئەو کەسەش هەوڵی پایەی بەرز دەدا بەگەیشتنە یار، جا بە هەر جۆرێ بیگاتێ گرنگ نییەو عاشق هەمیشە دیلی یارو زنجیرەی پێی شانازی و جوانییە بۆی، چونکە عیشق هەر کەسێکی سووتاند دەبێتە کەس و شەوی تاریکی روون دەکاتەوە:

عیشق ئاگرێکە بەر بووە هەرکەس دەبێ بەکەس
گەر رۆژە رەش وەکو شەوەبێ، بوو بە شەوچراغ[٤٠٣]
مەنعی ناکەم بۆیە کردو کۆششی دامەنیە، دڵ



پێوەنیشێ، حەول ئەدا ئەلبەتە هەرکەس بۆ شەرەف[٤٠٤]
شێرێکی پێ لەسیلسیلە دایە ئەسیری عیشق
مەردی، بزانە زینەتی مەردانە تەوق و رەوق[٤٠٥]

عاشق تا نەکوژرێ پایەی بەرز نابێ و لەخوا نزیک نابێتەوە، هەر کەبووە نێچیری یارو بەزین هەڵواسرا ئیتر دەگاتە پایەی بەرزی خۆی:

کە کوژرا شاهی عالی جاهی عیشقە
هەتا صەیدت نەکەن ناگەیتە فیتراک[٤٠٦]

رێبوار ئەو کاتە دەبێتە کەس کەبەشێکی هەبێ لەزانستی خوایی «وعلمناه من لدنا علماً»[٤٠٧]، شەویش دەریایە کە پڕی ئەو جۆرە زانستەیەو ئەوەی بیەوێ بەهەلی بزانێ و پێی بگاو تێی بگات:

هەر کەسێ طالیب بە دەوری مەعریفەت کۆکردنە
پڕ لەدوڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو[٤٠٨]

مەحوی لە سایەی عیشقەوە بووەتە پاشا و ناوبانگی دەرکردووە، دڵیشی لە سینگیدا نەماوەو بەرەو بەهەشتی خوایی فڕیوەو وەکو گەردێ بەداوێنی یارەوە دەنیشێ:

فسانەی من بووە زینەی مەجالیس، ئافەرین ئەی عیشق
چەهابێ نام و خامی وەک منت کردۆتە صاحێب نام[٤٠٩]
من پادشاهی عیشقم و، هەر داغی جونوونم
تاجی سەرە، باقی کە لەدێوانە حەرامە[٤١٠]
حەقی بوو دڵ لە کۆیاما بەسینەی ئێمە ناراضی
کە عاصی قەصری خولدی دی، بەجێ ئەلحەد نەماراضی[٤١١]
مەبزوە «مەحویا» لەم رێگەدا تا دەبیە خاکی رێ
ئومێدە دەستی گەردت هەر دەگا ئاخر بە داوێنی[٤١٢]

بارەگای خوایی هێندە دڵگوشادو بەرزە جێیە، هەر کەسێ چرکەیێ لەو بارەگایەدا گەدایی کردبێ، پایەی خۆی بە پاشایەتی ناگۆڕێتەوە، چونکە مرۆڤی

دانا چۆن شتی هەمیشەیی بەکاتی دەگۆڕێتەوە؟

ڕێ درابێ بەگەدایی نەفەسێ لەو دەرەدا
هەر کەسێ، تانە فەسە عارییە شاهە نشاهی[٤١٣]

مرۆڤ هەر بەعیشق دەبێتە کەس و ناوی لە جیهانی هەمیشەییدا دەمێنێتەوە، ئەگەر عیشق نەبوایە چۆن ناوی لەیلا لەگەڵ شیرین و فەرهاد لەگەڵ مەجنوونی عامری دەهات؟ کەوابوو عیشق پلەو پایە بۆ عاشق پەیدا دەکا و دەیکاتە کەس:

ئەگەر لەیلا، ئەگەر فەرهادە، تا حەشر هەربێن مەمنوون
لەیومنی عیشقە، فەیضی حوسنە، وابەم ڕوتبە نائیل بوون
دەکەن ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی لەگەڵ شیرین
دەبەن بەرد هەڵکەنێکی کێزری ناوی لەگەڵ مەجنوون[٤١٤]

**هـ- «عاشق پەروانە ئاسایە لە سووتاندا»:**

لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا وا باوە کەوا پەروانە لەبەر عیشقی ڕووناکی بەرەو چرادی و هەتا خۆی نەسووتێنێ ئۆقرە ناگرێ، عاشق پەروانە ئاسایە و ئەوەندەی بەعیشقی حەقیقیدا چووبێتە خوارەوە نەمانی لاخۆشترە لەمان، مەحویش کە بەشێکی لەم عیشقەدا هەیە، دەیەوێ چاو لەپەروانە بکا، چونکە عیشقەکەی ڕاستەوریای تێدانییە، بۆیە هەر کەپێکی خوایی نۆشکرد و چرای جوانیی یاری دی، بەناچاری دەبێ چاو لەپەروانە بکات:

کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ، چبکا؟![٤١٥]

کە عاشق لەگەڵ عیشقەکەیدا ڕاستگۆ بوو، ڕق و کینە لە دەروونی دا نامێنێ (هەروەک ڕابیعەی عەدەوییە لە خەونیدا بە پێغەمبەری ڕاگەیاند کەوا ڕقی لە شەیتان نابێتەوە، چونکە دڵی جێی تێدا نەماوەو هەر خۆشەویستی خوای تێدایە)و هەموو کەسێکی خۆشدەوێ، بۆیە مەحوی نووری تەمەنی خۆی خەرج دەکا بۆ لابردنی تاریکیی ڕێگەی کەسانی دی:



نووری عومری صەرف ئەکا بۆ کەشفی تاریکی لە خەڵق
وەک چرا هەر کەس بە شۆخی مەجلیس ئارایی بکا[٤١٦]

بەلای مەحوییەوە پەروانە ڕابەرێکی لەباری عاشقانی خوایەو ئەوەی دڵ قاییم و خاوەن بڕیار بێ، با پەروانە بکاتە ڕابەری خۆی و لەوەوە فێری دەرسی عیشق ببێت:

سەکینەی مەرتەبەی سووتانییە ئاتەش پەرستی عیشق
ئەگەر صاحێب ئیرادەت بێ، عەجەب پیرێکە پەروانە[٤١٧]
زوبانی حاڵی پەروانە لەوەختی سووتنا دەیوت
کەسێ واریشمە وەک من بێ، لەعیشقا خۆ بسووتێنێ[٤١٨]

**و- «داغکردن نیشانەی عیشقە»:**

هەر دڵێ بیەوی بەرەو ناسینی ڕاستیی خوایەتی بڕوا، دەبێ لەو ڕێگەیەدا بەرگەی گەلێ ئازار بگرێ و داخی عیشقی پێوە بلکێنرێ، مەحوی کە یەکێکە لەو ڕێبوارانەو ئەو ڕاستییەی زانیوە و ئاماژەی بۆ ئەم داخکردنە کردووە لەغەزەلەکانیدا:

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشەبێ داغی عیشق
«مەحویا» دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا[٤١٩]

تەنیا شتێ کە دڵ لە ئەندامەکانی تری لەش جیابکاتەوە داخی عیشقەو هەر دڵێ ئەو داخەی پێوە نەبێ پارچە گۆشتێکە و بێ بایەخە و قەباڵەیەکی بێ مور و بەڵگەیە:

دڵ هەر بەداغی عیشقە ئەگەر ئیمتیازی بێ
وەک نوقطەی ئینتیخابە لەسەر شیعری مونتەخەب[٤٢٠]
هەر دڵێ پێوەنەبێ داغ و خەطی جێ دەمی تێغ
دەعوییی عیشقی ببێ، دەعوییە بێ مورو سەنەد[٤٢١]
سەنەد بێ مور و خەط دەعویی مەحەببەت کردنە«مەحوی»

تەعەششوق بێ دڵێکی داغدار و سینەیی ڕیشێ[٤٢٢]

بەلای مەحوییەوە داغی دڵ وەک چاوی دڵ وایە، واتا: ئەوەی دڵی بە عیشق داخ نەکرێ چاوی دڵی کوێرە، جا ئەگەر خوا بەرەحمەت ئەو چاوەی دایە دڵ و بەهۆی زۆری گریانەوە چاوی کوێر بوو، ئەوا چاوی دڵی دەخاتە کار بۆ ئەو گریانەو لە بریتی فرمێسک خوێن دەڕێژێت:

خودا بیدا بەرەحمەت، داغی دڵ چاوی دڵە«مەحوی»
بەگریە چاو ئەگەر چوو، شک دەبەم بەچاوێکی بیناتر[٤٢٣]

ئەوەی عاشق بێ برینەکانی تیمار ناکا، چونکە ئەو داخانەی کە پێوەنراوە جێگای شانازیی ئەون، سەرەڕای ئەمەش مردن بە ژیان دادەنێ و ژیان بەتافی ساوایی کە هێشتا پێی نەگرتووە و لەجێوەیە:

لەسەر شانی کەسانی دی جەنازەی من، وتی: چابوو
ئەم ئیفتادەش لەغەم ڕسگاری بوو بۆ خۆی و سەرپێ کەوت[٤٢٤]
هەموو فەخری کە داغ و دەردە عاشق
مەبەن، ڕیسواییە، ناوی دەوا قەط[٤٢٥]

عاشقی بەستەزمان نەک هەر لەژیانیدا بەڵکو لەدوامایشیدا ناحەسێتەوە، چونکە ئەگەر دەچێتە دۆزەخ عیشقی لێ نییەو ئەویش بە عیشق دەژی، ئەگەر دەشچێتە بەهەشت دەردو داخی لێ نییە کە مۆرو سەنەدی قەباڵەی عیشقەو نیشانەی خۆشەویستیش لەتلەت بوونی دڵ و شوێنی داخەکانێتی:-

دۆزەخ لەعیشقە خاڵی یوجەننەت لەدەردو داغ
عاشق لە حەشریشانییەتی جێ دڵێ فەراغ
گەر عازمی زیارەتی کەعبەی مەحەببەتی
ڕێ: چاکی دڵ، عەلامەتی ڕێ: داغ و شوێنی داغ[٤٢٦]

مەحوی کەعیشقی خوایی لەسەری داوەو دڵی بۆتە گەنجینەی داخ، بەو گەنجینەیە دەردو بەڵای زیاتر پێ دەکرێ تاکو سەرمایەکەی زیاد دەکاو هەموو لەشی دەبێتە جێ دەمی داخکردن:



لەخەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە، هەرداغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودانەکەم، چبکەم[٤٢٧]

مەحوبی عاشق زانیوێتی سەرمایەی ئەو عیشقە لە ئازارو داخکردن بەولاوە هیچی ترنییە، بۆیە پێی قایل بووەو وای لێهاتووە ئەگەر دڵی داخی پێوەنەنرێ ئۆقرە نەگرێ و لەبەرئەوە گەنجینەی خۆی پڕکردووە لەدراوی داخ و بەچەپ و ڕاست سەودای پێ دەکا و کۆتایی نایێ. چونکە گەنجینەکەی لە خواوەیەو خواش دەوڵەمەندە «والله الغنيي وانتم الفقراء»[٤٢٨].

هەمیشە دیدە بەحری گەوهەرە و دڵ پڕ لەنەقدی داغ
لەبن نایێ بەمەصرەف چونکە خەزنەی من خودا دادە[٤٢٩]
بەشمەپێی قانیعم و بەسمەداغ و دەردی سەرمەدی
سەر بە دەردین ئێمە، بێ دەردی! لە ئێمە سەرمەدە[٤٣٠]
بێ داغی نەدامەت دڵ و، بێ دەردی ئەسەف جان
لەم کالیبەدە[٤٣١] دڵ، لەدڵ ئەو جانە حەرامە[٤٣٢]

مەحوی داغ و دەردی دەروونی بەنیشانەی تەواوی دادەنێ و هێندە گوێ ناداتە جوانیی جل و بەرگ و بەژن و باڵا، چونکە ئەم داخ و دەردە لەلایەن مەحوییەوە زۆر لەمۆری پاشایەتی بەنرخترە:

دەردو داغێکی دەروونی گەربێ، بارەنگ و ڕوو
سیس و موغبەر بێ، کەماڵم بوو جەماڵم بۆچییە
پڕ بەپێ زنجیری شێتی، داغی سەودا پڕ بەسەر
سەیری حاڵی خۆمە، سەیری زوڵف و خاڵم بۆچییە[٤٣٣]

ئەو دڵەی لەعیشقی خواییدا چێژی لەداخکردن وەرگرتبێ، هەمیشە لەخوا دەپاڕێتەوە بۆی زیاد بکا، چونکە ژیانی بەندە بەزیاد بوونی داخکردن:

دڵ بژێوی هەر بە دەردو داغە، تەزییدی دەوێ
قەت مەکەن مەنعی دوعا گۆسعەیە بۆضەمی مەعاش[٤٣٤]

## ز- «بەرەو خۆشەویستییەکەی رابیعەی عەدەوییە»:

زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم ئافرەتە کەمەو شێوەیەکی ئەفسانەیی گرتووە، یەکەمین کەس(فرید الدین العطار) لەسەری نووسیوەو وا رادەگەیەنێ کە رابیعە نەیژەن بووەو دوایی تۆبەی کردووەو بەرەو حەج چووەو لەرێگادا بینوێتی کەعبە بەرەو پیریەوە هاتووە، ئەویش گوتوویەتی:

«من کەعبەم ناوێ بەڵکو خوای کەعبەم دەوێ»[٤٣٥]

لەبارەی خۆشەویستییەکەیەوە دەڵێن«جارێکیان رابیعە پێغەمبەر (د.خ) لەخەون دەبینێ و لێی دەپرسێ: رابیعە خۆشمت دەوێ؟ دەڵێ: نەخێر، دەڵێ: بۆچی؟ دەڵێ: چونکە دڵم شوێنی خۆشەویستی کەسی تری تێدا نابێتەوە جگە لەخوا»[٤٣٦].

مەحوی سۆفی کەدەستێکی باڵای هەبووە لەخۆشەویستی خواییدا، شوێن پێی رابیعەی گرتۆتەوەو لەبەیتەکانیدا هەمان بیروباوەڕی ئەوی تیا بەدی دەکرێ، ئێستاش چەند نموونەیەک دەخرێنە بەرچاو:-

مەحوی وەکو رابیعە هێندە لە خولیای بەهەشتدا نییەو بەیەکگەیشتنی یاری پێ باشترە، واتا: خواپەرستییەکەی بۆ چوونە بەهەشت نییە و بۆ گەیشتنە خوایە، کەچی یار لەپاداشتی ئەوەدا ئاگر لەسینەی بەردەدا:

من وەصڵی ئەو بەرابەری جەننەت دەگرم و، ئەو
دۆزەخ بەئاهی سینەیی من رووبەروو دەکا[٤٣٧]
جۆبارە، لالەزارە، هەتا چاوی پڕ دەکا
«مەحوی» بەهەشتی بۆچییە؟ چبکا لە ئاووباغ[٤٣٨]
گەر ئاگری مەحەببەتی شک بەم لە دۆزەخا
ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام[٤٣٩]

بەم جۆرە مەحوی عیشقی ئاگری خۆشەویستییە نەک چوونە بەهەشت ئەمەش



دەقی تیۆرییەکەی رابیعەیە.

ئەوەی نەیەوێ تووشی جیهان پەرستی ببێ و نەکەوێتە ناو داویەوە، باوەکو مەجنوون بکەوێتە عیشقی لەیلاوە، چونکە جیهانی عیشق جیهانی ئازادە:

وەصیەتی مەجنوونە: هەر کەس دەردی دنیا عارەبۆی
خۆبکا وەک من بەدەردی عیشقی یارێ موبتەلا[٤٤٠]

مەحوی لەبەر خۆشەویستی خوا ناوی لەناو خەڵکیدا زڕاوەو بڕیاری داوە هەر ئەوی خۆشبوێ و لەهەموو شتێکی تر دوور بێت:

لەسەر تۆ بوومە پەندی عالەمێ، وتم و، وتی:«مەحوی»
بەس بێ موشریکی، بەس، یا لە دنیا یا لەمن لادە[٤٤١]
لەتۆ حوببی خودا بۆ خۆم و بۆ ئەو لادو ئەحبابم
کە حوببی ماسیوا دەرکا لە دڵ وەک بت لەبتخانە[٤٤٢]

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەیدا هەمان گوتەی رابیعە دووبارە دەکاتەوەو لای وایە ئەگەر لەخوا دوور بێ بەهەشتی بۆ دەبێتە دۆزەخ و ئەگەر لەخواش نزیک بێ دۆزەخی بۆ دەبێتە بەهەشت:

دووری لەو ئاگرێکە بەجەننەت دەکا جەحیم
رەوحێ لە قوربیایە بە دۆزەخ دەکا جینان[٤٤٣]

مەحوی وا بەناخی عیشقەکەیدا چۆتە خوارەوە، تەنیا خەم لەو عیشقە دەخواو هیچ ئاگای لەخۆی نییەو دڵی تەنیا خۆشەویستی خوای تێدایە:

غەمی خۆشی نییە«مەحوی» لەدڵیا، هەر غەمی تۆیە
لەعیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانە چۆنم بۆت[٤٤٤]

خواپەرستییەکەی زاهید تەنیا بۆ چوونە بەهەشتە و لای مەحوی پوولێ ناهێنێ و بە زاهید رادەگەیەنێ کەوازی لێ بێنێ و چیتر دەمەتەقێی لەگەڵ نەکاو خۆی و بۆچوونی خۆی:

کە ئێمە چوونە جەننەتمان بە تۆدا
لەئێمە لادە زاهید: ئێمە هەرچین[٤٤٥]

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا بەرەو واتای ناوەوەی ئەم ئایەتە دەچێ«لایستوی اصحاب النار واصحاب الجنة، اصحاب الجنة، هم الفائزون»[٤٤٦]

جا پێمان رادەگەیەنێ کەبەهەشتی و دۆزەخی چون یەک نین، تەنیا هەر بۆ ئەوە چونکە بەهەشتی جاروبار شێوەی جوانی رەهای خوا دەبینن و دۆزەخی لەم دیتنە بێ بەهرەنە و چوونە بەهەشت گەیشتنە یار دەگەیەنێ و دۆزەخیش دوورکەوتنەوە لێی:

تێ دەگا هەرکەس بکا فەهمی رومووزی مەعنەوی
هیجرو وەصڵە نارو جەننەی ئایەتی«لایستوی»[٤٤٧]

**ح- «خۆشەویستی دەریایەکی پڕ شۆڕ و هەرایە»:**

خۆشەویستی خوایی دەریایەکی بێ پایانە و پێویستی بەمەلەوانی کارامەیە تا بتوانێ بەرەو گێژەنەکانی بڕواو لە هەڵبەزو دابەزەکانی رزگار بێت، ئەوەی رێبواری ئەم رێگەیە بە چێژێکی زۆر لەو خۆشەویستییە دەکا و هەموو شۆرو هەرایەکی لەلا ئاسان دەبێت، هەروەکو(ابن تیمیة) لەم بارەیەوە دەڵێت:«ان محبة الله محبة بحتة یحب ذاته الالهیة کما یحب مخلوقاته، ومن أحبه وعده بلذة الحب الکبری، والنظر الی وجهه الجمیل في الاخرة»[٤٤٨].

مەحوی کە رێبوارێکی سۆفیگەرییەو گیرۆدەی ئەم خۆشەویستییە بووە و سەری لێی سوڕماوە کە چۆن بتوانێ ئەم خۆشەویستییە مەزنە لە دڵی خۆیدا جێی بۆ بکاتەوە، چونکە وەکو ئەوە وایە کە ئاسمان لە دەنکە کونجییەکدا لوول بدرێ:

گونجایشی جەلالی خەیاڵی ئەوم لە دڵ
جێبوونەوەی سەمایە لەیەک دانە کونجودا[٤٤٩]

ئەوەی عاشق نەبێ نازانێ چێژی عیشق چییە، ئەوەی بەعیشق نەسووتابێ نازانێ چەند بەرزە، خۆشەویستی ئاگرێکی وەهایە هەر کەسێ پێی سووتا خوا خوایەتی چەند جاری تریش پێی بسووتێ، دیارە مەحویش لە سووتاوەکانە:-



ئەی مەحەبەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵ نشین
ئەو کەسەی سووتووتە، هەر ئەو هەوڵ ئەدا بۆ سووبە سووت
ئەم شەرارەی فیرقەتە مەخلووقی وا کردە کەباب
مالیکی دۆزەخ دڵی بەم عالەمی ناسووتە، سووت[٤٥٠]

لەم بەیتەی خوارەوەدا واپێ دەچێ مەحوی تازە سەرەتای بێ لە خۆشەویستی خوایی، چونکە ناچار بووە بە نووری پێکی خۆشەویستی خوایی تاریکی تەمەنی رابردووی - کەمەلایەکی رووکەش بین و دووری لەجیهانی گیانی بووە- رووناک بکاتەوە:

بەنووری بادە کەشفی ظولمەتی تەقوا نەکەم چبکەم
بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم، چبکەم[٤٥١]

عاشق بۆ گەیشتنە ئاوی ژیانی دەمی یار دەبێ خۆی بەخت بکاو بچێتە چۆڵەوانی نەمانەوە، مەحوی خۆشەویستی بەدەریا داناوەو ئەوەی بییەوی بگاتە گەوهەری ئەو دەریایە دەبێ بەناخیدا بچێ ئەگەر لەناو چوونیشی تێدابێ:-

بێ چوونە عەدەم، پەی بە سۆراغی دەمی نابەی
فایز ببەبەم گەوهەرە لەو بەحرە بەرۆ چوون[٤٥٢]

مەحوی تێگەیشتووە کە خۆشەویستی خوایی چەند بێ پایانە، بۆیە داوا لە دڵی خۆی دەکا لە ئاسمان فراوانتر بێ تا شوێنی هاتن و چوونی یاری تێدا بێتەوە، کەلە توانایدا هەبێ بەم شێوەیە خۆی لە گەردوون فراوانتر بکات«قلب المؤمن عرش الرحمن»[٤٥٣]:

دەبێ دڵ ویسعەتێکی وەک فەلەک زیاتر وەکەف بێنێ
شەوو رۆژی فیراق و وەصڵی دولبەر تا بگونجێنێ[٤٥٤]

بێگومان هۆی فراوانبوونی دڵی دڵدار لەوە دایە چونکە دەریای عیشق هێندە پڕ گێژەنە(فتوحات ومثنوی) دڵۆپ و نمێکن لەو دەریا بێ پایانەدا:-

باسی چ بکەم بێ کەرانیی بەحری پڕ تەشویری عیشق
تاقە قەطرێکی(فتوحات)ە، نمێکە (مثنوی)[٤٥٥]

**ط- «نهێنیی عیشق»:**

عیشقی خوایی نهێنییه که لەنێوان رێبوارو خوادا، لەو گەشتە پڕ مەترسییەدا گەلێ حاڵەتی سەیرو سەرسورهێنەری دێتەبەر کە پێویستە لەسەری کەم زۆر نەیدرکێنێ لەم بارەیەوە هەللاج دەڵێت:

من لم يصن سر مولاه وسيده    لم يأمنوه على الاسرار ما عاشا[456]

بەڵام سەیر ئەوەیە هەللاج خۆشی ئەم نهێنییەی نەپاراست و(أنا الحق) بەسەرزمانی داهات، چونکە لە مەقامێکی وادابوو تووشی سەرسامی بووە هۆشی لانەما. یەکێ لە نیشانەکانی خۆشەویستی خوایی نەدرکاندنی نهێنییە« ومن علامة المحبة كتمان سر المحبوب لان المحبة اذا قلبتها تكون(بح)، واعلم ان المحبة المقصودة بين الخلق تستلزم اللذة بالمحبوب ومحبة الله تعالى ليست كذلك لان مواضع الحقيقة دهش وحيرة والمراد بمواضع الحقيقية مقامات المشاهدة والقرب والاتصال فان من يصل اليها يدهش عن كل شيء حتى عن نفسه»[457].

مەحوی زۆر چاک دەزانێ کەوا دەبێ نهێنی عیشق داپۆشراوبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی شەو جۆرە پەردەیەکە و هەر لەوشەوەدا بوو کەوا پێغەمبەر بەرەو ئاسمان چووەو گەلێ لەو نهێنیانەی بۆ ئاشکرا کرا، بۆیە شاعیریش رێگەی ئەوەی داوەتە دڵداران کەوا دەتوانن لەشەودا تۆزێ لەونهێنیانە بدرکێنن، چونکە شەو خەڵوەتگەی بەندە تایبەتمەندەکانی خوایە:-

هەر لەتاریکی شەوایە رێ درێ ئەهلی نیاز
رازی دڵ ئیفشا بکەن، خەڵوەتگەهی خاصانە شەو[458]

مەحوی لەبەیتێکی تردا داوای دەرنەخستنی نهێنی عیشق دەکا، هەرچەندە بابەتی بەیتەکە جگە لە خۆشەویستی خوایی لقێکیشی بەرەو خۆشەویستیی خۆی و شێخ مستەفای موفتی(کە خاڵی کاک ئەحمەدی شێخ بووە) دەچێتەوە، کورتەی رووداوەکەش ئەمەیە«کە جەنابی شێخ مستەفای موفتی کەبە-موفتی کەرە- بەناوبانگە و خاڵی کاک ئەحمەدی شێخەو بەنهێنی و دزیی شێخانەوە



سەردانی مەحوی لە خانەقاکەیدا دەکات»[459].

**مەحوی دەڵێت:**

رێی خستە خەستەخانە کە یاری خجستەپەی[460]
جێی چاوەزارە«مەحوی» ئەم ئەسرارە دەرنەخەی[461]

مەحوی سینەی بەعیشق لەتلەت بووەو یار بۆی دە دووریتەوە، نەک بۆ تیمارکردنی برینی مەحوی بەڵکو بۆ ئەوەی تیشکی نهێنی عیشق لە سینەی دەرنەچی و نهێنییەکە ئاشکرا نەبێت:

دا عەکسی جیلوە دەرنەکەوێ، نەک لە چاکییە
ئەو شۆخە چاکی سینەیی«مەحوی» رفوو دەکا[462]

عیشق لە بۆتەیەکی نهێنیدا پێچراوەتەوەو ناتوانرێ هەموو نهێنییەکانی دەربخرێت، هەموو زانستەکان بەهەوێنی عیشق دەچەسپێن و هەر ئەم هەوێنەشە جیهانی رووناک کردۆتەوە، ئەگەر لەم هەوێنە زیاتر نهێنی عیشقی خوایی ئاشکرا بکرێ لەوانەیە یاسا و دەستوورەکانی ژیانی ماددی تێک بچن و داروبەرد کڵپە بگرن و توور ئاسا ببنە زوخاڵ«فلما تجلى ربه للجبل جعله دكا وخرّ موسى صعقاً»[463]:

کەمالات و مەعاریف مەبیە، بێ دەخلی هەوێنی عیشق
عەجەب پشکوتووە لەم جەذوە نارە پڕ بە عالەم نوور[464]

**ی- «پێچانەوەی کات و شوێن لە خۆشەویستیدا»**

پەرجووی خۆشەویستی هێندە کاریگەرە جاری وا هەیە هەر چوار وەرزی ساڵ لەدەمێکدا لای دڵدار کۆدەکاتەوە، ئەمەش وردە کارییەکی جوانی مەحوییەو بەم وێنە خوازراوە خۆشەویستی خواییمان تێ دەگەیەنێ:

لە ئیعجازی مەحەببەت چار فەصڵم جوملە بۆ جەمعە
سروشکم سوورە، رەنگم زەردە، لێوم وشکە، چاوم تەڕ[465]

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا بەرەمزی مێیینەی(سەلما) ئاماژە بۆ خوا دەکا و

پێمان رادەگەیەنێ کە بارەگای سەلما هێندە دوورە مەگەر بە پەرجووی پێچانەوەی شوێن بیگەیتێ و دوور نییە مەبەست لە مەنزڵی سەلما (عرش) بێت «الرحمن علی العرش استوی»[٤٦٦]:

دەگەییە مەنزڵی سەلما بەصەد قەڕن
بەگامێ طەی بکەی گەرصەد دەفرسەنگ[٤٦٧]

**ک- «جوانیی یار پڕ ئاشوو بە بۆ دڵدار»**

خوای گەورە سەرچاوەی جوانییەو جوانیی بەبوونەوەر بەخشیوە«ان الله جمیل یحب الجمال»[٤٦٨]، لەم بارەیەوە(ئەبوو سەعیدی ئەبوو خێر) دەڵێت:«خوا تاکە سەرچاوەی گەردوون و جوانییەو خۆی گەردوون و جوانییەو هەموو جوانییەک لەودا شاردراوەتەوە و بە نووری ئەو جوانی دەکەوێتە بەرچاو، هەر خۆی دڵدارو هەرخۆی دولبەرە»[٤٦٩].

جوانیش دوو جۆر: دیار و نادیار، بەلای ئەفلۆتینەوە«جوانیی تەواو ئەوەیە لەخودوناخی شتەکە دابێ نەک لە رووکەش»[٤٧٠].

جوانیی خوا هێندە بەتینە خۆر توانای نییە بەرامبەری بوەستێ و گەر ماوەیەکیش بەرامبەری بێ، هێزو تینی لەبەردەبڕێ و لەناو دەچێ:

ئیتتفاقی ئافتاب ئانێ موقابیل بوو بەرووت
ئافەتێکی دی، نەماتابی، بوەستێ رووبەرووت[٤٧١]

خوا سەرچاوەی جوانییە، بەهۆی عیشقی خواییەوە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی عاشقی ئەیازی بەندەی بووەو پایەی کۆمەڵایەتییان گۆڕاوە و سوڵتان بووەتە بەندەی ئەیاز لەبەر کاریگەری عیشق:

ئیعجازی عیشقە مەنشەئی هەر موعجیزێکی حوسن
«مەحموودە» بەندە، بۆیە بووە پادشا «ئەیاز»[٤٧٢]

رۆژ عاشقی خوایەو سووڕانەوەی بۆبینینی جوانیی خوایە، بۆیە وەکو قەیسی لەیلا کێوی گرتۆتە بەرو قوڕ پێوانێتی:



ئەڵبەتە مەجنوونی رۆژی روومەتی لەیلایەکە
موتتەصیل، شام و سەحەر، کەوتۆتە ئەم شاخانە رۆژ[٤٧٣]
رۆژو شەو ئەم سەرزەمین و بن زەمینەی پشکنی
نەبووە شوێن هەڵگر لە عەکسی جیلوەی ئەوجانانە رۆژ[٤٧٤]

مەحوی لەباسکردنی جوانی خوادا لاڵە و هەرچی بڵێ وانییە و مەگەر تەئویلی بکاو بیگونجێنێ«لیس کمثله شیء وهو السمیع البصیر»[٤٧٥]، خۆ ئەگەر دەمێک جوانیی خۆی دەرخا، ئەوا دەبێتە حەشرو جیهان دەشڵەژێ و گەلێ کەسی وا هەنە لەچاوەروانیدا دەمرن و ناگەنە مەبەستی خۆیان کەبینینی خوایە مەگەر لە دواماییدا«وجوه یومئذ ناضرة الی ربها ناظرة»[٤٧٦]:-

ئەم عالەمە کە مونتە ظیری جیلوەی ئەو مەهەن
دەمرن و بەو ئینتیظارە هەموو لا(بلا خصوص)[٤٧٧]
لاڵە خۆ«مەحوی» لەوەصفی حوسنی بێچوونی نیگار
لالە تەئویلی خەلەف، قوربانی تەئویلی سەلەف[٤٧٨]
لەپەردەی جیلوە یەکتا روونمایە شۆری صەد مەحشەر
نیقابێ لادە لەو چیهرە، ببینە زەلزەلەی مەخلووق[٤٧٩]

خوا لە جوانیدا بێ وێنەیە و مەبەست لە جوانی هەر لایەنی ئیستاتیکی رووت نییە، بەڵکو لای ئەفلاتوون بریتییە«لەچەند رەگەزێکی رەوشتی جوانی لای ئەو جوانیی هەقەو جوانیی خێرە»[٤٨٠]، هەروەها بەلای نەو ئەفلاتوونییەکان جوانی بریتییە لە«القوة التي يدعوبها الاله جميع الكائنات اليه بعد صدورها عنه، وهو الذي يربط جميع الكائنات بعلتها»[٤٨١].

بەلای مەحوییەوە خوا هێندە جوانە گەر بەپەری بگوترێ هێندەی خوا جوانی، لەخۆشییاندا باڵ دەگرێ و تانەمرێ نانیشێتەوە:

نیسبەت بدرێ حوور و پەری گەر بە لەتۆ چوون
باڵیدە دەبن تادەگەنە ئەوجی لەخۆ چوون[٤٨٢]

مەحوی بۆمان دەردەخا کە جوانیی خوا وەکو دەریایەکی بێ وێنە وایەو کەس

بەچاوی سەری بەدی ناکا«لاتدركه الابصار وهو يدرك الابصار»[٤٨٣] هەردەم بەهیوای ئەوەیە خوا خۆی نیشانی خەڵکی بداو ڕۆژی دوامایی دابێت:

لەبەحری نووری حوسنی بێ نیشان ئیفشاکە یەک مەوجە
نیشانی دەبە عالەم ئیختیراعی حەشری بێ وادە[٤٨٤]

**ل- «مەی و مەیخانە و ساقی لەعیشقی خواییدا»**

مەی و ساقی لە شیعری سۆفیگەریدا کۆنەو خورپەی لە شیعری(خمريات)ەوە وەرگرتووە بەهۆی ئیکسیری عیرفانییەوە بووەتە ڕەمزی شیعری و سۆفییەکان بەهۆی سۆزی سۆفییەتییەوە بۆ واتاکانی خۆشەویستی و نەمان و لەهۆشچوون بەکاریان هێناوە، سەرەڕای ئەمەش هەندی لە سۆفییە لادەرەکانی وەکو قەلەندەرییەکان بەدزییەوە نۆشیان دەکرد و مەست دەبوون[٤٨٥].

بەم جۆرە مەی لەشیعری سۆفیگەریدا بەرەو ڕەمزێکی سۆفیگەری هەنگاوی ناو لەسەدەی دووەمی کۆچیدا زاراوەی(سکر، صحو) پەیدابوو، وەک دەگێڕنەوە «ان يحيى بن معاذ الرازى ٢٥٨هـ -٨٧٤م كتب الى ابي يزيد البسطامي ٢٦١هـ -٨٧٧م: ههنا من شرب كأسا من المحبة لم يظمأ بعدها فكتب اليه ابو يزيد: عجبت من ضعف حالك، ههنا من يحتسيى بحار الكون وهو فارغ فاه يتزيد»[٤٨٦].

مەحویش وەکو شاعیرەکانی پێش سەردەمی خۆی پەنای بردۆتە بەر مەی و مەیخانەو غەزەلەکانی پێ بەتام و چێژ کردووە، بەڵام گەر سەرنج بدەین دەبینین ناوهێنانی ئەم مەی و مەیخانە و ساقییە تەنیا ڕەمزەو مەبەست پێکی خوایی و خانەقا و رابەرە. لەم بەیتەی خوارەوەدا مەحوی داخی بێ رابەری دەخواو دڵی بێ شەرابی لێوی سووری رابەرەکەیەتی، بۆیە سەری سوڕماوە و نازانێ چ بکا و چۆن ژیانی سۆفیگەری بە سەربەرێ، لەبەر ئەوە هاواری لێ هەڵساوە چونکە گوڵ لە باخدا نییەو دڵی بولبول ئاسای لەچڵ تۆراوە:

ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چبکا
کە جیلوەی گوڵ لەگوڵشەن دانەبێ، بولبول لەچڵ چبکا ؟[٤٨٧]



وادیارە مەحوی لەدوای ڕووخانی ئەمارەتی بابان زۆر ناڕەحەتە و پێمان رادەگەیەنێ کەتەمی خەم سلێمانی و دەوروبەری داگرتووە و خەڵکی دەربەدەر بوونەو مەحویش یەکێکە لەوان و بۆیە ناچارە روو لەدەرگای مەیخانە بکاو- کەخانەقایە- بچێتە گۆشەگیرییەوە، ئەمەش ئەنجامێکی سەلمێنراوی دوای هەموو جەنگێکە کەخەڵکی بەرەو سۆفیگەری و گۆشەگیری و نا ئومێدی دەچن.

تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم
بەردەری مەیکەدەیەو بەس، لەوە لانیمە مەلاز[٤٨٨]

موفتی و قازی ڕەمزی جێ بەجێکردنی شەریعەتن و داری حەد لەو کەسانە دەدەن کەسەرخۆشن، مەحوی تێمان دەگەیەنێ کە موفتی و قازی لەجیهانی سۆفیگەری بێ ئاگانە و ئەو نازورازەی کە مەحوی لەرابەری تەریقەتەوە دەیبینێ ئەگەر ئەوان ببینن، لەخۆشییاندا مەست دەبن و فتوای حەڵاڵبوونی مەی دەدەن، واتا: دێنە ژێرباری سۆفیگەرییەوە و مەستی پێکی مەیی خوایی دەبن:

ببینن گەر لەساقی نازو عیشوێک ئێمە دەیبینین
بەمەی نۆشی دەدەن فتوا بەمەستی موفتی وقاضی[٤٨٩]

**س - «خۆ بەکەم زانین لەعیشقدا»:**

ئەوەی پەیوەندیی بەجیهانی هەستییەوە نەما، گیانی خۆ بە زلزانین لەمێشکیدا دەمرێ و چەکەرە ناکات، چونکە هەست بەبوونی خۆی ناکاو لەناو بوونی گەورەدا دەتوێتەوە، بۆیە دەبینین هەمیشە عاشقەکان خۆ دەکەنە تۆزێ بەر پێی یارو یاخود هەر بەهێمای بڕۆیێ گیانیان دەردەچێت و خواخوایانە بتوانن فەرمانێکی یار جێ بەجێ بکەن.

مەحوی سەرەڕای ئەوەی کە رێبوارێکی عیشقی خواییەو بەیتە شیعرەکانی بەڵگەی ئەوەن، کەچی هێشتا وەکو گرووپی مەلا مەتییەکانی خوراسان وای بۆ دەچی کە هێشتا هیچ پایەیەکی بەدەست نەهێناوە و کارێکی مەردانەی نەکردووە، چونکە مەحوی لەوە دەترسێ نەخۆ شەیتان لەخشتەی بباو هەڵی خەڵەتێنێ:

ئەم خەڵقە کەوا تێ گەییون، گەیونە مەقصوود
ڕێشگاوییەکی مەحضە، بەدەردی من و تۆ چوون[٤٩٠]

مەحوی دوای ئەم هەموو هەوڵ و کۆششە و ئەو پلەو پایەیەی کەبەدەستی هێناوە لەعیشقی خواییدا، هێشتا زاتی ئەوە ناکا کە بەرەوتیشکی بێ وێنەی یاربچێ چونکە لەجیهاندا ئەمە بۆکەس ناڵوێت، جگە لەپێغەمبەرکە لەمیعراجدا خوای خۆی بەچاوی سەربینی«ولقد راه نزلة اخری عند سدرة المنتهی عند هاجنة المأوی»[٤٩١]، بەڵام مەحوی سەری لەخۆی سوڕماوە کەوا هێشتا هەوڵی ئەوە دەدا ببینێ:

بۆ جیلوەیی بێچوونی نییە قووەتی چوونم
(لاحول ولاقوة) کە من حەوڵمە بۆچوون[٤٩٢]

عاشقانی خوا هەمیشە رووت و قووتن و جلی خوازراوی(عاریە) جیهانیان داکەندووەو رووکەش بێن نین، چونکە هەموو جلێ لەبەر دادەڕنرێ کاتی مردن چ چیناوی بێ یا پێناوی، بەم جۆرە ئەوانەی دڵیان بەعیشقی خوا زیندووە هەمیشە حەزیان لە کۆنە پۆشینە:

وتم: بۆ رووت و پووتن ئەو کەسانەی عاشقی رووتن
وتی: شان و شکۆهی زیندە دڵ هەر ژەندە پۆشینە[٤٩٣]

**ب- نەمانی پەردە:**

لەم جۆرە شیعرەدا شاعیری سۆفی وا هەست دەکا کەپەردە لەنێوان خودی خۆی و خوادا نەماوە، بێگومان ئەمەش حاڵەتێکی دەروونییە و ئەوەی نەیچێشتبێ و پێیدا نەچووبێ ناتوانێ بەتەواوی پێناسەی بکات.

مەحوی لەچەند بەیتێکی کەمدا ئاماژە بۆ ئەم حاڵە دەکاو وا هەست دەکرێ کە پەردە نەماوەو شاعیر خوای بینیوە، بینینەکەش(شهود)ە واتا: بینینی بەدڵ نەک بەچاوی ئاسایی. مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا ئەوەمان نیشان دەدا کە پەروەردگار خۆی مەیگێڕەو پێکی عیشق دەگێڕێ و قازی و موفتیش کە چاویان



بەم هەیبەتە کەوتووە، یەکسەر پێکەکەیان وەرگرتووە و فتوایان داوە کەمەی حەرام نییە:

ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باقڵ قاضی و موفتیش
دەبێ بینە قەدەح وەرگر لەگەڵ فەتویی(ولا یقدح)[٤٩٤]

هەندێ لە سۆفییەکان نەمانی پەردە بەواتای نەمانی تەکلیف و شەریعەت لێک دەدەنەوە، مەحوی لەم بەیتەی خوارەوە ئاماژە بۆ نەمانی تەکلیف دەکاو نیشانی داوە کەمەلا هەر کە برۆی یاری دی وایزانی مانگ رەش بۆتەوەو کۆتایی ژیانە، بۆیە بە نوێژکەرەکانی راگەیاند کە نێنە نوێژو دنیا خرابوونە:

وا موشەووش بوو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام
ئیذنی خەڵقی دا کەدنیا ئاخرە، بۆ دێنە نوێژ؟[٤٩٥]

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا لەگەڵ زاتی خوادا دێتە گۆ وپێی دەڵێ: مخابنە ئەو جوانییەی خۆت نیشانی هەموو کەس دەدەی، چونکە زۆری وا هەنە شایانی ئەو پایەیە نین، لەوەڵامدا پێی راگەینرا کە بەرزی و گەورەیی جوانییە وایکردووە خوا لە کردەوەکانی سەربەست بێ و کەس لێی نەپرسێ لەسەرکردەوەکانی.

لەم بەیتەدا مەحوی دوو زاراوەی سۆفیگەریی(جلال و جمال)ی بەکارهێناوە، جەلال و جەمال دوو سیفەتی خوان و لەدڵ و دەروونی ڕێبواری سۆفیگەریدا دەردەکەون«ئەگەر خوای گەورە پێناسی جەلالی خۆی لەدڵی ئەو بەندەیەدا دەرخست حاڵی ئەو بەندەیە ئەبێتە حاڵێکی دیهشەت، ئەگەر پێناسی جەماڵیشی دەرخست حاڵی ئەبێتە حاڵێکی ئارەزوو و تینوێتی»[٤٩٧].

بەم جۆرە مەحوی کەوتۆتە ناو جەلالی خواو پەردە لەنێوانیاندا لابراوە:

جەماڵت حەیفە دەرخەی بۆکەس، وتم: فەرمووی
جەلالی حوسنە ئێمەی کردە شاهە نشاهی(لایسأل)[٤٩٨]

بەڵام ئەگەر بەیتەکە بەجۆرێکی تر لێک بدەینەوە، ئەوا بەرەو ڕێبازی یەکێتی بوون دەچێت: مەحوی بەرابەرەکەی گوتووە حەیفە جوانی خۆت نیشانی هەموو کەسی دەدەیت، لەوەڵامدا بە مەحوی گوت: ئێمە لە سیفەتی جەلالی خواو

جوانییە بێ وێنەکەی بەرخور دارین، بۆیە گەیشتینە پلەی شاهە نشایی(لایسأل) کە جۆرە یەکێتییەک دەگەیەنێ لەگەڵ توانای خوادا«لایسأل عما یفعل وهم یسألون»[٤٩٩].

**ج- زاڵبوونی بینین:**

ئەوەی کەوتە دەریای عیشقی خوایی، هۆشی لەخۆی نامێنێ و لەناو نووری خۆری جوانییەکەیدا دەتوێتەوە، چونکە گەیشتنە خوا بەهۆش نابێ و بەچەشتنە. بۆیە مەحوی تێکەڵی نووری ئەو جوانییە بووەو ئاوونگی هۆشی بووەتە هەڵم و فڕیوە:

لەهەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ روخان«مەحوی»
ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاوونگی عەقڵ چبکا ؟![٥٠٠]

دڵی مەحوی لەبەر خۆشەویستی خوایی تواوەتەوە و هەرکە خۆری جوانیی خوا دەرکەوت، ئەوا دڵی شەونم ئاسا لەناو دەچێ و لەناو بینینی خوادا دەتوێتەوە:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو رۆژە تۆ بڕوا
کەخۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لە خۆ بڕوا[٥٠١]

مەحوی بەرامبەر یارەکەی وەکو سێبەرەو یارەکەشی خۆر، هەرکە خۆر دەرکەوت سێبەر سەربەخۆ نامێنێ، واتا: هەرکە جوانیی خوا دەرکەوت بوونی مەحوی لە خۆری ئەو جوانییەدا دەتوێتەوە:-

وتی«مەحوی» من و تۆ ئافتاب و سایە تیمثالین
جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا[٥٠٢]

مەحوی هەر کە خەبەری هاتنی یار دەبیستێ دڵی لەخۆ دەچێ و دەکەوێتە حاڵەتی نیستیی سۆفیگەرییەوە، بۆیە داوا لە دڵی دەکا کە هۆش بێنێتەوە بەرخۆی چونکە گەلێ کاری گرانی لەپێشەو دەبێ جێ بەجێیان بکات:

دڵ لەسەرخۆ چوونی پەی دەرپەی دەلیلی یارە هات
عەقڵ و هۆش ئەی دڵ بکە حاضر، لەپێشە کارە هات[٥٠٣]

مەحوی بەهۆی جیلوەی جوانیی خواوە عەقڵ و هۆشی لانەماوە، چونکە



جوانییەکەی خوا وەکو خۆرە و هەرکە دەرکەوت سێبەر نامێنێ و لەناو نووری ئەو جوانییەدا دەتوێتەوەو هەست بەبوونی خۆی ناکات:

بەجیلوەی ئەو وەکو شەونم، فڕی هەر عەقڵ و هۆشێ بوو
کەسێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحظەیەک لێ کەوت[٥٠٤]

مەحوی هێندە بەپیر خۆری جوانیی خواوە چوو بوو بەسەر نەک بەپێ، سەری نەماو وەکو شەونمی لێ هات کە تیشکی خۆری پێ کەوتبێ، بەم جۆرە شاعیری سۆفی سەری نەماوەو لەگەڵ جیهانی هەستیدا پەیوەندەیی بڕاوەو بووەتە بەشێ لە رۆژی جوانیی یار:

بەپیر ئەو رۆژەوە«مەحوی» ئەوەندە
بەسەرچوو بوو، وەکو شەونم لەسەرکەوت[٥٠٥]

مەحوی مەیدانی خۆشەویستیی خوایی زۆر فراوان کردووەو رۆژیشی خستۆتە بۆتەی عیشقەوە و ئەم هاتن و چوونەی لەبەر بینینی رووی خوایە و لەو رۆژەوەی بینیوێتی سەرگەردان بووەو ئێوارەش وەکو مەحوی دەست بەقوڕپێوان و ڕۆ ڕۆ دەکات، مەبەستی لە قوڕپێوانی رۆژ ئەم ئایاتەیە«حتی اذا بلغ مغرب الشمس وجدها تغرب في عين حمئة»[٥٠٦]:

رووتی دی، لەو رۆژەوە، گەر رۆژە سەرگەردانە رۆژ
گەییە ئێوارە، وەکو من، ئیشی قوڕپێوانە رۆژ[٥٠٧]

**د- ناسین (المعرفە):**

ناسین و خۆشەویستی پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتر هەیە، چونکە«مرۆڤ ئەوشتەی خۆشدەوێ کە بیناسێ، بۆیە خۆشەویستی تایبەتە بە زیندووی تێگەیشتوو، هەستەکان سەرچاوەی ناسینن بەڵام ناسینی شتە خواییەکان و گیانییەکان بەهەستەکان نابێ، بەڵکو بەهەستی دەروونی دەبێ و غەزالی ناوی ناوە: هۆش، دڵ، نوور»[٥٠٨].

ئەوانەی کە ڕێبواری ڕێگەی سۆفیگەرین و گەیشتوونەتە پلەی ناسین بەهۆی دڵ خوا بەدی دەکەن نەک بە چاوی سەر، (ذوالنون) لەم بارەیەوە دەڵێ:«انە

تعالى عن ان يحيط به شيء أو أن يحد بأمد أو مقدار، أو أن تراه عين أو يبلغه وهم، لانه تعالى عن الاشباه»[٥٠٩].

ناسینی تەواو ئەو کاتە دەبێ کە ڕێبوار دەگاتە پلەی نیسیتی تەواو و دوایی بە ئاگا دێتەوەو دەکەوێتەوە حاڵی مان،«معرفت تامة وقتي حاصل ميشود كه فناء تام بر اى سالك حاصل شود وبعد ازفنا بقايا بد»[٥١٠].

مەحوی لەم بەیتەدا پێمان ڕادەگەیەنێ کە ئەوەی لەبەر سۆزی خۆشەویستی خوایی تووشی جۆرە شێتییەک بووبێ و هۆشی لەخۆی نەمابێ، هێندە حەز لەتەنیایی دەکا ئەگەر مانگ و ڕۆژیش بەدی بکا لێیان هەڵدێ و سێبەری خۆشی لێ بارە چونکە پەیوەندیی هەر لەگەڵ خوایەو هەر شێوەی ئەوی لە ئەندێشەدایە:

رەم دەکا حەتتا لەمیهرو مەهـ جونوون ئادابی عیشق
سێبەری لێ بارە هەرکەس مەیلی تەنهایی بکا[٥١١]

مەحوی لەبەر عیشقە پاکەکەی جیهانی پڕ خێرو بەرەکەت کردو گەیشتە پلەی نیستی و بەرەو ناسین هەنگاوی نا، بەڵام بەداخەوە هێندە لەم مەقامە بەرزە نەمایەوەو وەکو گوڵ بەسەرچوو و مرد:-

تەلێ نیرگسم و باغی حیرەتم پێ
بەفەڕهات و وەکو گوڵ زوو بەسەر چووم[٥١٢]

**هـ- بێهۆشیی سۆفی:**

بریتییە لەو دەمانەی کە ڕێبوار خۆشەویستی خوایی لێ دەتکێتەوەو هۆشی لەخۆی نامێنێ و دەکەوێتە نیستییەوە«السكر غفلة اهل الوصول»[٥١٣].

مەحوی لەغەزەلێکیدا ئەم دیاردەیەی بە ئاشکرا لێ پەیدا بووە لەبەر دەرکەوتنی جیلوەی نیگای مەستی یار، چاوی مەستی یارەکەی مەحوی هێندە کاریگەربووە، هەرکە خۆی بۆ عاشقانی دەرخستووەو پرشنگی پێیان کەوتووە، خەڵکی هەموو مەست بوونە و مەحویش یەکێ بووە لەوانە و ئەو دەوروبەرە پڕی خۆشەویستانی عیشقی خوایی بووە:



نیگاهی مەستی تا مەستانی ڕێ دا
نەما لەو جێگە ڕێگەی کەس لەبەر مەست
بنازم بەو پیاڵەی چاوی مەستە
بەیەک پرشنگی عالەم سەربەسەر مەست[٥١٤]

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە یەکێ لەنیشانەکانی ئەم جۆرە شیعرە بەکار هێنانی هەندێ زاراوەی سۆفیگەرییە وەکو«حضور، غيبة، صحو، سكر»[٥١٥].

مەحوی لەم بەیتانەی سەرەوەدا وشەی مەست و هوشیاری(سکر و صحو) بەکارهێناوەو هەروەها لەم بەیتەی دوای ئەمانە دێ زاراوەی(حضور)ی بەکار هێناوە.

مەحوی کە خوا لەبەرچاوی دڵی بووە پێی مەست بووە، ئێستاش کەلێی جوێ بۆتەوە لەداخانا پەنا دەباتە بەر مەی نەوەکو خوای لە یاد بچێ و ئەو مەستییە خواییە بە فیڕۆ بڕوات:

بەبێ بەزمی حوضووری تۆ حەرامم کردووە بادە
نەوەک بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بی تۆیی[٥١٦]

لەم بەیتەی سەرەوەدا جگە لە زاراوەی(حضور) زاراوەی خوماری(سکر) تێدایە کە بەجارێ بەیتەکە بەهێز دەکەن و دەیبەنە خانەی بێهۆشیی سۆفییانەوە.

دوای دەستنیشان کردنی قۆناخەکانی شیعری سۆفیگەری لەدیوانی مەحوی بەگوێرەی پۆلێنەکە، هەر جۆرێ لەو قۆناخانە لەسەریان نووسراو لێیان کۆڵرایەوە، تێبینی ئەوە کرا ئەو پۆلێنە نەیتوانی گشت بابەتە شیعرییەکانی مەحوی بخاتە بۆتەو سنووری خۆیەوە و بۆ چوونەکانی مەحوی زۆر لەوە فراوانترن کە دەستنیشان کران، بۆیە بە پێویست زانرا تۆزێ بە درێژی لەهەموو بابەت و بۆ چوونە شیعرییەکانی مەحوی لەبواری سۆفیگەری و ئایینی بکۆڵرێتەوە پلە و پایەی لەو مەیدانە بەرینەدا دیاربکەین:

دوای لێکۆڵینەوە لەبەرهەمە شیعرییە کوردییەکانی مەحوی دەتوانین بڵێین کە مەحوی لە شیعرە ئایینییەکانیدا وەکو موسوڵمانێکی سوننیی ئەشعەریی

شافیعی بیردەکاتەوەو بەقەد سەرمووییێ لە سنووری قورئان و حەدیس و شەریعەت دەرناچێ و پابەندی فەرمانەکانێتی و جاری واش هەیە بەئاشکرا پێمان رادەگەیەنێ کە ئەو سنوورەی لەنێوان تەریقەت و شەریعەت دروستکراوە وەهمییەو پەیڕەوی پێغەمبەر رێگەی عیشقی خودایەو خودی سۆفیگەرییە، هەروەک دەڵێت:

رێگەی هودا طەریقەتی عیشقە، دە«مەحویا»
وەرن و پیابڕۆن و(صلوا علی الرسول)[٥١٧]

**مەحوی و پەیڕەویکردنی شەریعەت:** مەحوی کردەوەو گوتەکانی پێغەمبەری کردۆتە رێگەی تەریقەتی سۆفیگەری، واتا سەرچاوەی سۆفیگەری لەبنەڕەتەوە لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە پەیدابووە، بۆیە هەموو یارەکانی پێغەمبەر ئەم رێگەیەیان گرت و بە ئامانجی خۆیان گەیشتن:

رێگەی هودا طەریقەتی عیشقە، دە«مەحویا»
وەرن و پیابڕۆن و (صلوا علی الرسول)
هەر ئەم طەریقە بوو بە هەموو صەحبی گرتییان
رۆیین پیا، هەتا گەینە مەرتەبەی وصوول[٥١٨]

مەحوی بەشان و شکۆی شەرعدا هەڵدەڵێ و دەیکاتە پەرجووێکی رووناکی خۆر ئاسا و دژی فەلسەفەی یۆنانییەکان دەوەستێ و بیروباوەڕەکانیان بەرامبەر بە شەریعەت بە سووک دەزانێ:

خورشیدە موعجیزەی شەرع، ظولماتە سەفسەطەی پووچ
ئیسلامییان هەموو دین، یۆنانییان هەموو دوون[٥١٩]

مەحوی لە قەسیدەی(عقد العقائد)دا باسی بیروباوەڕی موسوڵمانی سوننی دەکا و بە بەڵگەی قورئان و حەدیس و شەرع پاڵپشتی بۆ چوونەکانی دەکات، لەوانەش باسی خودو سیفەتەکانی خوا دەکا و ئینجا دێتە سەر مەسەلەی پێغەمبەرو پەرجووەکانی، لەلایەکی دی باسی کێشەی باوەڕو زیادبوون و نەبوونی دەکا لەگەڵ مەسەلەی شەفاعەت و پردی سیرات و بوونی بە هەشت و



دۆزەخ، ئینجا کەلێ دەبێتەوە پێمان رادەگەیەنێ کە هەموو بیروباوەڕەکانی بەگوێرەی دەقی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەو هیچ یەکێکیانی لەخۆیەوە نەنووسیوە:

هەرچی وتوومە حەققە، هەموو(مجمع علیە)
مەنصووصی ئایە، یا خەبەری صادیقی ئەمین[٥٢٠]

مەحوی پێمان رادەگەیەنێ کە ئیسلامەتی چۆن لە پێغەمبەرەوە هاتووە ئاوای وەرگرین و بڕوای پێ بکەین کە لەلایەن خواوە قسەدەکات«وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحیی یوحی»[٥٢١]:

ئیسلامت ئینقیادەبە(ما جاء به النبي)
ئەعماڵی صالیحە کە ئەساسی سیان و دوون[٥٢٢]

ئینجا مەحوی داوامان لێ دەکا کە هاوڕێیەتی پیاوچاکان بکەین و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی شەریعەت بین، چونکە هەر بەپێڕەوی ئەم شەریعەتە یارانی پێغەمبەر گەیشتنە پایەیێ کەخوا لەبارەی ئەوانەوە فەرموویەتی«رضي الله عنهم ورضوا عنه»[٥٢٣]:

وابەستەیە بەصوحبەتی کامیل ترێ لە خۆت
ذیکری دەوام و تابیعی سوننەی سەنییە بوون[٥٢٤]
هەر ئەم خیصالەیە کە صەحابەی کیرامی پێ
فائیز بە مەرتەبەی(رضي الله)وو(رضوا )ن[٥٢٥]

ئەمەی سەرەوە کەباسکرا بە گوێرەی شیعرە ئایینییەکانی مەحوی بوو ئەگەر بێت و لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی وردبینەوە، جگە لەو پۆلێنەی کە کۆمەڵە بەیتێکی زۆرمان خستە چوارچێوەیەوە، هێشتا کۆمەڵە بەیتێکی ترمان هەیە کەسەر بە هەندێ رێبازی سۆفیگەریی فەلسەفین و لەکاتی خۆیدا لێیان دەدوێین.

نووسینی لەمەودوا لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەوەستێ:

**١- پلەو پایەی شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی:**

ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:

ا- وەسفی سۆفیگەری یا سەرەتای سۆفیگەری
ب- خۆشەویستی لەپیرونیستی لەپیردا.
ج- خۆشەویستی پێغەمبەرو نیستی لە پێغەمبەردا د.خ.
د- خۆشەویستی خواو نیستی لە خوادا.

**٢- مەحوی و ڕێبازە سۆفیگەرییە فەلسەفییەکان:**

ئەمەش بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە:
ا- مەحوی و یەکێتی بوون(وحدة الوجود).
ب- مەحوی و تێچوون(الحلول).
ج- مەحوی و یەکێتی ئایینەکان(وحدة الادیان).
د- مەحوی ومرۆڤی تەواو(الانسان الکامل).
هـ- مەحوی و راستیی محەممەدی(الحقیقة المحمدیة).
و- مەحوی و مەلامەتییەکان(الملامتیة).

**١ - پلەو پایەی شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی:**

أ- وەسفی سۆفیگەریی:

ئەم جۆرەیان لە قەراغی دەریای سۆفیگەرییەوە دێت و دەچێ و دارشتنەکەی هێندە چڕوپڕ نییە و بەناخی جیهانی گیانی و غەیبەوە نەچۆتە خوارەوە و وەک بلێی سۆفیگەری بە خوێنەران دەناسێنێ و هانا دەباتە بەر وشەو زاراوەکانی سۆفیگەری و خۆی پی ئارایشت دەدا.

دوایی کۆمەڵە بەیتێک لەم جۆرە شیعرە هەڵبژێردراو بەپێی جیاوازیی بۆچوونەکان بەسەر ئەم سەرە بابەتانە دابەشکران:

**١- دوور کەوتنەوە لەمنێتی و(ئانانیە) رەوشتی بەد:**

مەحوی ئامۆژگاریی ڕێبواران دەکا کە خۆیان لەمنێتی و خۆ بەزل زانین بپارێزن، چونکە ئەنجامێکی نارەحەتی هەیەو وەک شەیتان لەعنەتی لێ دەکرێ و لەبەزەیی و دڵسۆزیی خوا دوور دەخرێتەوە:

ببیە لەمن، درەختی(منی) لەعنەتەبەری



یەعنی بکە لە کیبرو ئەنانییەت ئیحتیراز
هەر کەس تەکەللومی بە(انا الخیر)ە وەک بلیس
ئەمرۆ سبەی خیطابیە(یا أیها البراز)[٥٢٦]

مەحوی بەتوندی دژی ریاکاران دەوەستێ و بەنیوە بتپەرستییەکی دادەنێ بۆیە پەنا دەباتە بەر سوورەی(اخلاص) و لەوێ کووتاڵی بەتاک زانینی خوا بۆ خۆی ئامادە دەکا، مەحوی لەم جۆرە شیعرە جاروبار هانا دەباتە بەردەقی ئایەت و حەدیس تا بەیتەکانی پێ بەهێز بکاو بچنە دەروونی رێبوارانەوە:-

مەتاعی صیدق و ئیخلاصم لە بازاڕی ریاکاران
لەسوورەی(قل هو الله) دەکەم لەم موشریکستانە[٥٢٧]

وا دیارە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی مەحوی پڕی ریا بازو قوڵە شێخ بووەو هەر بۆ لاف و گەزاف ناوی سۆفییان لە خۆیان ناوە، بۆیە مەحوی دەمامکیان لەسەردەکاتەوەو بەخەڵکی رادەگەینێ کە هیچ یەکێکیان وەکو مەحوی دڵسۆزی سۆفیگەری نین و ئامادە نین وەک ئەو گیانی خۆیان بەخت بکەن:

ئێستە بولاف و گەزاف هەرکەس دەبینی عاشقە
نەک هەموو کەس جانفیدا وەک میم و حێ وو واوو یێ[٥٢٨]

**٢ - دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵی بەدکار:**

ئەو کۆمەڵەی مەحویی تێدا ژیاوە، کۆمەڵێکە کارەساتی جەنگ شەپڕزەی کردووەو گەلێ لە شیرازەکانی ئایینی و ئاکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی پچڕاندووە بۆیە مەحوی لای وایە ئەوەی تۆزێ ئابڕووی هەبێ شەربەتی مردن نۆش دەکا و پێی لەو ژیانە پڕ لەژانە خۆشترە.

بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا
خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لەشەکراوی حەیات[٥٢٩]

کۆمەڵگای مەحوی هێندە نالەبارو خۆپەرستن، کەس بەدەنگی کەسەوە نایێ و یارمەتی نادا، بۆیە مەحوی پشتی تێیان کردووەو هەر بە ئومێدی لوتفی خوایە«ومن یتوکل علی الله فهو حسبه»[٥٣٠]:

نا ئەهلی ئەم ئەهالییە مەعلوومی من کەبوو
شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بەکەس[٥٣١]

مەحوی ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ کە نابێ رەخنە لەو کەسانە بگرین کە خۆیان لە مرۆڤی ناکەس دوور دەخەنەوەو ئەمە مافێکی ئاساییی هەموو کەسێکەو دەتوانێ لە بەدکاران لادات:

جێی ئیعتیراضی کەس نییەت و نەبووە، هەرکەسێ
لادا لە نابەکارو حەذەرکا لەنا بەکەس[٥٣٢]

وادیارە لەسەردەمی مەحویدا ئەوەی رێبواری خانەقەکان بووبی لەلایەن پیاو خراپانەوە بە خراپە ناوی هاتووە، بۆیە مەحوی بێزاریی خۆی دەردەبڕێ:

رەنجانی ئەهلی دڵ دڵە دەردو بەلایەتی
مونکیر کەناوی ئێمە ئەوەندە دەبا خوصووص[٥٣٣]

مەحوی بەجوانی لەجیهان پەرستەکان گەییشتووەو دەزانێ بەباسکردنی عیشقی خوایی سەرودڵیان تێک دەچێ، بۆیە بە مردووی داناون و حەز ناکا باسی سۆفیگەرییان لەلا بکرێ:

لەبۆ ئەربابی دنیا قەت مەدە بەسط و بەیانی عیشق
کە«مەحوی» شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردووە ضایع[٥٣٤]

ئینجا مەحوی روو لەواعیزە دووروەکان دەکاو دەڵێ: مەگەر هەر ئەستۆی ئەستووری ئەو بتوانێ بەرگەی هەڵگرتنی ئەو هەموو گوناهە بگرێ کەلەپاش ملەباسی مەحوی دەکا:

زوبانی واعیظی بێ دڵ درێژە دەرحەق ئەهلی دڵ
بەجێشە، غەیری ئەو مل پانە کێ بێ هەڵگری ئۆباڵ[٥٣٥]

ناحەقی نییە مەحوی جیهانی بەوڵاتی دروندە داناوە، چونکە ئەو شوێنەی خوای لێ نەپەرسترێ هەر کێوو بیابان ئاسایە:

لەماڵمدا نەدیوە حاصڵێ غەیری تەوەحوش من
خودا پێداو: ئەوانەی لەم وحووشستانە زوو رۆیین[٥٣٦]



ئەوەی رێبواری سۆفیگەری بێ، دەبێ پشت لە جیهان و روو لەمردن بێ، مەحوی دەیەوێ وەکو کەڵەپیاوان بەپیر مردنەوە بچێت، واتا: پێشی مردن بمرێت و خۆی بۆ ئامادە بکات:

بەپیری مەرگەوە فرسەخ بەفرسەخ رۆیون مەردان
ئەوی باکی لەمردن بێ دیارە بلّح و نامەردە[٥٣٧]

### ٣- بێزاری لە ئەمڕۆ و هەوڵدان بۆ سبەینێ:

ژیان سەفەرێکە و پێویستی بە توێشووی خواپەرستی هەیە بۆ ژیانی ئەودیو، مەحوی داوا لە خۆی و خەڵکی دەکا لە خانەیەدا زادی رێ هەڵگرن بۆ مەنزڵ و قۆناخی دوایی «وتزودوا فأن خير الزاد التقوى واتقون يا أولى الالباب»[٥٣٨]، لەم بارەوە مەحوی دەڵێت:

تاقە خانێکە لەسەر رێی ئاخیرەت
زادی رێ هەڵناگری لەم خانە بۆ چ[٥٣٩]

مرۆڤی خاوەن باوەڕ نابێ بریق و باقی جیهانی مادی هەڵی بخەڵەتێنێ و پێی لەبەرە خۆی دەربچێ، چونکە زۆر ئاساییە ئەوەی ئەمڕۆ بەشادییەوە هەلهەلەی بۆلێ دەدرێ، کەبەیانی تەرمەکەی بینرا بۆی بکەونە باوکە ڕۆ، بەم جۆرە مەحوی مرۆڤی خەوتوو هوشیار دەکاتەوە کە مردنیان لەیاد نەچێ و پەندی لێ وەربگرن:

ئەوی ئەمڕۆ بەدەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق
لەدەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلووق[٥٤٠]

مەحوی چاک لە ژیانی جیهان گەیشتووەو بەماڵ ماڵۆکەی منداڵانی داناوە، واتا: بەردەوامی بۆ کەس نییە، کەوابوو دەبێ هەوڵ و کۆششێ بۆ ژیانی ئەولابدەین و ماو بەنەماو نەدەین:

ماڵە پیتکێنیە ماڵ و، گەینە حاڵی خۆیە حاڵ
من کەوا حاڵی بم، ئیتر ماڵ و حاڵم بۆ چییە؟[٥٤١]

مەحوی داوامان لێ دەکا کە بۆ شەوی تاریک و درێژی گوناهمان چرایەک

داگیرسێنین و ڕێگەی تاریکی گوناهی پێ ڕۆشن کەینەوە، مەبەستیش لەو چرایە تەریقەتی نەقشبەندییەو هانمان دەدات بۆ پێڕەوی کردنی، چونکە دەمان گەیەنێتە کانی مەبەست:

برافکری چرا! کیبریتی فرصەت تا لەدەستایە
شەوی یەڵدا لەپێشە، ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ(٥٤٢)

### ٤- بێزاری لە نەفسی بەد:

مەحوی بۆمان روون دەکاتەوە کە مەبەست لە خولقاندنی مرۆڤ خواپەرستنە«وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون»(٥٤٣)، بەڵام ئەو لەڕێگای ڕاستیی لاداوەو بە شوێن هەوای نەفس کەوتووەو ڕووزەرد و شەرمەزارە بەرامبەر خوا:

لەڕوو سووری عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام
بەناوی سێوی ناوم باغەوان و، من بەهێ دەگرم(٥٤٤)

مەحوی دیلی نەفسی بەدێتی و«وما ابرىء نفسي ان النفس لامارة بالسوء الا ما رحم ربي»(٥٤٥) کەوتۆتە داویەوەو داوای یارمەتی لەخوا دەکا کە ڕزگاری بێ و بێتە سەر ڕێگای ڕاست:

ئەسیرو صەیدی قەیدی کەیدو شەیدی نەفسی ئەممارەم
لەدەست ئەم مارە بەدچارە، چیە چارەم؟ خودا چارەم(٥٤٦)

### ٥- مەی و مەیخانە و ساقی:

نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کەناوهێنانی مەی و مەیخانە و ساقی لە شیعرەکانی مەحویدا بۆ مەبەستی ڕەمزەو لە فەرهەنگی سۆفییەکاندا بەم واتایانەش هاتووە «ساقی واتا: مەیگێر، یاخود هێزی یەزدانی، یابە ناوی ڕابەری تەریقەتیش هاتووە»(٥٤٧).

مەحوی مەبەستیی لاهۆشیارییە و لەژیان بێزارە، دەیەوێ هەندێ خۆڵی بەر دەرگای خانەقا بەسەری خۆی دابکا و پێی مەست بێت:



لەبەر قاپیی خەراباتا، کە یارەب دایمە ئاوابێ
مەگەر خاکێ بەسەرداکەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاخ(٥٤٨)

ڕابەرەکەی مەحوی بووەتە مەیگێڕو هێندە پێکەنینی شیرینە، دەبێ ڕێبواران چ جۆرە مەستییەکیان تووش ببێ و چیان بەسەربێت؟

وەرنە سەیری سەرخۆشان، ئەو شۆخی مینا گەردنە
بوو بە ساقی، دەم بەشککەر خەندە دێ، مینا بەکەف(٥٤٩)

هەروەکو لەمەوبەر ڕاگەیەنرا کەمەی لای مەحوی ڕەمزەو مەبەستی مەیە مادییەکە نییە، بۆیە لەم بەیتەی خوارەوە مەبەستی لە سوراحی جۆش سەندنی زەوییە کە ئەم هەموو گوڵ و گژوگیایەی لێ دەرچووەو نێرینەی بەهارەو هۆشی لەنوێژکەر و دوعا خوێنانی مزگەوتان سەندووە:

دەبینی(قل هو الله) خوێنەکانی کونجی مزگەوتان
ڕووەو صەحرا، کەدەبیەن وا سوراحیی هاتەوە قولقول(٥٥٠)

مەحوی لەم بەیتەی خوارەوەدا ئاوڕێ لە فەلسەفەی ژیان دەداتەوەو پێمان ڕادەگەیەنێ کە هەر لەڕۆژی ئەزەلەوە پیاوی نادان خەریکی ڕابواردنە و جیهانی بەکۆڵ دا داوەو پیاوی زاناش لەخەمی جیهان هەر خوێنی جگەری خۆی فڕکردووەو نەیویستووە خۆی تووشی مەکرو نازی هەڵخەڵەتێنەری جیهان بکات «الدنيا سجن المؤمن وجنة الكافر»(٥٥١):

لەڕۆژێکی فەلەک ساقی بووە، تێفکرە لەم بەزمە
قەدەح ئاشامە هەر نادان و هەر دانایە خوون ئاشام(٥٥٢)

مەحوی لێرەدا جیهانی بەمەیخانە داناوەو ڕوو لەخوا دەکا و دەڵێت:

خوایە ئێمە کەمەستی جیهانین و پشتمان لە ڕۆژی دوامایی کردووە، جگە لە تۆ ئەگەر مردین کێ هەیە پەنای بۆ بەرین؟

لەمەیخانە خودا! گەر ئێمە دەرچین
بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆکیهە دەرچین(٥٥٣)

مەحوی  وامان تێدەگەیەنێ کە چۆتە بەر دەرگای مەیخانە و یار پێی گوتووە

تۆچیت لەمەیە و خوێنی جگەری خۆت نۆشکە، واتا: عاشق دەبێ هەر لە ئازار دابێ و بەو ئازارەوە مەست بێ: